بەپێی ڕاسپاردەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین

دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی تایبەتی بۆ ئاگاداربوون لە دۆخی هاوولاتیان لە دهۆك

ئەو لیژنە تایبەتیەی کە بە پێی ڕاسپاردەی بەریز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بۆ ئاگاداربوون لەباری ژیانی هاوولاتیان پێکهاتووە دووکۆڕی فراوانی بۆ دەستەی مامۆستایانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەو کارگیرانی خەستەخانەو ئەوانەی کە سەر بەدادگاکانی دهۆکن بەست .

لە هەردوو کۆرەکەدا بەریزان هاشم حسنو ارشد احمدکە وەزیرانی دەولەتن قسەیان کردو سلاوی بەریز سەرەکی فەرمانده صدام حسینیان بە جەماوەری پارێزگەی دهۆك گەیاند .

لەوتارەکەیاندا سلاویان لەو سەرکەوتنە مەزنانە کرد کە هێزە چەکدارە دلێرەکانمان دژی ڕژێمی داخلەدلی ئێران وەدیدەهێنن و پەنجەیان بۆ ئەو پشت گرتنە گومان لێکراوەی ئەوانە ڕاکێشا کە بە زمان عەرەبن و وەك ئەسەدو قەزافی کە لەگەل ڕژێمی داخلەدلی ئێران هەیانە بۆ تەقەللادانی بێدەسەلاتانە تاکو کۆسپ بخەنە ڕێگەی ئەو پێشکەوتنەوە کە ولاتە خەباتگێڕەکەمان لە هەموو بوارێکدا بەخۆیەوە ئەبینێ .

هەروەها ئەو دەسکەوتە مەزنانەیان نیشاندا کە بۆ ناوچەی کوردستان لە سایەی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی تەموزی مەزندا وەدیهاتوونو ئەو دەسکەوتو ژیانە سەربەستو خۆشەیان بەراورد کرد کە ئەمڕۆ گەلی کوردمانی تێدا ئەژی لەگەل ئەوژیانە ڕەشەی کەگەلی کورد لەئێراندا ئەنجامی خراپەکاری ڕژێمی خومەینی تەلەکەباز تێیدا ئەژی .

لە هەردوو کۆڕەکەدا کە لە هۆلی مەلبەندی لاوانی دهۆك بەسترا دووپاتی سووربوونی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لە سەروویانەوە سەرەکی فەرمانده صدام حسینیان کردەوە بۆ پەرەپێدانی هەموو پێویستیەکی هاوولاتانو پێشخستنی خزمەتگوزاری کردنیانو گوێشیان لەو ڕاو پێشنیارانە گرت کە لەهەردوو کۆڕەکەدا بە مەبەستی پێشخستنی پارێزگاکە هەبوون .

لە کۆتایی کۆڕەکاندا بەشداربووان پەیمانیان بۆ بەریز سەرەکی فەرمانده صدام حسین تازەکردەوە کە سەربازی بەوەفاو دلسۆزبن بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی نیشتمانو چەك هەلبگرن تا سەرکەوتنی هەتاهەتایی چاوەڕوان کراو دژی ڕژێمی ئێرانی داخلەدل وەدیدێ .

لە هەردوو کۆڕەکەدا ژمارەیەك لە بەریزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیو یاسادانانو هاوڕێ ڕازگری نهێنی مەکتەبی پیشەیی سەرکردایەتی شوعبەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی دهۆك ئامادەبوون .

فراوان کردنی گورج و گۆڵی تەندروستی لادێ لە ناوچەی کوردستان

ئەمینداریتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەلایەتی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە کۆڕێکی فراوانی بۆ بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتیە تەندروستیەکان لە پارێزگاکانی ناوچەی کوردستان بەستو کۆڕەکەش بۆ دەمەتەقێی ئەو بەرنامەی کارە کرا کە ئەمینداریتی گشتی بۆ تەختکردنی ئەو کۆسپانە ئامادەی کردوە کە دێنە ڕێی کارەوە .

لە کۆڕەکەدا کە لە دیوانی ئەمینداریە گشتیەکە لە هەولێر بەسترا ئەمینداری گشتی دەربارەی مەوداکانی دەستدرێژی ڕژێمی ئێران بۆ سەر ولاتە خەباتگێڕەکەمانو پێویستی ئامادەکردنی هەموو وزەو توانایەك دووا کە یارمەتی سەرکەوتنمان دژی هەموو تەقەلایەك بدەن کە ئەبانەوێ زیان بە شۆڕشو دەسکەوتە مەزنەکانمان بگەیەنن .

ئەو بەرنامەیە کە ئەوانەی لە دەزگا تەندروستیەکاندا پەیوەندیان پێوەی هەیە ولە کۆڕەکەدا لە پارێزگەی هەولێرو سلێمانیو دهۆك ئامادەیبوون بریتیبوو لە زۆرکردنی گەرانی مەیدانی بۆ ئاگاداربوون لە ڕۆشتنی ئەو کارانەدا کە دەزگا تەندروستیەکان پێشکەشی هاوولاتیانی ئەکەنو بریتیش بوو لە پێکهێنانی دەورەی مەشقدادانی ئەوانەی لە دەزگا تەندروستیەکاندا کارئەکەن تاوەکو ئاگاداری ئەو پێشکەوتنە زانیاریە بن کە لە بواری تەندروستیدا پەیدابووەو بۆ ڕێنمایی کردنی بەپێی ڕێنیشاندانەکانی بەریز سەرەکی فەرمانده صدام حسین کە وەك کارێکی ڕۆژانە لە هەموولایەنی کارەوە پەیڕەوی بکرێ بۆ فراوانکردنی بزوتنەوەی تیبە تەندروستیەکانی لادێکانی گشت ناوچەکە .

لیژنەی باری کشتوکالی ناوچەی کوردستان

بەریز ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی کشتوکالو چاککردنی کشتوکالی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی ڕۆژی١٠ی ئەم مانگە لە سلێمانی سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی لقو بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی کشتوکالو چاککردنی کشتوکالی کرد بۆلیژنەی باری کشتوکالی لەپارێزگاکەدا و بۆ خۆ ئامادەکردنی پێویست بۆ کاتی کشتوکالی داهاتووی زستان .

دیسان لە کۆبوونەوەکەدا کە بەریز بەڕێوەبەری گشتی دەستەی کشتوکالو چاککردنی کشتوکالی پارێزگەکە ئامادەبوو باسی شێوەی پەرەپێدانی کشتوکالو ئەو پێویستیانە لەم دۆخەدا کرا کە ولاتەکەمان لەشەڕێکدایە کە لە لایەن ڕژێمی داخلەدلی ئێرانەوە بەسەریا سەپێنرا ئەکەونە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیە کشتوکالیەکان .

بەریز ئەمینداری گشتی کشتوکالو چاککردنی کشتوکالی لە کۆبوونەوەکەدا پێویستی تەقەلای زیاتری دووپات کردەوە بەنیازی بەکارهێنانی چاکتری ئەو زەویانەی کە بۆ کشتوکالکردن باشو پەنجەی بۆ بایەخی قولکردنەوەو چاککردنی پەیوەندی پێویستی نێوانبەڕێوەبەرایەتیە کشتوکالیە باشەکانو پێویستیە جوتیاریەکانو زیادکردنی بەرهەمی کشتوکالی بەزۆریو بە چونیەتی بۆ خزمەتکردنی ئابوری نیشتمانیو سەرکەوتنەکانی شەڕە پیرۆزەکەمان ڕاکێشا .

هاوای کرد کە بە پێی ڕێنیشاندانەکانی سەرەکی فەرمانده صدام حسین بڕۆن کە ڕێنیشاندەرە لە هەموولایەنێکی کاری کشتوکالەوە.

مالاکی هونەری لە هەلەبجە

شانۆگەری « گیانی یانۆرا »

تیپی نواندنی هەلەبجە سەرلەئێوارەی هەینی ڕێکەوتی ١٩٨٣/٩/٢٣ دەستی کرد بەپێشکەشکردنی شانۆگەری « گیانی یانۆرا » لەسەر شانۆی مەلبەندی لاوانی هەلەبجە .

لەسەرەتادا هونەرمەند عبدالله حمەلاو بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو دەربارەی سەرەتای شانۆو گەشەسەندنی لە هەلەبجەدا دواو باسان دەربارەی ژیانی نووسەری شانۆگەرییەکە ، هەروەها ووتی ئەم هەنگاوەی کە تیپەکەمان ناویەتی ڕێبازێکی نوێیە لە جیهانی شانۆگەرییدا چونکە یەك پەردەو یەك کات پیشان ئەدات و ماوەکەشی زۆر ناخایەنێت .

ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی لونا چارسکیو وەرگێڕانو دەرهێنانی بۆ سەر شانۆ یاسین قادر بەرزنجی بوو، بیری سەرەکی شانۆگەرییەکە دەربارەی یەککەوتنو گونجاندنی ئایینو زانست بۆ بەرەو پێش چوونی کۆمەل لە هەموو ڕوویەکەوە بوو .

ئەو ئەکتەرانەی بەشداری ئەم شانۆگەرییەیان کرد ئەمانە بوون : ڕێبوار نوری ـ سوران حمەفرج محمود علی قادر .

ئەوەی شایانیباسە ئەم شانۆگەرییە لە میهرەجانی مەلبەندەکانی لاوانی کوردستاندا لە دهۆك پێشکەشکراوەو خەلاتی دووەمی میهرەجانەکەی وەرگرتوەو خوشکە سوران حمەفرج خەلاتی یەکەمی کچە ئەکتەری وەرگرتوە .

هێرش محمد امین

ڕووبەڕوو

بۆ بەرچاوی هاتوچۆی هەولێر

ئاشکرایە کە ڕەچاوکردنی نیشانەکانی هاتوچۆ، مایەی ڕەوشت بەرزیە ... زۆر جار هاوولاتیان کەمتەرخەمی دەنوێنن لەم لایەنە ... بەلام سەیر لەوەدایە کە کاربەدەستو لێپرسراوانی هاتوچۆ خۆیان ئەم لایەنە بخەنە ژێر پێ ...

بۆ نموونە : سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٩/٢٩و کاتژمێر ١١٫٤٠ لەبەردەم ئەمێندارێتی گشتی ئەو قاف ئۆتۆمۆبیلێکی هاتوچۆ کە ژمارەکەی « ٦٥١ ـ فیات ـ ئیتالی » بەبێ گوێ دانی نیشانەکانی مرورو دوور لە هەموو یاسایەکو لە کاتی پێبوونی گلۆپی سوور بە شەقامێکی پێچەوانەی سایەی خۆی سووڕایەوە ... تۆ بڵێی کاربەدەستانی هاتوچۆی هەولێر تاقەتی خوێندنەوەیان هەبێ ... تاکو زۆر نموونەی تالتریش بخەینە ڕوو ؟ .

● شێرزاد ●

Institut Kurde de Paris

لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕووناك

ئەهاوەند ئیمپراتۆریەتی فارسی لەناوبرد

دوژمنایەتی کردنی ڕژێمەکانی فارسی دژی ولاتەکەمان شتێکی تازە نیەو یەکەمجاریش نیەو ئەم داخدلیە بۆ هەزاران ساڵی ئەگەڕێتەوە . بریتیە لە زنجیرەیەك شەڕی گەرم کە لە نێوان فارسیو ولاتەکەماندا و بەدرێژایی ڕۆژگار یش ئەم داخلەدلیە گەورەترو قولتر بۆتەوەو ئەوەتا ئیستا بەناشیرینترین شێوە ئەم دەستدرێژیەی ڕژێمی فارسی بو سەر ولاتەکەمان ئەبینین .

لێرەدا لاپەڕەی مێژوو هەلئەدەوینەوە کەپڕیەتی لە شەڕو کوشتا رو ئەو هۆیانەشی کە بوونە هۆی بەرپاکردنی جەنگ لە لایەن ئەم ڕژێمە ڕەگەزپەرستەوە .

لاپەڕەیەکم هەلدایەوە یەکێ لەو شەڕانەم خوێننەوە کە لە نێوان ڕژێمی فارسیو موسوڵماناندا ڕوویداوە کە مێژوو نووسەکان پێی دەڵێن هێرشی گەورە چونکە ڕاووروتو کردەوەی نالەباری ڕژێمی فارسەکانی لەناوبردوو ئیمپراتۆریەتەکەی نەهێشت .

عمری کوری خطاب ویستی سنورێکی پۆلاین بۆ جەورو ستەمی کیسراکان واتە شاکانی ئێران لەبەرەی ڕۆژهەلات بەشەڕێك دابنێ کە شەڕی لەناوبردنی ڕژیمەکەیێو ئامانجی چاکی موسوڵمانانی تێدابێو بیری لەوە ئەکردەوە کە کێ بکاتە سەرکردەی سوپای موسوڵمانەکان بۆ ئەوەی شەر لەگەل سوپای کسرادا بکاتو پاشان کەوتە سەر ئەوەی کە نعمان کوڕی مقرن بکاتە سەرکردە .. چونکە ڕووی نعمان وا چووە دلی عمرەوە کە نعمان ئەو سەرکردەیەیە کە دوارۆژی ژیانی کسراکان شاکانی ئێران دەڕوخێ چونکە نعمان هەمیشە حەزی لەشەر ئەکردو ئەویش بوو لە ولاتی فارسدا دژی سووپای شاکانی ئێران شەڕی کرد .

نعمان ئەو باوەڕەیە ڕاستەبوو کە (ابن مسعود) دەربارەی ئەڵێ .. ئاین مالی خۆی هەیەو خراپەش مالی خۆی .. یەکێ لەمالی ئاین مالی کوڕی مقرنە .

نعمان ڕۆژێ نوێژی ئەکرد کە لە نوێژەکەی بووەوە عمر پێی وت کارێکت پێ ئەسپێرم .. نعمان وتی ! ئەگەر کۆکردنەوەی باجە نایکەمو خو ئەگەر لەپێناوی خوداشدا شەرکردنبێ ئەیکەم .

بەمجۆرە عمر دروشمەکەی دایە دەست نعمان کوڕی مقرنو ئەویش ئیتر کەوتە سەبەرشتکردنی ئەو شەڕەی کە مەترسیدارترین شەرە لە مێژووی هونەری موسوڵماناندا .

فارسەکان لە شەری نەهاوەنددا سەدو پەنجا هەزار جەنگاوەریان کۆکردبۆوەو سوپای موسوڵمانانیش بە سەرکردایەتی نعمان کوڕی مقرن سی هەزار سەربازبوونو هەردوو سوپا بەرەو ڕووی یەکتربوونەوەو سەرکردەکانی سوپای نعمان ئەیانویست زوو بچنە مەیدانی شەڕلەگەل ئەو سوپا زۆرەی شای فارسەوە کە هەموو جۆرە چەکێکیان پێبوو بەلام نعمان پێی وتن : لەسەرخۆبنو پەلەمەکەن !! ئەوانیش وتیان بۆچی.. تاکەی چاوەڕوانبین ؟! وتی تاڕۆژ دانەکشێو با هەلئەکاتو سەرکەوتن پەیدائەبێ .

لێرەدا ئەوە ئەبینن موسوڵمانەکان چەند بەجۆش بوون سڵ لە دوژمن ناکەوەو دلنیا نابن تا دوژمن نەشکێنن و لەناوی نەبەنو ئەمەش هەروەك ئەو گیانە وایە کە ئەمڕۆ سەربازانی قادسیەی صدام هەیانە .. بەم گیانە بەرزەوە سووپای نعمان بۆ دوژمن چووە مەیدانەوە .. لە بەردەمی ئەم هێرشە گەرمەو نەخشەدارەو بێ باوەڕەوە هێزەکانی شای ئێران کشانەوە سەنگەرەکانی خۆیانو لەسەنگەرەکانیان نەهاتنە دەرێ .. ئەم کارەش نعمانی پەست کرد چونکە ڕێگە نەبو بۆ نزیکبوونەوە لێیان .

مەبەستی سووپای شاکانی ئێران ئەوەبوو کەیو یستیان بێنە دەرێو درێژە بە شەر بدەن .. دوای گفتوگۆکردن لە نێوان نعمانو سۆپاکەیدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە بەنەخشەیەکی لیهاتوانەی سووپایی سووپای فارسی لە قەلاو خەندەقەکانیاندا دەرپەڕێنن .. کورتەی نەخشەکەی نعمان کوڕی مقرن بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی شای ئێران لە قەلاو خەندەقەکانیان ئەوەبوو کە هێزێك لە سووپای سەر خەندەقی هێزەکانی دوژمنو پاش ئەوە هێزەکە خۆی وا نیشان بدات کە شکاوە .. چونکە هێزەکانی فارسی لە قەلاو خندەقەکانیان دێنە دەرێو شوێنیان ئەکەون .. نەخشەکە سەرکەوت .. هێزەکانی دوژمن کە ئەمەیان دی وەك تێسکەی تفەنگ دەرپەڕێنو ئەمەش وای لە یەزدگورد شای فارسەکان کرد کە تەلبەند لە پشت هێزەکانی خۆی دابنێ بۆ ئەوەی جارێکی تر بە شکاوی نەگەڕێنە وە ناو خەندەقو قەلاکان .

ذکریات محمد

وێنە لە بەرەکانی جەنگ

وەك لە بەیاننامەیەکی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکاندا ئەم هەفتەیەڕاگەیەنرا فڕۆکە هیلیوکۆپتەرە ئازاکانمان لەکەرتی باکور ، لەناوچەی پێنجوین ، دووبەرووی فڕۆکەیەکی هیلیوکۆپتەری ڕژێمی ئێرانی دوژمن بوونەوە، لە شەڕێکی ئاسمانی مەردانەداو بەماوەیەکی کەم فڕۆکەکەیان لە ئاسماندا تەقاندەوەوکەوتو هەرچیشی تیابوو سووتا ...

ئەم چەند وێنەیە پاشماوەی فڕۆکە سووتاوەکەی دوژمنە.

دەقی گفتوگۆکەی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و نووسەری فەرەنسی شارل سان برۆدا

سەرەکی بەڕێز :
بەخێر بێن بەسەر چاو ٠٠ چەندێکە لە بەغدادان ؟

ڕۆژنامەنووس : هەفتەیەك ٠

سەرەکی بەڕێز :
گەڕان بە دەرەوەی بەغدادا ٠٠؟

ڕۆژنامەنووس : لە بەغدا دەرنەچووم ٠٠ ئەمەیش یەکەم جار نیە سەر لە عیراق دەدەم ٠٠ من عیراق باش دەناسم ٠

سەرەکی بەڕێز :
کەی دواجار هاتی بۆ عیراق ؟

ڕۆژنامەنووس : لە حوزەیرانی ١٩٨٢دا ٠٠ پێش ئەمەیش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەکانا لەو کۆنگرە ڕۆژنامەگەریەدا بووم کە جەنابتان بەستتان ٠

سەرەکی بەڕێز :
هەست بە چۆڕانێك دەکەی لە بەغدادا ؟

ڕۆژنامەنووس : هەست بە گۆڕانێکی زۆر دەکەم ، لە ساڵی لەمەوبەرەو تا ئیستە هەست بەم گۆڕانە دەکەم ، ئیستە شارێکی تازەو عەمەلی هەیە٠

دەردەکەوێ ئەمحالەتە لە خومەینیو دارو دەستەکەیدا دەردەکەوێ لە شەخسیەت شلۆقیو تەماعی خۆ زلکردنو دوورە پەریزی لە ژیان ٠٠ تا بەمجۆرە خۆیان گلاند بە شەڕەوە دژی عیراق کە لە ٤-٩-١٩٨٠دا دەستی پێکرد نەك لە ٢٢-٩-١٩٨٠دا وەك هەندێ ڕۆژناوایی بەهەلە لایانوابوو ، ئێمە لە عیراقدا خەریکی بنیاتنانو ئەوان لە عیراقدا خەریکی ڕووخاندنن ، ئێمە پێشەوایەتی ژیان دەکەینو ، ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن بیگەڕێننە دواوە ئێمە هێنال ڕێدەگەیەنینو

کە فەرمانڕەواکانی تاران ئەبینن کورسی فەرمانڕەوایی لەژێریانا خەریکە شلۆق دەبێ لەبەر زۆر هۆ کە بەردەوامبوونی شەڕ لە گرنگترینیانە چاو دەگێڕنەوە بە بیروباوەڕیاناو بەپێی لێکۆڵینەومو فەناعەتمان ئەوڕۆژە نزیك بوەتەوە ٠

ڕۆژنامەنووس : سەرەکی بەڕێز لاتانوایە کەسێکی وەك خومەینی توانای ئەوەی هەیە ئاشتی دروست بکا ، یا بەلای کەمەوە بە بیرکردنەوە لە ئاشتی قایل بێ ٠

ئێمە سەربەخۆین وئەمەیان ئاشتی بنەڕەتیە لە سیاسەتماندا

سەرەکی بەڕێز :
ئەی ئادەمیزاد ؟

ڕۆژنامەنووس : بەنیسبەت ئادەمیزادەوەو ، بەتایبەتی لاوان ئەومان بینی کە ئەوەیەکی تازە پەیدا دەبێ ٠٠٠ من حەوت ساڵە عیراق دەناسمو لەم ساڵانەدا هەستم بەوە کردوە کە ئەم وڵاتە بەجۆرێکی گرنگ دەبووژێتەوە ٠٠ من ساڵی دوو جار سەر لە عیراق دەدەمو سەرسامم بەو گۆڕانەی کە هەر جارەی دەیبینمو بە پلەی چالاکیی شەرکردایەتیو بە پلەی چالاکیی سەرەکی گەورە صدام حسین ٠٠ وڵاتانی زۆر شارەزام ، لام وایە لەمانە هەموو هەر عیراق بەتەنیا بە ڕێی نەشونوما دەڕوا کە نەك هەر لە پلەی پرۆژە ئابووریەکانا هاتوەتەدی ، بەلکو تێڕوانینێکی بەرفراوان هەیە بەرەو هەردوو لای کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری زۆر کاری تێکردم ،، من پێش هەموو شتێك تێکۆشەرێکی فەرەنسایی دیگۆلیم ، نەتەوەپەرستم ، پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووس یا شتێکی تر بم ٠

سەرەکی بەڕێز :
ئێمە تێکۆشەرە نەتەوە پەرستەکانمان خۆش دەوێ ٠٠ لە هەر شوێنێك بن ، لەگەڵ هەموو نەتەوەپەرستێکدا بە یەك دەگەین ئەگەر ئازادیخواز بێو بەیەك دەگا لەگەلمانا ٠٠

سەرەکی بەڕێز :
ئێمە ئامادەین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان٠

ڕۆژنامەنووس : سوپاس سەرەکی بەڕێز ٠٠ پرسیارەکانم لەبارەی چوار بابەتەوە کۆدەکەمەوە یەکەمیان شەڕەو دووەمیان پێوەندییە لەگەڵ یەکێتی سۆفیەتداو سێهەمیان پێوەندییە لەگەڵ فەرەنساداو ڕچوارەمیان پێوەندی عەروبییەو ، ئەگەر جەنابی سەرەك خاڵێکی تایبەتی هەیە دەیەوێ باسی بکا من لە خزمەتیامو دەتوانێ چیدەوێ بیڵێو منیش دەینووسم ، چونکە من بەرلەوەی ڕۆژنامەنووس بم دۆستم ، جەنابی سەرەك پرسیارێکم هەیە ٠٠ ئەویش ئەوەیە ئەوا سێ ساڵ بەسەر ئەم شەڕەدا تێپەڕی کەچی هیچ کۆتاییەکی دیار نیە ٠٠ ئەم شەڕە بۆ هەڵگیرساوەو ٠٠ خومەینی بۆ دەیەوێ هەر بەردەوام بێ ؟

جەنگ هۆی ناچاریە

سەرەکی بەڕێز :
لەسەرەتاوە دەبێ ئەوە بڵێین کە شەڕ تاقە هۆیەکی سەرەکیی نیە بۆ دەربڕینی ژیان بەلکو هۆی ناچاریە کە ژیان کەوتە مەترسیەوە ٠٠٠ بەڵام بڕیاریواو ئەم یاسایەو ئەم تێڕوانینە یەك ڕەلەی نیە لە مێشکی ئەواندا کە هامەلە لەگەڵ ژیاندا دەکەنو ، هەمیشە بەمجۆرە دیاریکراوە ئامادە نابێ ، بەلکو ڕەنگە لە مێشکی هەندێکدا سەر بەرەو خوار دەبێتەوەو بەمجۆرە هەندێکەس شەڕ بەوە لێکدەدەنەوە کەوا ئەو یاسایەیە کە هەر دەبێ ببێ لە ژیانا ، یاخود ئەو یاسا سەرەکییەیە لە بوونیاو بەمجۆرە بە شێوەیەکی ئاسایی یا دەمارێکی خۆیی لەڕێ لاداوی نەخۆش کاری تێدەکا یا بیروباوەڕێکی ڕەشباویوا کاری تێ دەکا کە لەسەر تێڕوانینی خۆ ژلکردن وەستابێ یا بەهۆی دوورەپەریزییەوە لە ژیان پیاو وادەزانێ ژیان بەمجۆرەیەو کە سەیری سەرکردایەتی عیراقو سەرکردایەتی ئێران دەکەینو هەردوو شوێنەکە شی دەکەینەوە بۆئەوەی بزانین کامەیان ڕێی تێدەچێ ئەم حالەتەی بەسەرا بڕێ ، ئەومان بۆ ڕاستیان دەکەینەومو ئەوان بەکوشتیان دەدەن بە نارەزایان بۆ بەرەکانی شەڕ ٠٠

ئێمە هونەرو وێژەمو هەموو دەگەزە پێویستەکانی ژیان پێ دەگەیەنینو ئەوان تێکیان دەکەن ٠

کەوابوو ، ئەو هۆ ناوخۆییانەی ئێران کە شەڕیان هێنایە کایەوە هێشتا هەر هەوڵی بەردەوامبوونی دەدەن ٠٠ هەروەها هەندێ هێزی دەرەوەیش هەن شەڕیان دەوێو هێشتا هەر بەردەوامبوونیان دەوێ ، ئایا ئەم هێزانە کێن ؟ ئەمانە ئەو هێزانەن کە دەیانەوێ کاروباری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجۆرێکی وا بڕەخسێننەوە کە دەستەڵاتێکی زۆرتریان دەسگیر بکاو بەشێوەیەکی باشتر دەست بگرن بەسەر کاروباردا ٠

ڕۆژنامەنووس : ئایا دەکرێ جەنابی سەرەك ناوی ئەم هێزانە بڵێ ؟

سەرەکی بەڕێز :
هەموو ئەوانەی ئەم ناونیشانەیان بۆ بشێ مەبەستن ئەمە ، بەڵام گرنگترینی ئەم هێزانە ، دوو هێزن ،، زایۆنیزمو ئەمریکا هەرچەندە ئەمەریکاییەکان لەم ماوەیەی دواییدا ئەوە دەدەن بەگوێماندا کە حەزدەکەن شەڕ کۆتایی پێ بێت ٠٠ بەڵام وەك دەزانن ، ئێمە پێوەندییەکی فراوانمان هەیە لە جیهاندا ، لەبەرئەوە هەر ئەم قسەیەی ئەمەریکاییەکان بەس نیە بۆ ئێمە ، بەلکو دەمانەوێ بەهۆی پێوەندیتری ئەمەریکاوە لەگەڵ ڕۆژاواییەکانی تردا بە شێوەیەکی تایبەتی بزانین چەندەی ڕاستە ، لەبەرئەوە کاتێ کە سەیری دەفتەری پێوەندییەکانیان دەکەین لە هۆلەنداو لە ئەمساو لە بەلجیکاو لە فەرەنساو لە ئلنگلتەرەدا دەبینین گوێنادەن بە ڕاوەستاندنی شەڕ ،، کەوابوو ئەو قسەیەی کە پێمان دەوترێ قسەیەکی ڕێکوپێك نیە ٠

ڕەنگە لێمان بپرسی ئایا ئەم هێزانە ، یا بەشی گەورەیان ، هێشتا هەر قازانجی لە بەردەوامبوونی شەڕدایە ،، کەوابوو ئایا شەر هەر بەردەوام دەبێ ؟ وەڵام ٠٠ نا ، چونکە شێوەی شەڕو کاتی شەڕو شوێنی شەڕ هەر لەلایەن ئەم هێزانەوە بڕیارنادرێ ، بەلکو پێویستە لەگەڵ خواستو ئارەزووی هێزەکانی ناوخۆیشدا یەکبگرێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست کاریگەر بێ ،، کە بگەڕێینەوە بۆ ئێران ٠٠ سەیردەکەین ڕای گشتی ئێرانی کە نایەوێ شەڕ بەردەوام بێ، لە زیادبوونایە ،،ئەوانەیش بەرهەلستی شەڕدەکەن لەزیادبوونان ، نەك هەر دژی ڕژێمی خومەینی بەتەنیا بەلکو شێوەیی قسەمان لە بەربەرەکانێکردنی شەڕدا شێوەی قسەی هەموو دەستە بەرهەلستکەرەکانو گەلانی ئێران وەك بڵێی لە یەك شوێنەوە هەڵقوڵێن ، هەرچەندە ئێمە لەمەدا پێك نەهاتووینو ڕێك نەکەوتووین لەسەری ٠٠

ڕۆژنامەنووس : ڕێك کەوتن نیە ، بەڵام هەندێ پێوەندی هەیە لەگەڵ بەرهەلستیکەراندا :

سەرەکی بەڕێز :
پێوەندی هەیە لەگەڵ بەرهەلستیکەراندا ، بەڵام بێ ئەوەی قسەمان کردبێ بەیەك لەبارەی ئەوەی پێویستە لەسەر ئێمە بڵێین یا ئەوەی ئەوان پێویستە لەسەریان بڵێن ، یا هەمان سیاسەتیان هەبێ ٠

هەر فەرمانڕەوایەکی نەخۆش یا تەماعی هەبێ لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی ، کورسی فەرمانڕەوایی شتی بنەڕەتی دەبێ لە تێڕوانینیا بۆ ژیان ،، کاتێ

خومەینی لەگەڵ شەیتانی گەورەدا ڕێك کەوتوە

سەرەکی بەڕێز :
ئاشکرایە ، بڕیاری شەڕ ئاسانترە لە بڕیاری ئاشتی ، بەڵام پێویستە لەسەرتان هەڵنەخەڵەتێنو لاتان وابێ خومەینی پیاوێکی ئایینییە ، خومەینی پیاوێکی سیاسەتو مناورەکەرە بەڵام لە تێڕوانینیا بۆ ژیان دواکەوتومو ، ئایینی کردوە بە پەردەیە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی ٠

ئیمام ئەحمەدی یەمەن مناورەکەر بوو ، بەڵام بەجۆرێکی دواکەوتووانە سەیری ژیانی دەکرد ، لەبەرئەوە کاتێ کە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە پاشەڕۆژی خۆیو پاشەڕۆژی فەرمانڕەوایەتییەکەی بەسەر لەپی دیوەویە ئەو کاتە بە ئاشتی قایل دەبێ بێئەوەی خاوەنی بڕیار بێ تیایا ، پێویستیش نیە خاوەنی بڕیاری سەرەکی بێ لە ئاشتیدا ، نموونەیەکیشمان لەسەر ئەمە هەیە ئەویش ئەوەیە ،، کە خومەینی لەگەڵ شەیتانی گەورە ، ئەمەریکادا ڕێك کەوت بەرامبەر هەندێك پارە بۆ بەرەڵلاکردنی بارمتە ئەمەریکاییەکان ٠ لەبەرئەوە کە سەیری کرد ئەو مەبەستەی لەپێناویا بارمتەکانی گرتبوو تەواوبوو و سەیری کرد قازانجی ڕژێمەکەی لەوەدایە کە لەگەڵ ئەمەریکاییەکانا ڕێك بکەوێ ڕێك کەوت ٠

ڕۆژنامەنووس : سەرەکی بەڕێز لای وایە بەکورتی کەوا ئەو ڕۆژە دێت ڕژێمی ئێران بکاتە ئەوەی بزانێ کە قازانجی لەوەدایە شەڕ بوەستێنێ ٠

سەرەکی بەڕێز :
ئەو ڕۆژە دوور نیە ٠

ڕۆژنامەنووس : لەسەر چبناغەیەك ئاشتی دادەمەزرێ چونکە تائیستە عیراق دەستی لە چەندەها شت هەڵگرتوە بۆئەوەی ئاشتی بهێزێتەدی ؟

سەرەکی بەڕێز :
ئاشتی لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزری کە ئێران واز لە تەماعە فراوانکاریەکانی بهێنێ عیراق ڕێزی ئێران بگرێ لەوەدا کە بۆخۆی هەڵیەبژێرێو لەوەدا کە گەورەی خاکی خۆی بێو ، ئێرانیش ڕێزی عیراق بگرێ لەوەدا کە بۆ خۆی هەڵیەبژێرێو ، هەردوولایش دەورێکی باش ببینن لە دامەزراوی ناوچەکەو هێنانەدی ئاشتی تیایدا ، ئەم بیروباوەڕانە ئاساییەو ئالۆز نین ٠

ڕۆژنامەنووس : وەك ئێمە بەخەیاڵمانا دی ، ناکۆکییەکە ، ناکۆکی نێوان دوو ئایدیۆلۆژییەتە ٠٠ نێوان دوو تێڕوانین بۆ جیهان ، ڕەنگە پێکەوە ژیانیان کارێکی موستەحیل بێ مادەم یەکێکیان نەیتوانیبێ ئەوی تریان لەناوبەرێ ؟

سەرەکی بەڕێز :
بەڵێ ، جیاوازییە لەنێوان دوو تێڕوانیندا بۆ ژیان ٠٠٠ بەڵام لە سیاسەتا ئەوە ڕاست نیە بڵێین ناکرێ پێکەوە بژین ، ئەم دوو تێڕوانینە لە یەك هەیداناو لە یەك ڕێبازو لە یەك هەڵبژاردەدا ناژین بەڵام دەکرێ وەك دراسێ پێکەوە بژین ٠٠٠ ئایا سەرمایەداریو کۆمیونیزم ناکۆك نین لەگەڵ یەکتر لەگەڵ ئەوەیشدا لەگەڵ یەکتردا دەژین هەریەکەی لە چوارچێوەی سنووری نیشتمانەکەیا؟ ئایا گۆنەپەرستو پێشکەوتنخواز ناکۆك نین لەگەڵ ئەوەیشدا وەك دەوڵەت پێکەوە دەژین ، بەڵکو جارجاریش لەناو یەك نیشتماندا پێکەوە دەژین ؟ بەڵام هەر یەکەیشیان هەڵبژاردەو هۆی دەربڕینو ئامانجی خۆی دەبێ ٠

ڕۆژنامەنووس : سەرەکی بەڕێز دوێنێ بە ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکانت وت ، شەڕ ئەنجامی خۆی دەبێ لەسەر ناوچەی عەرەبی ، ئایا دەکرێ جەنابتان مەبەستتان لەمە دیاری بکەن ؟

سەرەکی بەڕێز :
ئەگەر ئەنجامی شەڕ خراپ بێ ، واتا ئەگەر عیراق بیدۆڕێنێ ، وا لەبارەی دەروونیو ئەقلی ،، ماددیو ئیعتیباری ،، تاریکی بڵاودەبێتەوە بەسەر پارچەی زۆرتردا لە جیهانی عەرەب ، بەڵام کە عیراق خۆی بگرێو ، بەردەوام بێ لەسەر خۆگرتن ، وەك ئیستە ، عیراق لە دەرەوەی تاریکییەوە دەمێنێتەوەو، مەسەلەی ئەوەیش لە دەرەوەی هەر پەلەیەکی تاریکییەوە بێ لە پارچە تاریکەکان مەسەلەیەکی سوودبەخشە بۆ ئەتەوەی عەرەب ٠ خۆ ئەگەر بەشداری بکا لەگەڵ برا عەرەبەکانی تریا لە بڵاوکردنەوەی ڕووناکیدا لە سیاسەتو ئابووریو هونەرو ڕۆشنبیریو لە هەیدانەکانی تری ژیاندا ، بە شێوەیەکیوا پەلەکانی تاریکی کەمکاتەوە یا کۆتاییان پێ بهێنێ ئەوا دەبێ چۆن بێ ؟

ڕۆژنامەنووس : ئایا دەتوانین بڵێین عیراق بە بەستێك دادەنرێ لە بەردەم تەکانەکانی شۆڕشی خومەینیدا ؟

عیراق بەستێکە بۆ بەرگریکردن لە مرۆڤایەتی

سەرەکی بەڕێز :
بەڵێ لەڕاستیدا بەستە ، بەڵام نەك هەر بۆ ئەتەوە بەلکو بۆ مرۆڤایەتیو بیروباوەڕە پێشکەوتووەکانی ، بەستێکە بۆ فەرەنساو بیروباوەڕەکانی لە هونەرو جوانیو ژیانی پێشکەوتوودا ٠

ڕۆژنامەنووس : بەستێکی ئابووریە ئەگەر خومەینی کەنداوی داگیرکرد ؟

سەرەکی بەڕێز :
هەرچی چۆنێ بێ خومەینی توانایەکی ڕووخێنەرەو توانایەکی بنیاتنەر نیە ، لەبەرئەوە هەر پارچەیە داگیری بکا دووچاری وێرانیەك دەبێ کە ئەنجامەکانی بەسەر ئەوروپاو بەسەر نیشتمانی عەرەبدا بەتایبەتی وبەسەر مرۆڤایەتیدا بەجۆرێکی گشتی دیار بێ ٠

ڕۆژنامەنووس : ئەگەر عیراق بەستێك بێ بۆ بەرگری کردن لە ئەتەوەی عەرەب ئێمە وا لەدڵمانا چەسپ نەبوە کە برایانی عەرەب زۆر گەرم بن لە یارمەتیدانی عیراق لەم بوارەدا ؟

سەرەکی بەڕێز :
بەپێی هۆشیاریو ، بەپێی قووڵی بیروباوەڕیانو بەپێی توانایان ٠

ڕۆژنامەنووس : ئایا سەرەکی بەڕێز شادمانە بە مەلوێستی حکومەتە عەرەبەکان لەم شەڕەدا ؟

سەرەکی بەڕێز :
هیوامان وابوو مەلوێستیان باشتر بوایە ، بەڵام من ئەو بارە نالەبارە تێدەگەم کە نامێڵێ باشتر بن ٠

ڕۆژنامەنووس : ئەوەی هەندێجار دەتوانین بڵێین بۆ لایەنی فەرەنسا ، ئەوەیە ، کارگێڕی سیاسەتی باڵا لای میتراندو کلود شیسۆنو وەزیری بەرگری هەیە ، بەڵام بەکردەوە ، فەرەنسا بەبارێکی زۆرگرانی ئابوریدا ڕەتدەبێ ، لەوانەیە ئەمە هۆی هەندێ هەڵسوکەوت بێ ٠

سەرەکی بەڕێز :
هەرچۆنێبێ ، دڵنیابە ئێمە کە دەچین بۆ فەرەنسا بۆ گفتوگۆکردنی پەیوەندیەکانی ئابوریمان نامانەوێ باری خۆمان بخەینە سەر ئەوان ، بەڵکو لەبەر ڕووناکی ڕوانینو هیواماندا بەوەی فەرەنسا بەهێزبێ هەڵسوکەوت دەکەین ، ئێوە دەزانن ئێمە لەوانە نین باری خۆمان بدەین بەسەر خەڵکی تردا ، بەڵکو لەوانەین کە باری خۆیان بە شێوەیەکی بە توانا هەڵدەگرن ، بەڵام هەڵسوکەوتمان لەگەڵ فەرەنسا ، لە واقعی حاڵەوەیەو لە واقعی قەوارەی پەیوەندی گەورە لە ڕادەی ئابوریدا لە نێوان ئێمەو فەرەنساداو لە واقعی ڕوانین بۆ پاشەڕۆژی ڕووناك ، ئێوە دەزانن ئێمە ساڵی یەکەمی جەنگ باری فەرەنسامان گران نەکرد ، هەتا لە ساڵی دووەمیشداو نە لە ساڵی ٨٠و نە لە ساڵی ٨١داو نە لە ساڵی ١٩٨٢دا ئێمە زروفی گرانمان لە چوارچێوەی بەرپرسیاری دۆستایەتیدا بەرچاو نەخست لە ساڵی ١٩٨٣ دا نەبێ ٠

ڕۆژنامەنووس : چی ڕێگەیان لێدەگرێ بە شێوەیەکی چاکتربن ؟

سەرەکی بەڕێز : ئەمەش باری ناوچەکەیە کە دەیزانن ، هەروەها دەستتێوەردانی هێزە گەورەکانەو ، کورت بینیی دوارۆژی دوورەو ، بێهێزیی هەستکردنە بە دەوری هێزوویی و بێهێزیی دڵنیاییە لای هەندێکیان ٠

ڕۆژنامەنووس : بەڕێزتان لای وا نیە هەندێ هەرێم لەسەر دووپەت یاری دەکەنو خەمی ئەوەیان نیە کە عیراقو ئێران لە شەڕ دابن ؟

سەرەکی بەڕێز :
عەرەب بەشێکن لە ژیان ، مەبەسیشم ئەوەیە ، کە ڕژێمە عەرەبیەکان ، بەشێکن لە سیاسەتیی نێودەوڵەتی بە جاکەو بە نەخوشییەکانیەوە ئێوەش دەزانن ، کە نەخۆشییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە دابەش کردنیانا بەسەر ووڵاتاندا یەکسان نین ، ئەوەتا لە ناوچە نزمەکاندا دەگیرسێنەوە زیاتر لە ناوچە هەوازەکاندا ، مەبەسیشم لەمە سیاسەتە نزمەکانو سیاسەتە لەڕو بێهێزەکان ، هەروەها ئەوانەش لەسەر دوو پەت یاری دەکەن لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

◁

Institut kurde de paris

دەقی گفتوگۆکەی بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین لەگەڵ رۆژنامەنووس و نووسەری فەرەنسی شارل سان‌برۆدا

ژۆرن ، بەڵێ هەندێ عەرەب بەم نەخوشیی سیاسەتەی نێودەوڵەتانەوە دوچاربوون ، ئەگەرچی ئەمەش رەووشتی عەرەب نیە •

رۆژنامەنووس : سەرەکی بەرێز ئێوە هەرچی دەتانەوێ بیڵێن و ئەومشی ناتانەوێ بڵاوبکرێتەوە من بڵاوی ناکەمەوە •

سەرەکی بەرێز : نەخێر ئەوەی گوتومە لە بڵاوکردنەوەی ناترسم •

رۆژنامەنووس : مادام هەر باس باسی هەرێمەکانی عەرەبە ، دەمەوێ پرسیارێك دەربارەی سووریای دراوسێ لە بەرێزتان بکەم ، ئێوە لەو باوەڕەدان کە ئەو ناکۆکیەی هەتانە هیچ چارەی نیە یان لە دواروژدا هیوایەك هەیەو چارەسەریی ئەم ناکۆکیە دەکرێت ؟

سەرەکی بەرێز :

عادەتمان وایە ، وا پەسند دەکەین توێکاریانە باسی سیاسەتی عەرەبی نەکەین و نەشتەری یەکالاکەر بەکارنەهێنین ، لەگەڵ ئەوەشدا بە رووێکی گشتی ئەتێم لە سیاسەتدا بریاری موتلەق نیە • چاکتر ئەوەیە ، کە ئابێ ئێمە ، کاتێ مەسەلە هەرێمێکی عەرەبی بگرێتەوە ، بڕیاری موتلەق دەربکەین • ئەو برینەی کە رەفتاری رژێمی سووریا ناویەتەوە قوولە لەبەر هەڵوێستی دوژمنانەی بەرامبەر بە عیراق و وەستانی بە چەك و بە شارەزایی و هەستو سۆزو سیاسەتەوە شان‌بەشانی ئیران •

رۆژنامەنووس : لەگەڵ ئەوەشدا رەنگبێ برینەکە ئێجگاری و قوول نەبێت سەرەڕای لەم شەڕەدا دەورێکی روونی نەبوو ، ئەویش یەکێتی سوفیەتە ، ئایا ئاشنایەتی لە نێوان عیراق و یەکێتی سوفیەت ئێستا چۆنە ؟

سەرەکی بەرێز :

ئێستا ئاشنایەتی باشە ، هەردووڵاشمان بە تەنگی بەرەوپێش بردنیەتی بەرەو چاکتر •

رۆژنامەنووس : ئەم نزیك‌بوونەوەیە لە یەکێتی سوفیەت ئایا وا لێك دەدرێتەوە کەوا رێبازی سیاسەتی دەرەوەی عیراق لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژاوا گۆڕینی تێکەوتووە ، با ووردتر بڵێم ، پەرژینی سەربەخۆیی نیشتمانی کە عیراق لە ساڵی ١٩٦٨ەوە گرتوویەتی ، ئایا ئەمە کاری تێدەکات ؟

سەرەکی بەرێز :

نزیك‌بوونەوە لە ئاشنایەتی شتێکەو پێرەوکردنی سیاسەتێك ئەوەی دەیەوێ لە ئێمە نزیك بێتەوە ، یان ئێمە دەمانەوێ لێی نزیك بینەوە شتێکی دی‌یە •• ئەوەتا ئێمە ئێستا لە یەکێتی سوفیەت نزیك بووینەتەوە لە ئاشنایەتیدا چونکە ئەوان لێمان نزیك‌بوونەوە • واتا ئێمە ئەو خاڵانەمان بەدیی‌کرد کە خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو وڵاتمان دەکەن •• لە سایەی شیکردنەوەیەکی واقیعیانەی سیاسەتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتەکانی نێو دەوڵەتی‌دا ، ئەمەش مانای پێرەوکردنی سیاسەتیی یەکێتی سۆڤیەتی ناگەیەنێ لە لایەن عیراقەوە یان پێرەوکردنی سیاسەتی عیراق نیە لە لایەن سوفیەتەوە ، بەڵکو هەر یەکێکمان سیاسەتی سەربەخۆی خۆی هەیە ، سەرەڕای هەر پەیوەستی‌یەکی بە یەك‌گەیشتنیش کە لێرەو پەیدا دەبێت •• لەسەر ئەم بناغەیە مەرجنیە کە دوای ئەم هەڵوێستە لەوانە دووربکەوینەوە کە پەیوەندی دۆستیمان لەگەڵیانا هەیە یا تەنیا پەیوەندیمان لەگەڵیانا هەیە •• وەکو ئەمە کە پەیوەندیمان لەگەڵ فەرەنسادا پەیوەندیەکی دڵسۆزانەیەو بناغەکەی بڕوا بەیەك‌کردنەو ئێمە وا سەیری ئەم پەیوەندی‌یە دەکەین و چاوەڕوانی دەکەین کە لە دواروژدا زیاتریش گەشە بکات • چونکە ئەم پەیوەندی‌یە لە رۆژانی شەڕدا تاقی‌کرایەوە • لە پێش شەڕەکەدا ئێمە تاقی‌کراینەوەو دەرچووین ، بەڵام لە شەڕەکەدا فەرەنسا تاقی‌کرایەوەو بەسوپاسەوە دەڵێم فەرەنسا لەم تاقیکردنەوەدا دەرچوو •

رۆژنامەنووس : سەرۆکی بەرێز دەتوانێ بۆمان روون‌بکاتەوە ئایا یەکێك لە خاڵەکانی بە یەك‌گەیشتنی هەردوو وڵات : یەکێتی سوفیەت و عیراق ، ئەوەیە کە هەردوولا لەوە دەترسن شۆڕشی ئیرانی پەل‌بهاوێ بەخراپە بۆ لای کۆمارەکانی باشووری یەکێتی سوفیەتی یان بۆ لای عیراق •• واتا مەترسی تەنینەوەی ئەم شۆڕشە •

سەرەکی بەرێز :

کاتێ کە پەیوەندی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی جیهان ، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان یان مەزنەکانیو لەوانیش یەکێتی سۆڤیەت‌دا باس دەکرێت ، ئابێ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا باس‌بکرێت •• ئەمە لە لایەن ئێمەوە •• شتێکی بەئگە نەویستیشە ئەگەر بڵێین دەوڵەتێکی گەورەی وەکو یەکێتی سوفیەت ئابێ کە باسی پەیوەندی لەگەڵ عیراق و ئاستی ئەم پەیوەندی‌یە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بکات •• ئێمە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی گەورە یان مەزن لەسەر بناغەی تەسکی بەرژەوەندی عیراقی و پاشەڕۆژی عیراق بەتەنیا دانامەزرێنین ، بەڵکو لەمەدا وێنەی نەتەوە لە ئێستاو دواروژدا ڕەچاو دەکەین •

• رۆژنامەنووس : ئایا ئەم پەیوەندی‌یە تونەوتۆڵە مەترسیی ئەوەی لێ ناکرێت یەکێتی سوفیەتی بێتە ناو ناوچەکەوە ؟

سەرەکی بەرێز :

ئێمە سەربەخۆین ، ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتە تەوەرەی سیاسەتیی ئێمە پێك‌دەهێنێ • بۆیە لەگەڵ سوفیەت‌و خەلکی دیکەدا بەم روانینە کاردەکەین •• کەوا ئەوان دۆستمانن‌و ئەوانیش دۆستی ئێمەن‌و دەست‌وپێوەند نین ، بەڵام ئەمەش لە دەفتەرا ناکوژێنینەوە کە دۆستایەتی بارێکی کارلیکتر کردنی فیکری‌و دەروونی لە نێوان لایەنەکانیدا لەبەر تیشکی بۆچوونی هەر دوو لادا پەیدا بکات •• هەرچی پەیوەندیشە لەگەڵ فەرەنسادا ، ئەوا شتێکی‌تره •• سەرنجی ئەوەت نەداوە کە کارلێکتر کردنیکی بیر هەیە •• نەك لە ئاستی پەیوەندی تەکنەلوجیاو ئابووری ، کاتێ کە پەیوەندی دۆستایەتی لەسەر خاکێکی هاوبەشی بڕواپێکردن دادەمەزرێ وا دەکات بیر بکەوێتە مەلە تاکو لەگەڵ شیری دۆستدا کارلێك‌بکەن لە ئاستەکانی هونەرو رۆشنبیری‌و فیکر بەشێوەیەکی گشتی‌و لە ئاستی سیاسەت‌و ئابووری‌و کاروباری تریش‌دا • بەڵام لە شیکردنەوەی نیشتمانی‌و نەتەوەییماندا ، ئێمە ئێستاش‌و ئەوساش ، وای دەبینین کە بایەخدان بە پەرەپێ‌سەندنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سوفیەتدا مەسەلەیەکی گرنگە ، ماوەیەکی ساردی کەوتە ناو پەیوەندی‌یەوە ، ئێمە بەرپرسیاری ئەوەنین • کاتێکیش یەکێتی سۆڤیەتی گەیشتە شیکردنەوەیەکی هاوچەشن ، خۆمان بینی وا پەیوەندی نێوانمان پەرەپێ‌نەدەین •

رۆژنامەنووس : ئەی سەرەکی بەرێز چۆن ئەم بارە مەلەسەنگێنێ ، کە یەکێتی سوفیەت دۆستی عیراق‌بێت‌و لە هەمان کاتیشدا دۆستی حافظ اسدو دۆستی معمر قذافی بێت ؟

سەرەکی بەرێز :

ئەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دۆستی ئەرجەنتین نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا لە شەڕەکەدا لایەنگریی بەریتانیای کرد ، ئەمەیە سیاسەتی دەوڵەتانی گەورە •

رۆژنامەنووس : لەو باوەڕەدانیم کە هێزە گەورەکان هەمیشە نیاز پاکیی بیان بزوێنێ •

سەرەکی بەرێز :

ستراتیجی خۆیان هەیە دەیان‌بزوێنێ •

رۆژنامەنووس : سروشتی یەکێتی سوفیەت ئەوەیە بەرامبەر بە هەڵوێست‌و بارودۆخەکانی نرخ وەربگرێت ، جا ئایا عیراق ئەمە دەدات ، وەکو ئەوە بەم نزیکانە گوێمان لێ‌بێت وەزیرێکی شیوعی لە حوکمدا بەشدار بکەن یان بەرەی نیشتمانی بکەڕێتەوە •• سەرنجی منیش ئەمەیە ، کاتێ یەکێتی سوفیەت پەیوەندی لەگەڵ عیراقدا کێڕایەوە ، کە تووده لە ئیراندا دابەزی •• ئایا لەوانەیە حزبی شیوعیی بکەڕێتەوە عیراق ؟

سەرەکی بەرێز :

بەچاوپۆشی لە نرخاندنمان بۆ ئەو هۆزو سەبارەتانەی کە وایان کرد سوفیەت ئەم هەڵوێستە بووەستێت ، کەلەوانەیە لەگەڵ نرخاندنی ئێوەدا رێك نەبێت یان رێك بێت ، بەڵام ئێمە ئەگەر پەیوەندی فەرەنسی ـ عیراقیمان وەرگرت ، ئایا پەیوەندی نێوانیان لەسەر بناغەی تێڕوانینی دوکانە بچووکەکان یان لەسەر بناغەی تێڕوانینی ستراتیجی‌ی گشتی‌و دووربین دامەزراوە ؟ وەڵام : لەسەر بناغەی تێڕوانینی ستراتیجی گشتی‌و دووربین دامەزراوە •• لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا بەنموونە ، فەرەنسا پێویستی بە پەترولیکی زیاتر بوو لەوەی کە بڕیارەو داواکەشی کتوپڕ بوو •• ئەمەش لە رۆژانی تەنگوچەلەمەی پەترولی پاش شەڕی تشرینی ١٩٧٣دابوو ، نرخی پەترولیش لە بازاڕی سەربەستدا زۆر بەرزبوو لەچاو نرخەکەی لە رێکەوتنامەکاندا بە پێی سیاسەتی ئۆپیك کاتی فەرەنسا رووی لێ‌نایەن دوودڵیمان نەکرد ، پێمان گوتن بەڵێ ، دەستبەجێ •• بۆچی ؟ لەوانەیە کورت‌بینان وا بزانن کە ئەم هەڵوێستە دژی بەرژەوەندی عیراقە ، کەچی دژی بەرژەوەندی عیراق نیەو بۆ بەرژەوەندی عیراقە چونکە ئێمە دەمان دەڕوانییە پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسا لەسەر بناغەیەکی گشتی‌و دووربینی •• وە دەمان زانی کە ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە سیاسەتی فەرەنسادا هەڵدەگیرێت •• بەڵام ئەگەر فەرەنسا مەرجێکی بەگیری دابنایە بۆ نەوت وەرگرتنی ئێمە ئەوەمان رەت دەکردەوە•• کەوابێ فەرەنسا پێویستیی خۆی بە مەرجەوە ، یان لە بواری بەگیرهێنانەوە ، پێشکەش نەکرد ، بەڵکو لە رووی دۆستی‌یەوە پێشکەشی کرد • هەر بەم جۆرە ئێستاش ، بەرلەوە ئەوە بڵێم ، دوای شەڕەکە نامەیەکی ریمون بارمان پێگەیشت ، پێویستیی هەندێ شەربکەی فەرەنسای رادەگەیاند بۆ قەرزکردن لە عیراق ، تا پرۆژەکانی خۆیانی پێ‌تەواوبکەن ، ئەمەش لە بەڵێن‌نامەکاندا نەبوو ، پارە قەرزەکەش زۆربوو ، بەڵام دەستبەجێ گوتمان باشە • ئەگەرچی ئێمە لە باری شەڕیشدا بووین •• بەڵام چونکە توانامان هەبوو ، لەسەر بناغەی پەیوەندی دۆستایەتی هەڵسوکەوتمان کرد •• کەچی لە ساڵی ١٩٨٣دا ئێمە چووینە فەرەنسا لە رووی دۆستایەتی‌یەوە پێویستیی تەسهیلاتی پارەدانمان پێشکەش کردن •• کەوابێت ئەمەیە دۆستایەتی ، ئەگەر رەفتارێکمان بەدی‌کرد بۆی هەیە پەیوەندیمان بە سۆڤیەت یان بە فەرەنسی‌یەکانەوە بەهێزبکات بەبێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندی نیشتمانیمان بگەیەنێت، کارێ دەکەین دۆستایەتی‌یەکە بەهێزبکات ، مادام ئێمە بە تەنگ ئەو دۆستایەتی‌یەوەین •

شتێکی سروشتیشە خۆمان لە رەفتاری بەدووربگرین کە زیانێك بە فەرەنسیەکان یان بە سوفیەتەکان یان بەدۆستانی دی وەکو بەنموونە یوغسلاڤەکان بگەیەنێت بەبێ‌ئەوەی بەرژەوەندیکی راستەوخۆ پێشکەش بە نیشتمان‌و نەتەوە بکات • لەسەر ئەم بنچینەیە دەبینی ئێمە بیروباوەر پەروەرین بەڵام سیاسەت کاریشمین ، بەم جۆرە ئەو رێگایانەی بۆ گەیشتنە ئامانج لەگەڵ دۆستان دەگیریت ، ئەو رێگایانە نین کە لەگەڵ نادۆستەکاندا دەگیرێت، دەشبێ تێبینی تێك‌نەچوونی پەیکەری بنەڕەتی بیروباوەڕەکان لە مانیش بیروباوەڕی سەربەخۆیی بکەین •

رۆژنامەنووس : ئەی سەرەکی بەرێز ، ئایا دەتوانرێ چاوەڕوان بکرێت حزبی شیوعی بکەڕێتەوەو دەست‌بکاتەوە چالاکی ، دەبێ ئەوەش بزانرێ کە فەرەنسا لە وڵاتانی جیهاندا دوکانی بچووك بچووکی نییە • بەڵام یەکێتی سۆڤیەت لەم لاو لەولا دوکانی خۆی هەبە ئەوانیش حزبە شیوعیەکانن ؟

سەرەکی بەرێز :

هەرچۆنێك بێت • لەهەر کاتێکدا دیمان ، بە پێی حیساب‌کردنی هەموو هەڵو مەرجەکانمان کە جۆرە رەفتارێك لە رەفتەرەکان رژێم‌و رێ‌رەوتەکەمان بەهێز دەکات‌و بەرامبەر بەو دوژمنانەی بۆ لێدانی سەربەرژەوەندی عیراق نەخشە دەکێشن پشتەستوورمان دەکات ، ئەوا ئێمە لە بڕیاردانی‌دا دواناکەوین • لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بڵێین کەوا حزبی شیوعی عیراقی بەرەو چالاکی‌یەکی قوول نشێو بووەوە کاتێك شان‌بەشانی خومێنی بەرامبەر بە عیراق وەستاو کاتێ کە چەکی لە رووی عیراق راست‌کردەوە ، جا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی لە نێوان گەلی عیراقدا بژی ، پێویستە زۆر تێ‌بکۆشێت تا ئەو گوناهانەی لەم ماوەیەدا لەستۆی قورس کرد پاك بکرێنەوە •

رۆژنامەنووس : ئایا تۆ نامادەی لە چالاکی‌یەکانی حزبی شیوعی لە عیراقدا ببووریت ؟

سەرەکی بەرێز :

هەر وەختێك تەماشاکەین هیوای ١٪ هەیە بۆ ئەوەی عیراقی‌یەك لە لادانی راستەرێ‌دا بکەڕێتەوە ، هەوڵدەدەین کاری گەڕانەوەی سەر هەڵوێستی راستی بۆ ئاسان بکەین •

رۆژنامەنووس : باشە حکوومەتی بەعس بۆی هەیە (تنازلاتی) یان سەر دانەواندنی سیاسی پێشکەش بکات ؟

سەرەکی بەرێز :

لەسەر ئەو کەسانەی هەڵەیان کردووە پێویستە بەرەو هەڵوێستی راست بیزوون ، وەنەبێ لەسەر ئەو کەسانەی کە هەڵویستێکی دروستیان بووە پێویست بێ بەرامبەر هەڵوێستی بەد سەردانەوێنن• جا لەسەر ئێمە نیە کە بەرەو چالایی بچین ، بەڵکو لەسەر لەڕێ‌لادەران پێویستە بەرەو لووتکە هەوراز بچن •

رۆژنامەنووس : دەربارەی پەیوەندی فەرەنسی ـ عیراقی وا بزانم ئێوە بە شێوەیەکی چاك لێ‌ی‌دوان ، جا ئایا ئێوە بە ئەنجامی وتوێژەکەی ئەم دواییەی ماموستا طارق عزیز لە پاریسدا دڵشادن ؟

سەرەکی بەرێز :

لە هەمووی گرنگتر ئەوەی ئێمە پێی‌دڵشادین بوونی باوەڕپێکردنی دوولایی بەرزی نێوان ئێمەو سەرکردایەتیی فەرەنسایی بەڵکو سەرکردایەتیی‌یەکانی فەرەنسایە ئێمە دڵنیاین لەوە کە فەرەنسا لە پەیوەندیا لەگەڵ عیراق چاکەی فەرەنساو عیراق دەخوازێ هەروەکو ئێمەش لە پەیوەندیمانا چاکەی عیراق‌و فەرەنسامان دەوێ •• ئەمەشە گرنگ •• هەرچی تر هەبێت بەوەوە بەستراوە ، ئێمەش لێی‌دڵنیاین • هەرچی سەردانەکەی ماموستا طارق عەزیزە لە فەرەنسا بەڵێ سەرکەوتوو بوو جگە لەپەیوەندی لەگەڵ هەندێ شەریکەی فەرەنسایی لە کەرتی شاریدا ، بەداخەوە کورت‌بین‌بوون ، هەندێ لەو شەریکانە بە روانینی دوکانی بچووك نەك بە روانینی بەرفراوانی دواروژ رەفتار دەکات •

ئەم شەریکانە ، تا ئەوپەڕی سنوور ،سوودیان بینی لە پەیوەندی سروشتیانەی نێوان هەردوو حکوومەت لە ئەنجامی بەیەك گەیشتنیاندا لە سیاسەت بەڵام لە وەختێکا کە دەبوو بەشێوەیەکی دروست لە رۆژگاری سەختی عیراقدا لە پەیوەندی لەگەڵ عیراقدا رەفتار بکات •• کەوتنە بیرکردنەوە بە شێوەی جۆگا تەنگەبەرەکان تاکو سوود لە هەڵوێستی سەختی عیراق بەجۆرێکی نارەوا وەربگرن پێویستە بڵێین ئەم هەڵوێستە جێ پەنجەی خراپ بەسەر ئەم شەریکانەدا جێ‌دەهێڵێ ، سەرەڕای پەیوەندی چاك بە فەرەنساوە هەروەکو باسمان کرد ، ئێمە وای بۆ دەچین ، لە دوارۆژدا ئەم هەڵوێستە نابەکارەی هەندێ لەو شەریکانە بە خرابی رەنگ‌دەداتەوە لە ئالقە نزمەکانی فەرمانبەرانی دەوڵەت کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم شەریکانەدا دەبێت •

نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە •• لە دوارۆژدا کاتێ شەریکەیەکی فەرەنسی‌و شەریکەیەکی یابانی بەنموونە دێن ، شەریکە فەرەنسیەکەش پێشتر لە رۆژگاری سەختدا لالووتی نواندوە لەگەڵ ئەم فەرمانبەرانە ، ئەگەرچی هەڵوێستی سیاسیی فەرەنسا لەگەڵ هەڵوێستی یابان بەراوورد ناکرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا دوور نیە هەڵوێستی چەوتی ئەم شەریکە فەرەنسیە وێنە شێواوەکە بخاتەوە بیرەوەری فەرمانبەرانی دەوڵەت‌و حەزنەکەن بۆ رێکەوتن لەسەر پرۆژەیەك کاری بۆ ئاسان بکەن ، بەڵکو راسپێری‌و پێشنیار بۆ کاربەدەستانی باڵا پێشکەش دەکەن کە کاری شەریکە یابانیەکە ئاسان ببێت •

با نموونەیەکی تریش بهێنینەوە ، پەیوەندی نێوان عیراق‌و کۆریای باشوور ، لە ئاستی ئونسلی‌دایەو نەگەیشتوەتە ئاستی بالیۆزان ، ناتوانرێ هەڵوێستی کوریای باشوور لەگەڵ هەڵوێستی فەرەنسا بەراوورد بکرێت •• چونکە هەڵوێستی فەرەنسا هەڵوێستی دۆستێکەو هەڵوێستی بەشەرەفانە •• لەگەڵ ئەوەشدا ناوبانگ‌و شۆرەتی شەریکەکانی کوریای باشوور لای عیراقییەکان بەگشتی بەداخەوە لە ناوبانگ‌و شۆرەتی شەریکەکانی فەرەنسا چاکترە بەتایبەتی ئەو شەریکانەی کە لەگەڵ عیراقییەکان لە رۆژگاری سەختدا «جامبازی» سەودا دەکەن •

من لەو باوەڕەدام دەبوو شەریکە فەرنسییەکان وەکو حوکومەتەکەیان رەفتاربکەن ، لە هەڵوێستی سەخت لە عیراقدا دەرفەت دەستگیر بکەن تا بە بیرێکی فراوان‌و گەشەوە بڕواننە دواروژ •

رۆژنامەنووس : من لەو باوەڕەدام پەیوەندی نێوان عیراق‌و فەرەنسا پەیوەندیەکی ستراتیژیەو لەو باوەڕەدام ئەمەش زیاتر پتەوەدەبێ ئەگەر دیکولیەکان گەڕانەوە بۆ حوکم •

سەرەکی بەرێز :

هەرچۆنێ‌بێ ، گرنگ ئەوەیە ، فەرەنسیەکان وەك گەل ، نەك تەنیا سیاسیەکان ، بزانن ، کە پیاوە خاوەن ئیشەکانی فەرەنسا لە پیاوانی خاوەن ئیشی تری جیهانی پێشکەوتو زیرەك ترنین‌و هەلیان لە سایەی رژێمێکدا بۆ دەکرێتەوە کە لە رووی سیاسەتەوە لەگەڵ فەرەنسا یەك بگرێ‌و پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ببەستێ، ئەگەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان وەرگرت‌و پرسیمان ئایا هەل لە بەردەم پیاوانی خاوەن ئیشی فەرەنسا دەکرێتەوە لە دەوڵەتێکا ئەمەریکا یان یەکێتی سۆڤیەت دەستی بەسەر بازارەکەیدا گرتبێ ، وەڵام ئاشکرایە ، کەواتە هەل لەبەردەم پیاوانی خاوەن ئیشی فەرەنسا دەکرێتەوە لەو وڵاتانەدا کە بە راستی سەربەخۆن‌و باوەریان بە پەیوەندی شەریف‌و یەکسان هەیە لەگەڵ فەرەنسا ، ئەوسا ، کە باس لەوە دەکەی کە ئەم سیفاتانەی بەسەردا دەسەپێری لە رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینی عیراق دەکەوێتە وێزی پێشەوەو ئەم خاڵە پێویستەو دەبێ نەك هەر لە لایەن سیاسیەکانی فەرەنساوەو پیاوانی نیشەوە تێ‌بگەن بەڵکو بە پلەی بنەڕەتی لە لایەن گەلی فەرەنساوە •

رۆژنامەنووس : هەندێ لێکۆڵەرەوەی فەرەنسی ، هەندێکیان ئەوە بڵاودەکەنەوە کە باری ئابوری عیراق لە بارێکی خراپدایەو هەندێکیان دەڵێن کارەساتە ،، ئایا دەتوانن فیکرەیەکمان دەربارەی باری ئابوری بدەنێ •

عیراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە

سەرەکی بەرێز :

ئێمە وای نابینین باری ئابوری عیراق کارەساتە یان خراپە ، بەڵکو ئابوریەکە لە سەر بنەڕەتی ئاشتی دانراوەو خۆی لە جەنگدا بینیەوە •• وای لێ‌هات بە رێگایەکی راست لەگەڵ جەنگدا گونجا ،، ئێمە لەم شوێنەدا روانینی خۆمان هەیە ، لەسەر ئەم بنەڕەتە کوت‌و پڕ ئامێری شەمەندەفەرەکەمان نەوەستان تا گالیسکەکان یەك بەیەکدا بدەن ، بەڵکو سیاسەتێکی راست‌و معقولمان بەکار هێنا ، ئەویش ئەوەیە بەرەبەرە ئامێری شەمەندەفەرەکەمان هیواش‌کردەوە ، بەشێوەیەك بتوانین جارێکی‌تر چاوبخشێننەوە بە رێگاکەماندا ، کاتێ ئامێرەکە دەوەستێ ، بەم جۆرە ئامیرو گالیسکەکانیشمان قازانج کرد ، لێرەوە ، ئاسۆی کراوەیە لەبەردەم بڕەودان بە ئابوری عیراقدا ، چونکە عیراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە ، نەك هەر بە مەوادی خاوی بەڵکو دەوڵەمەندە بە چالاکی ئابوری گشتی لە مەیدانی پێشەسازی‌و کشتوکاڵ‌و خزمەتگوزاریدا •

رۆژنامەنووس : گیروگرفتەکە لەوەدایە کە ئێستا نەوت بە قەوارەی چارەك یان سێ‌بەك نەبێ نانێردرێتە دەرەوە ، ئایا ئێستا هیوای زیادکردنی ناردنە دەرەوەی هەیە ؟

بڕوانە لا

رای گشتی ئێران کە شەڕی ناوێت لە فراوان بوونەوەیە و بەربەستی شەڕ بەرەدەستێنێ

Institut kurde de Paris

کات بەیان‌بوو کە پاسدارەدل رەشەکانی خومەینی جەلاد گەیشتنە گوندی قارنی‌لە کوردستانی ئێران •

قارنی

جلال ملا حسن خۆشناو
هەولێر

لەهەر چوار لا ئابلوقەی گوندەکەیان داو کردیان بەتەقە دەنگی گوللەو هاوارو گریانی منال ئاسمانی گوندەکەی کەڕ دەکرد •

کاتێ گەیشتنە ناو گوندی قارنە خەلکی بێ دیفاعی قارنەی ئازارو ژان لە گۆرەبانی گوندەکەیان کۆکردنەوە ، ئیدی کەوتنە تالان‌و بردنی کەلوپەلی مالی جوتیارە کوردەکان •

لە گۆڕەبانی گوندەکە وە لە بەرچاوی دایك‌و خوشكك‌و منالی ساوا پاسدارە دڕندەکان (٢٧) جوتیاری کوردیان هەلبژاردو دایان گرتنە بەر ڕێژنەی شەستیرو موسەلسەل وە لە نێو خەلتانی خوێنیان جێ‌هێشتن ، بەمە پاسدارە دڵڕەشو قیین لەدڵەکان ئاگری چەکەکانیان لە چەستەی مرۆڤی کورد تاقی‌کردەوە ، ئەمە وێنەیەکە لە هەزاران وێنەو کارەساتی دڵ‌تەزێن کە ڕۆژانە لە ئێران بەگشتی‌و لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی کە فاشیزمە ڕەگەزپەرستەکان بێ‌شەرمانە ڕەفتاری پێ‌نەکەن بەڵام گەلی کوردی دلێر لە کوردستانی ئێران شان‌بەشانی گەلانی ئازادی‌خوازی ئێران ئەجەنگێن دژی ڕژێمی خومەینی کۆنەپەرست ، تا ئەو ڕۆژەی گەندەڵە پوچەڵ ئەکەن‌و لەناوی ئەبەن ،کە دژی هەموو گەلانی ئێران‌و مروڤایەتیە •

لە یادی کۆچی سی و نۆ ساڵەی

مامۆستا عبدوالواحید نووری دا

لەبیرەوەری پیاوە نەمرەکانی کوردا

جمال محمد محمد ئەمین

نووسەری گەوردی کوردوخەباتکەرێکی مەزن ، مامۆستای پایە بەرزو پێشکەوتن‌خواز ، لە ٥/٧/١٩٤٤ دلە مەزنەکەی لەلێدان کەوتو دلی هەزاران ڕۆڵەی بەوەفای پڕ کرد لەغەمو پەژارە ، ئەوەمامۆستایەش عەبدولواحید نووری بوو (ع•و•نووری) •

مامۆستا ع•و•نووری ، لە ساڵی ١٩٠٣ی زایینی‌و مەندێ سەرچاوەش ئەڵێت لە ١٩٠٤ی زایینی لەدایك بووە ، دەربارەی شوێنی لە دایك بوونی دوو ڕا هەیە ، مامۆستا عەبدولقادرقەزاز لە گۆڤاری گەلاوێژدا ژمارە (٨) ، ساڵی (٥) ، ئابی ١٩٤٤دا وتارێکی لە ژێر ناونیشانی [دوو فرمێسك لەسەر گۆڕی عەبدولواحید نووری] نووسیوەو ئەڵێت :ـ لە ساڵی ١٩٠٣ی زایینی لە سلێمانی لە دایك بووە ، ڕای دووەم ئەو نووسراوەیە کە کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی ژین‌دا ژمارە (١٦٢٧) لاپەڕە (٣)دا بڵاوکراوەتەوە بەم جۆرە باسی لێوە کردووە :ـ

[مامۆستا ع•و•نووری لە ساڵی ١٩٠٣ز ، لە چەمچەمال لە دایك بووە ، ئەو کاتە باوکی لەوێ (کاتب تەحریرات) بووە ، لە سلێمانی‌و کەرکووك‌و بەغدا خویندوویەتی ، لەو کاتەوە کە بووە بە مامۆستای سەرەتایی گۆڕانێکی تەواو ڕووی دا لە ژیانیا ، زۆر ئارەزووی ئەوەی ئەکرد لە دێهاتەکانی کوردستاندا مامۆستایی بکات(١) ، بۆ ئەوەی بە تەواوی بچێتە ناوجەرگەی ڕەنج‌کێشانی گەلەوە ، مامۆستا عەبدولواحید لەوە گەیشتبوو کە ئەدەب بەستراوەتەوە بە ژیانەوەو بۆ ڕاژەی گەل پێویستە بۆ دەربڕینی گیروگرفتەکانی گەل‌و دۆزینەوەی چارەی ڕاستی بۆیان ، مامۆستای ناوبراو مۆمێك بوو ئەسووتا لە پێناوەی پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی گەلا ، تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد کە لە ساڵی ١٩٤٤ی زایینی بوو ، ساتێ لە خزمەت‌و هەوڵ‌وتێکۆشان سارد نەبووەوە •

ڕۆژنامەی ژینیش بە بۆنەی کۆچی دوایی عەبدولواحید نووریەوە نووسیوێتی ئەڵێت(٣):ـ

[ڕۆژی دوو شەممو ساعات پێنجی زەوالی لە مەکتەبی گویژە ، لە پێشەوە مەعالی تۆفیق وەهبی بەگ وەزیری (اقتصاد)و موتەسەڕڕیفی تازە سەعادەتی مەعرووف جیاوك تەشریفیان هێنا ، دوا بەدوای ئەوان هەرچەنێ ڕۆئەسای دەوائیر‌و مەئموورین‌و پیاوماقوڵان‌و هەموو کۆبوونەوەو دەستەی لاوانیش بە ڕوویەکی ماتەمینەوە پێشوازی‌و خزمەتیان‌و کرد ، بە تەرتیبێکی دروست وێنەی مامۆستا عەبدولواحید بەڕامبەر ماتەمگیرەکان بە دیواری مەکتەبەوە لەناو پەردەیەکی سیادا چەسپ کرابوو •

مەعالی تۆفیق وەهبی بەگ‌و مەعرووف جیاوگ چاومان لێ‌بوو کە چاویان پڕ بوو لە فرمێسکی دڵ‌تەنگی ، ئینجا دوو دەقیقە بێ‌دەنگی‌و خامۆشی کەس پشووی نەدا ، دوای ئەوە عەشرەیەکك قورئان‌و فاتحە خوێندرا ، ئینجا مودیری مەعاریف بە خوتبەیەکی زۆر بە قیمەت‌و عیلمی‌و ئەدەبی حەفلەی کردەوە ، دوای ئەوە تەلەبەیەکی (متوسطە) چەند شیعرێکی نالەی شیوەنی پیرەمێردی خوێندەوە ، پاش ئەو فایەق هوشیار تەرجومەی حال‌و حەیاتی عیلمی‌و ئەدەبی مامۆستای کۆچ کردووی خوێندەوە] •

بەڵی مامۆستا عەبدولواحید تا ئەوکاتەی دنیای بەجێ هێشت‌و گەڵای ژیانی هەڵوەری لە بواری خزمەتی نەتەوەکەیا بەردەوام بوو ، حەزی ئەکرد منالە چاوگەشەکانی کوردستان فێری شتی‌چاکی‌و پێشکەوتن‌خوازانە بن ، حەزی ئەکرد پێ‌بگەن‌و وڵات ئاوەدان کەنەوە ، تاریکی‌و نەزانین بفەوتێنن ، حەزی بە ئاشتی‌خوازی‌و هێمنی ئەکرد ، حەزی بە دڵپاکی‌و یەکیەتی‌و ڕەوشتی جوان‌و بەرزو دادپەروەری ئەکرد ، حەزی بە سەربەرزی خاك‌و نەتەوەکەی ئەکرد ••

مامۆستای ناوبراو گەلێ دانراوو نووسراوی لە دوای خۆی بۆ بەجێ هێشتین ، گرنگترینیان ئەمانەن(٤) :

١ ـ بەرەوڕووناکی ، لە ساڵی ١٩٤٢ز لە بەغدا لە چاپخانە مەعاریف لەسەر ئەرکی «محمد خضر» لە چاپدرا ، ئەم کتێبە (١٨) لاپەڕەیە •

٢ ـ لە ڕێگەی سەرکەوتنی ئینسان‌دا ، لە ساڵی ١٩٤٣ز لە بەغدا لە چاپخانەی مەعاریف چاپ کراوەو (٢١) لاپەڕەیە •

٣ ـ لە وڵاتی ئادەمیزادە سەربەستەکان‌دا ، دانەری (ئاغا ئوغلو ئەحمەد)و وەرگێڕانی (ع•و•نووری‌یە) ، لە ساڵی ١٩٣٩ لە بەغدا چاپ کراوەو (٣٢) لاپەڕەیە •

٤ ـ پیرۆزی منال ، لە ساڵی ١٩٤٠دا لە سلێمانی ، لە چاپخانەی پیرەمێرد چاپ کراوە •

٥ ـ سەرەتای تەربیەیات (گۆڕینە) •

٦ ـ سەرەتای جوگرافیا (گۆڕینە) •

٧ ـ جوگرافیای تازە (گۆڕینە) •

٨ ـ دوانێك لە بابەت ئامانجی میللی‌یەوە (گۆڕینە) •

٩ ـ هانری پێنجەم •

١٠ ـ حەوت لاو •

ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەو کتێبانە باسی باری ژیانی کۆمەڵ‌و دەردەکانێتی ، هەروەها دژی زۆرداری‌و فاشیزم بوو •

سەرچاوەو پەراوێزەکان

(١) ئەو سەرچاوانەی ئەڵێن عەبدولواحید نووری لە چەمچەمال لە دایك بووە لە ڕاستی‌یەوە دوورە ، چونکە خۆم لە کەس‌و کارەکەیم پرسیوەو بیستووە کە لە شاری سلێمانی لە دایك بووە•

(٢) مامۆستا عەبدولواحید ماوەیەك لە چوارتا (مەرکەزی قەزای شارباژێری ئێستا) مامۆستایی کردووە ، یاوکم بۆی گێڕامەوە وتی :ـ [مامۆستا عەبدلواحید نووری خۆی بە ماڵانەوە ئەگەڕاو ئەی وت منالەکانتان بێنرنە مەکتەب ، با جل‌وبەرگیشیان دڕاوو پیناوی بێت ، قەی ناکات ، بەڵام با پاك‌و خاوێن بێت] •

(٣) ڕۆژنامەی ژین ، ژمارە (٧٥٤) ، ١٧ی ئەغستوز ، ١٩٤٤ ، ل٤ •

(٤) بە پێویستم نەزانی کە بە درێژی لە ناوەڕۆکی ئەو نامیلکانە بدوێم ، چونکە ئەوەی مەبەستمە تەنها یادکردنەوەی ئەم پیاوە ناودارەیەو بەس •

خاك و حرۆڤ و ماچ

ـ ئەحمەد ڤەرەنی ـ

دیمەنێ مێرگ وچیمەن و گولشەن و شاخ‌و لات‌و ڕەفەزێن وەلاتێ مە ئێن پڕو تژی ژ ڕەنگێن گولان چاخێ خۆ د هژینین بەر باین سپێدێ‌و خۆناف دلوب دلوب خوە د بۆژینیت و بێهنا بەهەشت و فەڕاشینا ژێ دفڕیت •

ئەڤ دیمەنە هێشتا جوانتر دبیت دەمێ چپکێت ئافا تەزی ژ کەڤێین بەفرێ ـ ل پەسار و نزارێت چیاکێ پڕ خەمل‌و ڕەوش‌و تەڕاش هەبز ـ دەمێنە خارێ دگەل دەنگ‌و ئاوازێن بولبول‌و شەهلیلان‌و قەبێنا کەوان • و تاڤگەو سیپەلێن جوك‌و نهالان هورمێن‌و هۆشێنەو جار د مەهن د ناڤ پاناڤ‌و گەلی وزەڤیاندا ، و جار د تەبسن‌و چریسکان قەددەن دبەر تیشکێت هەتاڤا ڕۆژێن گولانێ •••• ژ دویرڤە ئاسمانێ شین‌و پنی وەسا دیار و خۆیایە دقێت هێدی هێدی خۆ کندو نزم بکەت هەتا ڕویێ کوردستانێ ماچی بکەت چەند جوان و خن و شەنگ و شربنە ئەڤ دیمەنێ ڕەنگین ••• سێفدینێ شینوی ئەڤ سوحبەتە قەدگێرا دەمێ ئەم گوندی هەمی پێکڤە چووینە سەیرانگەها ڕویباری‌و دناڤ ئەڤێ جوانیێدا سێفدینی پەیڤەکا سەنگ‌و نرخدار ب سروشتیا ئەڤی وێنەی دگووت پاشی قێدا د چوو و دابێژیت ••• جوانیا ئەڤی دیمەنی تەڤاڤ نابیت ئەگەر گوڤەندا پەزێن کویڤی تێدا نەخملیت و ڕاست و چەپ سەما د گەل نەگورمژیت ••• و ڕەشوێ فاتێ ـ نێچیرفانەکی ب ناڤ‌و دەنگ بوو ـ بەرسڤا سێفدینی دداو د گووت، جوانیا ئەڤی دیمەنی هێشتا یا ب کێم‌و کاسە ئەگەر تڤەنگا نیچیرڤانی نەتەقینیت‌و دۆل و نهالان نەمژبنیت •• خەمۆیێ شڤان سەرێ خۆ دهژاند وهێدی چاڤێت خۆ بلند دکرن‌و دگووت : « ژ نوی من زانی ئەگەر پەزی کوتان هێلاو هێلین چێکر و دەیکا کارکان پویرتێ خۆ ب شاخێن نێری شەکر دێ بێژن دکویڤی نە وکژشتنا ئەوان دروستە» ••

ئەرێ ئەڤ دیمەنە گەلەکێ جوانەو ئەڤ بیرو باوەرە ژ کویراتیا ژینا کوردەواری دهێنە دەرێ ••

بەڵێ جوانیا ئەڤی دیمەنی تەڤاڤ نابیت ئەگەر لاوێ کورد سەرێ خوە نەدانێتە سەر چوکێ نارینا شوخ‌و شەنگ و تپلێت خوە دناڤ پرچا ئەوێدا نەبەك و جار جار دەڤێ خوە نەدانێتە سەر دەڤ‌و لیڤێت وێ ونەمێژیت • وهەناساوی کەزی و بسکان نەهژینیت ، وهەستا مرۆڤان ل بەر ئەوی بای نەلڤیت وبزاڤێ نەکەت • هژما د ناڤ ئەڤی دیمەنی‌دا دوو لەش دبنە یەك‌و ئەڤین‌و دلداری وتەڤ دا ب و سنج و نەریت دبنە ب بسکا هیڤیەکا مەزن‌و بلند ••• ب سانامی ئەزمان نەشێت و نکاریت پێ هەل ب دەت ، لەوڕا مەلایێ جزیری د ناڤ پەرستگەها دلداریەکا پیرۆزدا پاچێژو تامدای ب حەزو ڤیانەکا بلند گووتی‌یە :ـ

حوسن‌و محەبەت ذاتەکن
مەعشوق‌و عاشق لاتەکن
نێ صورەت‌و مرئاتەکن
هەر یەك د مەعنایێ خوەدا(١)

ئان مینا ئەڤ پەیڤە هاتینە گووتن د ناڤ دیدارا ئەڤینیێدا :ـ

(دەربارەی من و دەزگریتا من ، ئەو دلبەندا ڕێك دانایێ‌و ڕاستی ئەگرین ژ سەخمەڕاتیا هێزا مەزنا دیار و خۆیا دئەڤینیا دلداریەکا نارین ئامێزگرتی مەتا گەهشتنا ڤیانا (خۆیی) تێدا • پاشی دکەڤیتە بەر دلۆڤانیا ئەوان هەستەو نەستەو سۆزاندا بێن پڕ و تژی خۆشی‌و کامەرانی د دیدارا پێك گەهشتنێ وپێك ڤەنیساندنێ • ئەڤەیە دەمێ دوو دلدار د بێژنە یەك ـ ئەز دناڤ تەدا گەهشتمە خۆ ـ•• ئەرێ دلدارا من ئەوبوو یا ل پشت من‌و دناڤ مندا ورەخ من هەتا ئەڤینێ زفراند ئینا بەرامن)(٢) •

بۆژاندن و خۆتێك ئالاندنا عاشقان سەرنجا تەڤ بیرتیزو هۆزانڤانان ڕاکێشایە لەو هاتیە گووتن (جوانترین وێنە خودێ دروست کری دوو دلدارن د ناڤ جهەکیدا) ••

دویڤ ئەڤان بیرو باوەران ـ نالی ـ گووتی‌یە :

کچ پەر چەمی چین چینە ، دوو مەمکی لە سەر سینە
وەك شانەیی هەنگوینە ، بۆ لەزەتی دوینا کچ(٣)

و خانی ل سەر پێك گەهشتنا (ستی‌و تاجدین)ی دبێژیت :

گەر ڕۆژ وەگەر شەڤێ درەش بوون
ئەو هەر دوو مەلەك وەپێكڤە دخۆش بوون
گۆیا تە دگو دوو کیمیا گەر
مشغول بووین ب عەقد و جلوەگەر
ئەو ڕوح‌و جەسەد ب یەکڤە منضم
نفسین ب یەکڤە بوونە مدغم(٤)

هێزا بەرسڤدانا مەهانەیی یەکسانە د گەل هێزا مەستڤانیا هەڤخویی‌و ئەڤەیە یا سایا هەقسە نگیا هێزان ئەوا دبێژنێ Corelation of Forces

لەوڕا نالی دەڤەر موت :

دەمدەم کە دەکا ئزاری پڕ ئازاری بە غونجە
بۆ دەعوەتی «ماچی» لەبی گۆیا دەمی نادا(٦)

هۆسا ئالافێ نژیارا پێجەوانەیا مەهانەیی د ئالێ فوسیولوژی‌دا دراوەستیت ل سەر پەیدا بوونا مخەلەکێ هەست ڕابینێ د خالەکا تایبەتدا دناڤ نیکلێ مێژیدا ونوی هاتێن هەستڤاینێ د ڤەگوزن ب ڕێکا دەمارێت پسپۆر(٧)

مینا نالی دەڤەرموت :

چ شیرینە خو تووتی دەوری ئیبووت
بەڵێ مەعلوومە خۆشە خەتتی یاقووت(٨)

ئان دەمێ خانی دەبێژیت :

تیك تیکڤە ددان و تیك دبەستن
هن «بۆسە» ددان و هن دگەستن

بروانە ل : ١٠

کە کتێبی ووتەکانی ژیانم خوێندەوە

نیازی حمە عزیز

«ووتەکانی ژیان» ئەوپەرتووکەیە کە لەم دوایی‌یەدا لە لایەن برایان ـ محمدوعبدالله عبدالرحمن ئەنگنەوە بە قەوارەی (٨٨) لاپەڕەو لە بەرگێکی ناونجی‌دا کەوتە ناو کتێبخانەی کوردی‌یەوە •

ئەوەی ڕاستی بێ کاری ئەم برایانە ئەرکێکی هەر وا ئاسان نیەو هی ئەوە نیە کە هەموو کەسێك خۆی لە قەرە بدات • جگە لەوە کە گومان لەوەی ناکرێ کە توانیویانە خزمەتێکی باشی خوێنەری کورد بکەن ، بەڵام ئەوەی کەجێی بێ دەنگی نیە لێبرەدا ئەوەیە کە من تیشکی تێبینیم خستە سەر چەند لایەنێکی ئەم کارەو نومێدم وایە کە برایانی ناوبراوو هەموو خوێنەران کەلکیان لەم ڕایانەم وەرگرتبێ و تۆزێکیش خزمەتی ئەدەبە پیرۆزەکەمان کردبێ •

● بەر لە هەموو شتێك ناوو نیشانی کتێبەکە ، نەیتوانیوە کە بڕووی خوێنەر بشکێنێ ، چونکە ئەم ووتانەی کە لەم کتێبەدان پەندو قسەی نەستەقێن‌و هی ناودارو داناو زانایانن ، نەـ وەك هی ژیان ••خۆ ئەگەر گوترا (ووتەکانی ژیان) واتە دەبێ ژیان ئەم قسانەی دەربڕیبێ لە کاتێکا دەزانین کە ئەم ووتانە لە بارەی ژیانەوە گووتراون ! و ژیان مرۆڤ نیە تاك‌و بدوێ ،خۆ ئەگەر ناوونیشانی کتێبەکە [ووتەکان لە بارەی ژیانەوە] یان [پەندو ئامۆژگاری لە بارەی ژیانەوە] بوایە واتاکە جوان‌و ڕاستتر دەبوو :وە چاکتر مەبەستی ناوەڕۆکی کتێبەکەی دەپێکا •

● کاك (محمد) لە لاپەڕە (٣)ی کتێبەکەیدا دەڵێ :ـ «لەم کاتەدا ـ عبدالله ـی برام دەفتەرێکی مەبوو زۆر ووتەی گەورە پیاوانی تێدا کۆ کردبۆوە ، بەڵام بەداخەوە ناوی سەرچاوەکانی تێدا تۆمار نەکردبوو) بەڵام من لەو بارەوە دەڵێم بە خۆ ماندوو کردنێکی کەم‌و بە دوا گەڕانێکی کورت لە سەرچاوە چاپکراوەکاندا نە (کاك محمد) ئەم داخەی دەخواردو خوێنەری کوردیش ئۆبالی ڕاستی‌و دروستی ئەم ووتانەی ناو ئەو کتێبەیان دەخستە ئەستۆی خۆیان کە ئێستا لەبەر نادیاری خاوەن پەندەکان‌و سەرچاوەی لێ وەرگیرانیان ، خوێنەری کورد هەقی ئەوەی هەیە کە دوو دل بێ‌و پشت بەم کتێبە نەبەستێ (وەك‌و سەرچاوەیەکی پێویست لە ئاینەدا) ،جگە لەوەش دەرنەکەوتنی خاوەنی ئەم پەندانەو سەرچاوەکانیان وای کردوە خوێنەر (وەکو ڕەختەگرێك) نەتوانێ بە ئاسانی حوکمی ڕاستی‌ی وەرگێڕانی ووتەکان لە زمانە بێگانەکانەوە بدات • هەر بۆیەش کاکی نووسەر بە خۆی ڕەوا دەبینێ کە (وەرگێر) بە (ناپاك) دابنێ (هەر وەکو لە دێری پێنجەمی لاپەڕە(٣) کوردیەکی) •

لەم کتێبەدا گەلێك هەڵسەنگاندنی نارەواو ووتەی پڕوو پووچ لە بارەی ئافرەتەوە کەلەکە کراوە کە لەوانەیە برایانی نووسەر لە وەڵامی ئەم ڕایەمدا بڵێن :

«ئێمە دەقی ووتەکانمان ڕاگوێز (نقل) کردوە بە بێ دەستکاری» •• بەڵێ منیش لەگەل ئەم جۆرە وەڵامەم • بەڵام دەبوایە بە ڕوونی لە پێشەکی‌یەکەدا سەرنجی خوێنەریان بۆ ئەم بۆچوونەی من ڕاکێشابا بەو ئەم لێکدانەوەی ئەم خاوەن ووتانەیان بە (بەهەڵەدا چوون) لە قەڵەم دابا ، وەمن لێرەدا دەڵێم دیارە ئەم بڕا نووسەرانە (قەناعەت)ی تەواویان بە ڕاستی‌ی ئەم ووتانە هەیە بۆیە وەکو خۆیان هێشتۆتەوە !! وەمن لێرەدا ڕووی دەمم دەکەمە گشت ئەوانەی کە مێشکیان بەم ووتانە زاخاو دەدرێ ودەڵێم : (مرۆڤی سەدەی بیستەم وا لە ئافرەت نەگەیشتووە ! وەکو ئەم خاوەن‌و وتانە کە پەروەردەی کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارو کۆنەپەرست‌و ووشك هەڵاتووی گەندەڵ‌و هەرەس هێناون،کە لە ڕوانگەی کۆنە خوازی‌و بێ بەش لە هەموو زانستێکی سۆسیولۆژیای سۆشیالیزمی ڕاستەقینەدا هەر لە خۆیانەوە ـ شەلم کوێرم ناپارێزم ـ هاتوون وبە پێوەری ژەهراوی بۆ چوونی خۆیان سرووشت‌و نەژادو کەسایەتی ئافرەت بە گشتی دەپێون) !!

ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو ووتانەی باسم کردن :ـ

١ ـ ئافرەت تەنگەو چەڵەمەی نیە •• چونکە ئافرەتە ـ لاپەڕە (٥)ـ

٢ ـ ئافرەت تاوانی پیاوە ـ لاپەڕە (٩)ـ

٣ ـ ئافرەت پرچی درێژە بەڵام بیری زۆر کورتە لاپەڕە (٩)ـ

٤ ـ ئافرەت هەڵەیەکی جوانی سرووشتە ـ لاپەڕە (١٠)ـ

٥ ـ ژن بهێنم ، یا نەیهێنم هەر پەشیمانم ـ لاپەڕە (٥٦)ـ

٦ ـ ئەڕۆی بۆ ئافرەت •• کەواتە قەمچی‌یەکەت لە یاد نەچێ (ل١٧)

● لەگەل ئەوەشدا لە هیچ شوێنێك ئاماژەی ئەوە ئەکراوە کە ئەم کتێبە تایبەتەبە پەندو ووتەی بێگانەوە دەبینین بە درێژی‌و پانی ئەم کتێبە تەنانەت بە قەد ژمارەی پەنجەش ووتەو پەندی کوردی تێدا نیە ! جگە لە چەند چواریەن‌و بەیتێکی شیعری شاعیرە کوردەکان (لە لاپەڕەکانی ٢٦و٣٥و٦٧) کە هیچ کامێکیان ناچنە قاوغی پەندو ئامۆژگاری‌یەوە بەڵکو چەند دەربڕینێکی سۆزداری شیعرین‌و بەس‌ـ سەرەڕای ئەوەی کوردەواریمان خاوەنی گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی پەندو ووتەی بەڕەواجە ، وتا ئێستاش زۆری کۆ نەکراوەتەوە •

● لەوە دەچێ کە ئەم دوو برایە پەلەیان لە لچاپدانی ئەم کتێبە کردبێ دەنا دەبوایە چەند جارێك پیایدا چووبانەوە •• بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم ئەوەیە کە ، ئەم دوو ووتەیە ، یەکەمیان لە لاپەڕە (٦و١٠)داو دووەمیان لە لاپەڕە (٥٢)دا دوو جار نووسراونەتەوە :ـ

١ ـ ئافرەت لە ژیانی مونەرمەندا وەکو مۆمێکە ، دەسووتێ‌و ڕێگای ڕوون دەکاتەوە •

٢ ـ خۆشەویستی ئافرەت تیشکێکە لە تیشکەکانی ڕۆژ •

● لە هەندێ شوێنی ووتەکان برایانی نووسەر کەوتونەتە هەڵەی زمانەوانی ئاشکراوە ـ لە لاپەڕە (٦)دا نووسراوە (ئافرەتان هەرگیز نووسەرن••• هتد) بەڵام ووشەی (هەرگیز) نەنها لە ڕستەیەکدا بەکار دەهێنرێ کە (نفی) بێت • بەڵام ئەم ڕستەیە (مثبت)ە، وەڕاستتر بوو کە نووسرابا (ئافرەتان

بروانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

هەڵبژاردەی هاوکاری

باڵندەکانیش کۆچیان کرد

بەشی : نۆیەم

نووسینی : بەشار کەمال

احمد محمد اسماعیل کردوویەتی بەکوردی

لە دەشتایی‌یەکە پەلەوەرەکان کردوویانەتە رۆژی خۆیان ٠

پەلەوەری زەرد ، سوور ، بۆر، سەوزکار یرێشکە ئاسا دەتەقینەوە دەنشتەوە دەتەقێنەوە ٠٠

چەند دەقیقەیەکی پێ تەچوو گەیشتمە لای چادرەکە

کە رۆیشتم ٠ چی ببینم یاشە ٠٠٠ کش‌و مات داتشتبووت کەس ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرێ ٠ سەمیح دیار تەبوو ٠٠ درێژە زەرد هەڵگەڕابوو ٠ سەرو ملی دەستی خەڵتان خوێن بوو ٠ خوێنەکە ووشکك بووەوە ، سەرو چاوو یان ئەیرۆی بە چونجرك نەخشێترا بوو ٠ پەنترونەکەیان لە پێیدا پارچە پارچە کردبوو ، لە تەك چادرەکە کز کز دانشێوون ، سەریان داخستبوو تەماشایان نەکردم ، بەلای راستدا روانیم ، تۆغرۆڵو هاورێکانیشی لە جێگاکەی خۆیان نەمابوون ٠

بە تەنیشتیانەوە لەسەر هەرێزەکە دانشتم :

«مێی ٠٠٠ بۆ قسە ناکەن ، چی رووی‌داوە ؟! »

درێژ بە دەم روو وەرچەرخاندنەوە ووتی

« هیچ »

خەیریش «هیچ»

چاوێکم بە قەفەسەکاندا گێرا ، قەفەسەکانیان وا پڕ کردبوو ، پەلەوەرێ بچووکی کەی نە دەگرت ، کە درێژ، بینی تەماشای قەفەسەکان دەکەم گەش بووەوە٠

«پەلەوەر دەبارێ ٠٠ وای دایە وای ، قەت بووە؟ لەگەڵ ئەم خەیری حازرەکیدا ئەوەندە تۆرمان راکێشا قۆڵو باڵمان ماندوو بوو ئەمەش قەفەسەکان ٠٠»

زۆری نەبرد پۆلی پەلەوەر لە خوار وێستگای شەمەندەفەرەکەوە هەڵسا بەرەو لای ئێمە هات ، تا گەیشتە سەرسەرمان بوون بە دوو بڕەوە ٠ بەشێکیان لە ناو درکەڵاتییە نشتنەوە ٠ درێژ بە توڕەییەکەوە ووتی :

« ئەوا نشتنەوە ٠٠ بە ئێمە چی٠ نە دەفرۆشرێ‌و نە ئەم خەڵکە بێ دین‌و ئیمانەی ئەستەوول ٠٠٠٠»

خەیریش دانەکانی جێر کردەوەو رووی کرژ کردەوەو ووتی :

«ئەستەمولێ خوانەناسی کوڕی خوانەناس» تفێکی زلی رۆکردە زەوی «خوانەناس» دانەکانی جێر کردەوە ٠

ووتم «ئەی بۆ واتان بەسەر هاتووە ٠٠ ئەی کوا سەمیح چی لێهات ؟»

درێژ ووتی «مەپرسە ئەو رۆیشت ٠»

« بۆ !؟ »

« رۆیشت ٠»

بەسەر ئیشارەتم بۆ زامەکانی درێژ کرد ٠

درێژ ، دووبارە دانەکانی جێر کردەوە ، هەڵسا ، کەمێ لەولاترەوە دانیشت ٠

«تێم بگەیەنە درێژ ئەمە چی‌یە ؟ »

درێژ پێکەنی‌و وەك مزگێنی بدات :

« شاهۆکەتمان سێ رۆژ پێش ئێستا ، تۆ رۆیشتی‌و نەرۆیشتی گرێمان » دەستی بۆ ئاسمانی ئاست دار پەلکەکە درێژ کرد « هات‌و لەوێ گیری خوارد ، لە پڕ باڵەکانی کردەوە بەسەر پەلەوەرەکانەوە نشتەوە ٠ چنگی لە قڕندەیەکی بچووك گیر کرد ٠ لەو کاتەی ویستی هەڵفڕێ ، سەمیح تۆزەکەی بەسەرا دادایەوەو بە دوو هەنگاو خۆی پێ نەگەیاندایە تۆزەکەی پارچە پارچە دەکردو لە دەستمان دەر دەچوو ٠

سەمیح کردیە دەستماو لە دەستمی سەند ٠٠»

بێ دەنگی‌یەکی سەیر باڵی بەسەریا کێشا ٠ درێژ زۆرتری پێبوو ، تفێکی قوت داو چاوی لێ‌بڕیم ماوەیەك تەماشاکەی لەسەر رووەمتم نەگوێزایەوە ٠ ملی درێژ بوو بووەوە ، دڵە خورتیێ پێوە دیار بوو بەڵام نەهاتە گفت ٠

خۆم پێ نەگیرا : « سلیمان بۆ پێم ناڵێی مەسەلە چی‌یە ؟ »

سلیمان ، هەر وەکو پیشەی خۆی ، نشت لە ئارەق ، دەماری ملە درێژەکەیشی دەستی بە فڕین کرد ٠٠ :

« دەزانی چی گوت سەمیح ، کەمەلەکەی بە دەستەوە گرت ؟ »

جارێکی کە وەستایەوەو بێ‌دەنگ بوو ٠

« نازانم ٠٠ چوزانم »

خەیری خۆی گررج کردەوە ، خەیری سەری داخستبوو تەماشای بەرپێ‌رخۆی دەکرد ٠

« نازانی ٠٠٠ دەیگوت ، ئەم مەلە ، مەلی خۆمەو بە کەسی نادەم ، خۆشم دەوێ ٠٠ ئا ٠٠ ئاوای گوت ٠٠ »

« دواجا ؟ »

خەیری سەری هەڵبڕی :

« ئەو سەمیحە بەکاری هیچ نایەت ٠٠ دەماری بیاوەتی نییە » ئەمەی بە دەنگێکی بەرز گوت‌و بێ‌دەنگ بوو ٠ سەری داخستەوە ، رەنگی سوور هەڵگەڕابوو، لە پڕێکا ، جارێکی کە هەستایەپێ « تفسووو» ٠ ماوەیەك وەك وشك هەڵاتبێ نەجوولایەوە ، دواجا دانشتەوە ، هەردوو قاچی لە باوەشی گرت ، نووساندنی بە سنگی خۆیەوەو چەنەی لەسەر دانا ٠٠«شەرمە زۆر شەرمە» ٠

سلیمان ووتی «باشە من چیم ووت ها ٠٠ من پێم‌گوت ٠٠

سەمیح ئەمە کاری کردەنی نییە ٠ ئێمە پارەی ئەم (مەلە)مانە لە کاکە وەرنەگرتووە ؟ ٠٠ ئەی باشە ئەم مەلە هی ئەو نییە ؟! » ٠

« تف ٠ عەیبە ٠٠ بیاوەتی وا دەبێت ؟ » ٠

«من چیم پێ‌گووت ها ؟ » ٠٠ دەمی تەتەڵەی دەکرد ٠٠٠

٠٠٠ « ووتم گورە مەلێك پارەکەی وەرگیرابێ دەبێتە هی تۆ ؟ »

« تفوو ٠٠ نەنگی‌یە»

« دواجا ئەگەر ئێمە بێت‌و ئەم مەلەی پێ نەدەین لەمەو لا چۆن متمانە بە یەك بکەین ٠٠ وانیە؟ من چیم بەو گوت وتم کورە سەمیح ٠٠ ئێمە جارێکی کە دەگرین ئەوە با بۆ تۆ بێ ئەمەیان نە، ٠٠ کەچی پێم دەڵێ : تف ٠ ئەوەی کە دەگرین بەکاکەی دەدەین ، ئەمە قسەتی منە ٠٠ پێم گوت ، کورە عەیبە ، تف ٠

ووتم ٠ لەم دونیایەدا پیاوەتی نەماوە ٠٠ لەم کاتەدا ئێمە خەریکی ئەم مشت‌و مڕە بووین ، ئەو منالانەی ئەویش ٠٠٠ شوومی چاوبینس ٠٠٠٠٠ »

خەیری هەڵیدایە : «چاوبیس ، شووم» دانەکانیشی لەگەڵدا جێر کردەوە ٠

سلیمان هێشتا تاوی دانەمرکا بووەوە «ئا ئەوانەیشی ، چاوی پیسیان دابڕیبوو ٠ ئە ئاوا ئاوا ٠» درێژ بۆ لاسایی کردنەوەی ئەوان چاوی زەق کردەوە ووتم هەر ئێستا فرتە دەکەنە دەرەوە ٠ «ئەئاوا تەماشایان دەکردین ، لەوێ دانشتبوون ٠ نازانم بۆ ئاوا لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە تەماشای ئێمە دەکەن » ٠

مێش بە پەرۆشەوە برسیم «بۆ ؟» ٠

لێکۆڵینەوە

رۆمانی «المشوه»ی شێواو «خەندەلێو»

بەهات حەسیب قەرەداخی

چوارەم :

سەبارەت بەو یازدە سەرنجەی داومە لەسەر وەرگێڕانەکەی مامۆستا ئالانی ، هێشتا هەر سوورم لەسەر ئەوەی مامۆستا لەو جێیانەو (لە چەند جێیەکی تریشدا !!) بە هەڵەدا چووەو ئەو هەوڵە بێهودەیەی داوێتی بۆ پینە کردن‌و بیانوو هێنانەوە، کاری مامۆستایەکی کارامەو سنگ فراوان نی‌یە ٠٠ پاشان ئەی بۆ بە هیچ جۆری باسی خاڵی ٦/٩/١٠- ی‌نە کردووە ٠ جارێکی تریش بەرێزەوە تکا لە شارەزایان‌و پسپۆران دەکەم کە لەم حالەتانەدا ببنە دادپرس‌و خاوەن بڕیار ٠ ئەوەندەش دەڵێم کەسێك ـ کباپکم ـ بکاتە ـ کە بابتان ـ دوور نی‌یە زۆر شتی تریش لە شیش بدات‌و بیکاتە ـ قوش باشی ـ بە پێویستیشی دەزانم ئەوە بڵێم کە من لە ووتارەکای پێشوومدا ـ خاتری ـ مامۆستام گرتبوو بەو چەند نموونەیە وازم‌هێنا بوو ، وا لێرەدا چەند هەڵەو تێکەوتنێکی تریشی دەخەمە پێش چاو ٠

١ ـ لاپەڕە ٨٦ ـ صفحە ٩٥ :

« لانکم شعب یتشوف الابصار دائما الی التهام غیره من الشعوب » «ئێوە کەلێکن‌و چاوتان لە گەلانی دی بڕیوەو گومانباریان دەکەن ٠ » دیارە مامۆستا التهامی بە اتهام خوێندۆتەوە!

٢ ـ لە هەمان لاپەڕەدا ئەم دەربڕین‌و (شرح)ەی لە خۆیەوە بۆ زیاد کردووە : ئەم کارانەشتان پاساو دەدەنەوە بە بیانوی (ئاوەدان کردنەوە) ! دیارە ئەمەو زۆر شتی تر (مافی‌ـ دەستکارین) !!

٣ ـ ل٨٧ ـ ص٩٥ : «وستفکرون‌و ستستغرقون فی الفکر متی کلمتکم ، ومتی سخرت منکم‌و هزأت بکم » «هەر کاتێ قسەتان لەگەڵ بکاو گاڵتەتان پێ بکاو بە سووك سەیرتان بکا لە دەریای بیرکردنەوەدا دەخنکێن » ! هەڵەکان زەق‌و دیارن هیچ روونکردنەوەیەکیان پێویست نی‌یە ٠

٤ ـ ل٨٧ ـ ص٩٦ : « والثانی ، انسان شق فمه من الاذن الی الاذن » « دووەممان مرۆڤێکە دەم هەڵ قەڵەشاوە لە ئەم پەڕی گوێی بۆ ئەو پەڕی گوێی » نازانم ئەبێ گوێ چی‌بێ تا ئەم پەڕو پەڕی هەبێ‌و دەم بۆ کەوتە ئەو جێیە ؟

٥ ـ ل٩٠ ـ ص٩٨ : «وکانت الفجریتان تجلسان قریبا من المدخل لجمع رسم الدخول من الجمهور » «دوو قەرە جەکانیش لە دەم دەرگاکە ڕاوەستا بوون بۆ دابەش‌کردن‌و وەرگرتنی بلیتی چوونە ژوورەوە »! ! تجلسان بوو بەڕاوەستان ، جمع بوو بە دابەشی‌کردن‌و رسم الدخول بوو بە بلیت !

لە هەموو شی سەیر تر مامۆستای زمانەوان دەڵێ : دوو قەرەجەکان !!

٦ ـ ل٩٢ ـ ص١٠٠ : ئەم دەربڕینە شاعیریە پەڕیوە ، دیارە مقەستی « مافی دەستکاری » قرتی کردووە! : « کان یتعشقها ویثق ان حیاته متی خوت منها خلت من معانیهاو اهدافها ومن آمالها ! »

٧ ـ ل٩٦ ـ ص١٠٥ : « ولو عصی انسان أمر العصا فماذا یصیبه ؟ » « باشە ئەگەر کە سێ سەرپێچی کردو ئەویش فرمانی دابە گۆچانەکەی ئەو کەسە چی‌ی بەسەر دێ ؟ » ئاشکرایە کە مامۆستا نەیتوانیوە جیاوازی لە نێوانی امر العصاو امر العصا بکات بۆیەوا تێکەوتووە ٠

٨ ـ ل٩٩ ـ ص١٠٨ : «ان رجلا، مغمورا استقل العربة معها » «پیاوێکی نەناسراو ئەم گالیسکە لێ دەخوڕێ » نازانم چۆن وا تێکەوتووە کە کابراکە بە نەناسراو لە قەڵەم بدات کاتێ کە هەر لە پاش دوو دێر دەڵێ : ئەوە ـ تۆم جیم جاك ـ وبەس! واتە ناسراوە ، «مغمور»یش لێرەدا بە مانای «ناکەسە» دێت ، پاشان استقل معها مانای ئەوەیە کە لە تەکیدا سواری گالیسکەکە بوو نەك لێیخوڕێ ! گالیسکەی ئەو شاژیانەش شوفێری خۆیانیان هەیە ئیتر پێویست ناکات تۆم جیم جاك بۆی لێ بخوڕێ !!

٩ ـ ل١٠٣ ـ ص١١٣ : « وما اسهل الامر ، ماکان اسهل الامر علی ارسوس » / « وەنەبێ ئەم باسە بۆ باوە ئەرسۆس ئەوەندە ساکار بێ » !!

تەواو مانای ئەو دوو دێرە پێچەوانەی یەکدین !

١٠ ـ ل١٠٦ ـ ص١١٦ : « وعنونتها باسمه » « بە ناوی خۆی مۆری کردووە »! عنوان لەکوێ‌و مۆرکردن لە کوێ ! پاشان باسمە واتە بە ناو کوڕەکەوە نەك بە ناو خۆیەوە !!

١١ ـ هەمان لاپەڕە : « ولن یتسنی له قضاء اللیل فی راحة‌و هدوء » « تازە ناتوانێ خۆی رابگرێ‌و بە ئاسوودە شەو بکاتەوە » !! ئەگەر مامۆستا بۆ ئەمەش نەڵێت ـ شەو بکاتەوە ـ هەڵەی چاپەو لە دەسنووسەکەمدا ـ رۆژ بکاتەوەـیە!!

١٢ ـ ل١٠٧ ـ ص١١٧ : ئەم دوو دێرە لە عەرەبی‌یەکەدا هەیەو مامۆستا ئالانی بە دوورو بە نزیك توخنی ئەو مانایەشی نەکەوتووە :

« شعر ان للشهوة سلاحا ماضیا لا یقوی الضمیر علی مقاومته ولا یقوی علی مصاولته ، بل یتقهقر ، و یرجع ، وینکمش ، ویتلا ـ شی » ٠

١٣ ـ هەمان مەسەلە لەگەڵ ل١٠٨ ـ ص١١٨دا دووبارە بۆ تەوەکە ئەم دوو دێرە ناسکە ، نەکراوە بە کوردی : « وما أثقل الساعات عندما یحییها المرء فی شجون وفی فکر مظلم مکفهر ! ما أثقل الساعات عندما تمر علی الانسان محملة بالهموم‌و الغموم ! » ٠

١٤ ـ مامۆستا دەڵێ گوایە ئەو هیچ وشەیەکی دانەتاشیوەو هەموو وشەکانی خۆمالین ، ئەی ئەم وشانەش خۆمالین ؟ :

« خەوگا ٠ سەیران چیان ٠ کڕنووش خانەکان ٠ فەرهەنگستان ٠ دەنگێکی نزم‌و باریك ٠ پەردەمەکینە٠ نیاز گران ٠ پێکەنینۆك ٠ پێکەنیناویم ٠ هتد ٠٠٠

١٥ ـ ل١٨٢ ـ ص٢٠١ : « فقد رأی غانیة رائعة الحسن تجلس فی غرفة اخری ٠٠» « ئافرەتێکی فرەجوانی بەدی کرد ئەوا دانیشتووەو بە ئاوازێکی ناسك لەبەر خۆیەوە ئەرمە گۆرانی دەڵێ » ! نازانم غانیە بۆ بوو ئافرەتێك‌و ئیلەلا !؟ یان ئاخۆ بە چ دالغەیەکەوە ئەو گۆرانی وتنەی بۆ زیاد کردبێ ؟!

١٦ ـ ل١٨٥ ـ ص٢٠٤ : « لقد تمالأت علیه جمیع القوی ، وتألبت علی قهره شتی العناصر والعوامل » « هەموو توخمە سەبارەتێك!! بالپشتی جونبلانی‌دا کە زال بێ » ! بۆ هەموو کەسێك روونە کە مانای ئەم دوو دەربڕینە تەواو دژ بە یەکن ٠

١٧ ـ ل١٨٦ ـ ص٢٠٦ : « وأدنت فمها من فمه‌و همست بصوت ملائکی » «دەمە نوقڵینەکەی لە دەمی نزیك کردەوە ، بە دەنگێکی فریشتانە ٠

ـ بە گوێیدا چیاند » !! بە ڕای من دەبێ بیاو دوو دەمی هەبێ بۆ ئەوەی لە یەك ساتدا فریا بکەوێ دەمیش لە دەمی کەسێکەوە نزیك بکاتەوەو بە گوێیشیدا بچێنێ !!

١٨ ـ ص٢٠٧ ـ ل١٨٧ : «ان الخدم والاغرو یمتازون بالذکاء وساجازیهم احسن جزاء» «بێ‌گومان نۆکەرەکانم لە وریاییدا تەواو جیاوازن ، کەواتە باش ، باش سزایان دەدەم» !

من لەم رووەوە هیچ ناڵێم‌و نەیدەمە دەست شارەزایان ٠

١٩ ـ هەندێ دەربڕینی گێڕ بە شانازیەوە خۆیان لەلایەڕەکانی دۆمانەکەدا دەخە نە ڕوو ٠٠ وەك : دوو ناحزەکان ، ئەوا سەرۆك هاتەوەو دەڵێ ٠(وعاد الرئیس یقول) ! ، رێکەوت ئاوەهایەو بە ئەم جۆرە چارەنووس گەمەی خۆی دەکات (رێکەوت لە کوێ‌و چارەنووس لە کوێ!؟) ل١٩٥ و ل١٩٦

٢٠ ـ ص٢٢١ ـ ل٢٠٠ : «وساد الصمت وخیم علی القاعة جوتوترو انفعال» «لەم حەڵەدا پەردەی ماتینیان بەسەردا کشا» ٠

٢١ ـ ص٢٢٢ ـ ل٢٠١ : «انا صوت من عالم مجهول یهیب بکم أن تشبهوا ٠ یهیب بکم أن تفتحوا قلوبکم للشعب» «من دەنگێکم لە جیهانی نادیاردا شایانی ئێوەیە بێدار ببنەوە ٠٠ شایانی ئێوەیە دڵتان پەخش بکەنەوە بۆ گەل» !! ئەو بڵێی ئەمانەش هەر خەتای چاپخانە نەعلەتیەکە بن!؟

٢٢ ـ ص٢٢٤ ـ ل٢٠٣ : «أرای احد منکم رجلا عاثر الحظ یعلق من قدمیه أیاما حتی ینفق کالدابة؟» مامۆستا ئالانی بەرامبەر بەم دەربڕینە دەڵێ : «ئایا کامتان دیوتانەـ

بڕوانە ل : ١٠

چەند تێبینیەك لە سەر نووسین‌و زمانی کوردی

ـ عبدالرحمن نقشبندی ـ

● ـ دەهاوکاریا ژمارە (٦٩٥)ێدا یاروژا ٧ـ٧ـ١٩٨٣ هێژا نافعی ئاکرەی یێ نوژدار نقیسینەك بەلاف کریە لسەر (چەندراو تێبینیەك دەربارەی نووسین‌و زمانی کوردی) کو بزافەکا هێژایە ژلایێ نقیسەڤانەکێ هێژافە ، بوئێکبونا زمانێ کوردی‌و تشتەکێ گەلە باشە ئەڤ تێبینیە بهێنە بەلاف‌کرن‌و بێنە بەرچاڤ داکو هەکەهاتو دەرافێ ئێکبونا زمانێ کوردی هات یهایەکی ژڤان تێبینیا وەرگرن ٠

لسەر ئێ مەسەلێ ژی گەلە هزرو باوەری هەنە ، هندەك هەنە دبێژن زارافێ کرمانجیا ژووری دڤێ ببیتە زمانێ خویندن‌و نقیسینێ ژبەرکو ئەوێن بڤی زارافی دبەیڤن پترن‌و بوش ترن‌و تێکستێن فولکلوری بڤی زارافی مشەترن‌و بزافا رەوشەنبیری وان ژمێژە دەست پێ‌کری‌و خاندنا نەکادیمی لەمەی زانکۆیێن جیهانێ بڤی زارافی‌یە ٠٠ ٠ هتد ٠ هندەك ژی هەنە دبێژن ئەڤە راستە لێ پێ تێنە نقیسین‌و یێ بویە زمانێ خاندنا خاندنگەهاو هەمی خاندەڤان‌و رەوشەنبیر دکارن بخوینن‌و پێ بنقیسین ژبەر هندێ دڤێ ببیتە زمانێ خویندن‌و نقیسینێ ٠ هندەك ژی هەنە دبێژن ٠

نەئەو یادی دڤێ هەردوکا تێکەل کەن‌و پێکڤە بنقیسین‌و هندەك ژی هەنە دبێژن دڤێ دەرافی بدەینە هەردو زارافاو بهەردوکا بهێتە خاندن‌و نقیسین پاشی لپاشە روژێ کیش وان شیا بسەر یادی بکەڤیت‌و بەلاف ببیت ئەو بخو دێ بیتە زمانێ خویندن‌و نقیسینێ‌و هندەك ژی هەنە دبێژن دڤێ بزارافێ کرمانجیا ژێری بنقیسین لێ هەکە پەیڤێن رەسەن‌و باش هەبن دزارافێ کرمانجیا ژووری‌دا دڤێ بکار بینین ٠ لێ ئەڤە هەمی گوتنن‌و هند ٠ چنکو کەسێ ژمە بڤی ئاوایی مافێ هندێ نینە کو هزرەکێ ژڤان بسەپینیت‌و یێن دی ترو کەت ٠ لەوڕا ژبو هندێ کو لپاشە روژێ زمانەکێ ئێکرتی دروست ببیت دڤێ چەند پێنگاڤەکا هەر ژنهو رانین ٠ لێ دڤێ ئەڤ پێنگاڤە ژقورمی بن‌و ژرها ڤێهەلبچین نەکو سەرپلکی نقیسەڤانێ هێژا نافعێ ئاکرەی پێنگاڤەکا باش رانی‌یە لێ نە ژقورمی دڤێ مروڤ بڕێ ژقورمی بکەت ژبەرکو گوتی‌یە «هەروەکو دیارە ئەم هەمی یێ دگەڵ هندێ کو فولکلورێ دەشتا هەبلێرێ ئان زاخۆو تەویلە یان ژی هەکاریا ئان موکریان دڤێ هەر بئاوایێ خو بهێتە تومارکرن وەکی خو بکەفیتە دەستێن خویندەڤاناو زانایێن زمان‌و تورەی ٠ لێ کتێبێن مەدرەسی‌و هویبونا خاندنگەها هەکە هەر دەڤەرەك بهێت زارافێ خو بکار بینیت دڤێ چەندەها کتێب بهێنە دانان‌و هەر ئێك بئاوایەکی ئەڤە ژی وێ سەرێ خەلکێ‌و زارواو قوتابیا تێکدەت ٠ لنك من‌و لنك هەمی دلسوزەکی ئەڤە رویدانەکا باش نینە ، ئەڤ کارە بهاریکاریا هەمی زارافاو دانانا کتێبێن باش کو پەیڤ‌و گوتنێن هەمی زارافا تێدا هەبن دێ هێتە چارەسەرکرن ، لێ هەکە هوزانڤانەك یان چێروك نقیسەك بکاریت بزارافەکی باشترو جوانتر داڕێژیت ئەڤە گونەهە نینەو خراب نینە بزارافێ دەڤەرا خو هوزانا ئان چێروکا بنقیست ، لێ هەکە ئێك رابیت نقیسینەکا (زانسی یاجوگرافی) یان توێژاندنەکا تورەی بزارافێ دەڤەرا خو یا تەنگ بنقیسیت لنك من ئەڤە گونەهەکا مەزنە ، دڤێ بئاوایێ مەدرەسی بنقیسیت‌و ئاوایێ نقیسینا وی دگەڵ ئاوایێ نقیسینا مەدرەسی ئێك بیت داکو هەمی کوردەك تێ بگەهیت‌و ئاوایێ ئێکرتی‌یێ تورێ کوردی دڕوست ببیت» ٠ لڤێرێ ئاخڤتنا نوژدارێ نقیسەڤان بدویماهی هات ٠ ئەوا گوتی کو دڤێ زمانەکێ ئێکرتی هەبیت‌و دبراسە پێ بهێنە نقیسین‌و ٠٠٠٠ هتد ئەر دگەڵم‌و تشتەکێ گەلە باشەو هەمی کوردەك حەز دکەت زمانەکێ ئێکرتی هەبیت ٠ لێ چەوا ئەڤ زمانە دێ دروست بیت ، ئەڤە گرێ یا لڤێرێ ٠ نوژدارێ هێژا گوتی‌یە دڤێ ئەم هەمی وەکی زمانێ کتێبێن مەدرەسی بنقیسین ٠ باشە گەلو زمانێ کتێبێن مەدرەسی نەو زمانێ ئێکرتی‌یە نەوێ مە هەمیا دڤێت ؟

باوەرناکەم‌و ئەز دبێم هەکە بدایێ نقیسەڤان هویر وان کتێبا بدەتە بەرخوو بخوینیت دێ لئاخفتنا خو لێڤە بیت ٠ ژبەرکو زمانێ ڤان کتێبا گرێیا زمانێ کوردی چارەسەر ناکەن‌و گەلە دویدە ژوێ ئەوا مە دڤێت ٠

لەوڕا ئەمێ سڤك بسەر کتێبا «ئەلف‌و بێی نوێ »دا چین کا هەتا چ پیفکەکی دەست ددەت گرێیا ئێك‌گرتنا زمانێ کوردی بو مە ڤەکەت ٠ ئەڤ کتێبە ژدانانا سەیدایێ منێ هێژا (ابراهیم ئەمین بالدار) ٠ ٠ کو براستی زانایەکی هێژاو ژهەژی‌یەو بزافا وی ناهێتە ژبیرکرن‌و لسەر زمانێ کتێبێ گەلە جار من بخو دگەڵ ئاخفتی‌یە، ئەو بخو لوێ باوەرێ بو کو ئەڤ کتێبە هەرچەندە بزافا تێکەل‌کرنا زارافێن کوردی تێدا هەبە لێ دەست نادەت بو خاندنا هەمی دەڤەراو دگرت دەمێ من ئەڤ کتێبە دانای مەسەلا ئێك‌گرتنا زمانێ کوردی بڤی ئاوایی نەبو ٠

ئەڤە ژلایەکی‌ڤە ، ژلایێ دی‌ڤە ئەڤ کتێبە یاهاتی‌یە دانان ژبو هوی‌بونا زارەوی ، ژبو هندێ کو چاڤێن وی ل ژینێ ڤەبن ، هوی ببیتە خاندن‌و نڤێسینێ ، نەکو هاتیە دانان ژبو هوی‌بونا زارافەکی ئان زمانەکی

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

کتێبی هاوکاری

شیعری شارستانیتیی جگەرخوێن

-٢-

هەموو کوردستان باش ئاگاداری ئەدەبیاتی پیرەمێرد ،گۆران ،عەلی کەمال باپیر ،بێکەس ،دلدار ،نوری شێخ سالح ، عەبدولوەهاب نووری(٣) و ئەوانی ترن • خوێندەواری کورد بەرهەمو ئەفراندنی(٤) زنجیرەیەك شاعیرو نووسەری تری تازەی وەك : ، عوسمان سەبری، قەدری جان، ، ،هەژار، کامەران، مەلاکەریمی ڕەباتی(٥) بەدڵەوە دەخوێندنەوە •

ڕاستە پلەی ئەفراندنی ئەم شاعیرو نووسەرانە جیایە ،بەڵام خواستو مەرامی ئەوان یەکە ، بریتی‌یە لە هوشیار بوونو سەربەستی خەڵك ،ئازایی‌و سەربەخۆیی ئەوان •

لە ناو ئەدەبیاتی کوردی دەرەوەدا ئەفراندنی جگەر خوێن‌و نیشتمان پەرەوەریی ئەو جێگەیەکی بەر چاوی هەیە • جگەر خوێن شاعیرێکی پێگەیشتووی کوردە •

ناوی جگەر خوێن هەر لە سوریاو عیراقدا بڵاو نی‌یە ، بەڵکو لە سنووری ئەم دوو وڵاتە وەچێتە دەرەوەو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست‌و نزیکدا ناوی هەیە(٦)

بەم جۆرە ناوی جگەر خوێن لە وڵاتی سۆفێتدا گەیشتۆتە ئێمە •

ئەو ناوە لە سایەی شیعرە شۆڕشگێری‌یەکانی‌یەوە ، لە سایەی مەبەس و خواستی ئەو شیعرانەوە گەیشتە ئێمە • شیعرێ کە دەیەوێ هەموو کوردێکی پێشکەوتوو حەز بەوە بکات ، وڵاتەکەی تەواو پێشکەوێت‌و • بچێتە ڕیزی کاروانی مرۆڤایەتی‌و لە ڕیزی خەباتی گەلاندا بەرامبەر بە ئیمپریالیزم‌و کۆلۆنیالیزم‌و بن‌دەستی‌و بەرامبەر بە دوژمنانی گەلانی جێگای کورد دیار بێت(٧) •

جگەر خۆینیش لەو شاعیرانەیە کە هەموو کات‌و لە هەموو شتێکدا لەگەل خەلکدایە ، شاعیری میللەتە ، لەگەل گەلدا شادەو لەگەل ئەودا گۆرانی‌و سرود دەڵێ‌و بەدەم هەموو ئازارێکی ئەوەوە دەگری •

جگەرخوێن هێزی خۆی تەنیا بۆ هاواری خەبات بەرامبەر بە ئیمپریالیزم‌و بن‌دەستی تەرخان نەکردووە • بەڵکو هەروەها لە ناو گوندانداو بۆ هوشیارکردنەوەی خەلکی لادێ هەوڵێکی تەواوی داوە • شاعیر گەلێك هۆنراوەی خۆی بۆ خەلکی لادێ ، بەو زمانەی خۆی کە مەشخەڵی ئاگرە ، دەخوێندەوەو مەسەلەی نەتەوەیی لە خەلکی دێهات دەگەیاند •

ساڵی ١٩٥٤ خەلکی شاری قامیشلی(٨) ، جگەر خوێن وەك دەست نیشان کراوی خۆیان بە پاڵێوراوی ئەندامی پەرلەمانی وڵات دەخەنە پێش چاوی خۆیان •

ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی دیموکراتی‌یەکانی سوریەو لوبنان لە ژمارەیەکی ساڵی ١٩٥٤ی خۆیدا نزخێکی گەورە بەکاری ناو خەلکی جگەر خوێن دەدات •

ئەو ڕۆژنامەیە دەنووسێ : جگەر خوێن لەتافی لاوی‌یەوە ، بەرامبەر بە فیوذالیزم(٩) لە کۆڕی خەباندا وەستا ، هەر لەو ڕۆژانەشەوە کۆنە پەرستان بوون بە دوژمنی •

سەربەخۆکان لە دەوری ئەو کۆبوونەوە بە خۆشەویستی‌ی نیشتمان هاریکاریان کردو پەروەردەیان کرد •

جگەرخوێن بەڕاستی ئاڵای دیموکراتی‌ی ڕۆژنامەکە دەنووسێ :

هەژاندنی میللەتەو لایەنی ئەو خەباتە دەگەڕێ‌و گەورەترین ئاواتی ئەوەیە میللەت لە بن نیری کۆلۆنیالی ڕزگار بێت •

لە سوریە جگەرخوێن هاوکاری ئەو خەباتە بوو(١٠) کە بۆ پشتگیری ئاشتی لەناودابوو : ساڵی ١٩٤٩ لە لایەن خەلکی جزیرەوە وەك نۆینەری کۆمیتەی پشتیوانی ئاشتی‌ی سوریە هەڵیان بژارد•

بڕوانە ل : ١٠

ئەو هێزەی گوڵ لە چۆزەرەی سەوز دەردێنێ

ئازاد حەمە شەریف لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویەوە بە کوردی

× × ×

لێوی ڕۆژگار دەم دەنێتە دەمی کانی‌و
ئەفین دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێ ••••
خوێنی ڕژاویش زامی خۆی
سارێژدەکات •
کەچی ناتوانم بەڕەشەبا بڵێم
چۆن ڕۆژگار ئاسمانێك
بەدەوری ئەستێرە دروستدەکات•
کەچی ناتوانم بەگۆڕی دڵدارەکە بڵێم
چۆن هەمان کرمی چەپەڵ
وا خەریکە بەسەر نوێنەکەم
ڕێدەکات•

١٩٣٤ ، ١٩٥٢

× دیلان تۆماس لە ساڵی ١٩١٤دا لە هەرێمی (ویلز) لەدایك‌بووە •

ئەو هێزەی گوڵ لە چۆزەرەی سەوز دەردێنێ
پەیکەری تەمەنم تێك دەشکێنێ ،
ڕەگی درەخت ووشك دەکات
ژینی منیش دەفەوتێنی
کەچی ناتوانم بەگوڵە سیسەکە بێژم
زۆر لە مێژە هەر هەمان تای زستانەیە
گەنجێتی من دادەرزێنێ •

× × ×

ئەو هێزەی ئاو لە تاوێری ڕەق هەڵدەقولێنێ
خوێنی سوورم ڕاپێچ دەکات
تەوژمی بەگوڕ چك دەکات
ئەمن وەك مۆم دەمەبێنێ
کەچی ناتوانم بە شادەمارەکانم بڵێم
چۆن هەمان دەم سەر لە قوڕگی کانی دەنێ •

× × ×

ئەو دەستەی ئاو لە گێژەن خوول دەدات،
نەرمەلم دەشلەژێنێ،
ڕەشەبای شێت پەل‌بەست دەکاو
هەر ئەویشە بەرەو
چاروگی کفنەکەم دەمخزێنێ •
کەچی ناتوانم بە جەللاد بڵێم
چۆن بەردی ئەو نیشتووی
ساڵان لە خۆڵەمێشی جەستەمە •

× ساڵی ١٩٣٤دا یەکەم بەرهەمی بەناوی هەژدە هۆنراوە بڵاوکردۆتەوە •
× ساڵی ١٩٣٦دا بەرهەمێکی تری بەناوی بیست‌و پێنج هۆنراوە بڵاوکردەوە •
× ساڵی ١٩٣٩دا دوو بەرهەمی تری بەناوی نەخشەی ئەفین‌و ئەو زەمینەی تیادا دەژیم بڵاوکردەوە •
× ساڵی ١٩٤٣دا «چەند هۆنراوەیەکی‌تر» کەونە بازاڕەوە •
× ساڵی ١٩٤٦دا مەرگ‌و سەرەڕێی دەرکرد •
× ساڵی ١٩٥٣دا لە خەستەخانەی (سانت فێنیست) لە نیوێورك پەپولەی ڕۆحی هەڵفڕی •
× لە سەرەتای هۆنراوەدانانیدا پەیوەندی‌یەکی تەواوی بە سوریالی‌یەکانەوە هەبووەو سودێکی تەواوی لە طقوسی (سێلتی) سەرەتایی وەرگرتوە بەتایبەتی ئەو طقوسانەی کە دەربارەی لەدایك‌بوونەوەو خۆ فیداکاری بوون • کەچی لە دواییدا سوودێکی زۆری لە سیحری ووشەی (سێلتی) وەردەگرت‌و لەمەش یەگجار زمانی ڕەوان‌بوو •
× گەلێ جار ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە کە شیعرەکانی بە چەشنی هۆنراوەکانی (ت• س• ئەلیۆت) شاراوەن لە ناوەڕۆکدا •

باشە ڕۆژی ئەم پرۆژەیە

محمود زامدار

دەستەلاوێکی خوێنگەرم‌و ڕۆشنبیرو نووسەرو ئەدەبدۆستی زانستگەی موسڵ ، لە سەرەتای ساڵی پێرارەوە ، ئەخشەی پرۆژەیەکی مەزن‌و بەنرخی ئەدەبیاتیان بۆ وەرگێڕانی بابەت‌و بەرهەمی جیاجیاو هەمە چەشنەی ئەدەبیاتی جیهانییان بۆ سەر زمانە شیرینەکەمان سازاند •• کەواتنە خۆو بۆ ماوەیەکی زۆر کورت گەلێ کەرەستەی نایابیان لە زمانی ئینگلیزییەوە یەکسەر کردە کوردی‌و ئینجا کەوتنە خەمو پەژارەی چاپکردنی ئەو بەرهەمو بابەتانە •• ئەوەبوو هەر بە یارمەتی‌و هاریکاری ئەو دەستە لاوە لە خۆبوردوە ، پارەو خەرجی چاپیان کۆکردەوە ئەوەندەی پێنەچوو بەشی یەکەمی ئەو پرۆژەیە بە ناوی (ئەدەبی بێگانان) دنیای چاپەمەنی کوردی ڕۆشن‌کرد ••

کاك عزیز گەردی ،لە پێشەکی ئەم بەشەدا وتویەتی :

«وەرگێڕان کارێکی هێندە ئاسان نیە •• وەرگێڕان هونەرو زانستە •• زانستە ، چونکە دەبێ وەرگێڕەکە ئاگای لە چۆنیەتی وەرگێڕان‌و جۆرەکانی وەرگێڕان‌و گیروگرفتەکانی وەرگێڕان‌بێت •• هونەریشە چونکە دەبێ وەرگێڕەکە هونەرمەندو بەهرەداربێ ••••»

لە ئەنجامی هەر ئەو پێشەکییەشدا ئەڵێ :

«بەشی زمانە ئەورووپیەکانی موسڵیش ، زۆر قوتابی بەتواناو لێهاتووی تێدایە ، کە مەبەستیان خزمەتی ووشەو ئەدەب‌و ڕۆشنبیری خۆمان بکەین•• ئەوەبوو بە ماوەیەکی کەم ئەم بەرهەمە خنجیلانەیە هاتە کایەوە ، کە لە دوو تۆی ئەم نامیلکەیەدایەو بە ئومێدین کەلێنێکی بچووك لە کتێبخانەی کوردی‌دا پڕبکاتەوە ••••»

بەشی دووەمی ئەم پرۆژەیە لە شێوەی نامێلکەدا (٨٩) لاپەڕەیەو لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکراوەتەوەو تایبەتیشە بە چێروك ••

لە پێشەکی ئەم بەرگەشدا کاك عزیز گەردی چەند قسەیەکی کردوەو ئەڵێ :

«ئومێدەواین بتوانین لەم پرۆژەیەدا ، بەردەوام بین‌و گیروگرفتی چاپەمەنی نەبێتە بەرهەڵستەو ساردمان نەکاتەوە ••» جا گەر بەشی یەکەمی ئەم پرۆژە بەنرخە لە لایەن دەستە لاوێکی خوێنگەرمی هەولێری‌و قوتابیانی زانستگەی موسڵەوە دنیامانی ڕۆشن‌کردبێتەوە ، ئەوا ئەم بەشەیان زیاتر پەل‌وپۆی هاویشتووە جگە لەو قوتابیانەی کۆلێجی ئەدەبیاتی موسڵ ، قوتابیانی کۆلێجی پزیشکی موسڵ‌و هەروا قوتابیانی کوردی زانکۆی بەغدایشی تێدا بەشدار بووە ••

● دوای چەند مانگێکیش بەسەر دەرچوونی ئەم

بڕوانە ل : ١١

پێشانگای ژمارە ١٢ی اسماعیل خەیات و سەرنجێکی ڕەخنەگرانە

بالێرەوەو لەگەل ئەو هەموو ئەو لایەنانەوە کە ئەم هونەرمەندە چەند شەیدای سروشتی نیشتمانەکەیەتی‌و هەر ڕووبارێك لە پێچوپەنا کردنی داو هەڵچونی هەر لوتکەیەك بۆ بەرزایی‌و تاریکی‌و سامناکی هەر ئەشکەوتێك •• ، چرۆی ناسکی هەر دێبەرو خونچەی هەر گوڵاڵە سوورەیەکی دەم نەپژاو هەڵبەزو قونەقونی هەرکارو بەر خۆکەیەکی بەهاران وەك لە ڕینەوەی •• ژێی کەمانی «ئاوازێکی» ئێجگار خۆش دەستەملانی گەردنی سۆزە سەرمەستەکەی ئەم هونەرمەندە نەبن • بەڵام هەمدیسان هەمان بۆچونی پێشو پاڵمان پێوەدەنێ لەگەل ڕازی بوونماندا بەوەی کە دەبێ بینەرو جەماوەریش خۆیان ماندو بکەنو تیشکی وردبینانە ئاراستەی ناوەروکی بیری تابلۆ بکەن ، لەگەل ئەوەشدا بەڕای من چاکتر وایە بۆ دەربڕینی مەبەست‌و پێکانی ئەنجامێکی چاك‌و ڕەسەن بۆ هەر هونەرمەندێك ئەگەرچی لێکدانەوەی باری هونەریەکەی بەهەر شقڵێکی تایبەتیەوە بەسترابێ کە هەمیشە لەسەر خۆو ئاسان‌و نەرمونیان بیەوێ جەماوەر بدوێنێ‌و لەگەلیاندا بکەوێتە هەڵسوکەوت تا بتوانن ئەو هونەرمەندە یان ئەدیبە بە بەشێك لە خۆیان بزانن وەك ئاوێنەیەك ئێشو ئازارەکانی خۆیان لە دڵی بەرهەمەکانی هونەرمەندەکە بەدیبکەن •• ئەم لێکدانەوانەش بەستراوە بە بارێکەوە کە هونەرمەندەکە دەیەوێ ڕەسەنایەتی خۆی پێبسەلمێنێ کە ئەویش ڕێبازی ڕەچاوکردنی واقیعی مەوزوعی‌یە لە ژیانی ڕۆژانەو بارودۆخی ڕەخساوی کێشەی توێژەکانی ناو کۆمەڵگاو ویستی بەدنیا هێنانی پێویستی‌و دەستەبەرکردنی خواستە پەنگ خواردەکانو دەربڕینی دیاردەی سۆزە زەوتکراوەکانی زوربەی زۆری خەڵکی هەژارو پەکەوتەیە لە هەندێ لەم وێنانەدا هونەرمەند وەك «فلاش باگ» دەیەوێ ئاوێتەی تەمەنی منداڵی خۆیمان کە سەر ڕوخساری تابلۆکانی‌دا بۆ بگێڕێتەوە کە تەمەنی منداڵی واتە دنیای خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤو مرۆڤ بۆ دەوروبەر وەك پیشاندانی مەل‌و باڵندە وکەوو کۆتر ئەم دیمەنانە وەك یاسایەکی پیرۆز لایەنی هۆشی کاك اسماعیل بەیمە ئاشنادەکەن هەرچەندە کاکی هونەرمەند ویستویە لایەنی خاك‌و مرۆڤ لە تابلۆکانی دا

بڕوانە ل : ١١

«بەشی یەکەمی ئەم‌نووسینە لە مەوپێش لە هاوکاری‌دا بڵاوکراوەتەوە ،ئەمەش دومەیەتی‌و هەو کام بۆ خۆیان نووسینێکی سەربەخۆن » •

هونەری دەرگاکراوەکان

ئومێد ئاشنا

لە هونەری دەرگاکراوەکاندا هەر دەرگایەی سەرەتای ڕێڕەوێکە بۆ جیهانێکی تایبەتی ، هەندێك بە هۆی تێنەگەیشتن لە دیوە ڕاستەکەی دەیانەوێت دەرگاکانی دیکەی قفل بدەن‌و هونەر تەنها خاوەنی یەك خاوەنی یەك دەرگابێت • ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە پرسیار بکەین‌و بڵێین، بۆ هەموو ڕەنگەکان یەك ڕەنگ نەبوون ، ؟! • لە شیعردا هەزار پرسیار بەرەوڕووی گەردوون‌و بوون‌و نەبوون دەبێتەوە ، لە چیرۆکدا کام ڕووداو باس‌دەکرێت‌و بۆچ کەسێکی خاوەن کۆمەڵێ سیفاتی تایبەتی دەکرێت بە پاڵەوان‌و بۆچی واز لە زۆر کەسی دیکە دەهێنرێ‌و چیرۆك‌نووس ناوڕیان لێ‌ناداتەوە ؟! •

هەندێك کەس هونەرەکەیان لە ناویان نابات‌و ژیانیان لێ‌ناکاتە دۆزەخ ، هەندێکی دی بە پێچەوانەوە ، ئەو هونەرە گەورەیی بۆ خۆی دەمێنێتەوەو شیلەی ڕۆحی هونەرکارەکە دەمژن‌و لە نازێکی سەختدا بە ژیانی دەناسێنن •

دەبێ ئەو هونەرە ، کە هاوچەرخ بێت ، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دنیای تەکنەلۆژیاو لەدەستچوونی پەیوەندی‌یە گیانیەکان چی‌وچی بە سەر مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە هێناوە•

هەندێك داواکاری جۆرە شیعرو ئەدەبێکن کە پڕ بەپڕی مەبەستی خۆیان بێت‌و نەچێتە سەر ڕێگایەك کە مل بەرەو جیهانێکی جیاوازتر بنێت دەڵێن شیعر لە کە قۆناغو دەستەلات‌و ئیلتیزام‌و پێهەڵگرتنی هەندێ ڕێ‌و شوێنی ڕامیاریەوە دێتەدی ، ئەمان سێ دووری‌و لایەنەکەی دەپێون و نایانەوێ تەنها ڕستەو واتایەك لە سنووری تێگەیشتن‌و بڕوایان تێ‌بپەڕێت • گوێ بە ئیحساسات ساتە گەرمەکانی شیعر نادەن شیعر بە پێوبستیەك نازانن کە دوو دەنگی تێدا بێت دەنگێك کە بە دەنگ هاتنەوەی بانگەوازی ناخی کەسێك بێت ، دەنگێکی دیکەش کە پرسیار بێت‌و گومان لە هەموو دیاردەکانی سروشتدا نەهێڵێتەوەو ڕونی بکاتەوە • پال پێوەنەرە ڕاستیەکانی یەك دگیری گیان‌و کەرت بوونی زاتی‌ی مرۆڤ لە گوێوە دێن‌و بۆچ دێن ؟! • ڕۆژێك کەسێك وتی «من داواکاری هەموو بێ‌یاسایی‌و ئیلتیزامێکە لە هونەردا » ئەم ڕایەی ئەو منی نەخستە بێش هاتێکەوە کە دەرکم پێ‌نەکردبێ‌و سەری کڵافەی مەسەلەکەم لێ‌ون‌بووبێ • ئەوانەی کە داوای بێ‌یاسایی‌و بێ‌ئیلتیزامی دەکەن هەروەك ئەوانەن کە داوای یاساو ئیلتیزام دەکەن !؟ • دەبێ ئێمە بزانین لە پەیوەندی‌یە هونەریەکاندا نەخشەیەکی ئەوتۆ نی‌یە کە خۆی لە خۆبدا ناوی هونەری فلانە - مەسەلە - بێت وە بە پێی فلانە یاسا لەو مەسەلەبە بدوێت بیخاتە پێش‌چاو ، • مرۆڤ بە هەناسەو خواردن‌و بزواندن دەژی ، کەواتە بۆ ئیلتیزام کردن بە ژیانەوە پێوبستە یاساکانی هەناسەو خواردن‌و بزواندن بەجێ‌بکەیەندێت ، هونەرپش هەروەها ، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە هونەر گەورە ترە لە کۆمەڵێ کارو بزواندنی میکانیکی بۆ بەردەوامی ژیان • کەسێکی بێ‌هیچ هەستو دەروونێکی هونەری مولتەزیمە بە یاسا میکانیکیەکانی ژیانی خۆیەوە وەنەبێ هونەرمەندیش وەك پێویستی بەردەوامی ژیان بۆ نمونە ، بتوانێت بۆ ماوەیەك لە هەناسەدان یاخی بێت‌و بەمەرام‌و ویستی خۆی ڕۆژێك هەناسە بدات‌و ڕۆژێکی دی فەرامۆشی بکات ، بەڵام هونەرمەند هەمیشە لەدوای هەوای نوێ‌و بۆنی خۆش‌و هەناسەی قولتر دەگەڕێت‌و بەڵایەوە مەبەستە • بەڵام بەلای کەسە ئاساییەکەی دیکەوە هەموو ئەو شتانەو دیاردەکان‌و گۆڕان‌و نوێ بوونەوەکان لە کارە میکانیکیەی خۆی دەر ناچێت‌و هەستیش بە گرنگی‌و پێویستی حەتمی ئەمانە ناکات ، بۆیەکا هونەری دەرگا کراوەکان دۆی یەك دەرگایی‌و تاکیەتی یەك ژیانە •

ئەو بە دوای یاساو ئیلتیزامی میکانیکیدا ناگەڕێ، چونکە جۆرە یاساو ئیلتیزامێکی دیکەش هەیە کە هەقیقەتەکانی ژیان‌و بەردەوامی ژیانن وە خۆیان هەر لە خۆیاندا یاخین‌و هەموو کارە ئاساییەکانی خۆیان ڕەت دەکەنەوە •

ئاوز

غازی ئاکرەیی

نارینێ ڕۆناهیا چاڤێت منی
جانێ سۆزە خوینا ناڤ دڵێ منی
تو ڕێبەرا ژین‌و ئەفینا منی
شرینا من ل دنێ بویکا منی

× × ×

چ لێ هاتی ل ڤی کاتی غەیری
دڵێ تژی ئەفین بۆ سارفەکری
ئەو دڵێ من بۆ تە بێ ڤالاکری
نزا ئیرو کچێ کێ تۆژ من کری

× × ×

نێ جانا منێ بشکۆژا بهارا
نەبشکفت ژبەر ساریا خویسارا
ئەو دەرمانێ بنرینا ئەفیندارا
ئارمانج و ڕوگەها هەمی دلدارا

× × ×

ئەو بو گوڵا سپی دناڤ بیستانا
ئەو بو پەریا دگەل بێریفانا
ئەو بو هیڤیا ناڤ کزما ژڤانا
ئەو بو خۆشیا سەر خەمو کوڤانا

× × ×

ئەو بو بزاڤا ژینێ بۆڤی دلی
ئەو بو هەمی گاڤا هەر یاخەملی
ئەو بو چاڤ ڕەشا بسك گولی گولی
ئەو بو هەر تەیارا دەرمان‌و کلی

× × ×

ئەو بو ڕۆناهی‌یا ل تاریستانێ
ئەو بو کولیلکا مێرگا کوردستانێ
ئەو بو کەڤی‌یا بەفرێ ل کویستانێ
ئەو بو دیوان‌و پەیڤێن ئەحمەد خانێ

× × ×

ئەو بو نێرگزا خوناڤ بسەرهاتی
ئەو بو ڕەنج کێشایە دلێ خۆهاتی
ئەو بو لەپ زێرینا خودان کەلاتی
ئەو بو زەری‌یا وەلاتێ بکێرهاتی

× × ×

نێ ئەو بو هەیڤا چاردە دناڤا شەڤا
نێ ئەو بو کەوژکا من دگەل ڕەڤا
نێ ئەو بو هەمی گاڤا پەیڤا سەردەڤا
ئەو بو باران‌و لێلاڤا ناڤ تەڤا

× × ×

ئەو بو زین ئەژی مەمێ ل زیندانێ
ئەو بو شرین ئەز فەرهادێ لناڤ ژانێ
ئەو بو ئەیلا ئەز مەجنۆنێ‌ڤێ جیهانێ
ئەو بو خەج ئەز سیامەندێ ڕێ سیپانێ

Institut kurde de Paris

« نابێ ئالای بەرز و گەورە ترمان لە بیرچێ کە ئالای عیراقە »
« صدام حسێن »

کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و گیانبازیان بۆ عیراق مەزن

« دۆستی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شایەدە ناحەزی ڕوو ڕەش لە داخا بایەخەی خۆی دادرێ »
● بێکەسی نەمر ●

خەڵکی کوردستان وەك هەموو دانیشتوانی تری عیراقی مەزن ، خوێن و سەرو مالی خۆیان کردۆتە قوربانی عێراق ، تا ئێستا کوردستان هەزاران ڕۆڵەی شەهیدی داوە ، خەڵکی ناوچەی کوردستانی « ئۆتۆنیم » ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە دەورەی ئالای باڵەوانی ڕزگاری سەرەکی فەرماندە « صدام حسێن » کۆ دەبنەوە ، هەموو دەم ئامادەن خۆیان بۆ عیراقی مەزن قوربان بکەن ، چۆن سەربازی کورد لە مبسان و بەسراو مەندەلی چەکی لە شان بوو بۆ پارێزگاری کردن لە دەست کەوتەکانی شۆڕشی ١٧ – ٣٠ ی گەلاوێژی نەمر ، ئاواش ئێستا سەربازی عەرەب چەکی لە شانەو لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان ، لە گردەمەندیل و ئاراتو حاجی ئۆمەران پارێزگاری لە کوردستانو عیراقی مەزن دەکات ، خوێنی کورد و عەرەب تێکەڵاوی کانیاوە سازگارەکانی کوردستانی مەزن دەبێت و نەمامی ئازادی سەوز دەکات .

بەڵێ عێراقی مەزن ، عێراقی صدامی سەرکردە و باوك بە کورد و عەرەبەوە لە بەرەی جەنگدان ، دژی ڕژێمێکی چەپەڵ ، ڕژێمێك کە لە ژێر پەردەی ئیسلام و ئیسلامیەت هەچ تاوانێکی دڕندایەتی هەبە درێخی لێ ناکات ، ڕژێمێك کە ، ڕۆژ نیە لە کوردستانی قازی محەمەد سەدان شۆڕە سواری کورد لە سێدارە نەدات ، تەنها چونکە کوردن ! ڕژێمێك کە کورد کوشتن بە ڕەواو ئیسلامیەت بزانی چۆن دەهێلین پێبنێتە کوردستانی ئۆتۆنیم . ئەوانەش کە چەکیان بۆ هەڵگرتووە ، هەر جاشی ئێو دەوڵەتانن ، هەر عەبا ڕەشەی بەر داگیرکەرانن ، هەر چەتەو ڕێگیرن ، ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن . دەگەڵ خومەینی شەیتان دەستیان یەکە نازانم ئەوانە چۆن کوردێکن ، (خۆفرۆش و خاك فرۆشن) .

ئەوانە لە کۆشکە بەرز و بڵیندەکانی « کەرەج » و « تاران » شەوان دەگەڵ بوتڵی ئارەق و وێسکی و شامپانیا شەو دەبەنە سەر ئەوانە پەڕاگەندەن یا جاشن ، ئەمانە کوردن و کوردایەتی (!) دەکەن ، یا جاشن و جاشایەتی دەکەن ، ئەگەر ئەوانە کوردن ، ئەی چۆن دڵیان دێ بە چەکی جاشایەتی دڕترین دوژمنی کورد و مرۆڤایەتی پێ بە خاکی کوردستانی ئێران بنێن .

دەبا ئاوڕێك لە پێش خۆیان بدەنەوە و بزانن لە ئێرانی خومەینی ، لە ئێرانی پیرە گورگی جەماران کرد حاڵی چۆنە ، وا ڕدبارە خومەینی نا مرۆڤ خود موختاری بۆ کوردستانی ئێران وە دی هێناوە (!!!) هەر ماوە بێت کوردستانی عیراقیش ئازاد کات ، (چۆن سەبرێکە !!) ئەگەر وایە بۆ ناوی جبا سەرکەشەکانی کوردستان دەگوترێ « گردە مەندیل » ی کردووە بە (تل الشهید ابه الله ...) دەها گو بە گۆڕی هەموو « ایه الله » یەك بێت .

ئەگەر ئیسلامیەت لە فەرهەنگی پیرە گورگی جەماران کورد کوشتنە ، ئەگەر ئیسلامیەت لە سێدارەدانی شۆڕە سوارانی کوردە ، ئەگەر ئیسلامیەت خومەینی کورد کوشتن بە ڕەوا دەزانێ ، ئەوا تفو لە خومەینیو ئیسلامیەتی ئاوای خومەینی ، ئەگەر ئیسلامیەت بەم جۆرە بێ گەرەکمان نیە ، بەڵام خومەینی درۆ دەکا ، ساختە چیبە ، ئیسلام لە ئەم زۆر دوورە ، ئیسلام و ئەم ئاسمان و ڕێسمانە ، دەبا خومەینی خۆ فرۆشان و جاش و چەتەکانی ی باش بزانن هەر بەسزای شۆڕش و گەل دەگەن ، مێژووش جگە لە جاشایەتی و نۆکەرایەتی چیتریان بۆ نانووسێ ، دە با بزانن کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەموویان جەنگاوەرن ، هەمۆویان دوژمنی خومەینی و تاقمە بۆ گەنەکەین ، ئێمە بە سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ – ٣٠ ی گەلاوێژی مەزن و سەرەکی ئازیز « صدام حسێن » هەموو پیلانێکی دوژمنان پوچەڵ دەکەینەوە ، هەموو شمان ئامادەین شەری خومەینی کورد کوژ بکەین .

● ڕژێمی گەندەڵی خومەینی نزیکی ڕوخانە ، عیراقی مەزنیش بە سەرکردایەتی هەڤاڵی دلێر « صدام حسێن » هەر سەربەرز و ئازاد دەمێنێتەوە .
● دەسا بژی سەرەکی ئازیز « صدام حسێن » .

● بژی بەعس .
● بژی گەل .
● بژی شۆڕشی ١٧ – ٣٠ ی مەزن .
● بژی عێراقی کورد و عەرەب .

● شێرزاد عەبدوڵڵا ●

لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکاندا

ڕووڕاپۆرت لە ئێرانەوە

● فۆاد حسین ●

لە هەفتەی ڕابوردوودا ڕۆژنامەی [لۆمۆن]ی فەرەنساوی ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕەفتاری نامرۆڤایەتی ڕژێمی قوم و تاران لەگەڵ بەندکراوەسیاسیەکانی ئێزاندا بڵاوکردۆتەوە .. بەوردی باسی شێوەو چۆنیەتی سزادانو لێدانو ئازاردانی جەسەدیو نەفسی دەکات .. بگرە بەمانەوە ڕانەوەستاوە ئەمجارە دەستیکردووە بە خوێن سەندنی ئەم بەندکراوەسیاسیانە بێئەوەی گوێبداتە لایەنی تەندرستییان بەتایبەتی گەلێ لەم کەسانە لاوازو لەتوانایان نیە خوێنیان لێ وەربگیرێت . ئەوانی تریش ئەوەندە سزادراون بگرە توانای ئەوەبان نەماوە لەسەر قاچ ڕاوەستن جا ئەگەر هاتو خوێنیان لێ وەربگیرێت چۆن دەبێت .. ؟

بەڵێ ڕژێمی تەلەکەباز بەم چەشنە لەگەڵ گەلی ئێراندا ڕەفتار دەکات .. ئاوا کۆتایی بەژیانیان ئەهێنێت هەر لەهەمان هەفتەدا ڕۆژنامەی [لویدان] فەرەنساوی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە تیایا دەڵێ [بەندکراوە سیاسیەکانی ئێران ٨٦٥٨ یاداشتی شکایەت بۆ لیژنەی مافی مرۆڤایەتی ناردووە تیایا باسی دڕندەیەتی ڕژێمی تارانیان کردووە ، ڕەفتاری ناڕاستو ناعادیلانەی خومەینی ئاشکرا دەکات ، باسی بارودۆخی ناسۆریی ناو بەندیخانەکان دەکات کە لە هیچ وڵاتێکی سەرزمین نەبووەو نابێت ، چیرۆکی ڕاستەقینەی زوڵمو زۆری ڕژێم تۆمار دەکات ، کە هەزارەها هەزار کەسانی بێتاوانیان لەسێدارە دراوە، بێ ئەوەی هیچ پرسیارێك ئاراستەیان بکرێت ..

لە کۆتایی یاداشتەکانیاندا ڕژێمی [بەناو ئیسلام] تاوانبار دەکەن بۆ کردەوە ناڕەواکانی کە لەگەڵ گەلی ئێراندا دەیکات ڕۆژنامەکە لەسەری ئەڕوا و دەڵێ [ئەم جۆرە کردەوانە بۆ ڕژێمێکی خوێنڕێژ هەرگیز مایەی سەرسوڕهێنەر نیە چونکە ئەوانەی لە چنگ ڕژێم ڕزگاربوونو گەیشتونەتە دەرەوەی وڵات باسی ئەم ڕەفتارانە دەکەن ژیانی تاڵی ئێستای گەلانی ئێران ئەو ڕاستیەمان بۆ ئەجەسپێنێ] ..

خومەینی چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە خەونە چەپەڵەکانی خۆی بهێنێتەدی ، چونکە سوپاکەی هەمیشە سەرشۆڕەو هیچ سەرکەوتنێکی بەخۆیەوە نەدیوە ، گەلانی ئێرانی لێی دوورئەکەونەوە نایەنە دەنگیەوە .. جا بەوپەری ڕقو کینەو بێڕەحمەوە دەیەوێ تۆڵەیان لێبکاتەوە خومەینی لەدەرەوەی ئێرانیشەوە گەلێ لە خوێنڕێژەکانی ناردووە بۆ کوشتنی ئەوانەی دژی ڕژێمەکەین و نهێنیەکانی خومەینی ئاشکرا دەکەن .. ڕێکخراوی ئەمەل لە سەرحیسابی ڕژێم جۆرەها کوشتارو تاوان دەکات .. خومەینیو تاقمە گەوجەکەی لە ماڵی خواشدا هەروەك زانیمان ئاژاوە ئەنێنەوەو پرۆپاگەندە بۆ خومەینی دەکەن ..

بەڵێ .. کابرایەکی گەوجو نەفام .. دەیەوێ بەم شێوانە ناو دەربکاتو خۆی بەئیمامی موسڵمانان دابنێو .. ئیمپراتوریەتی ئیسلامیی بێسنوور دابمەزرێنێ بەشەرتێك [نە ڕۆژهەڵاتی بێ نەڕۆژئاوایی] خۆی دەستورنامەی بۆ دابنێ پاسەوانەکانیشی خۆی هەڵیانئەبژێرێ .. هەر بەو شێوەیەش ڕەفتار لەگەڵ بەندکراوە سیاسیەکاندا ئەکاتو خەڵکی تریش بە چەشنێکیتر لەناو ئەدات ..

بانێکە و دووهەوا

هێمن اسماعیل

وا بەرەی شەر ساڵی چوارەم درێژە پێئەداو ، نزیکە بێتە پێنج ساڵ کە خومەینی فەرمانڕەوایی ئێرانی گرتۆتە دەست ، لەو ماوەیەدا هەندێ ڕووداوی سەیر دێتە پێش چاوی مرۆڤ کە بەسەر سورمانێکەوە ئەبینین . گەلانی ئێران هەر لە دەمێکەوە ڕێگای تێکۆشانیان گرتووتەبەر دژ بە شای گۆرکراوو کارە درندەکانیو لەم ڕێگایەدا هەزاران قوربانیان داوە ، بەڵام بە هێزو خەباتی بێ ووچانو یەکگرتنیان توانیان کە ڕژێمی شا بروخێنێو ئاواتیان وابوو کە کۆماریکی دیموکراتی دابمەزرێنێو هەموو گەلانی ئێران لە سایەی یەك دەوڵەتدا ئازادبنو بەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانیان ببەستنو ببن بە وڵاتێکی بێلایەنو سەربەخۆ .

بەڵام کاتێ وڵاتە ئمپریالیستەکان زانیان ئەو ڕژێمەی کە گەلانی ئێران هەوڵی بۆ ئەدەن لەگەڵ بەرژەوەندی ئەوان ناگونجێ بۆیە گەڕان بەدوای یەکێ کە پارێزگاری لەبەرژەوەندی ئەوان بکاتو باشترین کەسێکیان دۆزیەوە کە هەموو مەرجێکی بەدڵی ئەوانی تیابێ ئەویش . (خومەینی)یە .

بەڵێ دەزگاکانی پرۆپاگندەی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم لەماوەیەکی کەمدا خومەینیان لە کەسێکی نەناسراوەوە کرد بە پێشرەوو شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرێك کە وێنەی نەبووو یارمەتیان ئەدا بە هەموو جۆرێك لە ئێستگەو تەلەفزیونا پیشانیان ئەداو پێیان هەڵئەگوت ، وایان لێکرد ناوبانگی لە (ناپلیون) زیاتر ڕۆیشتو ئەو کەسانەی کە چەندەها ساڵ لە زیندانی شابوونو نوێنەری خەڵکو پێشرەوی شوڕش بوونو ناویان وونبووو لەیاد چوون .

دوای سەپاندنی خومەینی بەسەر گەلانی بێچارەی ئێران ، پێش هەموو شتێك سوپایەکی تایبەتی دانا بەناو (پاسدار – حرس) ئیشیان تەنها جێبەجێکردنی فەرمانەکانی – ئیمام – وکوشتنی خەڵکی بێ تاوانبوو .

وەفایی زیاتر لە چوارده ساڵەی ژیانی لە عیراقدا بە هەرەشەکردنو داگیرکردنی عیراق چاکەدایەوەو وڵاتەکانی دەورو بەریشی بە بەشێك لە خاکی ئێران دانا . بە ئارەزووی خۆی فتوای ئەداو تەنانەت نەیهێشت ووشەی (دیموکراتی) بخرێتە پاڵ ناوی جمهوریە بەناو ئیسلامیبەکەی کە ئاواتی گەلانی ئێران بوو ، دەستیان کردە لە سێدارەدانی نیشتمانپەروەرو ئەو ڕێکخراوو بارتیانەی کە بنچینەی شۆڕش بوون ، کردنی بە پیاوی ئەمریکاو دانشتگاکانی داخست بەناوی ئەوەی کە پاکیان بکاتەوە لەو کەسانەی کە دژی ڕژێمنو بە ناوی ئەوەی کە بە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا کاری تێ کردوونو زیان بە ئیسلامەتی ئەگەیێنن ووای کرد کە زۆربەی ڕۆشنبیرانو مامۆستایان بەرەو دەرەوەی ئێران بڕۆن . لە ماوەیەکی کەمدا گەلانی ئێران کەوتنە سەرسورمانەوە لە کردەوەکانی ئیمامی پایەبەرزو حزب الله ، وە هێرش کردنە سەر کوردەکانو دوایش هێرشەکانیو تاوانەکانی دژ بە عیراق گەورەترین دبارەدەبوو بۆ درندایەتی خومەینی لە لایان .

کاتێ کە نوێنەری گەلی کورد چوونە لای ئیمامو پەیمان ئەو بەڵێنانەیان بە بیر هێنایەوە کە دابووی بە گەلی کورد ، کاتێ لە خۆشترین ژیاندابوو مبللەتبش لە سەرانسەری ئێران تێ ئەکۆشاو خوێنیئەڕژا ، خۆی لەم بەڵێنانە گێل کردو لە بیرخۆی بردەوە ، فتوایەکیدا ، کە هەرکەس ئیسلام بێ ئەبێ بچێتە جەنگ دژ کورده (کافرەکان) و بانگی – جهاد – ی داو خەڵکێکی زۆریان کۆکردەوەو لەسەر شەقامەکان چەکیان بەسەردا دابەشن ئەکردنو کلیلی چوونە بەهەشتیان ئەخستنە ملو بەرەو کوردستان بەڕێ ئەکران ، ئیتر کەوتنە سووتاندنی دێهاتو شاریان تۆپبارانیان ئەکردنو خەڵکی بێ تاوانیان تیرباران کرد ، بەمەش ئەوەستان بەلکو ئابلوقەی ئابووریان خستە سەر کوردستانو بێبەشیان کردن لە هەموو جۆرە پێویستیەکی ژیان ، وایان زانی بەم جۆرە وورە بە کوردەکان بەرئەدەنو سەربان پێشۆڕ ئەکەن . بەڵام کاتێ کورد لە دوژمنی خۆی هەڵئەستیو پەڵاماری ئەدا وەك شێر ڕاوی پیاوەکانی خومەینیان ئەناو کوردستانیان لێ بووە گۆرستانو کورد بە خوێنی گەشی سەلماندی کە ئەبێ دان بە مافە ڕەواکانی بنرێت .

بەڵێ وا شەرە سەپێندراوەکەی خومەینی بەسەر مانا پێی ناوەتە ساڵی چوارەمی ، لە سەرکەوتنێك بۆ سەرکەوتنێکیتر ئەڕۆیو وە داوای ئاشتی ئەکەین لەوبەری بەهێزیدا ، وە ڕوونبۆتەوە کە هیچ ڕووداوێك بەشەر چارەسەر ناکرێو بۆیە هەموو گەلانی جیهان نارەزایی بەرامبەر بەم شەرە دەرئەبڕنو ئەڵێن ئایا خومەینی چی لەم شەڕە قازانج کردوە جگە لە کوشتنو وێران کردن نەبێ ؟ ونیازی چیبە لە درێژەپێدانی شەر ؟

بەڵام خومەینی ئەزانێ کەڕژێمەکەی بەبێ شەرکردن لەگەڵ عیراق تەمەنی چەند ڕۆژێکەو شەرمەزاری گەلانی ئێرانی بێچارەش بووە کە لە زەمانی ئەو هیچ دەستکەوتێکی بچووکیشی پێشکەش نەکردوون ، لە خراپەکردن زیاتر نەبێ ، بۆیە زوو زوو خۆی ئەشارێتەوە بە ناوی نەخۆشیو یا لە خواپارانەوەو دوعا کردن ، وە ئەمەشی بۆ ڕوونبۆتەوە کە تا خوێن لە دڵو دەروونی یەك عیراقی بەکوردو عەرەبەوە بمێنێ ، بەرگری لە نیشتمان ئەکەنو چاوچنۆکیو هێرشەکانی بە خوێن بەرپێچ ئەدەنەوە .

لە پیشانگای دووەمی هونەرمەند نامق علی :

ڕەنگ و خۆشەویستی

شێرزاد عبدالرحمن :
نووسینگەی هەولێر

● هونەرمەند لە چەندێرێکدا ●

– ١٩٥٤ لە گوندی مەلاکاغای هەولێر لە دایکبووە .

– ١٩٧٤ یەکەم پیشانگای خۆی لە هەولێر کردۆتەوە .

– ١٩٧٦ ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردووە .

– ١٩٧٧ بە مامۆستا لە بەشی هونەرە پیشەسازییەکان دامەزراوە .

– ئەندامی

کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە هەولێر، لە چوارچێوەی جموجۆڵە هونەرییەکانی خۆیدا پیشانگای دووەمی بۆ هونەرمەندی لاو نامق علی لە هۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیەی کچاندا ساز کردو تیایدا هونەرمەندی ناوبراو لە ماوەی «٣٦» تابلۆی هەمە ڕەنگدا بە فڵچەی شیرین باسی لە جوانیو خاك و خۆشەویستیو کێشەی مرۆڤ کردبوو .

● بێگومان ئەگەر بەڕاوورد بە ڕەهەمەکانی هونەرمەند نامق علی قادر بکرێ لەگەڵ تابلۆکانی نۆبەرەی بەکەمی کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە هەمان هۆڵدا خستبوونیە ڕوو ، بەتەواوی هەست بەو مەنگاوە دەکرێ کە لە ماوەی ئەم چەندساڵەی تەمەنی هونەریی خۆی دا دروستی کردوون .. بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەنگەکدا بەتەواوی لە هەندێ لە تابلۆکانی هونەرمەند ئەمڵایەنە ئەدرەوشێتەوەو لە ئەنجامی بەهێزی لە بەکارهێنانی ڕەنگی تابلۆکانداا هونەرمەند نامق توانی بووی جوانیەك بە چاوی بینەر ببەخشێ . تەنانەت هەندێ لە تابلۆکان دیمەنی جوانکاری باڵی بەسەرڕووداوەکاندا کێشا بو .

● لە هەندێ تابلۆکانداهونەرمەند بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی تابلۆکان کەڵکی لە فۆلکلۆر وەرگرتبوو . . لەوانە تابلۆی «خەجوسیامەند» کە لایەنێکی زیندووی لە ژیانی کوردەواریمان ئەگێڕێتەوە ، ئەگەر چی چەند بابەتێکی تێرا کۆ کردبۆوە . یان تابلۆی « دمدم» کە لە کارەساتەکانی قەڵای دمدم هەڵدەبڕابوو ، یاخود لە دەرخستنی دیمەنی «کچێکی لادێی »دا .

● لە پاڵ لایەنە فۆلکلۆرییەکەدا ، واتە کەلەپوورەکە ، هونەرمەند هەوڵی دابو تابلۆکانی خۆی بە چەند لایەنێکی زیندووی خەباتی ئەم گەلە تێرکات لە پێناو مانەوەو بەرگری کردن لە پاراستنی خاك ، لەوانە تابلۆی « شەڕی شەمدینان»و «تەقینی دمدم »و «گەڕانەوە لە شەڕی شەمدینان »و تەقەللای دابو بە ووردەکاری ژیان دەربڕیت .

● لە هەندێ لە تابلۆکانیشدا ئازاری مرۆڤانە ڕەنگی ئەدابەوە ، بان کارەساتی خۆشەویستەو خاك پەرستیو تێڕامانو لێدانەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمەی ڕوون کردبۆوە ... تەقەللاشی دابو کە لە نێوان فڵچەی ڕەنگینو ناخی تابلۆکانی خۆیدا هاواری مرۆڤ دەربڕێ بەرامبەر بە هێنانەدێی ئاواتو خەونو هیوای ڕووناك .. لەو کارەساتەش جوانکاریەك خۆی دەنواند .. لە دیارترین تابلۆ بە ئازارەکان «وامان»، « کۆچەر » ، «بیرکردنەوە »، «وێرانکاری»و « چەند تابلۆیەکی خەمناك » ... تلا.

پیرۆزبێ ئەم هەنگاوەی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانو . . پیرۆزبێ دەستو خامەی شیرین ..

لێرەوە :

بۆ بەر چاوی ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی بۆ بەر چاوی تەلەفزیونی تامیم
بەرنامەی گۆڤاری ئەدەب

ئاگادارتان دەکەین کە دەربارەی یەکێك لە بەرنامەکانتان کە کاك جەمال غەمبار پێشکەشی دەکات چەند جارێك بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ئێمەوە کراوە پێشەکی لەبەرئەوەی وایان دەزانی بەرنامەکەتان سەر بە دەزگای ئێمەیەو دواجاریش پاش ڕونکردنەوە بۆیان داوای بڵاوکردنەوەی گلەیەکەیان دەکەنو دەڵێن :-

لە وڵاتە سەرمایەدارەکانا خاوەن کارگەو جێگا بازرگانیەکان پارەیەکی مۆڵ لە پێناوی پروپاگاندەیەکی کارگەو بەرهەمەکانیانا دەبەخشنەوە ... ! هەروەها لە وڵاتە سۆشیالیستەکانا پروپاگاندەکردن بە خۆڕایی بۆ کەرتی تایبەتی بە هیچ شێوەیەك دروستنییە کەچی ئێوە لە یەکێك لە بەرنامەکانتانا پروپاگاندەیەکی چاکتان بۆ چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن لە سلێمانی کردوەو دەپرسن ئایا تێهەڵکێش کردنی ئەم پروپاگاندەیە لە بەرنامەیەکی ڕۆشنبیریو ئەدەبیدا چەندی بە چەند ؟

هەروەها سەبارەت بە تەلەفزیونی تامیم دەپرسن ئایا لە دەزگاکەی ئەوانەوە بەم شێوەیەو بەبێ لتیپرسینەوەو چاودێری کردن ڕێگە ئەدرێ بە خۆڕایی پروپاگاندە بۆ کەرتی تایبەتی بکرێت ؟

فریا

Institut kurde de Paris

گفتوگۆکەی بەریز سەرەکی فەرماندە «پاشماوە»

سەرەکی بەریز :

هیوا هەیە ، تا ئیستا لە لێکۆڵینەوەدایە ، ئەویش لەبەر رووناکی راگەیاندنی بریارەکەی سعودیەکاندا • کە رێگا بە عیراق دەدەن لە سعودیەوە نەوتەکەی بنێرێ ، لە رێگای دەریای سوورەوە •

رۆژنامەنووس : پرۆژەکە دەستی پێنەکردوە ؟

سەرەکی بەریز :

پرۆژەکە دەستی پێنەکردوە ، بەڵام لێکۆڵینەوەی دەربارە هەیە لە لایەن هەر دوو لایەنی عیراقی و سعودیەوە ، هەردوو وەفدەکە لە زیاتر لە جارێ بە یەك گەیشتون لە پلەی وەزیری نەوت و تەکنیکیەکانی ترەوە ، تەکنیکیەکان لە سەر بنەڕەتی ئەم پرۆژەیە رێکەوتوون •

دیسان سعودیەکان بەر لە ماوەیەکی کەم فیکرەیەکی نوێیان بەرچاوخست ماوەی راپەڕاندنی پرۆژەکە کورت دەکاتەوە ، ئیستا ئێمە لە گفتوگۆداین لە گەیاندا ، تا بیروڕایان دەربارەی ئەم مەسەلەیەتێ بگەین ، بەڵام دەربارەی رێکەوتن لەگەڵ تورکیا ، رێکەوتن تەواوبوە لەسەر زیادکردنی وزەی ناردنە دەرەوە لە تورکیاوە ئەوەی پەیوەندی بە جەنگەوە هەیە ، زۆری رۆشت و وا دەزانین هیچی نەماوە رۆژگاریکی کەم نەبێ •

رۆژنامەنووس : ئەمەش روانینێکی بە هیوایی و بەرچاو رووناکیە •

سەرەکی یەریز :

بەڵی ئێمە هەمیشە بەرچاو رووناکین ، بەڵام بەرچاو رووناکیمان واقعیە نەك خەیالی •

رۆژنامەنووس : سەرەکی بەریز ،، راتان چی یە بەو بزوتنەوە ئاینی یە سەرەڕۆیی یەی هەندێ جار پێدەگا نەك هەر بە تەنیا لە ئێران بەڵکو لە وڵاتانی تردا وەك مغرب و ئەوای تر وەك اخوان المسلمین ،، ئایا ئەم جۆرە بزوتنەوانە وادادەنێن کە کە مەڕەشەبێ بۆ سەر ژیان وەك ئێوە بەرووی علمانی و پێشکەوتنخوازی ناسیوتانە ؟

سەرەکی بەریز :

بە چاو پۆشین لەناو لێنان ، ئێمە لەو باوەڕداین هەر سەرەڕۆییەك خزمەتی ژیان ناکا ، مەبەستم لە گرژی ، حالەتی جیابوونەوەیە لە روانین و هەلسوکەوتدا لە رێرەوی راستی ژیان ، بەڵام لەسەر رۆژئاواییەکانە ، لە هەموو حالەتێکدا نەکەونە هەڵەوە ، وا بزانن ، دەکرێ ، لە مەسەلەی ئاینی‌دا ، عەرەب تووشی سەرەڕۆیی ببێ ، وەك غەیری عەرەب ، ئاتێم هەرلیز هەندێ عەرەب تووشی سەرەڕۆیی نابن ، بەڵام ئەم سەرەڕۆییە لە مەسەلەی ئاینی‌دا ، هەمیشە پلەی تر لەو پلانەدا وەردەوێ وەك لای غەیری عەرەب هەیە ، چونکە عەرەبەکان مەنتقین ، وە مەنتقی لە یاسا راستەکانی ژیانی زیاتر نزیك دەبێتەوە لەوەی لێی دور بکەوێتەوە ، دیسان روانینی عەرەب لە رووی میژوویی وە بۆ ئاین حالەتی نا سەرەڕۆییە ، ئەوانیش بوون ئالای ئاینی یان هەڵگرت بۆ غەیری عەرەب ، لێرەوە شارەزایان و بۆچونیان و ئاسۆیان جیایە لە شارەزایی غەیری عەرەب لەبەرئەوە ئەو چاویلکە زەردەی ئێرانیەکان لە چاویاندایە ، واتە روانینیان بە هەڵە بۆ ئاین و کردنی بە وەسیلەی سیاسی ، حالەتێکە ناکرێ لای عەرەب رووبدات وەك لە ئێران رووی‌دا ، بەبێ ئەوەی وا بکەین بیرمان لای ئەوە نەبێ لەوانەیە روانینی سەرەڕۆیی لێرەو لەوێ لەناو هەندێ لایەنی عەرەبدا رووبدات •

رۆژنامەنووس : وا دیارە گرنگ ترین خواستی گەل لە ناوچەی عەرەبیدا ئەوەیە ، لە ژێر چەتری هێزە گەورەکان هەڵبێ ، ئیمپریالی رۆژهەڵات بێ یان رۆژئاوا و بە شەخسیەتی میژوویی و سەربەخۆیی خۆی بکات •

سەرەکی بەریز :

ئەمە روانینی هەموو نەتەوەیەکی دێرینە کە دەوری شارستانیەتی قوڵی هەبێ •

رۆژنامەنووس : بەڵام بۆ دۆزینەوەی ئەم پێناسە دوو رێگا هەیە ، رێگای نەتەوەیی و رێگای ئاینی ،ئایا ناکرێ ئەم دووانە یەکگرن •

سەرەکی بەریز :

دەکرێ ئەم دوو روانینە یەکگرن لەسەر خاڵی بنەڕەتی ئەگەر هاتوو روانین بۆ ژیان بەشێوەی گشتی یەکی گرت ، چونکە روانینی نەتەوەیی وەك تێی دەگەین واهێنان نیە لە ئاین ، نەشمان بینیوە ئاین وازی لە نەتەوەی عەرەب هێنابێ واتە دەوری نەتەوە لە ئایندا و لە شارستانیەندا و نەتەوە لەسەر گەلان لەسەر رێگای خۆیان و ئاینی خۆیان ، ئەگەر بۆ رێگای خزمەتی مرۆڤایەتی لەگەڵ رێزی نەتەوەو چوونو تێگەیشتن لای نەتەوەبیەکان و ئاینی یەکان بەم لایەنەدا گونجا ئەوا ناکۆکی و پێکا هەڵیژان رووناداً ، بەڵام ئەگەر هەر یەکەیان رواتینی دەمارگیری نەتەوەیی یان ئاینی سەیری ژیانیان کرد ئەوا گرانی لەم رێگایەدا دیارە •

رۆژنامەنووس : سەرەکی بەریز : من حەزناکەم زۆر لەوەختتان ببەم ، بەڵام دوا پرسیار دەکەم ، ئەوەیە ، من لەو باوەڕەدام بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب ، لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە گەشە سەندێکی گەورەدا رۆشت ، ئیستانەتەوە بەدەست جۆرە ئالۆزیەکەوە دەناڵێنێ ، بە باوەڕی من بەرپرسیار ، لەم ئالۆزیە ، نەبوونی پێشەوایەکی عەرەبە بتوانێ ئەم نەتەوەیە یەکخات ، راستە عیراق دوای شەڕی ١٩٧٣ر دوای کونگرەی بەغدا ، توانی بەم دەورە سەرکردایەتیە گەورەیە هەلسێ ، بەڵام عیراق ئیستا روبەرووی ئەو گیروگرفتانە دەبێ دەیانزانین و دەیزانن و هەریکە بە کاروباری تایبەتیەوە ،، دەبینم ئالۆزی هەیە لە باری گشتی عەرەبیدا ، بە تایبەتی بە هۆی مەسەلەی فەلەستینەوە ، بان بەرێزتان پێچەوانەی ئەمە رایەکی ترتان هەیە •

پێویستمان بە پێشەوایەتی ژیری یە

سەرەکی بەریز :

هەر چۆنێبێ ، دەبێ لە خۆمان بپرسین ، ئایا ئەو پێشەوایەتیەی بۆ عەرەب دەگونجێ بەپێی باری ئیستایان پێشەوایەتی فەردیە یان پێشەوایەتی ژیری ، عەرەب دابەشکراون بە ٢٢ قەوارەو ئەمە واقعە ، رۆژگارێکی درێژ بەسەر هەندێ لەو بەشانەدا یان بۆچ لە هەندێ سەر چاوەی گەورەی زانیاریی جیهاندا ناوی هەندێ شاعیری بێناوی ئێرەمان هەیە ، کەچی ناوی مەولەوی و پیرەمێردو گۆران نی یە • هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ،بۆچ دوکتۆر نۆردیخان ئەم ناوانەی بەم چەشنە بردووە • (ع•م•ر)

(٦) ادیب معوض • الاکراد فی لبنان و سوریا ،بیروت ، ١٩٤٥ ص ٢٨ـ٢٩ •

(٧) ساڵی ١٩٥٨ لە گۆڤاری «زفیۆزدا ئەستۆکا ـ ئەستێرەی رۆژ هەڵات» ی ژمارە ٩دا کە لە تاشقەند دەرچووە ،لە وەرگێڕانی کۆرسۆن و رۆدینکۆ ، پارچەی «ئەم وگۆڕ» و «ئاگر» و «قەلەمامەرا» بڵاوکراوەتەوە •

هەروەها لە ساڵی ١٩٥٩دا لە وەرگێڕانی شامیل عەسکەرۆڤ لە «ئەلەناخن ئەدەبیاتی کوردی»دا کە بە زمانی ئازربایجانی لە شاری باکۆرا چاپکراوە ،دوو پارچە هۆنراوەی جگەرخوێن «تاکەنگێ ئەمێ کارگەرو جوتکارێ بە گابین» و «حیلفا تەتلەسی» بڵاکراوەتەوە •

(٨) قامیشلی شارێکی کوردانە لە سووریە ، وا لەسەر سنووری سووریەو تورکیا •

(٩) فیودالیزم : دەرەبەگی (ع)

(١٠) دیارە نووسەر باسی ئەو کاتە دەکا کە جگەرخوێن لە سووریە بووە • (ع

(١١) رۆژنامەی «الصرخە» بیروت ، ١٩ی تەموزی ١٩٤٩ •

(١٢) لێرەدا نووسەر ووشەی کورد زانی بەرامبەر بە کوردۆلۆژی دادەنێ کە رۆژهەڵاتناسان بۆ زانستی کورد ناسین بەکاری دێنن و دوکتۆر جەمال نەبەز ـ کوردەوانی‌ی خستۆتە جێی • (ع•م) •

(١٣) ئەمە کاتی نووسینی کتێبەکەی دوکتۆر ئۆردبخانە • پاش ئەوە نامەی دوکتۆرای شامیل عەسکەرۆڤ بۆ باسی جگەرخوێن تەرخان کرا زومرود شەفیعوفاش بەشێکی گەورەی لە نامەی دوکتۆراکەی • (ع•م) •

هەموویاندا رابوردووە وەك بەش و وەك دەوڵەت و ئالاو سەرمایەی دارایی و ئابوری و سوپاو دروستبوونی نەفسی و فیکری ، ئەمەشیان واقعە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە رابووردو دەڵێ و رۆڵەکانی نەتەوە دەڵێن یەك نەتەوەن ، بەڵام لە سەرمانە بەسەر واقعدا بازنەدەین ، هەستێ لای رۆڵەکانی نەتەوە هەیە ، کە هەموو پێشەوایەکی عەرەبی هان دەدات ، وایان باوەڕیێ تۆوی خێری لە پێناوی نەتەوەدا هەڵگرتوە•

بەڵام هەموویان هەستیان ناسکە بەرامبەر دەست وەردانە کاروباریان ، یان لە سنوور پەڕینەوە بۆ هەڵزنان بە سنووری تردا ، بزوتنەوە عەرەبیە بەرهەڵستکارەکان کە لەگەڵ ئەم حاکمە عەرەبەیان ئەویان یەك دەگرن ، دژی حاکمی نەقلیمی لە وڵاتەکەی ، وا یەکناگرن لەگەڵیا رێگای بدەن حوکم لە وڵاتەکەیدا بکات ، بەڵکو لەسەر بنەڕەتی ئەوەی یەك درەختن و لەسەر بنەڕەتی ئەوەی ئەم بەیەك گەیشتنە هۆی نزیك و لە بارە عەرەب لێك نزیك دەکاتەوەو خەڵکی وڵات لە ئەنجامەکانی نزیك‌دەکاتەوە ، ئەمە حەقیقەتی ئیستایە ، بەڵام ئایە ئەم حەقیقەتە شایانی پەرەپێدان نیە بەرەو چاکتر ؟ مەبەستمان چاکتر ، هەموو حالەتێکە خزمەتی نەتەوە بکا زیاتر لە هی‌تر ، لەسەر رێگای یەکیتی لە هەڵویستدا ، یەکیتی لە روانینی سیاسیدا ، زۆر پیویست بە یەکێتی لە رژێمدا ناکات ، لە کۆنگرەی بەرژی بەغدا ، کە بە یەك گەیشتین ، بە یەکێتی رژێمەکانمان نەهاتینە دەرەوە بەڵکو بە یەکیتی هەڵویست ، کەواتە دووبارە بوونەوەی یەکێتی هەڵویست لە مەیەانەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و تەکنیکی و زانستی و سیاسیدا زیاتر لێکمان نزیك دەکاتەوە لە یەکتری لە رووی نەفسی و فیکری و سیاسیەوە ، لەسەر ئەم بنەڕەتە پێشەوای پێویست ، پێشەوای ژیری یە کە کاربکاتە سەر برا عەرەبەکانی ، حوکمراو گەل بەم لایەنەدا ، مەرجە نیە ژیری یە لەی یەك کەس بێ، لە حوکمراکانی عەرەب و مەرجە نیە لە یەك رژێمدابێ ، بەڵام مەرجە لە هەموو حالێکدا تێکرایی لە روانینی باوەڕداو هەڵس و کەوتێ هەبێ کە گیانی قوربانی و ئارامی تیابێ ، لە خۆپەرستیەوە دەست پێ نەکات یان بۆ کەسبی بردنەوەی قوتری ، بەڵکو لە سوودی نەتەوەوە دەست پێ بکات ، ئەو وڵاتەی بەرێوەی دەبا بیکاتە سەرچاوەی قوربانی بۆ سوودی نەتەوە ، ئەم قوربانیە بۆ هەموو رۆڵەکانی نەتەوە دیاربێ ،حوکمراو گەل ، ئێمە لەو باوەڕداین ئەمە دەتوانرێ ، بەڵام پرسیارەکەتان ئایا مەسەلەی فەلەستین هۆی ناکۆکی نەتەوەیە ؟ وەڵامم ئەوەیە ، من لەو باوەڕەدام مەسەلەی فەلەستین حالەتی یەکبوونی نەتەوەیە ، نەك کەرت کردنی لە خراپ‌نزین حالاتیا کە پیا رەت بووە ، لەوانەیە عەرەب لەسەر زۆر شت ناکۆك بن ، هەتا لەوانەیە ناکۆك بن لەسەر گەیاندنی رێگا لە نێوان دەوڵەتێك و دەوڵەتێکی تردا ، یان ناکۆك بن لەسەر گەیاندنی بۆری نەوت لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێ ، ناکۆك بن لەسەر گەیاندنی تەلەفون لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێ ، بە لایەنی کەمەوە کە ناکۆك دەبن لە سەرکاروباری وا کاروباری تری گەورەتر ، یەکگرتو دەبن لەسەر ئەساسیەتەکان لە مەسەلەی فەلەستینیدا ، جا هۆ دژوارەکان بەنەتەوە لە عەقلی هەندێکمان چی یە ؟ مەبەستم لە هەندێکمان، ئێمەی عەرەبە وەك

حوکمرا بەپلەی بنەرەتی ، ئەوانی تردوای حوکمرا سەرەکیەکان ، خۆپەرستیەو دواکەوتوویی لە روانینی تێکراییدا بۆ حاڵی نەتەوە وەك توانای هەبوو توانای بەربڵاوو سەربەست ، واتە ئەو توانایەی هەیەو توانای‌بەردەست ، روانین بۆ نەتەوەو دەوری میژووی ئیستاو پاشەڕۆژ ، واتە دواکەوتوویی دوژمنی نەتەوەیەو خۆپەرستی دوژمنی نەتەوەیە ، ئەمانە زۆرجار وا دەکەن هەل بدرێ بە هەندێ دەوڵەتی دەرەوە ، باری بە نەتەوە بکاتو گییانی کەرت بکات •• خاڵێکی تریش هەیە ، ئەوەیە یەك نەتەوەین ، وە رۆڵەی یەك نەتەوەین ، دەستخستنمان بۆ ناو کاروباری ناوخۆی یەکتری ئاسان دەکا ، دەبێ بڵێم، لەگەڵ ئەوەدا ئێمە حزبیکی نەتەوەیین ، کاروباری دەستوەردانە کاروباری ناوخۆ ، هۆی بنەڕەتی‌یە لەو هۆیانەی بەیەك گەیشتن کەم دەکاتەوە لەسەر رادەی هەرە کەم بۆ رۆڵەکانی نەتەوە لە پلەی حوکمراکاندا، لەبەرئەوە رێکەوتن لەسەر چارەسەری ئەم مەسەلەیە لەوانەیە ئەرکی چون‌بەرەو هەر رادەیەکی کەم ئاسان بکات کە تیایدا بەیەك گەیشتن هەبێ و بەشێوەی ناوکۆیی هەوڵبدرێ بۆ رادەی بەرزتر ، لەگەڵ پاراستنی خاسیەتی رژێمی هەر یەکەمانو کردنەوەی دەرگای پەرەپێدان ، لەسەرمانە بڵێین ئەم روانینە لەو کاتەوە لامان نەچەسپاوە کە سڵطەمان گرتەدەست ، مەبەستم خاڵی دواییە ، بەڵکو لەم ساڵانی دواییەدا لامان دروستبوو ، لە حزبەکەماندا و لە دامو دەزگانی سەرکەدایەتی دەوڵەتدا هەوڵ دەدەین حوکمراکاندا ئاسان بکات لەگەڵ دلنیایی شەخسی بۆ کاری هاوبەش •

رۆژنامەنووس : سەرەکی بەریز لەو باوەڕدان میسر دەگەڕێتەوە بۆ ریزی عەرەبی •

سەرەکی بەریز :

بەڵی میسر عەرەبیە ، چۆن ناگەڕێتەوە !! لەسەر عەرەبە هەوڵی گەڕانەوەی بەمن ، لەسەر ئەویشە هەوڵی گەڕانەوە بۆ لای عەرەب‌بدا ، لەسەر هەموویانە سوودی نەتەوە بخەنە بەرچاو بەو جۆرەی ئەم کارە وانەبێ ئەزیەتی پێ‌بگەیەنێ •

رۆژنامەنووس : من رێگام بەخۆمدا ئەم پرسیارە زیاد بکەم چونکە ئەچم بۆ قاهیرە •

سەرەکی بەریز :

سڵاومان بگەیەنە بە وانەی دەیان‌بینی •

رۆژنامەنووس : هەوڵ دەدەم سەرەك مبارك ببینم•

سەرەکی بەریز :

سڵاومانی پێ‌بگەیەنە •

رۆژنامەنووس : سوپاسی سەرەکی بەریز دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە درێژە •

سەرەکی بەریز :

بەخێربین ، هیوای سەرکەوتنتان دەخوازم و بۆ پەیوەندی عیراق و فەرنسا پەرەپێدانی بالا دەخوازم

ئەوەی شایانی باسە بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کۆتایی مانگی ئایاردا بوو چاوی بە رۆژنامەنووسی فەرەنسی شارل سان برۆکەوت •

ئەم چاوپێکەوتنە لە کتێبیکدا بڵاو کراوەتەوە کە رۆژنامەنووسەکە بە ناونیشانی [جەنگی خەلیج] دەری کردوە •

کتێبی هاوکاری ـ پاشماوە

پاش چەند ساڵ ئەو رۆژنامەیە دەنووسێ : «لەم پێنج ساڵەی دووایی‌دا ، کە لە سووریادا پاش وەرگێڕانی ڕژێم ، زۆرداری‌یەکی زۆر وا لەبەر چاو هەمیشە لە نیشتمان پەروەریی خۆی دڵنیا بووو ، گەلێك جار جگەر خوێن گیراوەو ئازار دراوە • ئەو هەمیشە دوژمنی نیودالیزم و ئیمپریالیزم بووە • ئەو هەمیشە حەزی بە ئاشتی و ئازایی و سەربەستی خەلك کردووە • لاوی جزیرە جگەر خوێن بە شاعیرێکی دیموکراتی و دەناسن کە بەرامبەر بە ئیمپریالیزم خەبات دەکا •

پاش ئەمە بە دوو رۆژ لە «١١»ی مانگی ئەیلوولدا هەر ئەو رۆژنامەیە ناڕەزایی بەرامبەر بە کاری حکومەتی سووریە دەردەبڕێ کە رێ‌ئەدابوو لە قامیشلیدا هەڵبژاردن ڕبێ خۆی بگرێ و خەلك جگەرخوێن بە نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێرن حکومەت بیانووی وابوو کە شاری قامیشلی نزیکی سنووری تورکیایەو نابێ هەڵبژاردن لەوێ وەك شوێنی تر بێت •

کاری ئیبداعی‌ی جگەرخوێن و توانای خۆلقاندنی لە پێناوی میللەتی کورددا مەزنە • بەڵام لە کوردزانیدا(١٢) هێشتا دەربارەی ئەو کەم نووسراوە(١٣)•

(٣) دیارە ـ عەبدولواحید نووری مەبەستە •(ع•م)

(٤) ئەفراندن ، بەرهەم هێنان ، یا ئیبداع و خۆلقاندن • (ع•م)

(٥) یەکێك لەو کەلێبانەی دەکەوێنە بەرهەم و لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتنا سانەوە • ئەوەیە کە پشت بەو بەرهەمە چاپکراوانە دەبەستن کە دەگاتە لای ئەوان ، زۆر جار رێکەوت دەستێکی باشی لەمەدا دەبێت ، ئەم دیاریدەیە جارو بار لەو بەرهەمو لێکۆڵینەوانەشدا دیارن کە نووسەر و زانایانی کوردی سۆڤێتی دەربارەی نووسەران و شاعیرانی کوردستان دەیاننووسن هەر ئەمەش ڕاستی‌ی ئەوەمان بۆ دەرئەخات کە

رۆمانی ـ پاشماوە

وەك بە د بەختێك ـ چەند رۆژێك قۆل هەڵبکاو بڕەنجێ لە ئەنجامیشدا وەك پاتال گوزەران بکا؟» هەیهوو هەیهوو قدیمە لە کوێ و قۆل لە کوێ؟ یعلق لە کوێ و هەڵبکا لە کوێ؟ ینفق کالدابە (وەك ئاژەڵ مردار دەبێتەوە) لە کوێ و گوزەرانی پاتال لە کوێ؟ دیارە ینفق بە خەرجی وەمەسرەف کردن تێکەبشتووە !!

٢٣ ـ لە هەمان پەرەگرافدا : «أرای احد منکم انسانا سئی الطالع یستخرج بۆ بۆعینیە من عینیە؟» «ئایا ئێوە ڕازین ـ وەك مرۆیەکی نەگبەت ـ گلێنە چاوەکانتان دەربکێشرێن؟»! •

٢٤ ـ ص٢٣٢ ـ ل٢١٠ : «واصغی جونبلان وبین أضلعە قلب یجب بمشاعر الخوف والأمل»

«لە ئەم هەڵوێستەی‌دا کوڕە گوێ قوڵاخ بوو فرکە فرکی دڵی وەڵامدانەوەی چەند هەستێکی ئالۆز بوو •• لە ترس و هیوا•••» ! کە سێ کە عەرەبی‌یەکی ناچاری بزانێ بجب وجب قلبە بە وەڵامدانەوە لێك دەداتەوە •

٢٥ ـ ص٢٣٥ ـ ل٢١٣ : «خذه الی الجنة التی خلقت للمعذبین امثالی»

«بی بە بۆ ئەو بەهشتەی کە بۆ ئازاردانی ئێمە مانانت سازداوە» ! ئاخۆ ئەگەر بەهەشت بۆ ئازاردان ساز درابێت ئەی ئەبێ دۆزەخ بۆچی مەسرەفی تیا کرابێ؟؟!

• هێشتا بەیێ سڵەیتەوە دەتوانم بڵێم ئەوەندەی ترو زیاتریش هەڵەی زەق بەرچاوی خوێنەری وردبین دەکەوێ •• ئیتر جۆن کاك ئالانی دەڵێ : «ئەو چەند هەڵەیە نابنە مایەی لە کیس‌چوونی رۆماکە»• ؟! ئاخۆ ئەگەر ئەم وەرگێڕراوە بکرێتەوە بە عەرەبی‌ی و لەویشەوە بکرێتەوە بە ئەرەنسی ، هیگۆ حاشای لێناکات؟! بەرێ وەڵلا !! دەمێنێتەوە سەر دوو تێبینی:

یەکەم : سەبارەت بە وشەی ـ گرژ ـ من هیچ شتێکم لە بارەیەوە نەگوتووە •• ئەوی گوتوومە لەسەر دەربڕینی ـ ئاسمانی گرژ ـ بووە !! لە خاڵی دووەمی سەرنجەکانی کاروانی ژمارە هەشتدا گوتومە :

ئەم دەربڕین و رستانە «لە بارەی رەوانبێژیەوە دەربڕینێکی و شك و بێ تامە» مەبەستیتم ئەم هەموو چەندەیە کەوا دەیبینین لەم دوو دێڕەدا سێ جار بەکار هاتووە : «••••• وەك چەند تارمایی‌یەکی وروژاو سەبارەت بە چەند نهێنیەك•• چەند سنووقێکی تفاق بۆ سەر کەشتی‌یەك دەگوێزرێنەوە»!!

خاکو ـ پاشماوە

ئەو چەند ب یەکفە (ڕادموسان)
نەو بەت نەدا نەهەف ب (بۆسان)(٩)

دویف یاسایا هەفسەنگیا هێزان سرێما ماچێ کار تێکرنەکا تۆندو مەزن ل سەر لەشێ مرۆڤی‌دا دهینیت ، و جار هەنە د بیتە چرایەك ئان روناهیەك گەلەك دلدار دکەنە ڕەهبەرو نیشاندەر درێکا ژینا خوەد • مینا ـ وەفایی ـ دەفەرموت :

بەو دوو هەمە ئزولفو روخی تۆ ئۆبەری سەرون
هەر عەطرە بەتاهەر گوڵو نارنجە بە بارە
پرسیم : ئچیە تەبخالە(١٠) لە سەر ئەو
لەبەر(١١) ؟ فەرمووی:
جێی (ماچی) (وەفایی) ئەوە نیشانەیی پارە(١٢)

ئان دەمێ نالی ـ دبێژیت :ـ

وای فەرموو کە (ماچت)نەدەمێ ڕوو ڕەشی تۆبم
ئەمسالە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری(١٣)

بهایێ ماچێ گەلەکە ژ دەف کچێ •••• ناهێتە پیڤان ب چ کێش و نرخان ، دەمێ رووی خۆ دبەتە بەر دەفێ لاوی ، ئان دوو دەف دبنە جووت ، ئان جهەکی دی ژ لەشی زەنگلا بازارێ مەزن تێدا ب هێتە لێدان لەورا چاخێ بابێ (ئەسمەرێ(١٤) هزارەکێ کورد خاپاندی و هەفت ساڵان شڤانی پێ کری ل دویف ئەوان سۆزو پەیمانان کو ئەسمەرێ ب دەتێ •

ئەو ساڵ هەموو بورین و بابێ ئەسمەرێ کچا خوە داشوی ،و کابرایێ شڤان مافە دەست ژ پێیان درێژتر ، وگازندەو گنەیێن خوە بۆ ئەسمەرێ گووتن •• کچك لێ زڤری و گووتێ ئەگەر ماف و مزێت تە ل نك من بن وەرە ماچەکێ (ڕامۆسانەکێ) ل سەر رووێ مندا بەردە ، و ئەگەر مافێ تە ل نك بابێ منە •• هەرە هەق و حسابێت خوە دگەل ئەوی بکە •••

• ماو یەتی •

Institut kurde de Paris

چەندتێبینیەك ـ پاشماوە

، ئاوایێ کتێبێو تێکەل کرنا زارافا براما نا ئێك گرتنێ بکوتەك بو مەزنادەست بدەت ٠

لەورا ئەز دبێژم دەمێ ئەف کتێبە دهێتەخاندن لدەفەرەکێ کو بزارافێ کرمانجیا ژووری دپەیڤن ، ئەم دو تشتا لسەر وی زاڕوی دسەپینین ، ئێك هوی بونا نڤیسینا چەند تیپاو پەیڤاو یادوێ هوی بونا زمانەکێ نوی ، بەلێ زمانەکێ نوی ژبەرکو بڤی ئاوایی زمانەکێ نوی یەولدویف زانستێ هویبونا زاڕۆیا ، زاڕو هوی نابیت پەیڤەکێ بنڤیسیت ئان بزانیت مانا وێ چی یە هەکە نەدیت بیت ٠ بکورتی ئەم دڕێکا فێ کتێبێ ڕا دودەرسا پێکڤە دبێینە زاڕوی ٠ بو نمونە مە دڤێ زاڕو هوی ببیت تیپا (م) و (ڕ) بنڤیسیت ٠

ژبەر هندێ دێ نڤیسین (مەڕ) چی یە ! هەکە هاتو مەگوتێ (مەڕ) یانی (پەز) ، ئەوی چەند هەیام دڤێت هەتا هوی دبیت کو (مەڕ) (پەز)؟! بێخش گەلە دڤێت ، چنکو گافا تە گوتێ (مەڕ) دێ هزراوی بو (مەرکێ) چیتو ئەفە ژپیفکێ مەژێ زاڕوی مەزنترە ٠ لەورا ئەف ئاوایە دەست نادەت ٠ نەکو راما نامن ئەوە کو دڤێ بزارافێ کرمانجیا ژووری بنڤیسین ، نەخێ ، ژبەرکو ئەو زاڕویێن بزارافێ کرمانجیا ژێڕی دپەیڤن دیسا دێ توشی ڤێ گرێ بن ٠ باشە پاچارە چی یە ؟

لنك من دڤێ ئەم بزافاهندێ بکەین کو دو تشتا بنەجهـ کەینو دارێژین ٠ ئێك وان پەیڤا بنڤیسین کو دەمەمی زارافێن کوردی دابکاربێن یان ژی دپتر زارافادا بکار تێن٠ وەکی پەیڤا (چون)٠

شوینا (ڕیشتن) بنڤیسین (چون) ژبەرکو لهەمی دەفەرا دبێژن ،دەچم ، دێچم ، ئەچم ٠٠ یادوێ تیپێن کوردی یێن ڕەسەنو بنەجهـ کو دزمانێ کوردیدا هەنە ، بنەجهـ کەینو بڤیسین نەخاسمە پەیف هەنە جوداهیا وان هەنە جوداهیا وان دنافبەرا زارافێن کوردیدا هەرتیپەکە ٠ بو نمونە وەکی تیپا (ژ) و (ڤ) ٠ لشوینا بنڤیسین (سێو) دڤێ بنڤیسین (سێف) ٠ ژبەرکو چ سێف بیتو چ سێو بیت دێ زاڕو تێ گەهیت ٠ لێ ئەز لسەر فێ مەسەلێ گەلە ناچم ژبەرکو ئەڤێ چەندێ هەلکولانەکا تایبەتی دڤێت ، ئەم دێ هێلین بو دەرافەکێ دی ٠

ئەم دێ جارەکا دی هێینە سەر کتێبا (ئەلف و بێ ی نوێ) ٠ هەکە هاتو بهێتە سەپاندن کو دڤێ ئەف کتێبە بهێتە خاندن باشتر ئەوە چەند پەیڤەکا لێ بگوهرین ژبو هندێ دا پتر دەست بدەتو نێزیکی زارافی هەمی دەفەرا بیت ٠

پەیڤێن کتێبێ	گوهرینا وێ
١ ـ ئاو	ئاڤ
٢ ـ دەرەوە	دەرڤە
٣ ـ دەوێ	دڤێ
٤ ـ دەڕوین	دەچین
٥ ـ دوای	پاشی ، پاشان
٦ ـ ئایاب	باش
پەیڤێن کتێبێ	گوهرینا وێ
٧ ـ بنوڕن	تەماشاکەن
٨ ـ وازبێنە	زێکەڕە ، لێگەڕە ، بێلە
٩ ـ ئەوسا	پاشی ، پاشان
١٠ ـ توزێك	هەندێك ، هندەك
١١ ـ ئەوە	ئەڤە
١٢ ـ کاڵەك	گوندور
١٣ ـ لەت	کەر
١٤ ـ بەڵاو	بەلاڤ
١٥ ـ بوەستن	راوەستن
١٦ ـ پڵاو	پەلاڤ
١٧ ـ قاچ	پێ
١٨ ـ شاخ	چیا
١٩ ـ حەوز	گەڕ
٢٠ ـ ئەوع	ڕەنگ
٢١ ـ دەڵێن	دبێژن
٢٢ ـ جومعە	ئینی ، هەینی
٢٣ ـ قەراغ	ڕەخ
پەیڤێن کتێبێ	گوهرینا وێ
٢٤ ـ یاریدە	هاری
٢٥ ـ ناومال	ناڤماڵ
٢٦ ـ سەوز	کەسك
٢٧ ـ ووریا	زیرەك
٢٨ ـ خوشبی	ساخبی
٢٩ ـ سۆك	سڤك
٣٠ ـ زوور	گەلەك

وون بوونی هویە

بەناوی فلیح حسن داغرەوە هویەی ئەمانەتی گشتی کاروبارو نیشتەجیم لێ وون بووە ئگایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقی هەولێر ٠

وون بوونی دەفتەری خدمە

بەناوی رزگاری اغوك نادرەوە دەفتەری خدمەی عەسکەریم لێوون بووە کە لەتەجنیدی یەکەمی هەولێر دەرچووە ئگایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقی هەولێر ٠

پیشانگای ژمارە ـ پاشماوە

بەشێوەیەکی تایبەتی نیشانی ئێمەبدا هەروەها چیرۆکەکانی مندالی خۆیشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تا چ رادەیەك لایەنە بەزەیی یەکەی بۆ گیانلەبەرە بەستەزمانەکان هەر لە مندالیەوە بیری لێکردۆتەوەو لەگەلیدا ژیاوە لێزەوە سەرجەمی باری سەرنجی تایبەتیم لەشی کردنەوەو یەکالاکردنەوەی تابلۆکانی کاك اسماعیل خەیات لەم پێشانگا نوێیەیدا دەخەمە بەر دەم خوێنەرو بینەری بەرێز بە مەبەستی پاسادانێکی دلسۆزانەو سودگەیاندێکی کەمتا کورت بەرەخنەی هونەریەوە ٠٠

بیلینسکی لەم بارەیەوە ووتویە :[پێویستە هونەرمەند هەمیشە دەولەمەندتر بێ لەو باس و لێکۆڵینەوە هونەریەی کە دەیاننوسێ ٠٠ بۆ ئەوەی بەردەوام زاڵبێ بەسەر وێنەی بەمێزو باسی نێرو تەسەل]دا ٠ ئەگەر لەو روانگەیەوە سەرنج لە تابلۆکانی کاك اسماعیل بدەین دەبینین ئەوەی لەگەل ئەم ڕایە پێچەوانە بۆتەوە ئەوەیە کە ئەوجۆرە ٠٠٠٠ دەولەمەندیەی لەدەست رەنگینی کاکی هونەرمەندا بەدیدەکرێ تەنیا لە ٠٠٠ روی تەکنیکی تایبەتی تابلۆکانە نەك وەکو دەربڕینی واقیعیەتی بیرو شێوازی ئاشکرای دارشتنەکەوەبێ ٠ هەرچەند ئێمە دەڵێین چاکترە «کە هونەرمەند لەروی بۆچونی دنیا هونەریەکەی دەبێ لە پێش جەماوەرەوە بێ» تەنیا مەبەستمان لەو پێش ڕەویەدا بریتی نیە لە باری تەکنیکو روخساری نەخشاندنی ڕروبەری تابلۆکەبێ٠٠، ئەسڵی مەسەلەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە بیری واقیعیانەی تابلۆکە + خۆیەستنەوە بە رەوتی گۆڕانکاریەکانی سەردەمەوە لە هەمە چەشنە گۆڕانەکانی باری ژیانی کۆمەڵەوە ٠٠٠ ئێمە هەر لایەنی تەکنیكو کێشەی گشتی وێنەکە لەبەر چاو ناگرین ٠٠

بەڕای من هەموو تەکنیکێك داهێنان نیە ٠٠، بەلکو هەندیجار لەرێ لادانو سەر لێشێوانە هەروەکو هەمان هونەرمەندی پێشو دەربارەی داهێنان ووتویە : [کاری داهێنان هونەری ئارەزوبازی نیە ٠٠، بەلکو وەکو کرداری گەورەبوونی ناوك «جنین» وایە کە پەیوەندی بە هەموو ئێشوئازارێکی گیانیو ویژدانیەوە هەیە] ٠

بۆیە پێویستە تەکنیك لە ئەنجامی گەشەکردنێکی فیکریو پێوانەیەکی زانیاریو هونەریەوەبێو لە تەقینەوەیەکی ویژدانیەوە سەرهەڵبدا هەرچەندە بەرەو پێش چوونی لایەنەکانی هونەری بە پێی ڕۆشنبیری جەماوەرو رادەی لێکدانەوەی بینەر بەراورد ناکرێ لە هەموو ٠٠ بارێکدا ٠٠ بەڵام لەگەل ئەوەشدا مەرجە هەموو بەرەو پێش چونێك لەهونەردا بۆ بەرژەوەندی زوربەی کۆمەڵو لەگەل ئێش و خواستەکانی خەونە پیرۆزەکانی رەنجدەرو دروستکەرو ئەوانەبێ کە بۆ ئومێدی دوارۆژیکی مەزنتری ژیانی مرۆڤن بەگشتی ٠

بۆیە دەبێ ئەگەر تابلۆیەك لە روخساریش دا ئاشکرا نەبێ لەباری دەرونیەوە مەرجەکە شوێنی خۆی لە هەستو نەستی بینەردا بکاتەوە تا جێگای بەختەوەری زوربەی هونەر دۆستو خەلکی تر بێت ٠هەر لە ڕوەشەوە «دیدرۆ» ووتویەتی :

[باشترین بارەکانی تێگەیشتن بریتی یە لە تێگەیشتنی دەرونی] لە کۆتایی دا بە ئاوات و خواستێکی ئێجگار مەزنەوە هەمیشە ئومێدی سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ کاکی هونەرمەند اسماعیل خەیات دەخوازم بە مەبەستی گەشەکردنێکی بێ هاوتا لەبەرهەمەکانی داهاتویدا ٠

پێوانەی ڕێختەر ـ پاشماوە

(زەوی) بوومەلەرزە لە چەند ناوچەیەکی داوە وەکوو زەریای هێمنو چیای هیمالایاو چیاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی تورکیاو ئێرانو دورگەکانی یابانو ئەندۆنیساو نیوزیلەندەو فلیپینو کەناری خۆرئاوای کیشوەری ئەمریکای باکوورویو ئەمریکای باشوریو چەندەها شوێنی تر ٠ دەشێت ئەم ناوچانە جاری تریش بوومەلەرزە لێیان بداتەوە ، چونکە دەکەونە ناو پشتێنە چالاکەکەی بوومەلەرزەکانەوە (حزام زلزالی) ٠

دابەشبوونی جوغرافی بوومەلەرزە :

بوومەلەرزە نزیکەی هەموو ناوچەیەکی جیهان دەگرێتەوە ، بەڵام لەگەل ئەوەشدا دوو ناوچەیان پشتێن هەیە کە پێیان دەووترێت پشتێنی بوومەلەرزەیی ، پشتێنی یەکەم بریتیە لە ناوچەی بازنەی زەریای هێمن ـ

کە ئەمەش نزیکەی هەمان ناوچەی بورکانیە کە بەم ناوەوە ناسراوە ٠ پشتێنی دووەم کە باکووری ئەفەریقا دەگرێتەوەو بەچیای (برانسی)دا تێپەر دەبێت بەرەو ئیسپانیاو ئیتالیاو یۆنانو تورکیاو قۆقازو ئێرانو باکووری هیندستان کە چیای هیمالایای تێدایە ، ئنجا بەرەو بورماو دورگەکانی هیندی خۆرهەڵاتی وچین ٠ وا تێبینی دەکرێت کە دابەشبوونی جوغرافی بوومەلەرزەو دابەشبوونی جوغرافی بورکان یەکبن (بە شێوەیەکی نزیکەیی) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی یەك لە نێوانیاندا هەیە ٠ لەراستیدا ئەو پەیوەندیە هەیە کە هەردووکیان لەو ناوچانەدا ڕوو دەدەن کە توێکڵی زەوی تیایاندا ناجێگیرە وانا شلۆقە ، ئەمانەش ناوچەی ئەو ریزە چیایانەن کە لە سەردەمە جیۆلۆجییە تازەکاندا دروست بوون لە ئەنجامی چرچوڵۆچبوونی توێکڵی زەوییەوە ، وە ئەمانە بە ناوچەی لاواز دادەنرێن چونکە لێرەدا زەوی دەجووڵێت بۆ ئەوەی کە ئەو شلۆقییە نەمێنێتو بگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی ٠ بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینین کەوا ئەو ناوچانەی کە بە کۆن دادەنرێن لە مەیانی جیۆلۆجیدا وەکوونا ناوەڕاستی کەنەداوی بەرازیلو ئەسکەندینافیاو بەشێك لە سیبێریاو زوربەی ئەفەریقاو باشوری هیندستانو خۆرهەڵاتی ئوستەرالیا لە زۆر دەمێکەوە چیاو کەفرەکانیان جێگیربوون بۆیە بوومەلەرزەیان کەم تیادا ڕوودەدات ٠ لەوەپێش باسی ئەوکارکەرە سەرەکیانەمان کرد کە دەبنە هۆی پشێوی لە توێکڵی زەویدا ،

ماویەتی

پاشەڕۆژی ـ پاشماوە

بەشە ، بەشی سێیەمی (ئەدەبی بێگانان) خۆی نواندەو دیدەی لاوانو ڕۆشنبیرانی ڕۆشن کردەوە٠٠

● لە پێشەکی ئەم بەشی سێیەمەشدا ، کاك عزیز هەمدیس چەند نیازێك ئەخوازێو ئەڵێ :

«بە ئومێدی بەشی تری ئەدەبی بێگانانو بە ئومێدی بەشداربوونی برایانیترو تا بەشی چوارەم کە تایبەتیە بە شیعر ،هیوای سەرکەوتنو بەردەوامبوونتان بۆ دەخوازین ٠٠٠»

ئەوەی جێگەی سەربخیش بێت ، ئەم بەشە (٧٢) لاپەڕەیە لەسەر ئەرکو گیرفانی تایبەتی ئەم لاوەو دڵۆزانە چاپکراوە : «صباح حمە رشید ـ قاسم محمد فتاح ـ شمس‌الدین عمر ـ علی محمود جوکل ـ حاجی ئەحمەد ـ حسام بەرزنجەیی ـ عزیز گەردی ٠٠٠» کە ئەمەیان خۆی لە خۆیدا مایەی تێرامانێکی پڕدو ژانە دڵێکی وردو هیوایەکی پڕشنگدارە ٠٠٠

لە پێشەکی بەشی چوارەمی پرۆژەکەدا ، هەمدیسان کاکی گەردی ، چەند قسەیەکی پڕ لە داخو حەسرەتی کردوەو ڕەنگی لایەنێکی دیکەی مەرگەساتی چاپو چاپەمەنی کوردی ڕشتوەو ئەڵێ :

«ڕاستە ، ئێمەش حەز دەکەین (ئەدەبی بێگانان) فراوانتر بکەینو بە قاقەزو چاپی چاك بڵاوی بکەینەوەو نرخێکی هەرزانی لەسەر دابنێینو زووژوویش بەشی تازەی لێبڵاو بکەنیەوە ٠٠٠ بەڵام گەر وا بکەین ناتوانیین بە شێکیشی لێبڵاوبکەینەوە هەروا حەز دەکەین بەبیز هەموو خوێنەرانی بێنینەوە کە ئێمە لە دامەزراندنی ئەم پرۆژە بچکۆلانەیەو لە دەرکردنی بەرهەمێکی وەکو ـ ئەدەبی بێگانان ـ لە ڕەنجو تەقەلاو ماندوبوونو سەرێشەو شەڕەشەقی چاپو بڵاوکردنەوە زیاتر هیچمان پێ نەبڕاوەو چاویشمان لێ نیە هیچمان پێ ببڕێ ٠٠٠» ئەم بەشە بە قەوارەی (٩٤) لاپەڕەیە وتایبەتی یەبەشیعر ٠

ئەمەو ئەوەی شایانی سەرنجیشە بەغەیری ئەم سێ بەشەی دوایی کە ڕاستەوخۆ لە زمانە ڕەسەنەکە وەرگێڕاون ئەگینا ئەوانەی تر هەمووی لە ئینگلیزیەوە کراون بە کوردی مایەوە سەرئەوە بڵێم : لەگەل شاباشکردنی ئەم پرۆژە بایەخدارەو لەگەل پیرۆزبایی کردنیش لە گشت ئەو نووسەرانەی بەشداریی کە بە جەرگیان لەم هەوڵە پیرۆژەدا کردوە ،داوا لە گشت لاوێکی دڵۆڤانی ئەم کوردە ئەکەین ،بە ئەوبەڕی هێزو هەمەرەنگی خۆشەویستیەوە، پشتگیری هەمە ڕەنگەی ئەم پرۆژە ڕەنگینە بکەن ، تا ئەم گوڵە گەشاوەیەی گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردو بزوتنەوەی ڕۆشنبیریمان لە گەشەسەندنو پێشکەوتنابێتو هەڵنەوەرێ ٠٠ خۆزیاش برادەرانی خاوەن پرۆژە ناوی (بێگانان) یان ئەکرد بە (بیانی)و پتریش بایەخ بەو بەرهەمانە ئەدرا کە دەوری دیاریان لە سەرجەمی بزوتنەوەی شیعرو فیکرو ڕۆشنبیری جیهانیا کردوە ٠٠٠!!

بورکانی ـ پاشماوە

تیژی‌ی تیشکی ڕووناکی‌دا‌که هەوری (چیچۆن) دەیهێنێتە کایەوە بگاتە (٣٠٪) ، بەڵام بەشێکی گرنگی تیشکی هەتاو کە لەڕووی ووردکەکانی هەورەکەوە دەشکێتەوە لە ئاسمانی زەمینەوە دەگاتە ڕووی زەمین لە چەند لایەکی ترەوە کە ئەمەیش ئەوەو ڕادەیە بۆ ٥٪ کەم دەکاتەوە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە بهێنێتە کایەوە کە شارەزایان چاوەڕوانی دەکەن ٠

● بورکانێك لە چەشنێکی دیکە ●

شوێنی چیای (چیچۆن) کە لە شوێنێکی وادایە بیر لەوە ناکرێتەوە بورکانی تێدا ڕوو بدات جیۆلۆجی‌ناسەکانی سەرسوڕمان کردووەو چەندین پرسیاریان سەبارەت بە هۆیەکانی چالاکی‌ی ئەم بورکانە ئاڕاستە کردووە ٠ چونکە بوونی ئەم بورکانە لە ئەم جۆرە شوێنەدا لەگەل تیوورییە جیۆلۆجییە ناسراوەکاندا ناگونجێت ٠ئەدی ئایا ئەمە بورکانێکی لە چەشنێکی دیکەیە ؟

جیۆلۆجی‌یەکان ددان بەئەوەدا دەنێن کە نەیانتوانیوە تاکوو ئێستا شیکردنەوەیەکی مەنتیقی بۆ چالاکی‌ی (ماگما) لە ئەم جۆرە شوێنەی‌ڕووی توێکڵی زەمین‌دا بدۆزنەوە ٠

وا دیارە بورکانی (چیچۆن) دا لە جیۆلۆجی‌یەکان دەکات سەرلەنوێ بورکانەکان بخەنە سەر تیوورییەکانیان سەبارەت بەخوانی تۆژینەوەو لێوردبوونەوە ٠

بە بەراووردکردن لەگەل بورکانی سانت هیلینزدا ئەوا بورکانی (چیچۆن)زیانێکی زۆر تری بە ئاوو هەواو ژیانگە گەیاندووەشارەزایان بۆ ئەم خاڵانەی دەگێڕنەوە :

(١) بارو دۆخی ئاوو هەوای چینەکانی ئاسمان کە بەسەر چیای چیچۆنەوە باوبوون لە کاتی ڕوودانی بورکانەکەدا ڕێکەیان بەهەورە بورکانی‌یەکە دا بە ستوونی بڵاوبێتەوە تا دەگاتە چینە بڵندەکانی ئاسمان « ستراتۆسفیر » ٠

(٢) ئەو دووەمین ئۆکسیدی کبریتە زۆرەی لە ناو ماگماکەیدا بووە ٠

(٣) ئەو ووزە گەرمایی‌ومیکانیکی‌یەی لە ئەنجامی لە ئەنجامی بورکانی چیچینەوە هاتوونەتە کایەوە بە شێوەیەکی ستوونی بڵاوبوونەتەوە ئەمەیش بووەتە یارمەتییەك بۆ زبەرز بوونەوەی هەورەکە ، لە کاتیکدا ئەم ووزەیانە لە حاڵەتی بورکانی سانت هیلینزدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڵاوبووەتەوە ٠

ئەوە ماوە پەتجەی بۆ رابکێشین کە ئەم ڕاپۆرتە ژانستی‌یانە سەبارەت بە بە بورکانی چیچۆن بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی‌ی بە ئاڵوگۆڕی ئاوو هەواوە هەیە لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٨٢دا بڵاوکراونەتەوە ، ئەوەبوو چەندین ناوچەی جۆراو جۆری جیهان ژستانێکی کەمێك تووشیان بە خۆرە دیت ، بە تایبەتی لە ئەمریکادا ، ئایا ئەمە ئەوە دەچەسپێنێت کە پسپۆڕان چاوەڕوانی بوون ؟؟ ئایا چاوەڕوانی ئاڵو گۆڕی ئاوو هەوای دیکە بکەین ماوەی دوو ساڵی دادێ بەردەوام بێت ؟ یاخود ئەوەی کە ڕووی دا تەنیا شتێکی بە ڕێکەوت بوو ٠٠؟؟

کە کتێبی ـ پاشماوە

هەمیشە نووسەرن ٠٠ هتد)٩

لە زمانی کوردیدا ئامرازی (ترین) دەخرێتە دوای پلەی باڵای (صفە)وە ، بەڵام لە لاپەڕە (٩)دا ئەم ئامرازە بە هەڵە خراوەتە سەر ووشەی (دوژمن) کە ناوێکی گشتی‌یەو ناتوانرێ بنووسرێ (ئافرەت دوژمنی دوژمنرێن. ئافرەتە) بەڵکو دەبێ بنووسرێ (ئافرەت دوژمنی گەورەترین دوژمنی ئافرەتە) ٠٠

وەلە لاپەڕە (٨٢ دێڕی پێنجەم)دا نووسراوە (گەنمو نیوێك) کە من ئەم دەربڕینە بە هەڵە دەزانمو دەبێ بنووسرێ (دەنکو نیوێك گەنم) ٠٠

لە کۆتایی‌دا لەگەل ڕێزو نوازشم بۆ برایان (کاك محمدو کاك عبدالله) بە هیوای سەرکەوتنیانم ٠

Institut kurde de Paris

چەندتێبینیەك ـ پاشماوە

، ئاوایێ کتێبێو تێکـــەل کرنا زارافا براماناا ئێـــك گرتنێ بکوتەك بو مەزنـــادەست بدەت ٠

لەوڕا ئەز دبێژم دەمـــێ ئەف کتێبە دهێتەخانـــدن لدەفەرەکێ کو بزارافـــێ کرمانجیا ژووری دپەیفـــن ، ئەم دو تشتا لســـەر وی زاڕوی دسەپینین ، ئێـــك هوی بونا نڤیسینا چەنـــدتیپاو پەیفاو یادوێ هـــوی بونا زمانەکێ نوی ، بەلـــێ زمانەکێ نوی ژبەرکو بڤـــی ئاوایی زمانەکێ نـــوی یەولدویف زانستێ هویبونـــا زاڕۆیا ، زاڕو هوی نابیـــت پەیفەکێ بنڤیسـیت ئـــان بزانیت مانا وێ چی یە هەکـــە نەدیت بیت ٠ بکورتـــی ئەم دڕێکا ڤێ کتێبـــێڕا دودەرسا پێکڤە دبێینە زاڕوی ٠ بو نمونە مە دڤێ زاڕو هوی ببیـــت تیپـــا (م) و (ڕ) بنڤیسیت ٠

ژبەر هندێ دێ نڤیسـین(مەڕ) چی یە ! هەکە هاتـــو مەگوتێ (مەڕ) یانی (پەز) ، ئەوی چەند هەیام دڤێت هەتا هوی دبیت کو (مەڕ) (پەز)٠؟! بێخش گەلە دڤێت ، چنکـو گافا تە گوتێ (مەڕ) دێ هزراوی بو (مەرکێ) چیتو ئەفـە ژبیفکـــێ مـــەژێ زاڕوی مەزنترە ٠ لەوڕا ئەف ئاوایە دەست نادەت ٠ نەکو راماناما ئەوە کو دڤێ بزارافـــێ کرمانجیا ژووری بنڤیسین ،نەخێ ، ژبەرکو ئەو زاڕوێن بزارافێ کرمانجـــیا ژێڕی دپەیفن دیسا دێ توشـــی ڤێ گرێ بن ٠ باشە پـــاچارە چی یە ؟

لنك من دڤێ ئەم بزافـــاهندێ بکەین کو دو تشـــتا بنەجهـ کەینو دارێژیـــن ٠ ئێك وان پەیفا بنڤیسین کو دەمەی زارافێن کـــوردی دابکارێن یان ژی دپتر زارافادا بکار تێن٠وەکی پەیفا (چون)٠

شـــوینا (ڕیشتـــن) بنڤیسین (چون) ژبەرکـو لهەمی دەفەرا دبێـــژن ،دەچم ، دێچم ، ئەچـــم ٠٠ یادوێ تیپێن کوردی یێـــن ڕەسەنو بنەجهـ کو دزمانێ کوردیدا هـــەنە ، بنەجهـ کەینو بنڤیسین نەخاســمە پەیف هەنە جوداهیـــا وان هەنە جوداهیا وان دنافبـــەرا زارافێن کـــوردیدا هـــەرتیپەکە ٠ بو نمونە وەکـــی تیپا (ژ) و (ڤ) ٠ لشوینـــا بنڤیسین (سێو) دڤێ بنڤیسین (سێڤ) ٠ ژبەرکـــو چ سێڤ بیتو چ سێو بیـــت دێ زاڕو تێ گەهیت ٠ لـــێ ئەز لسەر ڤێ مەسەلێ گەلـــە ناچم ژبەرکو ئەڤێ چەنـــدێ هەلکولانەکا تایبەتی دڤێت ، ئەم دێ هێلین بو دەرافەکـــێ دی ٠

ئەم دێ جارەکا دی هێینە سەر کتێبا (ئەلفو بـــێ ی نوێ) ٠ هەکە هاتو بهێتـــە سەپاندن کو دڤێ ئەف کتێبە بهێتە خاندن باشتر ئـــەوە چەند پەیفەکا لێ بگوهڕیـــن ژبو هندێ دا پتر دەســـت بدەتو نێزیکی زارافی هەمی دەفەرا بیت ٠

پەیفێن کتێبێ	گوهڕینا وێ
١ ـ ئاو	ئاڤ
٢ ـ دەرەوە	دەرڤە
٣ ـ دەوێ	دڤێ
٤ ـ دەڕوین	دەچین
٥ ـ دوای	پاشی ، پاشان
٦ ـ نایاب	باش
پەیفێن کتێبێ	**گوهڕینا وێ**
٧ ـ بنوڕن	تەماشاکەن
٨ ـ وازبێنە	زێکەڕە ، لێگەڕە ، بێلە
٩ ـ ئەوسا	پاشی ، پاشان
١٠ ـ توزێك	هەندێك ، هندەك
١١ ـ ئەوە	ئەڤە
١٢ ـ کاڵەك	گوندور
١٣ ـ لەت	کەر
١٤ ـ بەڵاو	بەلاڤ
١٥ ـ بوەستن	راوەستن
١٦ ـ پڵاو	پەلاڤ
١٧ ـ قاچ	پێ
١٨ ـ شاخ	چیا
١٩ ـ حەوز	گەڕ
٢٠ ـ نەوع	ڕەنگ
٢١ ـ دەڵێن	دبێژن
٢٢ ـ جومعە	ئینی ، هەینی
٢٣ ـ قەراغ	ڕەخ
پەیفێن کتێبێ	**گوهڕینا وێ**
٢٤ ـ یاریدە	هاری
٢٥ ـ ناومال	ناڤماڵ
٢٦ ـ سەوز	کەسك
٢٧ ـ ووریا	زیرەك
٢٨ ـ خوشبی	ساخبی
٢٩ ـ سۆك	سڤك
٣٠ ـ زوور	گەلەك

وون بوونی هویە

بەناوی فلیح حســـن داغرەوە هویەی ئەمانەتـــی گشتی کاروبارو نیشتەجیم لێ وون بووە ئکایە ئـــەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقـــی هەولێر ٠

وون بوونی دەفتەری خدمە

بەناوی رزگاری اغـــوك نادرەوە دەفتەری خدمـــەی عەسکەریم لێوون بووە کـــە لەتەجنیدی یەکەمی هەولێـــر دەرچووە ئکایە ئـــەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقـــی هەولێر ٠

پیشانگای ژمارە ـ پاشماوە

بەشێوەیەکی تایبەتی نیشانی ئێمەبدا هەروەها چیرۆکەکانی مندالی خۆیشمان بـــۆ دەگێرێتەوە کە تاچ رادەیەك لایەنە بەزەیی یەکەی بـــۆ گیانلەبەرە بەستەزمانەکان هەر لـــە مندالیەوە بیـــری لێکردۆتەوەو لەگەلیدا ژیاوە لێزەوە سەرجەمی بـــاری سەرنجی تایبەتیـــم لەشی کردنـــــەوەو یەکالاکردنەوەی تابلۆکانـــی کاك اسماعیل خەیات لـــەم پێشانگا نوێیەیدا دەخەمـــە بەر دەم خوێنەرو بینـــەری بەرێز بـــە مەبەستـــی پاسادانێکی دلسۆزانـــەو سودگەیاندێکی کەمتا کورت بەرەخنەی هونەریەوە ٠٠

بیلینسکی لـــەم بارەیەوە ووتویە :[پێویستە هونەرمەند هەمیشە دەولەمەندتر بێ لەو باسو لێکۆلینەوە هونەریەی کە دەیانئوسێ ٠٠ بۆ ئەوەی بەردەوام زاڵبێ بەســـەر وێنەی بەمێزو باسی نێـرو تەسەل]دا ٠ ئەگەر لـــەو روانگەیەوە سەرنج لـــە تابلۆکانی کاك اسماعیـــل بدەین دەبینین ئەوەی لەگەل ئەم ڕایە پێچەوانە بۆتـــەوە ئەوەیە کـــە ئەوجۆرە ٠٠٠٠ دەولەمەندیەی لەدەســـت ڕەنگینی کاکـی هونەرمەندا بەدیدەکرێ تەنیا لـــە ٠٠٠ روی تەکنیکی تایبەتـــی تابلۆکانە نەك وەکو دەربڕینی واقیعیەتی بیـــرو شێوازی ئاشکرای دارشتنەکەوەبێ ٠ هەرچەند ئێمە دەڵێین چاکترە «کە هونەرمەند لـــەروی بۆچونی دنیـــا هونەریەکەی دەبێ لـــە پێش جەماوەرەوە بێ» تەنیا مەبەستمان لـــەو پێش ڕەویەدا بریتی نیە لـــە بـــاری تەکنیکیو روخساری نەخشاندنی ڕروبـــەری تابلۆکەبێ٠٠، ئەسڵـــی مەسەلەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە بیری واقیعیانەی تابلۆکە + خۆبەستنەوە بە ڕەوتـــی گۆڕانکاریەکانی سەردەمەوە لە هەمە چەشنە گۆڕانەکانـــی باری ژیانی کۆمەڵـــەوە ٠٠٠ ئێمە هەر لایەنی تەکنیـــكو کێشەی گشتی وێنەکە لەبەر چاو ناگرین ٠٠

بەڕای من هەموو تەکنیکێك داهێنان نیە ٠٠، بەلکـــو هەندیجار لەرێ لادانـــو سەر لێشێوانە هەروەکـــو هەمان هونەرمەندی پێشـــو دەربارەی داهێنان ووتویە : [کاری داهێنان هونـــەری ئارەزوبازی نیە ٠٠، بەلکـو وەکو کرداری گەورەبوونـــی ناوك «جنین» وایە کـــە پەیوەندی بـــە هەمـــوو ئێشونازارێکی گیانـــیو ویژدانیەوە هەیە] ٠

بۆیە پێویستە تەکنیك لـــە ئەنجامی گەشەکردنێکـــی فیکریو پێوانەیەکی زانیاریو هونەریەوەبێو لـــــە تەقینەوەیەکی ویژدانیـــەوە سەرهەڵبدا هەرچەندە بەرەو پێش چوونی لایەنەکانـــی هونەری بـــە پێی ڕۆشنبیری جەماوەرو رادەی لێکدانەوەی بینەر بەراورد ناکرێ لـــە هەموو ٠٠ باریکدا ٠٠ بـــەڵام لەگەل ئەوەشدا مەرجە هەموو بەرەو پێش چونێك لەهونەردا بـــۆ بەرژەوەندی زوربەی کۆمەڵو لەگـــەل ئێـــشو خواستەکانی خەونـــــە پیرۆزەکانی ڕەنجـــدەرو دروستکەرو ئەوانەبێ کـــە بۆ ئومێدی دواڕۆژیکـــی مەزنتـــــــــری ژیانی مرۆڤن بەگشتی ٠

بۆیە دەبێ ئەگـــەر تابلۆیەك لـــە روخساریش دا ئاشکرا نەبێ لەبـــاری دەرونیەوە مەرجەکە شوێنی خۆی لە هەستو نەســـتی بینەردا بکاتەوە تـــا جێگای بەختەوەری زوربەی هونـــەر دۆستو خەڵکی تر بێت ٠هەر لە ڕوەشەوە «دیـــدرۆ» ووتویەتی :

[باشترین بارەکانـــی تێگەیشتن بریتی یە لـــە تێگەبشتنی دەرونی] لـــە کۆتایدا بـــە ئـــاوات و خواستێکی ئێجگار مەزنـــەوە هەمیشە ئومێدی سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ کاکی هونەرمەند اسماعیل خەیات دەخوازم بـــە مەبەستی گەشەکردنێکـــی بێهاوتا لەبەرهەمەکانـــی داهاتویدا ٠

پێوانەی ڕێختەر ـ پاشماوە

(زەوی) بوومەلەرزە لـــە چەند ناوچەیەکی داوە وەکوو زەریای هێمـــنو چیـــای هیمالایـــاو چیاکانـــی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت بەتایبەتی تورکیاو ئێـــرانو دورگەکانـــی یابـــانو ئەندنۆسیاو نیوزیلەنـــدەو فلیپینو کەناری خـــۆرئاوای کیشـــوەری ئەمریکـــای باکـــووریو ئەمریکـــای باشوریو چەندەها شوێنـــی تر ٠ دەشێت ئەم ناوچانـــە جاری تریش بوومـــەلەرزە لێیان بداتەوە ، چونکـــە دەکەونە ناو پشتێنـــــە چالاکەکەی بوومەلەرزەکانەوە (حزام زلزالی) ٠

دابەشبوونی جوغرافـــی بوومەلەرزە :

بوومەلەرزە نزیکـــەی هەموو ناوچەیەکی جیهـــان دەگرێتەوە ، بەڵام لەگـــەل ئەوەشدا دوو ناوچەیـــان پشتێن هەیە کە پێیـــان دەووترێت پشتێنـــی بوومەلەرزەیی ، پشتێنـــی یەکەم بریتیە لە ناوچـــەی بازنەی زەریای هێمـــن

کە ئەمەش نزیکەی هەمان ناوچـــەی بورکانی یە کە بـــەم ناوەوە ناسراوە ٠ پشتێنـــی دووەم کە باکـــوری ئەفریقـــا دەگرێتـــەوەو بەچیـــای (برانسی)دا تێپەر دەبێـــت بەرەو ئیسپانیاو ئیتالیـــاو یۆنانو تورکیاو قۆقـــازو ئێرانو باکووری هیندستان کە چیای هیمالایای تێدایە ، ئنجا بـــەرەو بورمـــاو دورگەکانی هیندی خۆرهەڵاتی وچین ٠ وا ئێبینی دەکرێت کە دابەشبوونی جوغرافـــی بوومەلەرزەو دابەشبوونـــی جوغرافی بورکان یەك بن (بە شێوەیەکی نزیکەیی) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی یەك لە نێوانیاندا هـــەیە ٠ لەراستیدا ئەو پەیوەندیـیە هەیە کە هەردووکیان لـــەو ناوچانەدا ڕوو دەدەن کـــە تویکلـــی زەوی تیایانـــدا ناجێگیرە وانا شلۆقـــە ، ئەمانەش ناوچەی ئەو ریـــزە چیایانەن کە لە سەردەمـــە جیۆلۆجیە تازەکانـــدا دروست بوون لە ئەنجامـــی چرچولۆچبوونـــی تویکلـــی زەویەوە ، وە ئەمانە بـــە ناوچەی لاواز دادەنرێن چونکە لێرەدا زەوی دەجوولێت بـــۆ ئەوەی کە ئەو شلۆقیـیـــە ئەهێلێتو بگەڕێتەوە ســـەر باری ئاسایی خۆی ٠ بـــە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینیـــن کەوا ئەو ناوچانـــەی کـــە بە کۆن دادەنرێن لە مەیانـــی جیۆلۆجیـــدا وەکـــوونـــا ناوەڕاســـتی کـــەنەداوی بەرازیلو ئەســـکەندیناڤیاو بەشـــێك لـــــە سیبێریاو زوربەی ئەفەریقاو باشـــوری هیندســـتانو خۆرهەڵاتی ئوستەرالیا لـــە زۆر دەمێکـــەوە چیـــاو کەفرەکانیان جێگیربـــوون بۆیە بوومەلەرزەیان کـــەم تیادا ڕوودەدات ٠ لەوەپێش باسی ئـــەوکارکـــەرە سەرەکیانەمان کرد کـــە دەبنە هۆی پشێوی لـــە تویکلـــی زەویـــدا ،

ماویەتـــی

بورکانی ـ پاشماوە

تیژی‌ی تیشکی ڕووناکـــی‌داکە هـــەوری (چیچـــۆن) دەیهێنێتە کایەوە بکاتـــــە (٣٠٪) ، بەڵام بەشێکـــی گرنگی تیشکی هەتاو کە لـــەڕووی ووردکەکانی هەورەکەوە دەشکێتەوە لە ئاسمانـــــی زەمینەوە دەگاتـــــە ڕووی زەمین لە چەند لایەکـــــی ترەوە کە ئەمەیش ئـــــەو ڕادەیە بۆ ٥٪ کەم دەکاتەوەئەمەیش خۆی لە خۆیـــــدا بەسە بۆ ئەوەی ئەو ئـــاڵوگۆڕە بهێنێتە کایەوە کـــە شارەزایان چاوەڕوانـــــی دەکەن ٠

● بورکانێك لە چەشنێکـی دیکە ●

شوێنی چیای (چیچۆن) کە لە شوێنێکی وادایـــــە بیر لەوە ناکرێتەوە بورکانی تێدا ڕوو بدات جیۆلۆجی‌ـ ناسەکانی سەرسوڕمـــــان کردووەو چەندین پرسیاریان سەبارەت بە هۆیەکانـــــی چالاکی‌ی ئەم بورکانـــــە ئاڕاستە کردووە ٠ چونکـــە بوونی ئەم بورکانە لە ئـــەم جۆرە شوێنەدا لەگـــــەل تیوری‌یە جیۆلۆجی‌یـــــە ناسراوەکاندا ناگونجێت ٠ئەدی ئایا ئەمە بورکانێکـــی لە چەشنێکی دیکەیە ؟

جیۆلۆجی‌یەکان ددان بەئەوەدا دەنێن کە نەیانتوانیوە تاکوو ئێستا شیکردنەوەیەکی مەنتیقی بۆ چالاکی‌ی (ماگما) لە ئەم جۆرە شوێنـــــەی‌ڕووی تویکلـــی زەمـــین‌دا بدۆزنەوە ٠

وا دیارە بورکانـــــی (چیچۆن) دا لە جیۆلۆجی‌یەکان دەکـــات سەرلـــــەنوێ بورکانەکان بخەنە ســـــەر تیوری‌یەکانیان سەبارەت بەخوانـــــی تۆژینـــــەوەو لێ‌ووردبوونەوە ٠

بە بەراووردکردن لەگەل بورکانی سانت هیلینـــزدا ئەوا بورکانی (چیچـــۆن)زیانێکی زۆر تری بە ئـــاوو هەواو ژیانگە گەیانســـدووەشارەزایان بۆ ئەم خاڵانـــەی دەگێڕنەوە :

(١) بارو دۆخی ئـــاووهەوای چینەکانی ئاسمان کە بەسەر چیای چیچۆنـــەوە باوبوون لە کاتی ڕوودانـــی بورکانەکەدا ڕێگەیان بـــــەهەورە بورکانی‌یەکە دا بـــە ستوونی بڵاوببێتەوە تـــادەگاتە چینە بڵندەکانـــی ئاسمان « ستراتۆسفیر » ٠

(٢) ئـــــەو دووەمـــین ئۆکسیدی کبریتـــە زۆرەی لە ناو ماگماکەیدا بووە ٠

(٣) ئەو ووزە گەرمایـــی‌ومیکانیکی‌یەی لە ئەنجامـــی لە ئەنجامی بورکانـــــــی چیچینەوە هاتوونەتە کایەوە بە شێوەیەکی ستوونـــــی بڵاوبوونەتەوە ئەمەیشـــ بووەتە یارمەتییـــەك بـــــۆ بەرز بوونەوەی هەورەکە ، لە کاتیکدا ئەم ووزەیانە لـــــە حاڵەتی بورکانـــــی سانت هیلینزدا بە شێوەیەکـــــی ئاسۆیی بڵاوبووەتەوە ٠

ئەوە ماوە پەتجەی بـــۆ ڕابکێشین کە ئەم ڕاپۆرتـــە زانستی‌یانە سەبارەت بـــە بە بورکانی چیچۆن بـــــە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی‌ی بە ئاڵو گۆڕی ئاوو هەواوە هەیە لە کۆتایی هاوینی ســـالی ١٩٨٢دا بڵاوکراونەتـــەوە ، ئەوەبوو چەندین ناوچـــــەی جۆراو جۆری جیهان زستانێکی کەمێك تووشیان بە خـــۆوە دیت ، بە تایبەتـــی لـــــە ئەمریکادا ، ئایا ئەمە نـــــەوە دەچەسپێنێت کە بسبۆڕان چاوەڕوانی بوون ؟؟ ئایـــا چاوەڕوانی ئاڵو گۆڕی ئـــاوو هەوای دیکە بکەین مساوەی دوو ساڵی دادێ بـــەردەوام بێت ؟ یاخود ئەوەی کـــە ڕووی دا تەنیا شتێکی بـــە ڕێکەوت بوو ٠٠؟؟

کە کتێبی ـ پاشماوە

هەمیشە نووسەرن ٠٠ هتد)٩

لە زمانی کوردیدا ئامرازی (ترین) دەخرێتە دوای پلـــەی باڵای (صفە)وە ، بەڵام لـــە لاپەڕە (٩)دا ئەم ئامرازە بـــە هەڵە خراوەتە سەر ووشـــەی (دوژمن) کە ناوێکی گشتی‌یەو ناتوانرێ بنووسرێ (ئافرەت دوژمنی دوژمنرێن. ئافرەتـــە) بەڵکـــو دەبێ بنووســـرێ (ئافرەت دوژمنی گەورەترین دوژمنی ئافرەتە) ٠٠

وەلە لاپەڕە (٨٢ دێـــڕی پێنجەم)دا نووسراوە (گەنمو نیوێك) کە من ئەم دەربڕینە بە هەڵە دەزانمو دەبـــێ بنووسرێ (دەنکو نیوێکـــ گەنم) ٠٠

لە کۆتایی‌دا لەگەل ڕێزو نوازشم بۆ برایان (کـــاك محمدو کاك عبداللە) بە هیوای سەرکەوتنیانم ٠

پاشەڕۆژی ـ پاشماوە

بەشە ، بەشی سێیەمی (ئەدەبی بێگانان) خـــۆی نواندووەو دیدەی لاوانو ڕۆشنبیرانی ڕۆشن‌کردوە٠٠

● لە پێشەکی ئەم بەشی سێیەمەشدا ، کـــاك عزیز هەمدیس چەند نیازێك ئەخوازێ‌و ئەڵێ :

«بە ئومێدی بەشی تری ئەدەبی بێگانانو بـــە ئومێدی بەشداربوونی برایانی‌ترو تا بەشی چوارەم کە تایبەتی‌یە بە شیعر ،هیوای سەرکەوتـــــنو بەردەوامبوونتان بۆ دەخوازین ٠٠٠»

ئەوەی جێگەی سەربخیش بێت ، ئەم بەشـــە (٧٢) لاپەڕەیە لەسەر ئەرکو گیرفانی تایبەتی ئـــەم لاوەو دڵۆزانە چاپکراوە : «صباح حمە رشید ـ قاسم محمد فتاح ـ شمس‌الدین عمر ـ علی محمود جوکـل ـ حاجی ئەحمەد ـ حسام بەرزنجەیی ـ عزیـــز گەردی ٠٠٠» کە ئەمەیان خۆی لە خۆیدا مایـــەی تێڕامانێکی ڕوردو ژانە دڵێکی وردو هیوایەکـــی پرشنگدارە ٠٠٠

لە پێشەکی بەشی چوارەمی پرۆژەکـــەدا ، هەمدیسان کاکی گەردی ، چەند قسەیەکی پڕ لە داخو حەسرەتی کردوەو ڕەنگی لایەنێکی دیکەی مەرگەساتی چاپو چاپەمەنی کوردی ڕشتوەو ئەڵێ :

«ڕاستە ، ئێمەش حەز دەکەین (ئەدەبی بێگانان) فراوانتر بکەینو بە قاقەزو چاپی چاك بڵاوی بکەینەوەو نرخێکی هەرزانی لەسەر دابنێینو زووژوویش بەشی تازەی لێ‌بڵاو بکەنیەوە ٠٠٠ بەڵام گەر وا بکەیـــن ناتوانیین بە شێکیشی لێ‌بڵاوبکەینەوە هەروا حـــەز دەکەین بەبیز هەموو خوێنەرانی بێنینەوە کە ئێمە لە دامەزراندنی ئەم پرۆژە بچکۆلانەیەو لە دەرکردنـــی بەرهەمێکی وەکو ـ ئەدەبی بێگانان ـ لە ڕەنـــــجو تەقەڵاو ماندوبوونو سەرێشەو شەپەشەقی چـــاپو بڵاوکردنەوە زیاتر هیچمان پێ‌نەبڕاوەو چاویشـــمان لێ‌نیە هیچمان پێ‌ببڕێ ٠٠٠» ئەم بەشە بە قەوارەی (٩٤) لاپەڕەیە وتایبەتی‌یەبەشیعر ٠

ئەمەو ئەوەی شایانی سەرنجیشە بەغەیری ئەم سێ بەشەی دوایی کە ڕاستەوخۆ لە زمانە ڕەسەنەکە وەرگێڕاون ئەگینا ئەوانەی تر هەمووی لـــــــە ئینگلیزی‌یەوە کراون بە کوردی مایەوە سەرئـــــەوە بڵێم : لەگەل شاباشکردنی ئـــەم پرۆژە بایەخدارەو لەگەل پیرۆزبایی‌کردنیش لە گشت ئەو نووسەرانەی بەشداریی‌یەکی بە جەرگیان لەم هەوڵە پیرۆژەدا کردوە ،داوا لە گشت لاوێکی دڵۆڤانی ئەم کوردە ئەکەین ،بە ئەوپەڕی هێزو هەمەرەنگی خۆشەویستیەوە، پشتگیری هەمە ڕەنگەی ئەم پرۆژە ڕەنگینە بکەن ، تا ئەم گوڵە گەشاوەیەی گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردو بزوتنـــەوەی ڕۆشنبیریمان لە گەشەسەندنو پێشکەوتنابێـــتو هەڵنەوەرێ ٠٠ خۆزیاش برادەرانی خاوەن پـــرۆژە ناوی (بێگانان) یان ئەکرد بە (بیانی)و پتریش بایەخ بەو بەرهەمانە ئەدرا کە دەوری دیاریان لە سەرجەمی بزوتنەوەی شیعرو فیکرو ڕۆشنبیری‌ی جیهانیـــا کردوە ٠٠٠!!

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی نەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

پێنج شەممە ٢٠-١٠-١٩٨٣ ژمارە - ٧٠٨ .
١٢ لاپەڕە
بە ٥٠ فلسە
الخميس ٢٠-١٠-١٩٨٣ العدد ٧٠٨ .

لەم ژمارەیەدا

● لە ل ٣و٤ و ٦و ٧ دا دەقی ووتە بەنرخەکانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەبەرنامەی پێکەوە لەپێناوی گەل و شۆڕشداو لەگەل رۆژنامە نووسەکانی فەرەنسا بخوێنەرەوە

سەرەکی فەرماندە: عیراق قەڵایەکی باڵایە وسنووری شمشێرێکە کول نابێت

سەرەکی فەرماندە بەریز صدام حسین دووپاتی کردەوە کە عیراق قەڵایەکی باڵایە و سنووری شمشێرێکە هەرگیز کول نابێ و رازی نابێ کەس بە دوژمنایەتی لێی بپەرێتەوە .

بەریز سەرەکی فەرماندە لەکاتی چاوکەوتنیا بە کۆمەڵێکی زۆری جەماوەری خەڵکی پارێزگای سلیمانی ئێوارەی یەك شەممەی رابووردو لەو جەماوەرەی زێڕو پارەیان بەخشیوە وتی : دوژمن تووشی کوت وپڕی بوو بەوەی زانی ئەوەی لەعیراقدایە گەلێکی دێرین و نیشتمان پەروەرەو دەوێ و بەرگری لێدەکا جا کورد بێ یان عەرەب .

ئەمەش دەقی ووتە بەنرخەکەی بەریز سەرەکی فەرماندەیە :

بەخێربێن خەڵکی سلیمانی ، دوای هێرشەکەی حاجی هومەران ، بەنزیکەی مانگێك لە ناوچەی کوردستان و بۆ رۆڵەکانی گەلی کوردمان دەرگای تەطوعمان کردەوە ، دوا ژمارە کە بینیومە دەربارەی ژمارەی متەطوعەکان بەر لە (١٠) رۆژ گەیشتۆتە (٧٠,٠٠٠) کوردی متەطەوع بۆ جەنگین بەرووی دەستدرێژیدا لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا .

دوژمنی ئێرانی و غەیری ئێرانی ، دوژمنانی ئەم گەلە مەزنە ، ئەوساو تائیستاش تووشی وەهم بوون، لە سەرەتادا تووشی وەهم بوون ، دیسان تووشی وەهم بوونەوە کە ئەوەیان هەڵبژارد هێرشی نوێیان لە کەرتی ناوچەی کوردستان بێ ، هەروەك لەوەپێش وتمان هەندێ وای بردە مێشکیانەوە ، هەندێ لەو خائنانەی خیانەتیان لە خاك و هەواو ئاوی عیراق کردو خیانەتیان لە میژووی عیراق کرد ، ئەوانەی سەربەرزی و ژیانی بەختیاریان لە وڵاتەکەیان رەفز کردو بەوە رازی بوون لەسەر پاشماوەی خوانی بێگانە بژین ، وایان بردە مێشکیانەوە کە وەك ئەوان لە عیراق زۆرن ، ناماقوڵیان کردو لەگەڵیاندا دوژمن ناماقوڵی کرد ، بەم جۆرە دوژمن روو بەرووی کوت و پڕی بوو بەوەی زانی ئەوەی لەعیراقدایەگەلێکی دێرین و نیشتمان پەروەرەو رۆڵەکانی ئەم گەلە کوردین یان عەرەب خەڵکی سلیمانی بن یان بەسرە عیراقیان خۆشس دەوێ و بەرگری لێدەکەن ، جا وادبارە هەندێکیان لایەنێکی ئەم راستیەیان زانیوە لەبەر ئەوە بکەن سەرەرای ئەوەی بەپێی ئاگاداریمان مانگێك دەبێ خۆیان کۆکردۆتەوە پێداویستی سەرەتاییان ئامادە کرد دوایی گۆڕانیان تیا کردو هێری تریان خستە سەرو هێشتا هەر دوو دڵن هێزشە نوێکەیان بکەن ، چونکە هەندێکیان دەزانن ئەم هێرشەیان ناکرێ لە شکاندن زیاتری بۆ بنووسری و پشت بەخوا روو بەرووی مەرگی تەواو تەواو دەبن .

کەواتە ئێمە چاوەرێین ئەگەر بەختی رەشبان و وەساوسی شەیتانانەیان ویستی و ئەو بێگانەیەی لە پشتیانەوەیەو هانیان دەدات بۆ سەرکێشیەکی نوێ ئێمە دڵنیاین بەتەواوەتی و هەست بە دڵنیایی چاوەرێ کراو دەکەین هەر بەو جۆرەی مامەلە لەگەڵ دڵنیایی ئیستادا دەکەین دەزانین مردن ئەنجامیان دەبێ و سەرکەوتن و ژیان بۆ عیراق ئەنجامتان دەبێ پشت بەخوا . بەڵام ئەگەر پاشگەزبوونەوە لەنەخشەکەیان ماوەیەکی تر چاوەرێیان کرد تا خۆکۆکردنەوەیان زیاد بکەن دیسان چاوەرێیانین و بۆ هەر حاڵەتەو خۆ ئامادە دەکەین رووبەرووی دەبین خۆ ئەگەر مەنتقی عەقڵ چوە مێشکیان بێگومان ئێمە هیوادارین وابێ و بکەنە ئەو قەناعەتە کە عیراق قەڵایەکی باڵاو سەختەو سنووری شمشێرێکە کول نابێ و ناکرێ رازی ببێ بە دوژمنایەتی لێ بپەرنەوە ، پشت بەخوا هەمیشە سەر . بەرزی بۆ عیراقیەکانەو مردن بۆ دوژمنانی .. اهلا وسهلا بە خەڵکی سلیمانی .

شارل سان برو

سوپای عیراق دەتوانێ بەرەنگاری دەستدرێژی ئێران بێ
فەرەنسا راستە لە یارمەتیدانو پشتگرتنی عیراقدا

بەبۆنەی دەرچوونی کتێبە تازەکەیەوە کە ناوی «شەڕی کەنداو» . رادیۆی فەرەنسایی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ نووسەری فەرەنسایی ، سەرەکی لیژنەی ناشتی لە رۆژەڵاتی ناوەڕاستدا شارل سان برو سازکردو لەم چاوپێکەوتنەدا برو وتی گومانی تیا نیە ئەوەی ئاگری ئەم شەڕەی هەڵگیرساند خومەینی بووو مەبەستیشی لەمە بەش بەشکردنی عیراق و بۆدەرەوە ناردنی «شۆڕشە» کەیەتی .

برۆ وتی هەرچەندە عیراق لەبارەی پانتایی و ژمارەی دانیشتوانەوە بچووکترە لە ئێران بەڵام عیراقی یەکان ئازایانە بەرەنگاری خومەینی بوون و باری ناوخۆی عیراقیش زۆر نایابەو گەلی عیراق خۆی کردوە بە سەرباز لە پشت سەرەك صدام حسینەوەو سوپای عیراقیش ئەوەی ئیسبات کردوە کە دەتوانێ رووبەرووی رژێمی خومەینی بوەستێ و دەستدرێژی یەکانی پووچەڵ بکا .

هەروەها سان برو وتی بەڵام ئەگەر سەیری ئەودیو بکەین دەبینین بارودۆخی ناو ئێران زۆر نالەبارەو گەل و سوپا زۆر لە شەڕ بێزارن و ئیستا گەلی ئێران دەزانێ کە ئەمەریکاو «ئیسرائیل» بە چەك یارمەتی خومەینیی دەدەن و شارۆنیش لەم دواییەدا ئەمەی دووپات کردەوە .. کە وا بوو خومەینی توانای ئەوەی نەماوە «شۆڕشە» کەی بنێرێتە دەرەوە .

لە کۆتایی قسەکەیا شارل سان برۆ وتی فەرەنسا راستە لەوەدا کە یارمەتی عیراق دەدا چونکە یەکەم دۆستیەتی و دووەمیش چونکە ئەمە یارمەتی هێمنی ناوچەی کەنداو دەدا ، خۆ ئەگەر خومەینی سەرکەوێ ناوچەکە تووشی بەڵایەکی گەورە دەبێ .

لە لایەکی تریشەوە ژەنەرال باری دوبلاردین کە یەکێکە لە پێشەوا پێشووەکانی چەکی ئەتۆمی لە فەرەنسادا وتی ئیستا ئاشکرایە کە «ئیسرائیل» یارمەتی چەك و کاروباری سوپاییانەدەدا بە ئێران بۆ هاندانی لەسەر بەردەوامبوون لەسەر شەڕ هەرچەندە عیراق هەمیشە ئامادەی رازی بوونە بە هەموو جۆرە هەوڵێکی رێکەوتن و شەڕڕاگرتن .

لە کۆتاییدا ئەم ژەنەرالە ستایشی توانای سوپای عیراقی کرد لە شەڕو لە فیرپوونی بەکارهێنانی جۆرەها چەکی پێشکەوتوودا .

خواروو بەیروت ئارامە بەڵام بەترسەوە باری نەبەتییە هەر ئاڵۆزەو چاودێریکەرەکان بڵاودەبنەوە بە ناوچەکانی شەڕدا

ئارامی یەکی ترس لێکراو ناوچەکانی خوارەوەی بیرۆتی گ تەوە پاش ئەوەی تەقە لە دەوریەیەکی دەرپاوانە ئەمەریکایی یەکان کراو یەکێکیان لێ کوژراو پێنجی تریشیان لێ بێکران .

چەکدارە خۆمەڵاسدەرەکانیش چالاکی خۆیان پەرەپێدا لە خواروو بەیروت و لە قەراخ دورباو لەو ناوچانەدا کە میلیشیاکانی کاتایبیان تیابە .

هێزەکانی زابۆنی داگیرکەریش هاتووچۆیان لە شاری «نبطیە»دا قەدەغەکردو پاش داخستنی رێگاکان بەتەواوی کەوتنە پشکنینی شارەکە مال بە مال و ژمارەیەکی زۆریان لە دانیشتوانی گرت . ئەم قەدەغەکردنی هاتوچۆیەش لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا بوو کە لە نێوان خەڵکی شارەکەو هێزە زایۆنی یەکان هەزارەها نوێژکەریان تیایا دایبەر گوللەباران .

لە لایەکی تریشەوە وا بڵاوکرایەوە کە (٨٠٠) چاودێریکەری یۆنانی و ئیتالیایی لە قوناغی یەکەمد بە ناوچەکانی شەڕد بڵاودەبنەوە

تاوانبارکردنی نازارو ئەشکەنجەدانی نووسەرو هونەرمەندانی ئێران

نیودێلهی : یەکێتی نیشتمانی نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی هیند ئەو هێرشانەی تاوانبارکرد کە رژێمی خومەینی دەیباتە سەر نووسەرو هونەرمەندە ئێرانی یەکان و دەیانگرێ .

یەکێتی یەکە لەو بەیاننامەیەیدا کە لە نیودێلهی بڵاوی کردەوە وتی ئەو نووسەرە ئێرانی یانەی کە دووچاری گرتن و ئەشکەنجەن لەلایەن رژێمی خومەینی یەوە دەورێکی باڵایان بینیوە لەو شۆڕشەی گەلی ئێراندا کە رژێمی شای وەرگەڕاند .

سەرەکی ئەرکانی فەرەنسا

فەرەنسا قەدری بەڵێنی خۆی دەزانێ و رێکەوتنەکانی جێ بەجێ دەکاو لەو هیوایەشدایە ئاشتی لە کەنداوی عەرەبدا بێتەدی

کوەیت : فەریق جانو لاکازی سەرۆکی ئەرکانی سوپای فەرەنسا وتی وڵاتەکەی قەدری بەڵێن و گفتەکانی دەزانێ و رێزی هەموو رێکەوتنێکی دەگرێ کە لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا کردبێتی و لەبەر ئەمە هەموو رێکەوتنەکانی لەگەڵ عیراقدا جێ بەجێ دەکا .

لە قسەیەکیا کە لە کوەیتدا بڵاوکرایەوە وتی فەرەنسا ئامادەیە بەشداری بکا لە هەر هەوڵێکدا کە دەدرێ بۆ هێنانەدی ئاشتی لەنێوان عیراق و ئێراندا .

هەروەها وتی هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر بە شەڕی عیراق و ئێران ئاشکرا بەو هیوای ئەوەی هەیە ئاشتی لەناوچەی کەنداوی عەرەبدا جێگیر ببێ .

لەبارەی هەڕەشەکانی ئێرانیشەوە بۆ داخستنی دەربەندی هورمز لاکاز وتی وڵاتەکەی بە دوای چارەیەکدا دەگەڕێ کە ئاشتی پێ سەقامگیر ببێ و ئەوەی دووپات کردەوە کە وا وڵاتەکەی حەزدەکا چارەیەکی وا بدۆزرێتەوە کەشتیگەلی تیا مسۆگەر ببێ بە تایبەتی لەبەندەری هورمزدا .

لە لایەکی تریشەوە رۆژنامەی «الرای العام» ی کویتی وتی سەرۆکی ئەرکانی فەرەنسا بۆ کاربەدەستە کوەیتیەکانی دووپاتی کردەوە کە وا فەرەنسا ئامادەیە چەکی تازەو پێشکەوتوو بدا بە کوەیت و وڵاتانی کەنداوی عەرەب .

رۆژنامەکەیش لای وایە وەفدێکی کوەیتی ئەمسال سەر لە فەرەنسا دەدا .

ئەوەی شایانی باسە فەریق لاکاز لەم سەردانەیدا کە سێ رۆژی خایاند هەندێ گفتوگۆی لەبارەی هاوکاری سوپایی یەوە کرد لەگەڵ کاربەدەستە کوەیتیەکاندا

جەنگاوەرەکانی سوپای دلێرمان دەستی مەردانەی زیاتر لە دوژمن دەوەشێنن

بە گیانی خۆراگرتنی مەردانەو باوەڕبوونی پتەو بە بەردەوامی سەرکەوتنمان بە سەر دوژمنی داخ دڵدا، بەچکە شێرانی سوپای دلێری عیراق،لە هەموو بەرەکانی جەنگدا مەردانە وەستاونو زیانی زیاتر بە دوژمن دەگەیەنن .

بە پێی ئەو بەیاننامانەی ، ئەم هەفتەیە لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دەرچوون دوژمنی چەپەڵ بە زەبری دەست وەشاندنی دلێرانەی جەنگاوەرانمان تووشی نو شستی زۆرتر بوونو لە هەندێ کەرتی بەرەکانی جەنگدا زیانی گەورەی سەرو مالی پێ گەیەنراوەو هەموو هێزە مەردەکانمان ئازایانە بەشداری لێدانی بنکەو مولگاکانی دوژمنیان کردوە .

لە ماوەی هەفتەی رابووردوودا ، فرۆکە جەنگاوەرەکانی هێزی ئاسمانیمان ، چەندان هەڵمەتی سەرکەوتوویان کردۆتە سەر بنکەو مولگاکانی دوژمن بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی باکوورو ناوەراستو هەڵمەتەکانی کەرتو بنکەو رێگا عەسکەریەکانی دوژمنی گرتۆتەوەوەو راستەوخۆ فرۆکەکانمان نیشانەکانیان پێکاوەو هەندێکیان لە قوڵایی خاکی ئێران بوون بەڵام بە زەبری لێدانی ئازایانەی فرۆکەکانمان تەفروو تونا کراونو دوکەڵ لە زۆریان بەرز بۆتەوەو تەقینەوەی جبەخانەکانیان بیستراون . ئەمەو هەموو فرۆکەکانمان دوای بەجێ هێنانی ئەرکەکانیان بە سەلامەتی گەڕاونەتەوە بنکەکانی خۆیان .

دیسان ، جەنگاوەرانی سوپای دلێرمان لە کەرتەکانی تری بەرەی جەنگ ، باکوورو ناوەراستو خوارووە ، مەردانە دەستیان لە مولگاکانی دوژمن وەشاندوە ، زیانی سەروو مالی راستەو خۆو زۆری پێ گەیاندونو دەوریە جەنگاوەرەکانمان لە ماوەی هەڵمەتەکانی ئەم هەفتەیەدا ، چەندان سەنگەری دوژمنیان بەسەر سەربازەکانی دوژمندا روخاندوەو لێدانی بکوژی ئاراستەی سەرسەریان کردوە .

رووداوەکانی رۆژانی رابووردو

● **کوەیت :**
وەزیری ناوخۆی کوەیت رای گەیاند کە حکومەتەکەی سورە لەسەر دەرکردنی هەرکەسێ لەکوەیت بێ بەشێوەیەکی ناشەرعی ئەمەو لەم رۆژانەدا حکومەتی کوەیت سەد ئێرانی دەرکرد کە بەشێوەی نارەوا خۆیان کردبوو بە خاکی کوەیتدا .

● **تونس :**
قسەکەریك بەناوی جامعەی عەرەبیەوە رای گەیاند کە هیچ مەسەلەیەکی وا لە ئارادا نیە وابکات کونگرەی بەرزی عەرەب کە بریارە مانگی داهاتوو لەریاض ببەسترێ دوابخرێ بۆ وەختێکی تر .

● **ریاض :**
دوێنێ لەشاری ریاض لەسعودیە کۆبوونەوەی سەرەك ئەرکانەکانی وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاری خەلیج دەستی پێکرد بۆ وتوویژکردن دەربارەی کاروباری عەسکەری ئەو وڵاتانە .

● **نیودلهی :**
لە هەرێمی بەنجابی هیندستانی کاروباری توندو تیژی تایفەگەری دەستی پێکردۆتەوە

Institut Kurde de Paris





هەندێ بینەرەکی پەرەکی فەرمانڕەوا ئەوکاتی پێشوازی کردن لە مەراسیمی ئەنفالی سلێمانیدا

سەرەکی زانکۆی صلاح الدین

ئەمساڵ ١١٢٨ قوتابی لە زانکۆ وەرگیراوە لە گەڵ "٣٥" قوتابی بۆ خوێندنی باڵا بەشە ناوخۆیی یەکان جگە ئامادەکراون و جێگەی لەمەوو قوتابیە نوێکانی تیادە بێتەوە

عبدالوهاب تالەبانی لقی هەولێر



زانکۆی صلاح الدین ، وانەمسالیش دەرگای خوێندنی تیا کرایەوەو ، وەکو دەزگایەکی زانستیو رۆشنبیری باڵا ، باوەشی بۆ قوتابیەکانی کردەوە ..

بۆ لەوەی روناکیەك بخەینە سەر باری خوێندنو گوزەرانی قوتابیان لەم ساڵی خوێندنا رووەان کردە مامۆستا دکتور خسرو شالیو ئەم گفتوگۆیەمان لەگەلدا کرد ..

● وەرگرتنی قوتابیان ئەمساڵ چۆن بوو ، چەند لە زانکۆی صلاح الدین وەرگیرا ؟

– بەپێی رێوشوێنی تایبەت کە (دەزگای ناوەندی وەرگرتن) داینابوو ، قوتابیان لە زانکۆی صلاح الدین وەرگیران .. ئەمساڵ لەم زانکۆیەدا ١١٢٨ قوتابی وەرگیراوە ، لەمانە نزیکەی ١٠٠ قوتابیان لە بەشی کوردی لە کۆلیجی ئەدەبیات وەرگیراون ، جگە لەمە وەرگرتنی ١٥٠ قوتابی ولاتانی عەرەب ، هەروەها (٣٥) قوتابیش لە خوێندنی باڵا وەرگیراون .

● کاروباری بەشە ناوخۆییەکان ئەمساڵ چۆن دەبێو ئایا کارێکی وا کراوە کە جێگەی قوتابیە تازەکان بکرێتەوە ؟

– لە سایەی گرنگی پێدانی سەرکردایەتی شورشو بەتایبەتی گرنگی پێدانی سەرەکی خەباتگێر هەڤاڵ صدام حسین زانکۆمان رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێشتر دەچێو ، توانای پێشکەوتنی باشتر دەبێ ، ئێمە ئەمساڵ هەمووگیروگرفتێکی بەشە ناوخۆییەکانمان چارەسەر کردەو ، دەسمان لە بەکرێ گرتنی خانووی بچووك هەڵگرتوەو ، ئەپارتمانەو بینایەی فراوانمان بۆ قوتابیە تازەیزەکانمان ئامادە کردەو هەمووپێویستییەکی ژیانو گوزەرانی باشو گونجاومان بۆ رەخساندونو لە پشووی هاوینەدا کەلو پەلی نوێو کارەباو ئاومان گەیاندۆتە هەموو بەشە ناوخۆییەکانو هەموو کەمو کورتیەکانی پارمان چارەسەر کردوە .

(پێگومان بایەخدانی سەرکردایەتی حزبو شورش بە قوتابیان لەو بڕوایەوە هەڵقولاوە کە قوتابی هیوای دوا رۆژی گەلەو جێبەجێکردنی نەخشەکانی پەرەپێدانی ولات لە ئایندەدا دەکەوێتە سەرشانیو ، قوتابیانمان لەم بارووزروفەی ئێستاماندا لە ریزەکانی پێشەوەی بەرگری کردن لە ولات وەستاونو ، دەوری بالایان هەبوە لە بەگژا چوونی هێرشە نارەواکانی رژێمی کەندەڵی ئێران بۆ سەر عیراقی خۆشەویستمان .

● زانکۆ وەکو بنکەیەکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵ ، بۆ ئەمساڵ لە چالاکییەکانیدا چ نەخشەیەکی کێشاوە ؟

– زانکۆ بۆ خزمەتکردنو پێشخستنی کۆمەڵ هاتۆتە کایەوە ، بۆیە هەموو هەوڵو کۆششێکی بۆ ئەم مەبەستە خستۆتە کارو، لەم مەیدانەدا لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانماندا ئەو گیروگرفتو کۆسپانە دەسبەنیشان دەکەین کە دەبنە هۆی دوا کەرتنی کۆمەڵو ، چارەسەریو رێرەوی لە ناوبردنیان دیاری دەکەین . هەروەها دەربارەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە ژیانی هاوولاتیاندا ، لێکۆڵینەوەکانمان بە شێوەیەکی زانستیانە شێی دەکەنەوەو رێگەی چارەسەری کردنی هەموو دیاردە ناقۆڵاکان وەدەر دەخەن ئەویش بە هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بەم مەسەلەیەوە هەیە .

هەروەها زانکۆ وەرزی ئەدەبیو زانستیو رۆشنبیری خۆی هەیەو لەم مەیدانەدا گەلێ چالاکی بە سوودی ئامادە کردوە .

● دوا وتەتان بۆ قوتابیانو مامۆستایانی زانکو ؟

– دوا وتەم بۆ قوتابیانی خۆشەویستمو بۆ مامۆستا ، بەڕێزەکان ئەوەیە کە بە هەموو تواناو بڕوا بوونو ئازایەتیەوە ئەمساڵی خوێندن دەست پێ بکەنو هاوکاری یەکتری بکەنو دلسۆزی ببێتە دروشمی هەموو لایەکمان ، چونکە بەمە خزمەتی گەلو نیشتمان دەکەین ، هەروەها داواکارم کە قوتابیان لە دەرسەکانیان دوا نەکەونو یاریدەی مامۆستاکانیان بدەنو هۆڵی خوێندن بەجێ نەهێڵن .

هەروەها دکتور خسرو شالی وتی :

– داوا کارم لە کۆلێجو بەشە دیراسیەکان ئەزکی سەر شانی خۆیان بە باشی جێبەجێ بکەنو ، وەخت بە فیڕۆ نەدەن چونکە کۆمەڵەکەمان داوای کۆششمان لێدەکاو بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە گەلو وڵات پێویستی بە ماندووبونو هەوڵی بەردەوام هەیە ، بۆ ئەوەی هەموو ئاواتەکانمان لە سایەی شۆڕشی ١٧–٣٠ تەموزی پیرۆزو سەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسینەدا بێتە دیوبەرەو پێش بڕوا .

لێژنەی تایبەتی لێکۆڵینەوەی باری هاوولاتیان لە دهۆك بەردەوامە لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ جەماوەری پارێزگاکەدا

ئەو لێژنەیەی کە بە پێی راسپاردەی سەرەکی فەرماندە بەریز صدام حسین بۆ ئاگاداربوون لە باری هاوولاتیان لە پارێزگای دهۆك پێکهاتووە کۆرێکی بۆ کرێکارانی پارێزگاکە بەستووە .

لە کۆرەکەدا بەریزان هاشم حسنو ارشد احمد زێباری کە هەردووکیان وەزیری دەولەتن قسەیان دەربارەی مەوداکانی درێژەپێدانی دەستدرێژی رژێمی نەزانی ئێرانیان بۆ سەر وڵاتەکەمانو دەوری کرێکاران کردووە بۆ پتەوکردنی خۆراگرتنی گەلەکەمان بەرامبەر بە دەستدرێژیەکە دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە چاوچنۆکی بەرفراوانی تەڵەکەبازی قومو دەستەوداوەرەکەیو ئمپریالیزمو ئەوانەی کە بەزمان عەرەبنو ناپاکەکان چەندە یارمەتی ئەو رژێمە داخلەدڵە بدەن ئەو رژێمە هەرگیز سەرناکەوێ .

لێژنەکە کۆرێکی تری لە مەلبەندی پارێزگاکە گرت بۆ وەکیلەکانی کەرەسەی خواردەمەنیو کۆرەکە بۆ پێویستییەکانی هاوولاتیانو رێبازی چەسپاندنیان تەرخان کرا .

لەکۆرەکەدا بەریز ارشد احمد زێباری وەزیری دەولەت دەربارەی ئەو واقیعە پێشکەوتووە دووا کە گەلی کوردمانی تێدایە کە لە چوارچێوەی ئەوەشدا لە سایەی شۆڕشیو ئۆتۆنۆمیەوە خاوەنی مافی رەوای خۆیانو ئەم واقیعەی لەگەڵ ئەو دۆخە ناخۆشەدا بەراوردکرد کە گەلی کورد لە ئێران کەبەدەست جەردەکانی خومەینییەوە تووشی چەوساندنەوەو چەرمەسەری ئەبن .

لە هەردوو کۆرەکەدا ژمارەیەك لە بەریزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیو ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ئامادەبوون .

ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێ پرۆژەی کشتوکاڵی لەسلێمانی

بەریوەبەریتییەکانی کشتوکاڵ لە ماوەی سێ ساڵی ئەو جەنگە دوژمنکاریە کە رژێمی داخلەدڵی ئێران بەسەر وڵاتە خەباتگێڕەکەیاندا سەپانیو لە سلێمانی کۆمەڵێ پرۆژەی کشتوکاڵیان لە گەڵ ناوچەی پارێزگاکەدا بە خەرجی دوو ملیۆنو ٣٠١ هەزارو ٥١٧ دینار ڕاپەڕاندووە .

ئەم پرۆژانەش بریتیبوون لە پرۆژەی ئاودان بە ئاوپرژێنو درووستکردنی جۆگەیەك بە خەرجی ٥٧٠ هەزار دینارو سێ خەستەخانەنی ئاژەڵو بازارێكو دوو مەلبەند بۆ کۆکردنەوەی میوەو سەوزە کە ١٩٦ هەزارو ٧٤٥ دیناریان تێچووە .. ئەمانەو لەگەڵ درووستکردنی خانوو بۆ بەریوەبەرایەتیی کشتوکاڵیەکانی ناوچەی پشدەرو سەید صادقو تانجەرۆ لە گەڵ بەریوەبەرایەتیو ئەمبارو گەراجێك بۆئێزگەی بێستانگەی کەلار کە ٢٤٧ هەزارو ٥٣٠ دیناریان تێچووە لەگەڵ درووستکردنی سێ ئەمبارو دوو شوێنی ئۆتومبێلو چوار چەتری تەختینەو خانوویەکی شووشەیی بە خەرجی ٢٢٤ هەزارو ٥٨٢ دینار و درووستکردنی گۆمو ئەمباری ئاو بۆ شەتڵەکانی دارستانو ئێزگەکانی بێستانکاریو پەروەدەی ئاژەڵو کاری خزمەتگوزاری کە قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوخۆو تەیمانکردنی هەندی پرۆژەو درووستکردنی ئێزگەیەکی کشتوکاڵ بە خەرجی ٢٩٩ هەزارو ٧٢٥ دینارن ئەمە بێجگە لە درووستکردنی ٤٢ خانوو بۆ ئەوانەی سەر بەریوەبەرایەتییە کشتوکاڵیەکان کە ٦٧٠ هەزارو ٩٢٥ دیناریان تێچووە .

لەم ماوەیەدا پرۆژەی دارستانی دەسی کردوە بەدرەخت ناشتنی دەم رێگەوبانی دەرەوەو چاکردنو بروبێدانی پانتایەکی فراوانی دارستانی سروشتیش و پێشخستنی لەوەرگەی سروشتی لەگەڵ ناوچەی پارێزگەکە پێکهاتوون لەگەڵ بەرهەمدانی چەند ملیۆنی شەتڵی دارستان بێجگە لە درووستکردنی گەلێ مەلبەند بۆ رێنیشاندانی کشتوکاڵیو تەندروستیو کۆمەڵایەتی کە سەرپەرشتی بواری روونکردنەوەی تازەترین رێبازی زانیارانەی کشتوکاڵی پەروەردەی ئاژەڵ پیشانی جوتیارەکان ئەدات .

ئیستا کار لە ئاودایە بۆ درووستکردنی پرۆژەی کشتوکاڵیو خانوری ژمارەیەك خانووبەرەی کشتوکاڵی بە خەرجی پێنج ملیۆنو ٦٤٢ هەزارو ٥٦٢ دینار .

کارەکانی فراوانکردنی لقەکانی پەلەوری سلێمانی بۆئەوەی سەرجەمی وزەی هێلکەی ساڵانە بگاتە ١٤٠ ملیۆن لەگەڵ درووستکردنی خانوور بۆ چوار چاودێریکاری هەرەوەزی لە ناوچەی پشدەرو سەرسیرو دووبارەگا بۆ هەردوو لقی دەستەی گشتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ لە شارباژێرو چەمچەماڵو خەستە خانەیەکی ئاژەڵ لە شارباژێرو باڵاخانەیەکی نیشتەجێ لە سلێمانیو ١٧ خانووی نیشتەجێ بوون بۆ ئەوانەی سەربەبەریوەبەرایەتییە کشتوکاڵیەکان لە گەڵ ناوچەدا .

Institut Kurde de Paris

دەقی ووتە بەنرخەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین

لـە کاتی چاوپێکەوتینا بـە بەشدارانی بەرنامەی « پێکەوە لـە پێناوی شۆڕش‌و گەلدا بیردەکەینەوە »

براکانم مەبەستی بنەڕەتی‌ی لە بانگ‌کردنەوەی ئەوانەی ئامادەی بەرنامەی پێکەوە لەپێناوی شۆڕش‌و گەلدا بیردەکەینەوە بوون‌و ئامادەبوونی هەندێ لـە کاربەدەستانی چەند چالاکی‌یەکی جیاواز لەم بەیـەك گەیشتنەدا ئەمەی خوارەوەیە :

یەکەم ـ ئەم بەرنامەیە بە بڕیاری بەشـی ڕاگەیاندن لە رادیۆو تەلەفزیۆندا پەیدانەبوە بەلکو بە بڕیاری لایەکی باڵا لە سەرکردایەتیدا پەیدابوەو هەتاکو ئاوەکەیشی لەسەر ئەم ئەساسە هەلبژێرراوە کـە دابوو دەمانەوێ هەموو لایە لەبارەی گرنگی ئـەم بەرنامەیەوە ئاگادارکەین لە رادیۆو تەلەفزیۆندا ٠٠

هەروەها دەمانەوێ هەموان ئەم بەرنامەیە بـە دەلاقەیەکی ڕاستەقینە دانێین لەو دەلاقانەی کـە شۆڕش سەیری گەلیان لێوە دەکاو گەل لێیانـەوە سەیری ئەرکەکانی خۆی دەکاو لێیان تێدەگا لـە چۆنیەتی هاوکرداریدا لەگەل شۆڕشداو هەروەها لە دەلاقەکانی تریشەوە کە ئەم بەرنامە یەکێکە لە دەلاقە سەرەکی‌یەکانی هەرچەندە من دڵنیام لەوەی کە ئـەو دائیرانەی کاربەدەستن ئیستا هەست بە گرنگی ئەم بەرنامەیە دەکەن پاش ئەوەی سەیریان‌کـرد سەرکردایەتی ئاگاداری ئەم بەرنامەیەیە بەڵام لـە سەرەتاوە ئەگەر چاودێری ئەم بەرنامەیەیان نەکردایە هاوڵاتی دەهات بە ئارەزووی خۆی قسەی دەکردو ماوەیەبەن کە بڵێم هەندێ هاوڵاتی‌یان بە ئارەزووی خۆیان قسەدەکەن‌و کاربەدەستیش دێت بە ئارەزووی خۆی قسەدەکا کێ هەیە بڵێ قسەکەت هەڵەیە

٠٠ ئەویش قسەدەکاو وەڵامدەدانەوە ئیتـر لە قسەکانیا دەچێتە ناخی شتەکەوە یانـا وردەدبێ یانا ئەمە کارێکە پێوەندی بـە ئارەزووو بەروەردەو ئیعتیباراتی ترەوە هەیە ٠

بەڵام کاتێ ئەو کاربەدەستانەی بانگ‌دەکرێن بۆ تەلەفزیۆن سەیریان‌کرد ئەو ئەنجامانەی بەرنامەکـە دەیانگاتێ لەبارەی مافـو ئەرکەوە لەلایەن لایەکـی باڵاوە لە دەولەتدا چاودێری دەکرێن لەوە گەیشتن کە بەرنامەکە گرنگە بەڵام من دەمەوێ گەل هەمووی گرنگی‌ی بەرنامەکە بزانێ‌و بە شێوەیەکی تـەواو بەشداری تیا بکا ٠٠

خاڵی دووهەم ٠٠ دەمەوێ گفتوگۆکە دووبـارە بکرێتەوە لەبەردەمما بۆ ئەوەی هەندێ بیرو بۆچوون ڕاست‌بکەمەوە کە هەندێکیان لەبارەی پـەروەردەو ڕەوشتن‌و هەندێکیان زانستی‌و هونەرین بـەڵام هەموویان دەچنە ناو بۆچوونی فراوانی شۆڕشـی‌و ئابووری‌یەوە بە شێوەیەکی گشتی‌و بۆ ئابووری لـە کاتی شەڕدا ٠

ئەمە یەکەم ئەرکمانە

خاڵی سێهەم ٠٠ ئەوەیە کە بچینە خەباتێکـی ڕاستەقینەوە لەگەل خۆمانا بەجۆرێ لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە مافی خەلکی‌تر دابمەزرێ‌و هەست بەوە بکرێ کە لە نیشتمانی تازەماندا زوڵم نابێ قبـوڵ بکرێ‌و بە شمشێر ڕاست‌بکرێتەوە ئەك هەر بە قەڵەم‌و هەموومان هەست بەوە بکەین کە ڕەنگە لە هەمـوو شتێك ماندووببین لە لابردنی زوڵم نەبێ ئیتر چ لـە خانەی لاوان یا کاملان یا پیراندا دانرێین ٠٠ یانـی ڕەنگە لە بارێکی تەندروستی وادا بین نەتوانیـن مۆربکەین بەڵام لەم بارەیشدا ڕەنگە توانـای مۆرکردنمان نەبێ بەڵام دەتوانین شمشێر لە ڕووی ئەو زوڵمەدا بەرزکەینەوە کە بەرامبەر بە ئادەمیزاد دەکرێ هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە ئەمە یەکـەم ئەرکمانە لەبارەی عیراقی‌یەکانەوە چونکـە بەرپرسیارین لەبەردەمیاناو لەبەردەم خوادا لەبـارەی دەستووری‌و ڕەوشتەوە پێش خەلکی‌تر هەرچەنـدە ئەرکە نەتەوایەتی‌یەکەیشمان ئاشکرایە بۆ هەموان ٠

کۆمەڵگایەکی تازە دروستدەکەین

خاڵی چوارەم ٠٠ ئەوەیە کە ڕابێین لەسـەر ئەوەی ڕێزی قسەی خۆمان بگرین یانی دەبێ وردبین لە گەڕان بەشوێن ئامانجدا لە ڕەوشتی باش‌و زانیاری هونەریدا کاتێ کە دەڵێین فلان شت ڕووی‌داوە بـە تەواوی مەبەستمان ئەوەیە ڕوویداوەو بە تەواوی ٠٠ یانی منجەمنج‌کردنی هاوڵات لەبەردەم کاربەدەستداو بەسەر کاربەدەستاو هی کاربەدەست بەسەر هاوڵاتیدا دروست نیە ٠٠ دەبێ ئەوە ئاشکرابێ کەوا هەموومان کۆمەڵگایەکی تازە دروستدەکەین‌و بناغەی شەرەف‌و ناومان‌و ئەوەی کە دەمانەوێ بەستراوە بەوەوە کـە بتوانین ئەم کۆمەڵگا تازەیە دروست‌بکەین لـە چوارچێوەی ئەو بیروباوەڕەی کە بە شێوەیەکـی سەرەکی هەموو کەسێ دەیزانێ‌و شارەزایەتی لە کەس پەنهان نیە ٠٠

هەرزوڵم وزۆرێ لە عیراقی یەکان بکرێ شمشێری بەرووداهەڵدەگرین

کاتێ کە هاوڵاتی دێت نابێ هەر لەبەر ئـەوە بێت کە لە تەلەفزیۆندا دەرکەوێ تاکو ئەو خەلکانەی ئەم دەگەڕێتەوە بۆیان بێ‌ی‌بڵێین خوا سەرکەوتووت‌کا دوێنێ قسەی باشت کرد پێویستە ئەو هاوڵاتی‌یەی لە تەلەفزیۆندا دەردەکەوێ بە ئەدەب ڕاوەستێ‌و بـە ئەدەب قسەبکاو قسەو دەربڕینەکانی وردبێ‌و بـە ئاسان سەیری کاروبارنەکاو بێت بێ‌ڕاوەستان باسی کۆمەڵێ شت بکا پێویستە عیراقی‌ی ئیشتیانپەروەر ویژدانی خۆی بکا بە جەکەم‌و بڵێ فلان شت فلان شتی بەسەرا هات‌و پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم شێوەیـە چارەی بکرێ‌و کاربەدەستیش کە وەڵام دەدانەوە دەبێ وردبێ‌و بەڕەوشت بێ لە وەڵامیاو دروست نیە کـە کاربەدەستێ هەستی‌کرد بەوەی لاری کردوە بڵـێ ئیشەکەت مێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە لە کاتێکدا بڕیاری لەسەر درابێ ٠٠ برایانم ئیستا ئەوەنـدە شارەزاییمان پەیدا کردوە لە جیاکردنەوەی هەق لـە ناهەق هەربەوەندە سەیری تەلەفزیۆن یا دەمەوچـاو بکەین بە ڕادەیەکی ئاسوودە نالێم بە ڕادەیەکی تەواو هەستدەکەین بەپێ‌ی بەراوردکردن کە ڕاسـت لەکۆیدایەو هەڵە لەکوێدایەو کێ دەگەڕێتەوە بۆ کام شوێن ٠

من لە هەموو ئەو قسانەم نەکۆلیوەتەوە کـە کراون بەڵام ڕەنگە هەڵەیەکی هونەری کەم‌بێ ئەك زۆر ئەگەر قەناعەتی تەواوم هەبێ بەڵام لێتان ناشارمەوە کە وا جۆرە قەناعەتێکم پەیدا کردوە لەبارەی هەنـدێ حالەت‌و هەندێ کەسیشەوە چونکە من لە تەلەفزیۆندا هەر گوێم لە لایەك نەگرت بەلکو گوێم لە هـەردوولا گرت ٠ لە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی ئەنجومەنـی وەزیرانا گرنگترین شتێك کە دلشادی دەکـردم ئەوەبوو کە ئەو وەزیرەی پێوەندی هەیە بـە بابەتێکەوە دێتە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنـی وەزیرانەوە پاش ئەوەی کاتێکی تەواوی بەسەربردوە لە گەڕان بە شوێن بنچ‌وبنەوانی بابەتەکەیـاو بابەتەکانی باش ئامادەکردوەو بە قووڵی قسەیـان لەسەر دەکا لەو کاتەدا کە ئەنجومەنی وەزیران باسی بابەتەکە دەگاو لەگەل ئەمەیشدا وەزیرەکانی تر کە لە دەرەوەی کەرتەکەوەن بە شێوەیەکی مەوزووعی‌یانە لە بابەتەکە دەکۆلنەوەو لە ناخەوە بەشداری‌دەکەن لەم ڕێبازەداو ئەمە شتێکی خۆشە ٠

بەرنامەیەك بۆ گەلی عیراق

کە وابوو پێویستە لەسەر کاربەدەسـت‌و هاوڵاتی کاتێ کە دێت بۆ کۆڕی پێکەوە لەپێناوی شۆڕش‌و گەلدا بیردەکەینەوە کەسیان لەسەر ئـەو ئەساسە ئەیەت کە دێت‌و مەسەلەیەکی تایبەتـی باس‌دەکا بەو هیوایەی ٠٠ بەخوا فلان کاربەدەسـت گوێ‌ی لە مەسەلەکەی ببێ‌و دوای ئەوە ڕەنگـە گیروگرفتەکەی چارەبکرێ ئەگەر چارەیش نەکرا ئەو هیچی لەکیس نەچوە ٠٠ ناه ٠٠ ئەمە بەرنامەیەکە بۆ گەلی عیراق ٠٠ ئەوەی دێت بۆ ئەوەی بەشداری بکا تیایا دەبێ وردبێ‌و بابەتەکانی ئامادەکردبێ‌و لە ئەقل‌و مێشکیا تاوتوێ‌ی کردبێ‌و بێت بۆ ئەوەی باسی بکاو ئەو کاربەدەستەیش کە وەڵامی دەداتەوە دەبـێ وەڵامەکەی وردبێ‌و ڕاستبێ‌و نابێ وردا نەبێ ٠ یانی نابێ لە هەردوو شوێندا درۆبکرێ ٠٠ هاوڵاتی نابێ درۆ بکا لە کاتێکدا ڕاستی‌یەکە بزانێ ٠٠ درۆ ئەو قسەیەیە کە جیاوازە لە ڕاستی هەرچەندە قسەکەرەکە ئاگای لە ڕاستی هەیەو ئەمە بە دووڕوویی ناودەبرێ

جارجار کە چوارچێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێ‌و هەروەها کاربەدەستەکەیش ٠٠ کاتـێ کـە کاربەدەستەکە دەگاتە ئەوەی کە هاوڵاتی‌یەکـە زوڵمی‌لێ‌کراوە پێویستە لەسەری بڵێ بەلێ تۆ زوڵمت لێ‌کراوەو هۆی ئەو زوڵمەیش کە لێت‌کراوە هەڵەکەی منەو هۆی هەڵەکەیشم ئەوەیە کە ئاگام لە فـلان کاروبار نیەو زۆر سوپاست دەکەم‌و ئەم بابەتـە ڕاستدەکەمەوە ئەك بێت پێ‌ی بڵێ ئیشەکەت بڕیاری لەسەر نەدراوە بەخوا بڕیارم لەسەر نەداوە لـە کاتێکدا بڕیاری لەسەردراوە من دەڵێم وتیان هەنـدێ بابەت بڕیاریان لەسەر نەدراوە بەڵام دڵنیام تا ئـەم ساتەیش لە کەسم نەپرسیوە لەوەی کە بڕیاریـان لەسەر دراوەو کاتێ کە لێ‌ی دەکۆڵمەوە بـۆم دەردەکەوێ کە بە ڕاسی بڕیاریان لەسەر دراوە ٠٠ یانی بەهۆی ئیش‌کردنەوە لە حزبدا شارەزایی ئەوەمان پەیداکردوە یانی چۆن لەگەل مرۆڤێکی نەخۆشـدا دەجوولێینەوە بۆ ئەوەی چاك‌ببێتەوە چونکـە حزبی‌یەکان بە شێوەیەکی تەواو دروست‌نەبـوونو ئەوان کۆمەڵێکی بێ‌گەرد نین تەنانەت بە صـدام حسین‌یشەوە ٠

بارێکی باشترمان دەوێ بۆ خۆمان

چونکە هەموومان وەك بەردێکی نەتاشـراو وابووین‌و دەتەوێ دیمەنێکی جوانی لێ دەربهێنـێ پێویستە لەسەرت زیادەکانی لابەی وەك ئـەوەی پەیکەرتاش‌و هونەرمەندەکان دەیکەن کـە ماوەیەك خەریك‌دەبن تاکو وێنەیەکی جوان یا پەیکەرێکـی جوان دروست‌بکەن ئێمەیش بە خەباتی بـەردەوام باش‌بووین بە جۆرە مانایەك یانی بەو مانایـەی ڕازی‌دەبین پێ‌ی بەڵام ئێمە تا ئیستا ڕازین لـە خۆمان‌و لە لایەکی تریشەوە ڕازی نین ٠٠ ڕازین بەو مانایەی دەروونمان دڵنیایە لە بارمان ٠٠ لە ڕەوشتمان بەڵام ناڕازیشین چونکە بارێکی باشترمان دەوێ بـۆ خۆمان ٠٠ دەمانەوێ ڕۆشنبیرترو ژیرترو وردتربین‌و دەمانەوێ بەسەبرتر بین‌و کەمتر هەڵچین‌و مێشتا ئەم بارەمان بۆ خۆمان دەوێ لە پێشەوە من مێشـتا سەیردەکەم لەگەل خۆما ئەوەی دەمەوێ‌و هیـوام پێ‌یەتی بۆ گەلی عیراق ماوەیەکە پێویستە لەسـەرم تێ‌بکۆشم بۆ ئەوەی بێ‌ی بکەم ٠

دەڵێم ئەم ماوەیەی کە بەسەرمان بردوە لە ٢٧ ساڵ یا ٢٨ ساڵ یا ٢٦ ساڵ‌و بە ڕادەی جیـاواز هەمووی خەریکی لێکۆڵینەوەی ئادەمیزادە یانی چۆن بارێ کەم‌وکورت دەکەینە بارێکی سوودبەخش نابـێ کاربەدەستێك یا هاوڵاتی‌یەك قسەیە بکاو لای وابێ ئێمە هەستی پێ ناکەین بەڵام ئێمە لە چاوەوە هەستی پێ‌دەکەین‌و لە قوڕگەوە کە وشك دەیلێتەوەو لە لێوەوە کە بە قسە ماندوودەبێ‌و لە جووڵاندنی دەستەوە بـە زۆڕی‌و دەزانین هەق لە کوێ‌یەو ناهەقیش لەکوێ‌یە کەوابوو برایانم دەمەوێ عیراقی‌یەکان بە شێوەیەکی تەواو چاودێری ئەم بەرنامەیە بکـەن لەپێشـەوە کاربەدەستان‌و گەلیش‌و ئەو ڕۆڵەیەی گەلیش کە دێ بۆ بەشداری‌کردن لە بەرنامەکەدا دەبێ وردبـێ‌و دڵنیابێ‌و ڕەوشتی وردبێ‌و هەر کەسێکیش لـە کاربەدەستان لەوێ بێ دەبێ ئەویش وردبێ ٠

خاڵی پێنجەم ٠٠ ئەویش لەبەر گرنگی ئـەم کەرتەیە ٠٠ کەرتی کشت‌وکاڵ‌و مەبەستیشم لە کەرتی کشت‌وکاڵ هەموو شتێکە کە ڕاستەوخۆ پێوەنـدی هەبێ بە کشت‌وکاڵەوە وەك دانەویلەو سەوزەو میوە کەوابوو ئەمە شتی ڕاستەوخۆیە ٠٠ چونکە ئـەو کوڵێرە نانەی کە دەیخۆی لە کشت‌وکاڵـەوە دێ‌و هەروەها میوەو سەوزەو هەموو شتێ کە پێوەنـدی هەبێ بە گۆشتەوە یانی خۆراکی ئادەمیزاد کـە گۆشت‌و نان‌و برنج‌و میوەو سەوزە دەخـواو لای سێهەمیش ئەو لایەیەی کشت‌وکاڵ کە پێوەندی هەیە بە پیشەسازی‌یەوە بەو پێ‌یەی کە کەرەسەیەکی خاوی پیشەسازی‌یەو پاش ئەوەیش دەتوانێ جل لەبەرکـا

بێجگە لەوەی کە لە مایەی کیمیایی‌یەوە دەردەچێ ئەمە شتێکی ترە بێجگە لەمە هەمووی لە کشت‌و کاڵەوە دێ ٠٠ ئاوریشم لە کرمی ئاوریشمەوە ئەویش لـە کشت‌وکاڵەوە پەیدادەبێ‌و شتەکانی تریش بەمجۆرە

گوێ‌دان بە سەرچاوەی سەرەکی‌ی سامان

کەوابو کە گوێ‌بدەین بە کشت‌وکاڵ مانای وایە گوێمان داوەتە سەرچاوەی سەرەکی‌ی سامـان‌و ٠٠ سەرچاوەی سەرەکی‌ی ژیانی ماددی کە بەشێکـی سەرەکی‌ی بەختیاری ئادەمیزادەو ئەم حالەتەیـش هەمیشەیی‌یە چونکە هەرئەوەندە ئـاوو زەوی‌و ئادەمیزاد هەبێ کشت‌وکاڵیش دەبێ ٠٠ ئـەوت تەواودەبێ‌و خەڵووزی بەردینیش تەواودەبـێ‌و ٠٠ هەموو سەرچاوەیەکی وزەیش تەواودەبێ هەتاکو ئەو بەردەیش کە خانووی لێ‌دروست دەکرێ جۆری وای هەیە تەواودەبێ بەڵام قوڕ تەواد نابێ‌و تا هەڵیکەنی خاکی تر دەردەکەوێ ٠

ئەم پێنج ئیعتیبارە پاڵی پێوە نـام کۆبوونەوەکەتان لەگەڵا بکەمەوە هەرچەندە گوێم لـە هەمووی کۆڕەکە یا شتە بنەڕەتی‌یەکانی بوو من بـە شێوەیەکی ئاسایی گوێ‌ی لێ دەگرم ئەگەر لـە کۆبوونەوەیەکدا ئەبم ئەگەر خەریکی ئیشی بەریدبم‌و کۆڕەکە پێشان بدرێ بەریدەکە دەخەمە لاوە و دەڵێم بەرید کاتی خۆی دێت ڕەنگە یەکێ بڵێ بۆچی تۆماری ناکەی دەڵێم من دەمەوێ ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆنـدا بیبینم ڕاستەوخۆ باشترە لەوەی لە فیدیـۆدا تۆماربکرێ یەکێك هەیە بە طلال ناوتان‌برد وەك شێر دانیشتبووو سەری بەرزبوو لەگەل قسـەی کاربەدەستەکانا وا دەردەکەوێ خاوەن هەقـەو کاربەدەستەکان سەریان لێ تێك‌چوو ٠٠ جـارێ دەیانوت ئیشەکەت نەبڕاوەتەوەو ٠٠ جاری لێویـان دەلەرزی‌و ئارەقیان دەردەدا هەریەکەیان پشتی ئەوی تریان دەگرت بەرامبەر طلالی هاوڵاتی ٠٠ نەیانتوانی بە گفتوگۆ سەرکەون بە سەریاو زۆر بە ئەدەب‌بـوو لە باسکردنی گیروگرفتەکەیا زیاتر لەوانەی تر کـە هاتبوونە بەرنامەکەوەو هیچ ورتەی لێوە نەهات بەڵام لە شێوەیا دیارە کە خاوەن هەقە چونکە سەرکەوتن پێش هەموو شتێ لە ناوەوەدایە کاتێ کە پیاو هەست بەوە بکا کە دڵی ئاسوودەو مێشکی ڕاستە ٠

ئادەمیزاد کە لە برایەوە هەڵەی خۆی بزانێ سەردەکەوێ

ئەمەیە سەرکەوتنی ڕاستەقینە مـن وام هەستدەکردو ٠٠ندێ جار خراپ سەیری هەنـدێ کەس دەکەم‌و دەڵێم ئینشەڵلا گومانەکەم ڕاسـت دەردەچێ ٠٠ کاك طلالم بە سەرکەوتوو بینی لەنـاو خۆیاو پاش ئەمەیش لە گیروگرفتەکەی دەکۆڵینەوە ٠

خەلکی تریشم بینی لە کۆڕەکەدا بێ وردبینی باسی گیروگرفتەکەی دەکاو لای بابەتەکەدا بـاش ناوەستێ بـۆ ئەوەی سوودبگەیەنێ‌و پشـووی کاربەدەستەکەیش بدا تاتێ‌ی بگا ئادەمیزاد ئەو کاتـە سەردەکەوێ کە بە هۆی براکەیەوە لە هەڵەکانی خۆی ئاگادار دەبێ‌و لەو کاتەدا کە خۆی لە هەڵە لادەدا ٠

دووهەم کاتێ کە خۆی لە هەڵە لادەدا پـاش ئەوەی ئاگادار دەبێ لێ‌ی‌و ئەو ئادەمیزادەی بەختـی باش نیە ئەو ئادەمیزادەیە کە هەڵە دەکاو لە هەمان کاتدا کە سەیری هەڵەکە دەکا بەڵام لەسەری دەڕوا ٠

سەرنجەکەی تر کە ویستم برا کاربەدەستەکان ئاگادارین لێ‌ی ئەوەیە کۆڕەکە بۆ ئەو دە کەسە نیە کە ئامادەی دەبن کۆڕەکە بۆ چوارده ملیۆن عیراقی‌یە یانی دەبێ بە گوێرەی ماناکەی حیسابی بۆ بکرێ کـە کاردەکاتە سەر چوارده ملیۆن لە چوارچێـوەی کردەوەی دیموکراسیدا ٠٠ یانی پیشانیان دەدەیـن چۆن پەیڕەوی بە دیموکراسی‌یەت بکـەنو بەرنامەکەیش یەکێکە لەو دەرگایانەی کە پیشانـی عیراقی‌یەکان دەدا چۆن پەیڕەوی بە دیموکراسی‌یەت بکەن لە مەیدان‌و دەرگاو ڕوانگەو ڕێبازەکانیا ٠

لە هەمان کاتیشدا توانای عیراقی‌یەکان زیـاد دەکا لە ئاگاداری‌و تێگەیشتنداو ئەمەبش ئەرکێکـی بنەڕەتی‌یە لە ئەرکەکانمان وەك کاربەدەسـتانو مەبەستیشم بە کاربەدەست لە دەولەتدا لـە کرێکارەوەیەو بەرەوژوور تا سەرۆکی دەولـەت وە کاتێ کە باسی شتێك دەکرێ ئەوە بەس نیـە ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو کەسە بدرێتەوە کە پێوەندی بە شتەکەوە هەیە بەلکو هیوادارم برا کاربەدەستەکان وەڵامێکی فراوان بدەنەوە بۆ وێنە ئەگەر هاوڵاتـی لێیان بپرسێ برایانم بۆچی مریشکی زۆرتر لـە دەرەوە ناهێنین ٠٠ یانی هاوڵاتی‌یەکە دێت دەڵـێ ئێمە خەلکی عیراقین بۆ وامان لێ‌دەکەن لـە ڕێزدا ڕاوەستین بۆ مریشك بۆ مریشلمان بۆ ناهێنن لـە دەرەوە ئەگەر بڵێین پارەی قورس هەیە بۆ لە دەرەوە کڕین ٠٠ مریشك لە دەرەوە بێنن‌و کارێکی وا بکەن کوڕە لادێ‌یی‌و کوڕە شاری چەندە مریشکمان بـوێ وەری‌گرن ٠

کاتێ کە لە من بپرسێ چی پێ دەڵێم ٠٠ بـا بڵێین کڕینی مریشك لە دەرەوە ئیشی منە ٠٠ پێ‌ی دەڵێم ئەو پارەیەی ئەمسال تەرخان‌کراوە بۆ کڕینی مریشك لە دەرەوە بەشی ئەوەندە ناکا کە داوای دەکەی ٠٠ ئەمە قسەیەکی کورتەو سووری نیە بەلکـو پێویستە پێ‌ی‌بڵێین براو لە بیریشتانە وتمـان پێویستە بە جۆرێ بیربکەینەوە کە ئەرکمان بەسەر شانەوەیە وەك بڵێ‌ی سەرەك دەولەت‌بین هەموومـان چوارده ملیۆن سەرەك دەولەت و ئەندامی ئەنجومەنی

◁III

Institut kurde de Paris

دەقی ووتە بەنرخەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی چاوپێکەوتینا بە بەشدارانی بەرنامەی «پێکەوە لە پێناوی شۆڕش و گەلدا بیردەکەینەوە»

ئەرکمان بیناکردنی عیراقی نوێ یەوبەرگری لێ کردنیە تی

سەرکردایەتی شۆڕش و لە شوێنمانەوە بەم جۆرە ڕەفتاربکەین ٠٠ ئەمەتان لە بیرە کە وتمان و مەبەستیشمانە ٠٠ ئەگەر لە خەباتی نهێنیدا بووینایەو فلان دروشممان هەلگرتایە وەك پەندی لادێی دەڵێ (ئەو گوللەیەی بە غەیری منەوە نراوە وەك ئەو گوللەیەیە کە بە کاوە نراوە) هەروەها جوولانەوە سیاسی یەکان هەندێ جار بێجگە لە ڕێبازە سیاسی یەکەی کە لە بیروباوەڕیەوەیە شتی وا دەکا وەك بڵێی فلان شتی دەوێ بەڵام ئەوەی باسی هەمان شت دەکا ئەگەر کاروباری بە دەستەوە بێ باش ڕادەوەستێ و لەسەرخۆ هەمان دروشم لە چوارچێوەیەکی واقیعی شۆڕشگێڕانەدا دادەنێ نەك لە چوارچێوەیەکی واقیعی وشك یا دوودڵدا ٠

روانینمان بۆ ئابووری بەگشتی یە

کەوابێت پێویستە بەگشتی بڕوانینە ژیان و ئابووری و بە هاونیشتمان بڵێین برام ئەگەر ئێمە بەبێ پەراوێز شتوومەکت لە دەرەوە بۆ بهێنین ، بە سوودی (خستنەڕوو) لەسەر حیسابی (خواست)، ئەوسا کەرتی بۆ عیراقیەکانی ڕوونبکەنەوە و ڕۆشنبیریسان دەولەمەند بکەن تا یارمەتیتان بدەن ٠

دروستکردنی عیراقی نوێ

جا برایانی خۆم لەمەولا تکاتان لێدەکەم با بەرپرسیار خۆی ماندوو بکات و هاونیشتمانی گوێگر تێبگەیەنێ ئەو بارو هۆیانەی بێبناسێ کە باری ئەرکی ئێمە هەموومان کە کەشتیوان و خزمەتکاریی ئەو ئەرکەین ئاسان دەکات کەوا دروستکردنی عیراقی نوێیەو بەرگری کردنە لێی ٠

لەو وەڵامانەی لە بەرنامەی «پێکەوە لە پێناوی شۆڕشدا بیربکەینەوە»دا گوێم لێبووو بەدڵم بوو ، وەڵامی بەرپرسیارێك بوو کە ئێستابوو بە بریکاری وەزارەتی بازرگانی دوای ئەوەی سەرۆکی دەزگای لەکارکردن بوو کەوا بەبەرگوشادی قسەی دەکردو بەرپرسیارانەیەکی زۆرتر ڕەفتاری دەکردو بەرپرسیارانەتر لە سەرەکی دەزگایەك شتی ڕوون دەکردەوەو لە چوارچێوەی سەرەکی دەزگایەکدا باوەشی ژیاندا دابنێن و لەچوارچێوەی منداڵدانی ژیاندا بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەوە ٠

لەچاو لەدەرەوەهێنانی (مجمدە)شدا ، هەتا ئەگەر بارودۆخ سروشتی بێت نابێ هەموشتێك بەتەواوی لە دەرەوە بهێنین ئەگەر هێڵێکی بەرهەمهێنانی نیشتمانیمان هەبێت پێویستی دابین بکات ، بەڵکو دەبێ بەگوێرەی ڕوانینێکی گشتی بۆ چاککردنی باری کۆمەڵایەتی و گوزەرانی هاونیشتمانان و لەهەمان کاتیشدا پەرەپێدانی پیشەسازیی نیشتمانی بەرنامە دابنێین ، نەك هەر پیشەسازیی نیشتمانی لەوکەرتەی کەدەوڵەت لێی بەرپرسیارە یان بەتەنیا کەرتی سۆشالیست بەڵکو ئەوەی ئاواتمانە ئەوەیە چالاکیی پیشەسازیی لە چالاکیی تایبەتی و تێکەڵدا چاکتربێت و پەرەبستێنێ ٠ کەوابێ بەرەهەم هێنان لەدەرەوە هێنان پێویستە لەگەڵ دوو مەبەستی بنەڕەتیدا هاوسەنگبن یەکەم هێشتنەوەی پەراوێزێکی بەراستی بۆ پەرەسەندنی بەرهەمی نیشتمانی ، وەشتوومەك لەدەرەوە بهێنی تەنانەت شتوومەك لەوولاتیشدا هەبێت بە مەبەستی

لەوانەیە لە لەمووشت هیلاك ببین بەڵام بەگژدامووونی زوڵم و زۆر هیلاکمان ناکات

تایبەتی گەشەناکات کەمن دەمەوێ لە نەخشەی خۆمدا چالاك بێت و هەموو بەرهەمی هێلکەو مریشك لە دەوڵەتەوە ربگرێت و دەوڵەت هەر بۆ لەنگەرراگرتن بێت تاکو نرخ لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا بمێنێتەوەو چالاکی ئابووری لەم مەیدانەدا لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا هەڵبگرین ، بەبێ ئەوەی ئێمە لە کرێکارو لە ئەندازیاری کشتوکاڵو بەرێوەبەری ئیدارە بەتەنیا بگۆڕین تاکو بتوانین هێلکەو مریشك ئامادەبکەین ٠٠ باشە لەم حاڵەتەدا کێ بچێتە سوباو کێ بچێتە لە پیشە سازییە بنەڕەتەکاندا ئیش بکات و کێ بچێتە فلان جێگا کە ئێمە گەلێکی بچووکین ، چونکە ئەمە ئالقەیەکی ستراتیجیی دەوڵەت نییە هەتا چالاکی هێلکەو مریشك لەلایەن بەرهەم هێنانەوە بگرێتە ژێر دەستی خۆی ، نەخێر بەڵکوو لادێیی هاندەدات و خەڵکی عیراق هاندەدات لە (پەلەوەرخانە)ی گەورەوە بەخۆی و بە کارگەی ئالیك و شتی وەهاوە تا دەگا بە خێزانی شارەکان کە چوار پێنج مریشکی هەیەو بۆ خواردنی خۆیەتی و جاران هەبوو ،بەداخەوە ئێستا کەمبووە ، تەنانەت بەخێوکردنی بە ئارەزووش کەمبووە

کەوابێت من وات لێدەکەم کە بەدوا مریشکدا بگەڕێیت تاکو نرخی مریشك لە کەرتی تایبەتیدا بەرزبێتەوە بەجۆرێك کە بەرهەم هێنانەکە کەلك بگەیەنێت ، نەك بەجۆرێك بێت کە خاوەن بەرهەم لەسەر حیسابی هاونیشتمانان دوور لە چوارچێوەی دەسەڵاتداری قازانج بکات ، چونکە لەم بارەدا دەوڵەت دەست درێژدەکات و دەڵێ ئەو هەندە بخەنە بازارەوە کاتێکیش نرخ تا ڕادەیەکی پەسەند نزمدەبێت ،بەڵام دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بەرهەمهێن پێویستە قازانج بکات و هەر چالاکیەکی ئابووری کاتێك دەمانەوێ چالاکیی تایبەتی بەسەردا ڕەتبکەین پێویستە بیر لە ڕادەی قازانجی بکەینەوە ئایا لە قۆنتەراتدا زیاتر قازانج دەکات ٠٠ لە (پەلەوەرخانەدا قازانج زیاتردەکات یان پارەی خۆی لە بەنق دابنێت قازانجی زیاتر دەبێت و پەراوێزی زیاددەکەین تا ڕای بکێشین و ئنجا پاش ئەوە پەراوێزەکە لە چوارچێوەیەکی پەسەنددا لەگەڵ هەموو پەراوێزەکانی قازانجدا لەگشت چالاکیەکانی ئابووریدا دیاری دەکەین ، ئایا وانییە کاتێك ئەم قسەیە دەکەم ئایا عیراقیەکان سوودی لێدەبینن یان نا ٠٠

جا کاتێك یەکێك دەڵێ بۆچی مریشك لە دەرەوە ناهێنیت عیراقیەکان پێیدەڵێن چۆن ئەو قسەیە دەکەیت ، یەکەم ئێمە لە باری شەڕداین و هەرچۆن ڕێك بکەوێ شت ناهێنین و شەڕیش باسای تایبەتی خۆی هەیە ، بەڕادەی دیاری کراوی لەکارکردن شت لە دەرەوە دەهێنین ، ڕادەی لەکارکردنی شەڕیش فەرقی هەیە لەگەڵ ڕادەی لەکارکردنی ئاشتی ، ڕادەی لەکارکردنی ڕەوا ڕادەی لەکارکردنی ناڕەوا نیە، ئەمانەش یاسای جیهانین ٠٠ یاسای ژیانن ٠٠ جا بۆچی لە دەمەتەقێدا کاریان پێناکەن ٠٠ پێویستە ڕەفتاری دەکرد ، ئەمەش ئەو بارەیە کە ئێمە لە شوێنیدا دەگەڕێین و گەشەی پێدەکەین ، هەموو بارەکانی تر لە وەڵامی تەقلیدیی سیاسەتکارانەی بەرپرسیاران بوو ، لە شتێکدا بە (نە) وەڵامدانەوەو بۆ شتێکی تر دەڵێ (بەڵێ) ٠

ئەم جۆرە پرسیارانە ، وەڵامی نادەمەوە هەروەکو چۆن بەرپرسیارانی گەورەو بەشێکیان سەرەك دەوڵەتانیشن وەڵام دەدەنەوە بەڵام پێویست نیە ئێمە بە بەڵێو بە نا لە چوارچیوەی تەسکی هونەریدا وەڵام بدەینەوە ، بەڵکو دەبێ ڕووبکەینە گەلەکەمان هەتا لە بناغەکانەوە وێنەکە لە بەردەمیدا ئاشکرا بێت ، جا ئەگەر وێنەکە وەها نەبێ چۆن گەلەکەمان بەرگەی ئەو پیلانە گەورانە دەگرێت و چۆن ئاوا نایاب و مەزن و بەورەو خۆگرە ٠٠ باوەڕ بە بێلێزانین نابێت ، لێزانینیش بەبێ هوشیاری نابێت و هوشیاریش گۆشەی بناغەییە کە ڕۆشنبیری تێدایە ، ڕۆشنبیریی عیراقییەکان ، پێویستە ڕۆشنبیریی عیراقیەکان پەرەپێبدەین بەمانا ئاگادارکردنیان لە کاروباری ژیان هەروەکو نەخشەی بۆداندراوە لەگەڵ هەموو بارودۆخەکانی هاوڕای و هاودژی،وە دیارکردنی بەرپرسیاریی سەرکردانەیان لە بنیاتنانی داو لەبەرگری کردن لە پێناویدا ، چونکە ئەم جۆرە ڕۆشنبیریە توانای عیراقیەکان زیاد دەکات لە دەستگیرکردنی ئەنجامی داخوازی کراودا ٠ فلان کرێکار ٠٠ کاتێك کە ڕوشنبیربێت لە کرێکارێکی کەمڕۆشنبیرتر ئەنجامی باشتر لە هەمان کاتی کارکردن دەستگیردەکات ، فلان کەس لە فیسارەکەس بەباوەڕترە چونکە جاروبار لەو لێزانترە ، لەگەڵ یەکسانیی کاتێ کە لە نیهاددا بەرامبەر بە هێڵی سەرەکی دەست بەئیش کردن یەکسانەدەبن ، هەرچەندە ئاگاداریی و لێزانیی و ڕۆشنبیریی عیراقیەکان زیادبکەن ئەوەندە ڕێگای بەکارهێنانی ماف و ئەرکەکان ڕوونترو ووردتر دەبێت لەبەردەم هەموو عیراقیەکاندا ، ئەم هۆبە سەرەکییانە بوو وایانکرد کە بەیەك بگەین ٠

زمانێکی هاوبەش

برایانی خۆم من داوا لە هەموان دەکەم ، داوا لە شارەزا گشتیەکان دەکەم ٠٠ ئەوانەی بە ڕوانینێکی ستراتیجی سەودا لەگەڵ ژیان دەکەن ، ئەوەی لێرەش مەبەستە سەرکردایەتیی بەرزە ، بانگیان دەکەم بێن لە گیروگرفتەکانی شارەزابوون بەڕادەی کەمیو بە گوێرەی ئەو کەرتانەی لێی بەرپرسیارنو بە ڕادەی قووڵتر تێبگەن بۆ ئەوەی ببێ بە زمانێکی هاوبەشی سیاسییەکان و هونەرکاران ، کە زۆر پێویستە ببێ و بۆ مەبەستی مرۆڤانەو بۆ مەبەستی زانستیو کردەوەیی پێویستە ٠

لەهەمانکاتدا داوا لەبرا هونەرکارەکانم دەکەم واتا شارەزاکان کە هەموو ڕۆژێك ئەوەپان لەبیرنەچێت شارەزاییە تایبەتیەکانی خۆیان لە پێشبڕکێ بۆ چاکترکردنی جۆری شتومەکەکە ، بەبێ ئەوەی ڕێگە بە لەدەرەوەهێنان بدرێت کە پەرەسەندنی بەرهەمی نیشتمانی ناوخۆ پێشێل بکات ئەمە لەسەر کشتوکاڵو بەروبومی کشتوکاڵیو گیانلەبەری تەتبیق دەبێت هەروەکو لەسەر پیشەسازیو تەنانەت خزمەتەکانیشدا تەتبیق دەبێت، بە نموونە ئەگەر بمانتوانیایە وەستای چاککەرەوەی ئۆتومبیل لە دەرەوە بهێنین بە شێوەیەك کە گیانی پێگەیاندنی پیشەو کارزانی لەم مەیدانەدا بکوژێت ٠ نابێ ئەوە بکەین ٠ بەڵکو دەبێ شارەزاییو پیشە بە ڕادەیەك لە دەرەوە بهێنین کە پێشبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی نیشتمانی بکەنو یارمەتیبدەن بۆ پەرەسەندنو پێشکەوتن ، جا ئەگەر مریشکی پێگانە لە کۆگانی وەزارەتی کشتوکاندا هەبوو ئایا دەمێنیت هەمووی بە پێی پێویستی خەڵك بخەینە بازارەوە ؟ وەڵام : نا ٠

ئێمە دەمانەوێ بەرهەمی نیشتمانی پێبگات و پێویستە بە قەدەری زانراو بخرێتە بازاڕەوە ، بەجۆرێك بەرهەمی نیشتمانی نەشێلێت و ئێمە پەرەی پێدەدەین بۆئەوەی تاسەر مریشك لە دەرەوە نەهێنن و دەوڵەت هەمیشە پەلەوەرو پەلەوەرخانە فراوان بکات ٠ وەڵام نا ٠

براکانم ، لەمەولا هاوردەمان لەسەر دوو بۆچوونی بنکەیی حیساب دەکرێت ، واتا دابین کردنی پێویستی لە سەر دوو بنکەوە سەیر دەکرێت لە بابەتی هاوردندا ٠٠ یەکەمیان پێشبڕکێ کە کارێك بکاتە سەر چاککردنی جۆری بەرهەمی نیشتمانی هەروەکو گوتمان ، دووەمیشیان ڕاگرتنی جۆرە نرخێکە کە لەگەڵ توانای کرییاریی زوربەی عیراقیەکاندا بگونجێت ٠٠ کاتێ کە دەمان بینی خاوەنانی کەرتی تایبەتی ٣٠٪ قازانج دەکەن لە چالاکییەکدا ئەمە پەسەندە، بەنموونە ئەگەر بوو بە ٣٥٪ ئێمە لێی بێدەنگ دەبین ، بەڵام کاتێ بگاتە ١٠٠٪ ئەوسا نابێو لێرەدا پێویستە دەوڵەت دەست بخاتە هاوردنی جۆرە شتومەکێك کەوا پێشبڕکێ لەگەڵ ئەو بەرهەمەدا بکات بەشێوەیەك بێتەمایەی دابەزینی هێڵی نرخ بۆ چوارچێوەکی پەسەندکراو لەلایەن فرۆشیارو کریاو لایەنی بەرپرسیار لە دەوڵەتیشەوە بەگشتی کەوا دەزگای سیاسیی بەرزە ٠ واتا ئەگەر توانیمان بە بەرهەمی نیشتمانیمان بەربەرەکانی کەرتی تایبەتی بکەین ئەوا کارێکی ڕاستەو مانای بەرهەمهێنانی ئیشتیراکیە ٠ بەرهەم هێنانی ئیشتیراکیش لەهەندێ ئالقەیدا دەتوانین بەتەواوی لێی بکشێینەوە ،چونکە ئەو ئالقانە ئالقەی ستراتیجی نین ، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبان هێلینەوە واتا بۆ ڕێکخستنی بازار دەیان هێلینەوە ٠

لەسەر یەکنان

هەردوو چالاکیی ئیشتیراکیو تایبەتی لەڕۆژیمی ئێمەدا تاسەر دەمێنن و پێکەوە لەسەر یەك بان دەژین و ئاشنایەتیان بەچوارچێوەیەك ڕێك دەخرێت کە چالاکیی ئیشتیراکی پێش بخات و بەرهەمهێنان و خزمەتەکان و ڕەوشت و ئیش کردنی ڕۆژانە چاك بکات، هەروەها چالاکیی تایبەتیش لە کۆڕی بەرهەم هێناندا و خزمەتی پاش فرۆشتن و مەسەلەی ڕەووشتیش چاك دەبێت ، ئەم دۆخ و بارەش دەمێنێ و هەرگیز لێ پاشکەز بوونەوەی بۆنیە ، بەڵگو کاری ئێمە ئەوەیە کە یارمەتی دەری چالاکیی تایبەتی بین لەهەمان کاتدا کە ڕێکخەرو یاریدەدەری ئەبین بەشێوەیەك چەندبی بەرهەمی زیادبکات و جۆرەکەی چاکتر بکات و خزمەتی پاش فرۆشتنیش چاك بکات ٠ بۆیە من خۆشحال دەبم کە گوێم لێدەبێت هاونیشتمانێك دەداتە پال کەرتی ئیشتیراکی و دڵم پردەبێ لەشادی چونکە ئەمە مانای وایە گەل لەگەڵ چالاکیی ئیشتیراکی یەو دەمارگیریەتی و دەیەوێ بچێتە ناو ئەوئەلقانەوە کە تایبەتی بوون بە چالاکیی تایبەتی ، بەڵام براکانم ، ڕێچکەمان ئەوەیە چالاکیی تایبەتی ڕێك بخەین نەك جێی بگرینەوە ، جا تێبینی یەکانتان لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت ، لەو چوارچێوەیەدا کە دەوڵەت بەشێوەی ڕێکخەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەووشت لە بەجێهێناندا دەستبخاتە ناوەوە ، بەبێ ئەوەی خۆی بکاتە بارگرانی بەسەرشانی کەسەوە یان ببێ بە (لەباتی) چالاکیی تایبەتی ٠

کەس نیە چالاکییەکی تایبەتی بکات و قازانجی گەورەك نەبێت ، ئەمە کارێکی ڕەوابە ، کە دەڵێین چالاکییەکی تایبەتی پێویستە (قازانج) ڕەچاوبکەین، بەڵام لە کۆمەڵی ئیشتیراکی نوێ لەسێبەری ئیشتیراکیەتەکەمان و باوەڕەکانیدا ڕێگە نادەین قازانجداری بکرێ بەپێوانەی بنچینەیی هەموو چالاکییەکی تایبەتی ٠ قازانجداری ڕیزی لێدەگیرێ بەڵام نرخی ئادەمیزادی عیراق و بەختیاری وپێویستیەکانیشی دەبێ بەرونی ببینین کاتێك کەبریاری قازانجداری بۆ چالاکی تایبەتی بدەین ٠

هیوادارین هەڵە ڕوونەدات

ئەو ڕێگەیەی سەرکردایەتیی کۆمەڵی پێدەکەین ، ئەو ڕێگەیە نیە کە بریتی بێت لە دەرفەت چاوەروان کردن بۆ سزادان ، بەڵکو بارێکە یەکەم شت هیوادارین هەڵە ڕوونەدات تا ناچارنەبین سزای کەس بدەین ، خۆ ئەگەر هەڵەش ڕوویداو ئەوەی هەڵەی کردووە دانی بە هەڵەی خۆیدانا ئەوا بارەکە سووك دەبێتو جاروباریش ئەگەر هەڵەکە نەگاتە ئاستێکی گەورە هەموو حیسابێك دەکوژێنرێتەوە ٠٠ هەموو مەسەلەیەك کە هەڵەی تیا بکرێتو ڕاستبکرێتەوە ، ماوەوکاتیش تیایا نەبوەتە هۆی زیانێکی گەورە تەنیا بابەتی دادی ئیشتیراکی نەبێت لە مەبدانی ئابووریدا بە قەدەرێك تەتبیق دەکرێت یان هەڵەی تێدەکەوێت ئەوسا ئێمە چارەی دەکەین ، بەڵام کاتێك مرۆڤێك زوڵمی لێدەکرێت دەبێ کاربەدەستان شەو نەخەون هەتا ئەو زوڵمەی لەسەر لادەبەن وەکو حاڵەتێك ٠

وەنەبێ گرنگترین هونەری باپیرانمان کە ئێمە لەمێژوودا شانازییان پێوە دەکەین هەرئەوەبێ فلان شوێنیان ئاوا کردووەو ئەو ڕووبارەیان لێداوەو کشتوکاڵیان باش کردووە کەوا ئەم کردەوانە تایبەتیەکەی لە پلەیەکی تردایە ، بەڵکو تایبەتیی یەکەمین لەوەدایە کە ئەوان لە تەتبیق کردنی بیروباوەڕدا ڕاستگۆ بوونو دادپەروەر بوون ٠٠ هەردوو سیفەت لە یەك سیفەتدا ، ئەمە وامان لێدەکات بڵێین خۆزگە کردەوەی ئێمەش بەشێك بووایە لە گیانی فلانە بابیرەمان ، وانیە ٠٠ ئاڵێین خۆزگە (باخچە هەڵواسرەکانی بابل) دروستبکەین ، ئەمە یەکەم خۆزگەخواستن نیە ، چونکە بەپێی دووری ماوەوکات ، ئێستا دەتوانین باخچە هەڵواسراوەکان دروستبکەین بەڵام نرخەکەی لەوەدایە کە ئەوسا بەشارەزاییو باری کۆمەڵایەتیو زانستیی ڕۆژگارەکە دروستکراوە ، ئەگەر بگوترێ پێمان کەوا فلان مەلبەند یان دەزگاکانی دەوڵەت دادپەروەرن ئەمە سیفەتێکە هیچ کەس ناتوانێ بیکوژێنێتەوە ٠

هێزە چەکدارەکان و حزب دوو قوتابخانەی گەورەن

لەوانەیە خەڵکی دیکە بێن لەوەی ئێمە کردوومانە لەلایەنی مادیەوە چاکتر دروستبکەن ، بەڵام ئێمە لایەنی بایەخدارمان دەوێ کە بە هۆیانەوە ببین بە پێشڕەو ئەوانەی دوای ئێمە دێن پێمان دەڵێن ئێمە وەها بووین ، ئەمەش ئاواتێکی مرۆڤانەی ڕەواو دروستە لە هەموو لایەنێکدا تا ئێستا گەورەترین قوتابخانەلە کۆمەڵدا بۆ سەرنجدانی هۆیەکانی ڕەفتارکردن لە چوارچێوەی ڕێکوپێکی خۆیدا هێزەکانی چەکدارو حزبە لە ژیانی ناوخۆیدا ٠ مەبەستم ئەوە نیە بڵێم ئەندامی حزب نیە خراپە بکەن لە هەڵسوکەوتیانا لەگەڵ هاونیشتمانانەدا ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە حزب لە ژیانی ناوخۆیداو هێزی چەکدار لە ژیانی ناوخۆیدا بەو ناوە کە هێزی چەکدارە ٠٠ چونکە لە هێزی چەکداردا کە دادەنیشن خۆ بەهەر یەکێکیان باکەت دەرناکات و جگەرەیەکی لێدابگیرسێنێ تا ئەوکاتە نەبێت کە دەبینن فەرماندەی (یەکە) جگەرە دەکێشێت و پێبان دەڵێ جگەرەبکێشن ئیتر ئەوسا جگەرە دەکێشن ئەمە بەشێکە لە زەبتوورەبتی خۆیان ، بەشێکیشە لەو پەروەردەیەی کە پێی ڕاهێنراون ، دەست بە خواردن ناکەن هەتا پێیان نەگوترێ فەرموون ، هیوادارین خاوەن

بروانە ل ١١

Institut kurde Paris

دەقی دوانەکەی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی گۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە فەرەنسیەکاندا



دەقی ئەو پرسیارانەی ڕۆژنامەنووسە فەرەنساییەکان ئاراستەی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسینیان کرد ٠

بەشی یەکەم تایبەت بە عیراق و شەر لەگەڵ ئێران ئەم پرسیارانە پێشکەش کران :

١ ـ ئایا شەڕ کاری کردە سەر پێکەوەژیانی تایفەو نەتەوەکان لە عیراق ؟

٢ ـ ئایا توانای ئێران لەسەر بەردەوامی شەڕ سەرکردایەتی عیراقی سەر سوورماو کردو چۆن ئەمەلێك دەدەنەوە ؟

٣ ـ ئایا عیراق حسابی بۆ ئەوە کردوە کە لەوانەیە هێزیکی تری دەوڵەتی بێتە ناو شەڕەوەو ئەمە چۆنی دەبێ ؟

٤ ـ ئاشکرایە لە مانگی ئەیلولی ڕابوورودەوە شەڕ چوە ساڵی چوارەیەوە تا چ ڕادەیەك بە پێی ئەو پێوەرانە ئێوە خۆتان ئەتوانن شەڕ بکەردەوام بێ ؟

٥ ـ ئایا پەیوەندیتان لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەت بە قۆناخێکی باشدا دەڕواتو ئایا یەکیتی سوفیەت بەردەوامە لە ناردنی چەك بۆعیراق و ئایا ئێوە دڵخوشن بەم هاوکاریە ؟

٦ ـ ناوبژی کاری عەرەب بۆ وەستانی شەڕ گەیشتە کوێ ئایا هەوڵەکانی جەزائیرو کوێتو دەوڵەتی ئەمارات تا ئیستا ئەنجامیان چی بووە ؟

٧ ـ پێویستی عیراق لە ئەنجامی بەردەوامی شەڕدا چەندەو ئایا ئابوری عیراق باری گران بوە لە ئەنجامی ئەم پێویستیانەدا ٠

٨ ـ بەرهەمی نەوتی عیراق ئیستا چەندە ، چەندی لێ دەڕواتە دەرەوەو لەکوێ وەدەڕواتو بۆکێو ئایا دەکرێ بەندەری فاو بەم زوانە بکەوێتەوە گەڕ ؟

٩ ـ عیراق چاوەڕێی هاتنە دەستیکی نوێی فەرەنسا دەکا بۆ خێرایی کردن لە بەدی هێنانی ئاشتی دا لە ناوچەی خەلیج ؟ ٠

١٠ ـ ئایا لەو باوەڕەدان ئێرانیەکان لە هەرەشەیاندا بۆ داخستنی گەڕووی هورمز سەردەکەون ؟ ٠

١١ ـ ئاشکرایە عیراق یارمەتی دارایی لە دەوڵەتە عەرەبەکانەوە پێ دەگا دوای شەڕ ئایا دەتوانن فیکرەیەکمان دەربارەی نیسبەتو بەردەوامی لەم کاتەدا بدەنێو ڕاتان بەرامبەر هەلویستی دەوڵەتە عەرەبەکان چیە ؟

١٢ ـ لە حالەتی بەردەوامی ئێران لە سەرشەڕ ئایا عیراق کەرەستەی وای هەیە بە هۆیەوە بتوانێ شەڕ وەستاندن بەدرێژایی بەرەکانی شەڕ فەرز بکات ؟

● **بەشی دووەم : دەربارەی فڕۆکەکانی «سۆپەر ئایتندار»ی فەرەنساییە ڕۆژنامەنووسەکان ئەم پرسیارانە دەکەن :**

١ ـ ئایا فڕۆکەکانی سۆپەر ئایتندار گەیشتنە عیراق ؟

٢ ـ ژمارەی ئەو فڕۆکانەی گەیشتون چەندەو ئیستا لەکوێن ؟

٣ ـ کەی فڕۆکەکان گەیشتن ؟

٤ ـ بەتەواوی گەیشتن یان پارچە پارچە کراو ؟

٥ ـ ئایا فڕۆکەکان کە گەیشتن هەموو کەرەستەیەکیان پێوەیە ؟

٦ ـ ئایا لەگەڵ فڕۆکەکان فڕۆکەوان و تەکنیك زانی فەرەنسی گەیشتون ؟

٧ ـ عیراق لەوەبەر ڕایگەیاند کە ڕای گشتی جیهان ئەرکی بەر پرسیاری خۆی بەشێوەیەکی جدی بەکارنە هێنا بۆ ڕادە دانانی بۆ ئەمشەرەو ڕازی کردنی حکومەتی تاران بۆ چارەسەری بە ئاشتی ناکۆکیەکە ئەم قسەیە چاو پۆشینە لە دەوری فەرەنسا کە یارمەتی عیراق داو دوایەکەی فڕۆکەکانی سۆپەر ئایتندار بوە سەرەڕای دەوری لە ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتاندا ٠

٨ ـ عیراق کەی ئەم فڕۆکانە بەکار دەهێنێو چ ئەرکێکی پێ ڕادەپەڕێنێ ؟

٩ ـ ئایا بۆمان ڕوون دەکەنەوە ئایا عیراق فڕۆکەکانی خواستوە، لە فەرەنسا یان کڕیونی ؟

١٠ ـ ڕۆژنامە نووسە فەرەنسیەکان دەیانەوێ ئایەك پشکەش بکەن بەبەدی هێنانی ئارەزوویان بۆ بینینی فڕۆکەکانی (سۆپەر ئاتیندار)ی فەرەنسی کە لە ئەنجامی خاکی یەکی لە فڕۆکەخانەکانی عیراق وەستاون ئایا دەکرێ ؟

١١ ـ ئایا عیراق لەو باوەڕەدایە کە بەشتنسی فڕۆکەکان خێرایی دەکات لە بەدی هێنانی ئاشتی و کۆتایی هێنان بەشەڕ ؟

١٢ ـ ئایا ڕێکەوتنی عیراق ـ فەرەنسی دەربارەی فڕۆکەکان مەرجی فەرەنسی نیایە چۆنیەتی بەکاربردنی دیاری بکا ؟

١٣ ـ لە شەرەکانی داماتوودا فڕۆکەوانی فەرەنسایی بەشداری دەکەن ؟

١٤ ـ پێوی لە فەرەنسا ڕاگەیەنرا کە فڕۆکە «پوشن»ەی عیراقیەکان فڕۆکەخانەی شاتوروی فەرەنسایان بەبێ مینەت ئایا دەتوانن بۆمان ڕوون بکەنەوە ئەو فڕۆکانە کەرەستەکانی فڕۆکەی سۆپەر ئاتینداریان هەلگرتوە یان کەرەستەی عەسکەری تر ؟

١٥ ـ ئایا لەو باوەڕەدان کە «ئیسرائیل» دوای گەیشتنی فڕۆکەکان هەست دەکات ئاسایشی لە ترسایە ؟

● **بەشی سێیەم :**

١ ـ دوای ئەوەی شەڕی عیراق و ئیران پێی ئایە ساڵی چوارەم ، ئێوە تا چ ڕادەیەك ڕازین لەو یارمەتیەی وڵاتانی ئەنجومەنی ئاسایشی خەلیج دەیدەن بەعیراق لەم قۆناخەدا ؟

٢ ـ ئایا دەوڵەتە عەرەبەکان بەردەوامن لە یارمەتی دانتان و نیسبەتی ئەو یارمەتیە چەندەو ڕاتان بەرامبەر هەلویستی ئەو وڵاتانە ؟

٣ ـ پەیوەندی لەگەڵ سوریا گەشتە چی ؟

٤ ـ عیراق چی لە ئەنجامەوە بەکگرتوەکان چاوەڕێ دەکات دەربارەی شەڕ ؟

٦ ـ ئایا عیراق لەگەڵ دامودەزگا فەرەنسیە مەدەنیەکان ڕێکەوتوە بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی پیشە سازی لە پلشە ڕۆژدا ؟

٧ ـ ئایا عیراق چاوەڕێی کەرەستەی عەسکەری زیاتر لە فەرەنسا دەکات وەك هیلی کۆپتەر ، دەبابە ، تۆپ ؟

٨ ـ لەوە بەر ڕاگەیەنرا کە فڕۆکەیەکی عەسکەری تورکی لە باکوری عیراق کەوتۆتە خوارەوە ئایا دەکرێ زروفی ئەم ڕووداوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە ؟

● **بەشی چوارەم : دەربارەی مەسەلەی فەلەستینو باری لوبنان :**

١ ـ ئیستا هەلویستی عیراق بەرامبەر ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین چیە ، ئایا لەو باوەڕەدان کە یاسر عەرەفات تا کانونی دووەمی داهاتوو یادی ٢٠ ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە بەسەر کردەی دەمێنێتەوە ؟

٢ ـ پەیوەندی عیراق لەگەڵ (ابو نضال) لەم کاتەدا چۆنەو هەلویستی « ابو نضال » چی یە بەرامبەر ناکۆکیەکانی ناو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین ؟

٣ ـ لەگەڵ ئەو باوەڕەدان کە دەلی حالەتی ناکۆکی لە ناو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازدا بەشداری دەکا لە زیادکردنی ئیرهابدا ؟

٤ ـ دەوترێ : دیمەشق سوودی زۆری لە ناکۆکی لوبنان وەرگرتوە بەرێزتان لە سەر ئەم ڕایەن ؟

سەرەکی بەرێز :

بەخێرهاتنی دۆستان دەکەین ، بەچاوپۆشین لە بۆچونە کانتان ، ئێوە لە وڵاتێکی دۆستەوە هاتوون ، بەر لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، باسی بەرەنگاری عیراقو فەرەنسا و ئامۆژو بنەڕەتەکانی دەکەم و با فڕۆکەی سۆپەرئاتیندار لە چوارچێوەی فراوانتر لە چوارچێوەی ئەو پرسیارانەدا وەربگرین کە بەرچاوتان خستن ٠

لەم ماوەی دواییەدا هاوارێکی زۆر فراوان بەرپاکرا دەربارەی فڕۆکەی سۆپەر ئاتیندارو ئێوە دەزانن کە بۆمبای ئەتۆم هەلناگرێو لە عیراقدا بۆمبای ئەتۆمی نیەو با بڵێین فڕۆکەی سۆپەر ئاتیندار چەکی قەدەغەکراو لە ڕووی دەوڵەتانەوە هەلناگرێ ، بەلکو چەکو کەرەستەیەکی زانراو هەلدەگرێ کە لای فەرەنسابیەکانو جیهان ناسراوو ئاشکرایە ٠

ڕاستە چەکو کەرەستەیەك هەلدەگرێ لەو جۆرەی کە جۆری بەکارهێنان لە عیراقدا دژی نیشانەی دیاری کراو پێش دەخا ، بەلام مادەمێکی چەکی قەدەغەکراو لەجەنگدا لە ڕووی دەوڵەتیەوە هەلناگرێ ، بۆ چی ئەم هاوار هاواری لە دنیا لەسەر دروست بو سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکنی دیاری کراویشە ، بۆچی دەوڵەتە گەورەکان هێزیان خستە سەرفەرەنسا تا فەرەنسا واز لە بەڵێنەکانیو ڕێکەوتنەکانی لەگەڵ عیراقدا بێنێ دەربارەی ئەم فڕۆکانە ، بە چاوپۆشین لە سوودی عیراق ، سوودی فەرەنسا لە کوێدایە ، ئایا سوودی فەرەنساو گەلی فەرەنسا لە خۆ بەستنەوەدایە بەم ڕێکەوتنەوە یان واز لێ هێنانی ٠

وەلامی هەموو ئەم پرسیارانە بەکورتیو سەرجەم دەدەمەوە ، ئێوە ناسکی باری ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەزانن ، مەبەستم لە ناسکی لە لایەنی بنەڕەتیەوەیەتی ئێوە دەزانن ئەوەی حوکم بەسەر کاروو باری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەکات بەتوانایە لە سەر حوکم کردن بەسەر جیهاندا تا ڕادەیەکی گەورە ، بەلایەنی کەمەوە جیهانی ڕۆژ ئاواو ئێوە دەزانن ، سەرە ڕای ئیعتباراتی ستراتیژی زانراو لە ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاستدا جیهانی ڕۆژئاواو ژاپۆن ناتوانن واز لە سەر چاوەی وزەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بێنن ، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گرێی پەیوەندی زیندوە لە حساباتی ستراتیژی لە هەموو لایەنەکانی بازرگانیو عەسکەریەوە ، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بازارێکی گەورەی سەرف کردنی شتومەکە وچارەسەری گیروگرفتی جدی ، لەوەی پەیوەندی هەیە بەناردنی شتوومەکەوە لە ڕۆژئاواو ژاپۆنەوە بۆ ئەم ناوچەیەو دیسان لە ناوچەکانی ترەوە لە جیهاندا ، کەواتە ، ئایا فەرەنسا دەتوانێ فەرەنسیەکان بەختەوەر بکات ئەگەر هاتوو دەوری لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کەم بوەوە ٠

وەلام ، نەخێر ، لەو باوەڕەدا نیم گەیشتن بەم ڕاستیە لای هیچ فەرەنساییەك گران بێ کە تۆزێ توانای شارەزایی هەبێو ئاگای لە هویەکانی ئەم کارانەو تاسیری بۆ سەر فەرەنساو بۆ سەر جیهان هەبێ ٠

تاسیری فەرەنسا لە ڕابووردودا بەشێوازی ئیستعماری بوو ، ئەم دەورە ڕەفزکراو دوای هاتو گەلانی جیهانی سێیەمو لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ڕەفزیان کردو فەرەنسا وازی لێ هێنا ، بەلام ئیستا وەزنی فەرەنسا لە ناوچەکەدا بەدۆستایەتی پێوانە دەکرێو قەوارەی گۆڕینەوەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو زامن کردنی سوودی فەرەنسا لەناوچەکە بەوزەی سووتەمەنیەوە کە بەستراوە بەمەودای فراوانی دۆستایەتی فەرەنساوە لە ناوچەکەداو لە مەیدانی بازرگانیو پەیوەندی ئابووریدا ٠

ئێوە دەزانن کە بازرگانەکانی فەرەنسا ، لێهاتووترینو زیرەك ترین بازرگانن لە جیهاندا ٠ کەواتە ، زیادبوونی قەوارەی بازرگانی لە ناوچەکەدا بۆ سوودی فەرەنسا ناکرێ بێتەدی بە بوونی دۆستایەتی چاك نەبێ لە ڕادەی سیاسیدا لە نێوان فەرەنساو ژمارەیەك لە دەوڵەتە گرنگەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، با ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەربگرین ٠٠ وە با باری فەرەنسا لە ڕووی سەربەخۆییەوە وەربگرین ، دەبینین لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تاسیریکی دیاری هەردوو دەوڵەتە گەورەکە لەم ناوچەیەدا هەیە، دۆستایەتی خەرێکە دابەش دەبێ کە نێوان دەوڵەتە گەورەکاندا لەم ناوچەیەدا ٠

کەواتە کە فەرەنسا دۆستێکی نوێی دەستدەکەوێ لە سوودی ئەو قازانجە دەبێ کە بەم شێوە سەرجەمەی جیهانەوە بەستراوە، کە دۆستێکی لە دەستدەچێ لە سوودی لە دەستی دەچێو کار دەکاتە سەرئەوەی دەیەوێ ببێ بە دۆستی فەرەنسا لەم زیانەدا ، جا چێ ڕوو دەدا ئەگەر فەرەنسا خۆنەبەست بە ڕێکەوتنو بەڵێنەکانیەوە لەگەڵ دۆستێکی چەسپاوو دیار لە هەلوێستیا وەك عیراق ٠ دیارە دۆستایەتی فەرەنسا بۆ عیراق کاری تێدەکرێ، ئەوسا کەسانی تر دەڵێن لە وانەی دەیانەوێ سەربەخۆبنو سەر بە هیچ یەکێ لە دوو لایەنە سەرەکیەکە ئەمەریکاو سوفیەت نەبن ، دەڵێن هیچ هیوامان نیە ئەوەنەبێ سەر بە سوفیەت یان ئەمەریکابینو ئیستا هەتا فەرەنسیەکان هێزی ئەمەریکاو دۆستەکانی ئەمەریکا کاری تێکردنو وازیان لە بەڵێنەکانیان هێنا لەگەڵ دەوڵەتێکی دۆستی کۆن لە دۆستایەتیدا کە عیراقەو ئەوسا فەرەنسا زۆری لە دەستدەچێ نەك هەر لە ناوچەی جیهانی سێیەم هەتا ئێران لە زەمانی خومەینیو دوایی خومەینیو لە زەمانی شەریان ئاشتیدا ، ئەوسا ڕێزی فەرەنسا ناگیرێ ، دیسان ئێوە دەزانن عیراق بەرگری لە خاکی دەکاو داوای ئاشتی دەکاتو ئێران پەلامار دەداتو سوورە لەسەر شەڕو کۆمەڵی دەوڵەتانی هەموو ئارەزوی ئاشتی یان دەربڕیوە لە کۆنگرە دەوڵەتیەکانو هەرێمایەتیەکانو لە ئەنجومەنی ئاسایشیشداو ئەم ئارەزووە زیاتر لە جارێ لە لایەن ئێرانەوە ڕەفزکرا ٠

کەواتە کە فەرەنسا خۆی دەبەستێتەوە بە بەڵێنو ڕێکەوتنەکانیەوە لەبەردەم عیراقدا بەوە دۆستایەتی ڕاستەقینە دەردەبڕێو سوودی فەرەنسیەکانیش دەردەبڕێو دیسان ئارەزووی جیهان لە ئاشتیدا دەردەبڕێ ، لەسەر بنەڕەتی ئەم لێکدانەوەیە ، ئێمە ڕۆژێ گومانمان لە ئیلتیزامی کاربەدەستانی فەرەنسا نەکردوە ، لەوەی پەیوەندی بەم فڕۆکانەوە هەیە یان شتی تر ، چونکە کاربەدەستانی فەرەنسا نیشتمانپەروەرنو هوشیارن بەشێوەی پێویست بەرامبەر هۆیەکانی سیاسیو کارلێکردنی لە ڕادەی دەوڵەتیداو ئەوان لە هەمانکاتدا تەقدیری ئەوە دەکەن ئەوەو نەخۆشی تاعونەی لە ئێرانەوە هاتووە ، ئەگەر ماوەی درا سوودی ناوچەکەو سوودی جیهان وێرانەدەکاو توێ بەرگری کاری بە توانا وا دەکات پەلامارەدر بە ئەمری واقعێ ڕازیببێ کە گونجاو بێ لەگەڵ ڕای گشتی دەوڵەتاندا، لەبەرئەوە ئەم فڕۆکەیەو چەکی تری فەرەنسا کە لە لایەن عیراقەوە هێنراوە ئەو چەکانەی نەك لە پێناوی شەڕدا بەلکو لە پێناوی ئاشتیدا ئەگەر لە لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا وەرگیرا ٠

عیراقی یەکان ئیستا گەلێك یەکگرتوو بەتوانان

Institut Kurde de Paris

دەنگ‌و باس‌و هاوارو بەزمێ هەیە باس لە هەرەشەکانی ئێران دەکا بەداخستنی خەلیج ، لەلای گەرووی هورمزەوە ، من رووەدانی ئەمە بە دوور نازانم ، بەڵام دەزانم کارێکی شێتانەی بەم جۆرە کاربەدەستانی ئێران بەرەو خۆ کوشتن دەبات ، بەڵام ، ئایا خاوەنەکانی ئەم بەزم‌و رەزمە لە خۆیان پرسیوە ، ئایا ئەم کارەی ئێران رەوایەیان نارەوایە بە حساباتی یاساکانی دەوڵەتان‌و رای گشتی ،دیسان ئەگەر رای گشتی دەوڵەتان مل کەچی ئەم جۆرە بەهانەیە بوو ، ئایا ئەم هەرەشەیە دوا هەرەشەی ئێران دەبێ، ئەمرۆ دەڵێن ئێمە خەلیج دادەخەین چونکە فەرەنسا فرۆکەی سۆپەر ئاتیندار دەفرۆشی بە عیراق‌و سبەینێ دەڵێن چونکە ئەمەریکا دانەوێڵەی پێویستمان بە پێی ئەو مەرجانەی دەمانەوێ پێمان نافرۆشی ، لەبەر ئەوە دە بێ خەلیج دابخەین‌و دوای ئەوەش دەڵێن کاربەدەستان لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا مامەلەی باشیان لەگەڵ خەلکەکەماندا نەکردوە لەبەر ئەوە دەبێ خەلیج دابخەین .

بە باوەری من ، نابێ شێت ئەوەندە پەیرەوی بکرێ‌و کاری راست ئەوەیە شێت بخرێتە شێتخانەو لە ژیر چاودێری یاساوڵی توندا بێ .. ئەگەر رۆژئاواییەکان مل‌کەچی ئەم بروبیانوانە بوون خۆیان دەخەنە دلوی کارە ساتێکەوە دەرچوونیان نابێ،لەبەر ئەوە هەر وەك وتم ئێمە دڵنیاین فەرەنساییەکان بەڵێنەکانیان بەجێ دەهێنن بە چاوپۆشین لە درێژەی ئەو پرسیارانەی بەر چاوتان خستن .

سیاسەتی کەس جێبەجێ ناکەین

بەڵام چۆن ئەم فرۆکانە بەکار دێن ، ئایا مەرج لە لایەن فەرەنساو،هەیە بۆ بەکارهێنانی ، ئێوە دەزانن ئێمە تەنیا لە فەرەنسا چەك ناکرین ، بەڵکو لە چەند دەوڵەتێ وئێمە مەرج دانان لەسەر چەکەکانمانی رەفز دەکەین ، چونکە چەکی ئێمەیەو چونکە ئەو سەرەك فرانسوا میتران دڵسۆزی فەرەنسایەو هوشیارەو پیاوی بیرو باوەرە .

دەپرسن چۆن دەتوانرێ دۆستایەتی پێکەوەی شیراك‌و فرانسوامیتران کۆ بکەنەوە ، وەڵام دەدەمەوە ئایا قەدەغەیە لە سیاسەتی دەوڵەتیداو لە ناو یەك دەوڵەتدا مرۆف زیاتر لە دۆستێکی هەبێ ، ئایا ناکرێ هاونیشتمانیەکی ئاسایی زیاتر لە دۆستیکی هەبێ . لەو باوەرەدام ، کاربەدەستانی عیراق‌و فەرەنسا دەبێ دۆستی یەکتری بن چونکە بەمە سوودی راستەقینەو پاك‌و نیشتمانی هەردوو گەلیان دەردەبڕن،وا بزانم بەمە مەسەلەی سۆپەر ئاتیندارمان تەواو .

رۆژنامە نووس : تێ نەگەیشتی ئایا فرۆکەکان کەیشتون یان هێشتا چاوەرێیان دەکەن .

دەڤی دوانەکەی بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین لە کاتی کۆنگرە ڤۆژنامەنووسیەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەنووسە فەرەنسیەکاندا

مەرج دانان لە سەر چەکان رەفز دەکەین و بەپێی روانینمان بۆ هەو دەوڵەتیەکان و سوودی جیهان و ئەهوەنی و بەپێی سوودی نیشتمانیمان بە کاری دەهێنین

عیراق ئاشتی دەوێت وبەرگری لێ دەکات

چەکەی پارەکەی دەدەین بە پێی روانینی خۆمان بۆ **کاروباری** دەوڵەتان‌و سوودی جیهان‌و ئەهوەنی‌و هەروەها بەپێی سوودی نیشتمانیمان‌و لە پێناوی ئاشتی دا بەکاری دەهێنین واتە لە پێناوی ئەوەدا دەستدرێژی کار تێبگات کە لەسەر یەتی بە دوای هێنان بە شەڕ رازی ببێ .

گفتوگو لە نێوان دۆستاندا دەکرێ وباری سەرنج دەگۆزرنەوەی لە چوارچێوەی دۆستایەتی‌و رێزی بەرامبەر بە یەك بەڵام مەرج دانان لە نێوان دۆستاندا نیە ، بۆ نموونە ، ئەگەر رازی بووین بە قسەکردن لەسەر بنەرەتی مەرج بۆ بەکارهێنانی چەکی (س)و (ج) ئێمە بەمە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە جێبەجێ دەکەین چەکی لێوەردەگرین نەك سیاسەتی خۆمان ، وەئێوە دەزانن ئێمە دەوڵەتێکی سەر بە خۆین‌سیاسەتی کەس جێبەجێ ناکەین ، بەڵکو سیاسەتی خۆمان جێبەجێ دەکەین‌و لە چوارچێوەی قسەکردندا ئەگەر وامان دانا فەرەنسا مەرج دادەنێ بۆ فرۆشتنی چەك بە عیراق‌و عیراق بەو مەرج رازی بوو ، ئەمەمانای ئەوەیە فرنسا چوە شەڕەوە شان بە شانی عیراق و ئەمەش دیسان لە سوودی فەرەنسانیە.

پۆلێکی تەواو (تف ـ ١) مان هەیە

ئەگەر فرۆکەکانی سۆپەر ئاتیندار هاتن‌و بریاری موناسب هاتە کایەوە ئێمە بانگتان دەکەین لە باشەرۆژانەو فرۆکانە ببینن ، هەر چۆنێ بێ ئێوە فرۆکەکەتان دیوە چونکە لە ئێوەیە لەفەرەنساودیسان ئەم فرۆکەیەتەنیا جۆر نیە کە دەربارەی رێکەوتنمان بەستوە لەگەڵ فەرەنسا بۆ بەکار هێنانی دژی نیشانەو دەزگای دەریایی بەڵکو یەك پۆلی تەواو فرۆکەی [تف ـ ١] بە ئاکسوسیتەوە هەیە کەهەمان ئەو ئەرکانە بەجێ دەهێنێ ، هەر حەندە لە چوارچێوەی رێکەوتنەکەدا ئەوە هەیە کەرەستەکانی درەنگ تر لە کەرەستەکانی فرۆکەی سۆپەر ئاتیندار بگات .

هەر چۆنێ پێویستە رای گشتی بەو لایەنەدا رو . وەرگیرێ کە هێز دەخاتە سەر ئێران وەڵامی ئاشتی بداتەوە نەك لۆمەکردنی فەرەنسا بە هوی هەڵویستی شەرەفمەندی‌و هوشیارانەیەوە .

بە چاوپۆشین لە هەموو درێژەپێلانی ئێمە لە عیراق رێزی تایبەتمان هەیە بۆ فەرەنسا ، عیراقیەکان نەوە دوای نەوە نەوەی دوای خۆی رادەسپێرێ کە ئەم هەڵویستەی فەرەنسا بخاتە خانەی راستەقینەی لە بەردەم بریاردەری سیاسی‌داو لەهەموم هەیدانەکانی ترا چونکە هەڵویستی فەرەنسا لە رۆژگاری گراندا تاقی کرایەوە کە هەڵویستی دۆستانە برو بۆ عیراقیەکان‌و ئەوکەسانەی ترشیش کە باری سەرنجیانەدەدا لەسەر دۆستایەتی فەرەنساو عیراق روو بوەوە کە هەڵویستی عیراق بەرامبەر دۆستایەتی، لەگەڵ فەرەنسا هەڵوێستێکی راست بوو هەڵسەنگاندنی بۆ ئەمە راست بوو ، ئێمە بە هەڵویستی سەرەك فرانسوا میتران سەرسام نەبووین چونکە دەزانین کە سەرەك فرانسوا میتران دڵسۆزی فەرەنسایەو هوشیارەو پیاوی بیرو باوەرە .

دەپرسن چۆن دەتوانرێ دۆستایەتی پێکەوەی شیراك‌و فرانسوامیتران کۆ بکەنەوە ، وەڵام دەدەمەوە ئایا قەدەغەیە لە سیاسەتی دەوڵەتیداو لە ناو یەك دەوڵەتدا مرۆف زیاتر لە دۆستێکی هەبێ ، ئایا ناکرێ هاونیشتمانیەکی ئاسایی زیاتر لە دۆستیکی هەبێ . لەو باوەرەدام ، کاربەدەستانی عیراق‌و فەرەنسا دەبێ دۆستی یەکتری بن چونکە بەمە سوودی راستەقینەو پاك‌و نیشتمانی هەردوو گەلیان دەردەبڕن،وا بزانم بەمە مەسەلەی سۆپەر ئاتیندارمان تەواو .

رۆژنامە نووس : تێ نەگەیشتی ئایا فرۆکەکان کەیشتون یان هێشتا چاوەرێیان دەکەن .

فەرەنسا بەڵێنەکانی بەدی دەهێنێ

سەرەکی بەرێز :

پێویست ناکات ئەوە تێبگەی ، چونکە وەخت گرنگ نیە واتە ئەوە گرنگ نیە کەی‌و چۆن دەکات ، بە کراوەیی یان فرۆکە ، گرنگ ئەوەیە ئێمە دڵنیاین کە فەرەنسا بەڵێنەکەی بەدی دەهێنێ‌و ئێمە فرۆکەکان بەو چوارچێوەی باسمان کرد بەکاریان دەهێنن .

رۆژنامەنووس : سەرەکی بەرێز کەی وەرگرتن دەبێ‌و کەی ئەم رێکەوتنە مۆرکرا ؟

سەرەکی بەرێز :

مێژووی مۆرکردنی رێکەوتنەکەلاتان زانراوە ، ئێمە رانەهاتووین باس لە درێژەی رێکەوتنە عەسکەریەکانمان بکەین‌و ئەمە یەکەم جارە باس لە رێکەوتنی عەسکەری بەم جۆرە تێکڕایە دەکەین هەر چۆنێ بێ دەبێ وەرگرتنی ئەم فرۆکەیە لەم مانگەتێ پەڕ نەکات .

رۆژنامەنووس : سەرەکی بەرێز بۆ عیراق پەیوەندیەکانی لەگەڵ ولاتە یە گگرتوەکانی ئەمەریکا ناگێرێتەوە ؟

سەرەکی بەرێز :

وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە کە دێنە سەر ئەم لایەنە ، کەواتە ئێستا دەچینە بەشی دووەمەوە .

رۆژنامەنووس : فەرەنسا داوای تەنگ هەڵچنینێکی کردوە دەربارەی بەکارهێنانی ئەم فرۆکەیە .

سەرەکی بەرێز :

من وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە بەڵام وا دیارە ئاگای لێم نەبوو .

رۆژنامەنووس : فەرەنسا خۆی داوای وای کردوە .

سەرەکی بەرێز :

ئەوەی پێویستە بۆ ئەم پرسیارە وەڵامم دایەوە، ئەگەر فەرەنسا داواکاری وای بکردایە دۆستایەتیشمان لەگەڵیا دانەدەمەزران‌و ناومان‌نەدەنا دۆست‌و هیچمان لێنەدەکرێ ، چونکە ئێمە مەرجەدانان لەسەر ئەو شتومەکەی دەیانکرین قبوڵ ناکەین هەتا ئەگەر کەرەستەی عەسکەری‌بێ ، وە من وتم گفتوگوو قسە لەسەرکردن لە نێوان دۆستاندا وەك مەرج دانان نیە ، کارێکی رەوایە باری سەرنج گۆڕینەوەو،گفتوگۆو کردن‌و پرس‌و را بەڵام مەرجدانان رەفزکراوە .

پرسیار دەکەن ئایا شەڕ کاری‌کردۆتە سەر پێکەوە ژیانی نەتەوەو تایفەکان لە عیراقدا ، وەڵام بەڵی بە لایەنی ئیجابی‌دا ، ئێستا عیراقیەکان یەك گەل رێزو دڵ نەوای پیشان بدات بۆ دەوری عیراق چونکە ئەگەر خۆڕاگرتنی چاکی عیراق نەبوایە لەوانەبوو جیهان رووبەرووی لەرزینێکی توند ببێ بە هۆی چاوچنۆکی خۆفراونکردنی ئێرانەوە لە خەلیج‌و شوێنانی‌تر .

ئێوە دەزانن شەڕ .. شەڕ تکالیفی هەیەو قوربانی‌و لەبەرئەوە کارەکە ئاسایە ئابوری باری‌گرانی بەهۆی شەڕەوە بکەوێتە سەر ، بەڵام کە سەیری ئابوری عیراق دەکەین لە ماوەی وردبوونەوە لە پایە سەرەکیەکانی دەگەینە ئەو قەناعەتە تەواوەتیەی کە هێشتا خۆری روونك لە بەردەمیایەتی هەرکاتی شەڕ تەواوببێ ، ئابوری عیراق دەست دەکاتە قۆناخێکی نوێی گەشانەوە سەرەڕای ئەوەی ئێستا ئابووریەکی بەهێزە ، بەڵام براکانمان لە دەوڵەتانی خەلیج‌و ئەنجومەنی هاوکاری خەلیج ئەوساو بەردەوام رێ‌ئاسان کردن‌و یارمەتی ئابوری‌و دارایی‌پێشکەش کردووین ، ئەوانیش بەمە ئەرکی نیشتمانی‌و برایانە بەجێدەهێنن ، چونکە ئەو ترسەی رووبەرووی عیراق بووە ترسێکە بۆ سەر هەمووان نەك تەنیا عیراق ، ئێمە رێزی ئەم هەڵویستەی براکانمان دەگرین .

پەیوەندیمان ئێستا لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەت باشەو لە پەرەسەندنی بەردەوامدایەو هەوڵی جەزائیرو دەوڵەتی ئەمارات‌و کویت ئەنجامی دیاریان نەبوو ، ئاساییە ئێمەو جیهان چاوەڕێ بکەین لە فەرەنساو وڵاتانی گەورەو ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش بریاری جدی‌و دیار بدەن دەربارەی شەڕ ، پرسیارمان لێدەکەن دەربارەی ئەوەی ئایا ئیرانیەکان گەروی هورمز دادەخەن ، من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئێرانیەکان گەروی هورمزیان داخست لەسەر خۆیانی دادەخەن چی لە ئێران ماوە تۆزی نەوت نەبێ دەینێرن بۆ کرینی چەك‌و پێداویستی ژیانی گەلانیان . ئێوە دەزانن جیهان دەتوانی ئەو پەترۆلەی لە گەروی هورمزەوە دی پڕی بکاتەوە بە زیادکردنی بەرهەم لە سعودیەو ئەنزویلاو نەیجیریاو لیبیاو هەتا وڵاتانی دەرەوەی ئوپێك ، بەڵام ئێران چۆن خەسارەتی لە سەرچاوەی سەرەکی ژیانی پڕ دەکاتەوە کە گەروی هورمز دادەخات سەرەڕای ئەوەی زوربەی وارداتی لە گەروی هورمزەوەیە دیسان ئێرانیەکان دەزانن بزوتنەوەی بازرگانی نێوانیان‌ووڵاتانی دەوری کاری سەلبی دەکاتە سەر کە کارێکی وا بکەن‌و ئێرانیەکان متمانە بە هەموو شتێ دەکەن لەوەی پەیوەندی بە وارداتیانەوەیە بە بارە چەکەوە کە مخزونیان نیە وەك ئێمە هەمانە ، ئەوەی هەیان بوو هەرەسمان پێهێنا یەکی لەو هویانەی وایان لێدەکا ماوەی نێوان شەڕێك‌و شەڕێکی تر درێژبکەنەوە چاوەرێکردنیانە بۆ گەیشتنی چەك‌و کەرەستە تا بچنە شەڕی نوێ‌وە ئیتر چۆن رووبەرووی ژیان دەبن ئەگەر هەنگاوێکی وا شێتانە یان نا . ئاشکرایە بزوتنەوەی بازرگانی لە ئوقیانووسی هیندی لەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە سەرەڕای خەلیج‌و سەرەڕای بزوتنەوەی بازرگانی لە باکستانەوەو تورکیا بە سەلبی‌کاری تێدەکرێ ئەگەر ئێران گەروی هورمزی داخست ، چونکە کاری بەم جۆرە رای گشتی جیهان دەهەژێنێ لە هەمان کاتدا دەوڵەتە ژیان لێکەوتوە راستەو خۆکان کە دەوڵەتانی خیلجن بە رەواوە بەرەو دۆستەکانیان دەجوڵێن بۆ تەنگ هەڵچنین بە ئێران بەو جۆرەی موستەحەقە بەرامبەر بەم کارەنا کۆکەی لەگەڵ یاسای دەوڵەتان .

لەگەڵ ئەوەشدا ، خومەینی پیاوێکی شێتەو لە « دۆن کیشوت » دەچێ لەوانەیە کارێکی وابکات لەبەرخاتری سەرنجراکێشان ، واتە سەرنجی رای گشتی بۆ ماوەی هەفتەیەك ، دوو هەفتە مانگێ دوومانگ دوای ئەوە چارەنووسیان وەك ئەوە دەبێ خەزنە لەسەر خۆی دابخات‌و خۆی لەناویا بێ یان دەمرێ یان ناچار دەبێ دەبکاتەوە ، ئەگەر لە توانای کەسانی تردا نەبوو خەزنەکە بکاتەوە .

بەڵام دەوڵەتانی خەلیج ئەوەندەیان پاشەکەوتەی دارایی هەیە بەسیانبێ دیسانەوە بەهۆی پەیوەندی نێوان وڵاتانی خەلیج‌و سعودیە بەتوانایە لەسەر بژاردنەوەی ئەو زیانیانەی لیان دەکەوێ یان بەشێکی گرنگی ئەوەی زیانیان لێدەکەوێ لەرێگای زیاد کردنی بەرهەمەوە کەواتە خەسار لێکەوتوو ئێران دەبێ‌و ئەوسا ئەمە دەرس دەبێ بۆ هەرکەسێ بینەوێ یاری بەیاساکانی دەوڵەتان بکاو بۆکەسێ هەوڵ بات زەفەر بەم رێرەوە زیندوەی جیهان بدات بەوویگایەی ئێرانیەکان رای دەگەیەنن . ئێران ئیستا بەردەوامە لەشەڕ وەك دەزانن ، رێگای بنەرەت بۆ وەستانی شەڕ ئەوەیە جیهان هاوکاری جدی پیشان بدات بۆ وەستان بەرووی ئەم دەستدرێژیەداو لەهەمان‌کاتدا عیراق بەپێی پێویست سەخت بێ تا ئێرانیەکان بەك‌کەوتەبن لەوەی ئەو ئامانجەیان بەدی بێت کەوای لێك دەدەنەوە دەتوانن بەدی‌بێنن‌و لەوباوەڕەدام خۆراگرتنی چاکی عیراقیەکان وای کرد کە باری عەسکەری‌و شتی تری ئێران زۆرخراپبێ‌و لەپاشەرۆژێکی نزیکدا خرابتردەبێ .

پ : سەرەکی بەرێز دەربارەی ئەو شتومەك‌و دارایی‌ەی دەوڵەتانی خەلیج دەتان دەنێ ، ئەم یارمەتیانە خێراو کاتیە بەڵام ئەو پرسیارەی وەڵامی دەوێ ئەوەیە کە دەتوانرێ نەوت لەخەتی تورکیاو زیاد بکرێ‌و ئەمەیان شتی هەمیشەیە ؟

سەرەکی بەرێز :

ئیستا ئێمە ملیونیك‌و سەد هەزار بەرمیل نەوت لەرۆژێکا بەرهەم دەهێنین نزیکەی هەموورۆژی (٨٠٠) هەزار بەرمیلی لە تورکیاوە دەنێرین‌و ساڵی‌دا هاتوو لەبەر رووناکی چاککردنی تازەدا زیاد دەکاو لەهەمان کاتدا برایانمان لە سعودیە رازی بوون لەسەر گەیاندنی بۆریەکی نەوت بەدەریای سوور .

پ : کەی ئەم پرۆژە نوێیە دەست پێدەکا ؟

سەرەکی بەرێز :

پەیوەندی ئیستاهەیە لەگەڵ کومپانیاکاندا بۆ گەیشتن بە رێکەوتن‌و پێگەیاندنی تێکرایی تەکنیکی لەگەڵ برایانی سعودیەو لیژنەیەکمان بەسەرەکایەتی جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران پێك هێناوە بۆ بەدوادا چونی ئەم مەسەلەیە لەرووی تێکراییەوە ، ئەم پرۆژەیەمان لەحالەتی دوا رێکەوتندا لەسەری خستمانەناو پرۆژەکانی ژمارە ٥٧ی پرۆژەی یاسای گەشەسەندنی گەورە کە رێگا ئاسان دەکات لەپێناوی پەلەکردن لە راپەراندنی ئەم پرۆژەیەدا .

برایانی لەسعودیە رازی بوون لەسەر ئەوەی رێگامان بدەن بەشێك لەبوری نەوتی سعودیە بەکاربێنین بۆ تەواو کردنی ئەو بوریە بوریەك لە عیراقەوە بۆ سعودیەو دوایی بۆ بوریەکەی سعودیە تا بەکاری بێنین کە زیادە لەوزەی سعودیەو ئەم دوا پرۆژەیە دەکرێ لەماوەیەکی کەمدا تەواوبێ کە لە ساڵێك یان نێوان ٦ مانگ‌و ساڵی ناخایەنێ‌و دیسان رێکەوتنمان لەگەڵ ئەردەن مۆرکردوە بۆ گواستنەوەی خاو بەئەمبار لەرێی ئەردەنەوە . بەرهەمی پیشەسازی‌و کشتوکاڵمان لەچاك بوونی بەردەوامدایە بەم جۆرە دەبینن پاشە رۆژ ئاشکرایەوە روناکە لەسودی ئابوری عیراق ..

پ : لەچە رۆژگارێکدا کەی دەتوانن هەڵمەت بەرنە سەر پاشەوەی بۆریەکانی ئێران لە « خەرج » ؟

سەرەکی بەرێز :

لەبەر رووناکی پێداویستەکانی سوودی نیشتمانیماندا‌و لەبەر رووناکی هەڵویستی ئێراندا بەرامبەر تەقەللای ئاشتی هەڵدەسورێین چونکە روخاندنی بەندەری بارکردن لە خەرج ئێرانیەکان بۆ چەند مانگێ لەبەرهەمی نەوت بێبەش ناکات بەڵکو ساڵان .

پ : بەر لەتۆزی وتان خۆ راگرتنی گەلی عیراق باری عەسکەری ئێرانی گەیاندە روخان‌و لەپاشەرۆژدا خرابتر دەبێ .

سەرەکی بەرێز :

باری عەسکەری‌و سیاسی .

پ : لەپاشە رۆژی نزیکدا خراپتر دەبێ‌و هەڵویست تادی زیاتر تێك دەچێ .

سەرەکی بەریز :

ئەگەر لەسەر هەڵویستەکەیان بەردەوام بوون ئێمە گومانمان نیە کە دەروخێن چونکە لەگەڵ بەردەوامی شەردا گیروگرفت لەسەریان کەلەکە

◁

Institut kurde de Paris

دەبێ بەبێچارەو ئەوان رژێمێکن دەزانن ، کەناتوانن چارەسەری کێشەکانی شەڕ بکەن بەراستەوخۆو لەهەمان کاتدا کێشەکانی باری ناوخۆی ئێران،ئابوری‌و سیاسی .

پ : راستە پەیوەندی‌و گفتوگو بوە لەم دوابیەدا لەگەڵ سوریا بۆ کردنەوەی خەتی نەوتی دەریای ناوەراست ؟

سەرەکی بەرێز :

پەیوەندی هەیە برایانی عەرەب لەگەڵ ئێمەو لەگەڵ سوریای دەکەن بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەری پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات سوریا باسکردنی ئەم مەسەلەی رەفز کردوەو عیراق باسکردنی ئەم مەسەلەی رەفز نەکردوە ، ئەمە هەمووشتە کە دەتوانرێ دەربارەی پەیوەندی عیراق‌و سوریا باسی بکەین .

ئێمە لەگەڵ یەکیتی لوبنانین

بەڵام دەربارەی رێکەوتنی چەکدار بوون لەگەڵ فەرەنسا لەراستیدا تەنیا فرۆکەی سۆپەر ئاتیندار ناگرێتەوە بەڵکو رێکەوتنی تر هەیە بۆچەکی هەمە چۆری ترو وەك وتم فەرەنسا ئەم رێکەوتنانە چاك رادەپەرێنێ‌و کۆسپ لەم بارەیەوە نیە .

بەر لە ماوەیەك فرۆکەیەکی تورکیا لە ناوچەی باکووری عیراق کەوتە خوارەوە، تورکەکان راگەیاندنی رەسمیان دەربارەی زروفی‌و هۆی کەوتنە خوارەوی ئەم فرۆکەیەیان بڵاوکردەوە لەبەرئەوە هیچ گۆڕینێکم نیە لە راگەیاندنی رەسمی تورکەکان نە لەوەش زیاتر ، بەڵام دەربارەی باری لوبنان ئێوە دەزانن باری لوبنان ئاڵۆزە ، هێزە مەزن‌و گەورەکان لە بەیەکدا هەڵپژانی ئاشکرادان لە رێگای جێگرەوەکانیانەوە جا جێگرەکانیان لە زۆرانبازی دەوڵەتیدابێ یان جێگرەکانیان لەوەی پەیوەندی هەیە بە زۆرانبازی رێکخراوەکانەوە ، واتە سیفەتی جێگێر بەسەر دەوڵەت‌و بەسەر رێکخراوە سیاسیە لوبنانیەکان‌و دەرەوەدا دەسەپێ .

ئێمە لەگەڵ یەکێتی لوبنان داین بە خاك‌و گەلەوەو لەگەڵ دەرچوونی هێزەکانی بێگانەو دەرەوەین لە لوبنان ، لەگەڵ شەرعیەتداین لە لوبنان ئەگەر کاروباری بەم لایەنەدا برد ، لەبەرئەوە ئێمە داوای یەکێتی هەڵویست دەکەین لە نێوان سوپاو سەرکابەتیداو بانگی پێچانەوەی هەڵس‌وکەوتی تایفەگەری‌و زۆرانبازی تایفی دەکەین‌و مەلبەندی سەرکابەتی‌و سوپا هەڵسوکەوتیان بە سوڵتە بێلایەن‌بێ‌و داواو پشتگیری شەرعیەتین کە سەربەخۆ لوبنانیەکان لە خۆی کوبکاتەوە لە رادەی رێکخراودایان هاونیشتمانیان بۆ رووبەرووبوونەوەی باری نا سەربەخۆ کە ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەت کاری دەکاتە سەر لە دەوڵەتانی دەرەوەو بێگانە . دیسان داوا دەکەین جیهان یارمەتی لوبنان‌و شەرعیەت لە لوبنان بدات لەسەر ئەساسی ئەم بیروباوەڕانە لەبەرئەوە دەبێ « ئیسرائیل » بێبەندو مەرج لە لوبنان دەرچێ‌و هەروەها هێزەکانی تری دەرەوەو واز لە خەلکی لوبنان بێنن چارەنووسی خۆیان خۆیان بریاری بدەن بەبێ پاڵەپەستۆی دەرەوەو ئەمە هەڵویستمانە .

ئێمە لەو باوەڕەداین کەرتبوونی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین یارمەتی بڵاوبوونەوە ئیرهای دوەلی دەدات چونکە رێکخراوێکی بەهێز کە بۆ شوێنی رێزدار دەگەڕێ لە نێوان دەوڵەتانی دنیادا ناچارە لایەنەکانی رای گشتی جیهانی بەحساب وەربگرێ بەڵام کەرت‌و پەرتی‌و دابەش بوون بە رێکخراوی بچوکەوە ئەم مەسەلەیە ناخاتە حسابیەوە لەبەرئەوە ئێمە لەو باوەڕەداین کەرت کردنی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین لەو ئەنجامانەی دەبێت ئەوەدەبێ دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیرهاب لە جیهاندا ، ئێمە لەگەڵ یەکێتی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینین بە پێشەوایەتی یاسر عەرەفات بۆ رێکخراوەکە چونکە ئێمە ئیلتزاممان هەیە بەم بریارەوە کە لە ساڵی ١٩٧٤وە لە رادەی کۆنگرا ی بەرزی عەرەبیدا دراوە .

ابو نضال رابەری لقی لە لقەکانی رێکخراوە فەلەستینیەکان دەکات ، ئەوەی پەیوەندی بە فەلەستینیەکانەوە هەیە کاتێ باری دارایمان باش بوو کێ لە عەرەبەکان داوای یارمەتی بکردایە لە پێشیانەوەی فەلەستینیەکان کەمتەرخەمیمان نەدەکرد لەو یارمەتیە بەڵام بە هۆی زووفی شەڕەوە باری دارایی ئێمە یارمەتی دارایمان لە هەندێ بڕی‌و یارمەتی هەندێکی ترمان کەم کردەوەو ابونضال‌و رێکخراوەکەی لەو رێکخراوانەن هیچ یارمەتیەکی دارایی‌و نادارایی لە ئێمەوە بێ‌ئاگات ، بێگومان سوریا لە راونینێکی کورت بینیەوە چارەسەری باری لوبنان دەکا ، ئەم روانینە دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بە پەیوەندی عەرەبی‌و گەلی لوبنانی براو سوریا بە چاوپۆشین لە لێکدانەوەو بە چاوپۆشین لە بیروڕامان بە رژێمەکەی دەستێوەردان‌و بوونی لە لوبنان چۆتە ناو ئەو ئەوراقانەی کە لەسنووری ناوچەکەو سیاسەتی نێو دەوڵەتندا هەڵس‌وکەوتیان پێدەکرێ . هەرچۆنێ‌بێ سیاسەتمان لەسەر ئەوە دامەزراوە رەفزی هەموو دەستوەردانە کاروبارێکی ناوخۆی هەر وڵاتێ دەکەین لە لایەن وڵاتیگی ترەوە ئەو وڵاتە عەرەبی بێ یان بێگانە .

پ : سەرەکی بەرێز مەسەلەیەکم بەرچاوخست کە ئەوەیە ، بۆچی پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکانا گێرنەوە ، من وبستم بڵێم پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەیە بەڵام بۆچی نایبەستنەوە مادەم لە چەند رێگایەکەوە هەیە ؟

سەرەکی بەرێز :

لەوەبەر وەڵامی ئەم پرسیارەمان چەند جارێکی تر داوەتەوە ، بەڵام قەیناکا ئەگەر وەڵامەکە سەرجەم دووبارە بکەینەوە ، وڵاتە یەکگرتوەکان دەوڵەتێکی گەورەیە لەبەرئەوە ئاساییە پەیوەندی دبلوماسیمان لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا هەبێ بەڵام وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ماوەی رابووردودا هەڵس‌وکەوتی نابەرپرسیاری دەکرد لە ناوچەکەداو پشتیوانی « ئیسرائیل » بو دژی عەرەب ، کە ئەمە وای کرد پەیوەندی لە نێوان ئێمەو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پچڕاوبێ‌و لەوانە هەبێ بپرسێ چاکتر نیە پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بگێرنەوەو لە هەمان کاتدا پارێزگاری ئەو هەڵویستە بکەن کە بەرامبەری دەینوێنن ، وەڵام ، بەڵی ئەمە دەبێ‌و بەر لەشەڕ بیرمان لێکردەوە ، بەڵام کە شەڕ هات بەسەریا ئیتر ئەم هەڵویستەمان لە رادەی سەرکردایەتی باس نەکرد چونکە ئێمە ئەوەمان بەلاوە دیاربوو ئەگەر پەیوەندی لە نیوان ئێمەو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بگێرینەوە لەواتەیە هۆی ئەمە ئاشکرا نەبێ‌و وا لێك‌بدرێتەوە حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی بێ‌هێزی هەڵویستی عیراق کەوای لێ‌کردوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بگێرینەوە بە چاوپۆشین لە بیروباوەڕی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیەکان لە نێوان ئێمەو ئەمەریکا بەرەی‌سەندوە بە بەتەنکەوە هاتنی هەردوولاو چالاکی وەك یەك زیادبوەو بیروراگورینەوە لە رادەی وەزیراندا‌و لە رادەی تری بچوك تردا‌و کار ئاسان‌کردن بۆ نوێنەرانی هەردوو وڵات لە جاران باشترەو ئەوان پیاویکی دبلوماسی لێ‌هاتویان وەك هەڵسوڕێنەری کاروباردا‌ناوەو ئێمە هاوڕێ‌یەکی حزبی نوێ‌مان داناوە کە جێگری وەزارەتی راگەیاندن بوو وەك هەڵسوڕێنەری کاروبار لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وەك بەڵگەی بایەخدان بە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ‌جار پەیوەندی نێوانمان ناوبەناو تووشی تەگەرە دەبێ‌و دوا هەڵویستی وای ئەمەریکاییەکان لە هێز خستنە سەر فەرەنسادا بوو لەوەی پەیوەندی هەیە بە فرۆکەی سۆپەر ئاینتندارەوە کاتێ لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەمان لەگەڵ کردن واما بۆ دەرکەوتوە کە ئیستا زیاتر خۆ لادەدەن لە هێز خستنە سەر فەرەنسا لەوەی پەیوەندی بەم فرۆکەیەوە هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێ دەزانین موناسبە بۆ ئەوەی وا لە بریاردان بۆ پەیوەندی گیرانەوە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا تێبگەن وەك هەیەو کەی بزانین پەیوەندی گێڕانەوە گونجاوە لەگەڵ سوودی نەتەوەیی‌و نیشتمانی ئێمە دەیکەین جا دوای شەڕێ یان شەڕ بەردەوامبێ .

[دەترسم ئەو برایەی وەڵامی پرسیارەکەیم نەدایەوە لێمان بپرسێ بۆ ئەوەی زیور نەبێ لێمان] .

پ : سەرەکی بەرێز رۆژنامەنووسەکە دەڵێ لە حاڵەتی ئەوەدا ئەگەر فەرەنسا فرۆکەی سۆپەر ئاتیشداری نەدا ئایا هەڵویستمان لە مامەڵەی بارزگانیدا لەگەڵ فەرەنسا هەڵوێستێکی تر دەبێ ؟

سەرەکی بەرێز :

لەگەڵ عیراق ..

رۆژنامەنووس : لەگەڵ عیراق

پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسا چاکە

سەرەکی بەرێز :

بەڵی لە حاڵەتی نا ئیلتزامی فەرەنسا بە رێکەوتن‌و بەڵینەکانی ئاساییە بە سەلبی بەسەر پەیوەندیەکانی عیراق‌و فەرەنسادا بشکێتەوەو بە سەلبی بەسەر پەیوەندی فەرەنساو وڵاتانی جیهانی سێ‌یەمدا بشکێتەوە، چونکە لە ئەساسەکانی دۆستایەتی راست ئەوەیە لایەنەکانی دۆستایەتی بەڵێنی خۆیان بەجێ‌بێنن ناکرێ دۆستە سوودی خۆیان بە موجەرەد سەیز بکەن‌و چاو لە روانینی لایەنەکانی تر بپۆشن‌و ناکرێ بۆ دۆستان دۆستی یەکتری بن لە زروفی ئاساییداو دۆست نەبن لە زورفی تردا لەوەی پەیوەندی بە عیراقەوە هەیە لەوەبەر فەرەنسا ، کە فەرەنسا کە لە بارێکی ناناساییدا بوو ، فەرەنسا لە دەرەوەی بەڵینەکانیا ، سەرەڕای بەڵینەکانی‌و سەرەڕای رێکەوتنەکانی تر ئێوە ئەمە دەزانن نەك هەر کاربەدەستانی فەرەنسا جا چاکتر دۆستان ئیلتزامیان هەبێ لە سەر ئەو بەڵینانەی مۆرکراوە .

پ : بەرێز باس لە رای خۆتان دەکا دەربارەی پەیوەندە عیراق‌و فەرەنسا .

سەرەکی بەرێز :

پەیوەندی چاکە .

رۆژنامەنووس : دوای ئەوەی فەرەنسا بەڵێنی دانی داوە کە داوای لێ‌کرا ، پرسیار لەباری وەختەوە واتە ئەگەر فەرەنسا دواکەوت لە دانی فرۆکەکان بۆ ماوەیەکی دوورتر کاری ئەمە چی دەبێ‌و چون کار دەکاتە سەر پەیوەندی .

دەقی دوانەکەی بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین لە کاتی کۆنگرە ۆژنامەنووسیەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەنووسە فەرەنسیەکاند

ئێمە سیاسەتی کەس بەسەر ناکەین

سەرەکی بەرێز :

ئەگەر تۆ لەگەڵ من رێکەوتبی لەسەر ناردنی نەوتی عیراق ، بگەرینەوە بۆ ساڵی ١٩٧٣و عیراق بەڵێنی داوە بە خۆبەستنەوە بەوەی مۆری‌کردوە ، هەستت چێ‌دەبێ وەك هاوولاتیەکی فەرەنسی بەرامبەر عیراق، ئێمە دەمانەوێ ئەم دۆستایەتیە تەنیا لە نێوان دەزگا سیاسیەکانی عیراق یان فەرەنسادا نەبێ بەڵکو دۆستایەتی نێوان دوو گەل تا شێوازی بەردەوامی‌و چەسپان بێ ، لەبەر ئەوە ئێمە سوورین‌و لەو باوەرەداین کە فەرەنسایەکان دەبێ بە تەنگ ئەوەوەبێن هاونیشتمانیەکان لەرادیوە گۆیان لە دواخستنی ناردنی فرۆکەکان نەبێ چونکەلە ئەمەریکاوە یان لەئینگلتەراوە هێز دەخرێتە سەر فەرەنسا . بێچەوانەی سیاسەتی نیشتمانی لەگەڵ ئەو دۆستایەتیەدا ، حاڵەتەکە ئەوەندە ساکارنیە دۆستێ زیور ببێ کە گەیاندنی شتومەك دوادەکەوێ چەند رۆژی یان چەند هەفتەیەك بەڵام ئەم مەسەلەبە حەساسیەتی تایبەتی هەیە لەدەروونی عیراقیەکاندا ئەگەر فرۆکەکان دواکەوت ئەگەر بەهوی دروست‌کرد ئەوە دواکەوت مەسەلەکە جیایە بەڵام دوابکەوێ چونکە هێز لەدەوڵەتانی ترەوە دەخرێتە سەر فەرەنسا ئەمە وادەکا عیراقیەکان گومان لەسەربەخۆی فەرەنسا بکەن‌و هەروەها لەبریاری فەرەنسی چونکە وەڵامی هێزی دەرەوە دەداتەوە دوای ئەوە ئێوە دەزانن ئێمە کەچوین بۆ چەك لەفەرەنسا لەبەر ئەوە ئەبووە کە ئێمە چەکمان نەبوە یان سەرچاوەی چەك وەرگرتن نەبووە بەڵکو چوین بۆ فەرەنسا لەتناوی پتەوکردنی سەربەخۆیمان جا کە پێ دەزانین فەرەنسا لەوانەیە ئیلتزامی دوابخات بەهۆی تەنیا هێز خستنە سەری ئەوڵاتانی دەرەوە ، ئەوسا لەبارێکی ئاڵۆزدا دەبین بەرامبەر بەڵینەکانی فەرەنساو ئەگەر ئەمە رووبدا ئموونەیەکی خراپ دەبێ لە بەردەم رای گشتی لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێ‌یەمدا .

پ : دەتوانم پرسیاری بکەم سەرەکی بەرێز

سەرەکی بەرێز :

بەڵی ئەمە دوا پرسیارە ..

رۆژنامە نووس : سەرەکی بەرێز تۆزی لەمەوبەر وتتان فرۆکەکان لە کۆتایی ئەم مانگەدا وەردەگیرێن ئەگەر دوا ...

سەرەکی بەرێز :

ئەمەیە ئیلتزام ..

رۆژنامە نووس : بابڵێین کۆتایی مانگ نەدرا ئارامتان لێ دەبڕێ ؟

سەرەکی بەرێز :

من وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە دەربارەی رادەی پەیوەندی‌و رادەی دۆستا یەتی‌و چۆنیەتی هەڵس‌و کەوت لەگەڵ دۆستا ، بەڵام هەندێ درێژە پێدانی پچوك لەم چۆرەو بەپێشنیاری پێش دەستی بەراستی نازانم .

رۆژنامە نووس : بەڵێن بەر لە کۆتایی مانگە ؟

سەرەکی بەرێز :

دەبێ وابێ ، کە فرۆکەکان بەر لە کۆتایی ئەم مانگە وەربگیرێن،هیوادارم لە پاشەرۆژدا یەك ببینین، تکا ئەکەم سڵاومان بگەیەنن بەگەلی فەرەنسای دۆست‌و بۆ سەرەکی فەرەنساو حکومەتی فەرەنسا بەرامبەر هەڵویستی وردو دۆستانەو بیروباوەرو بەکاربیان ؛ لەبەردەم دۆستایەتی پتەوی‌فەرەنساو عیراقدا ئاسۆی فراوان هەیەو بەئیجابی کار دەکاتە سەر سوودی هەردوولا بەو رادەیەی لەمانای پەیوەندی هەردوولادا لەگەڵ جیهانی سێ‌یەم‌و جیهاندا دەینوێنێ .

سوپاس

ئێمە لەگەڵ یەکیتی لوبنانداین ،ئێمە لەگەڵ یەکیتی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین داین

ئەو بەتایەی لە ئێرانەوەی ئەگەرماوەی دراسوودی ناوچەکەو سوودی جیهان وێران دەکات

Institut kurde de Paris

رووناکی یەك بۆسەر مەلبەندی رۆشنبیری لەکوردستاندا

محمود احمد محمید

خۆیندگای قوبان لە پاشـ ڕوخانی میرنشینی بادینان

خوێنەری بەڕێز لەبیرتـە لەبەشەکانی پێشوی ئـەم نوسینەمدا لێکۆڵینەوەیەکـی مەیلەو دڕێژم کرد دەربارەی خوێندگای قوبانو کتێبخانـە بەنرخەکەی ٠

لەهەمان کاتیشا جار جار بەگوێرەی پێویست نـاوی هێندی مەداریسو کتێبخانەی ترم هیناوە کەبە ناعیلاجـی بەڕێشمەوەبونو خۆم بۆ لـێ نەپارێزراون ٠

ئیستاش واخەریك دەبیـن لەم بەشەدا هێندێك بدوێین لەبارەی چونیەتـی مەدرەسەکەو کتێبخانەکەیی لەدووای ڕوخانی میرنشینـی بادینان لەسەردەستی بێگانـە تورکەکان سـالی ١٢٧٢ کوچی ٠ هـەمو هـەوڵو تەقەلایەکیشمان ئەوەیـە پەردەی تاریکی لەسـەر ئەم مەلبەندە ڕۆشنبیریـە لابدەین تۆزی کـومەڵبوویی کۆنی لێبتەکێنیـن ٠٠٠ لەهەمان کاتیشا ئاوڕێکـی بچوك بەخامە بدەینـەوە هێندێکیش لەدەورو پشتـی مەلاو مـەلازادەکایـن بنەماڵەیی موفتی بی‌ین‌و بچین بەشێکی کەم لـەزۆری خزمەتو کوششی ئـەم بنەماڵەیە بخەینەڕو کەمێکیش دەست درێـژ بکەیـن بۆمەداریسو کتێبخانەیی تری ئامێدی بەشێوەیەکـی کورتو موختەسەر بەتەمایی ئەوە کەووتارێکی تایبەتـی تەرخان بکەین بو هەریەکـی لەم مەداریسانە لەداهاتودا٠

جالێرەدا پێش ئەوەیـی بچینە ناو مەوزوعـەوە بەپێویستی دەزانم دەسـت نیشانی ئەوەبکـەم کەگرنگترین سەرچـاوە بۆڕون کردنەوەیی میژوویـی ئەمەلبەندەیی ئامێدیـیو دەوروبەری لە کۆنو نوێـدا بریتین لەدەست نوسەکانـی خوێندگایی قوبانو دەفـتەرو سجلاتی مەدرەسەکەو ئەونامەو کاغەزو کاغەزکاریـەیی کەلەنێوان مەلاو فەقـێیی خوێندگانی ئامێـدیو ئەودوروبەرەدا هاتوچۆیی - کردووە ٠

یان ئەوکاغەزو قەبالـەو سەندەو ناپۆو فرمانانـەیی کەباوبون لەنێوان زانـاو عالمە بەناوبانگەکانی بنەماڵەیی موفتـی لەلایەکـەوەو خولەفاو شاژادە تورکەکـان لەلایەکی ترەوە ، چونکـە ئەم کاغەزو قەبالـەو فرمـانو سەندانە کۆکرابونـەوەو هەڵگیرابون لەلایەن مـەلاو ڕۆشنبیرانی بنەماڵـەیی موفتییەوە ، هەرلەکـۆنەوە پاراستبویانن لەبـەر گرینگیان ٠ بەڵام وەکـو لەمەدووا بۆمان ڕون دەبێتەوە - بەداخەوە - زوربـەیی دەستنوسەکانو هەموسجلو دەفتەرەکان سوتـاوونو لەناوچونو هیچیان نەماوون٠ دەمێنیتەوە کاغەزو فرمـانو سەندەو قەبالەکان ، ئەمانـە تاسالی ١٩٧٥ زابینـی هێندیکیان هەرمابون بـەڵام لەوە دووا کەدەستنوسەکانی قوبان سپار دران بە ئاسـار گووایە ئەمانیش هەر لەگەڵ کتیبەخەتەکان تەسلیم بـەوان کراوون ٠ بە نیازی ئـەوە کە دائیرەی ئاسارشوینیکـی ئەمینە بۆ پاراستنی ئـەم جۆرە شتانە بەڵام ئێسـتا دیار نەماوون وەکـو بەردی بن‌گۆم بێ‌سەرو شوێنـ ، نازانین ئاخۆ ماون یاوانیش وەکو هەزارەها دەستنوس‌و وسائیق‌و فرمانی دیکـەیی‌وا سوتاوون‌و لەناوچون ؟؟ یـان دەست یەکێکی کەلەبـۆر خۆشەویست کەوتون‌و دەستی بەسەرا گرتون ، نایەوێ کەس سودیان لێ وەرگرنێ ؟٠ ؟٠ ئیمەش لەعاست خۆمانـەوە چیمان لەدەست نایە ئەوەندە نەبی چاوەڕوانی ڕۆژانـی داهاتوبین ئاخۆ ڕۆژگـار یاردەبی لەنکاوێـك لەناسۆیەکەوە ئـەم کومەڵەنوسراوە میژوییـە گرنگە سەر هەڵ بداتـەوە یان‌نا ؟؟

بەڕاستی لێکۆڵینـەوەو بەشوێـنـدا گەڕان بـۆ دۆزینەوەیی ئـەم کاغەزو قەبالـەو سەنەدو فرمانانە کارێکـی بیروزو پێویستە چونکـە ڕوناکی‌یەکی زۆر دەخەنـە سەر میژویی هەرێمی ئامێدی‌و میرەکانی بادینان‌و زانـاو ڕۆشنبیرەکانی لەهـەمان کاتیشا بێ‌دەنگ بون لێ‌یان‌و گوی نەدان بێ‌یان کارێکـی ناڕەوایە ، خیانەتە دەرحەق بەکەلەپورو مێژو ٠٠ ٠٠

شوێن دەستی بنەماڵەیی موفتی لەخوێندگایی قوباندا٠

شتێکی ئاشکرایە کەزاناو ڕۆشنبیرانی بنەماڵەیی موفتی لە ئامێدی دەورێکی باڵایـان بووە لەگەشەپێدانـی خوێندگایی قوباندا ٠ چونکە زوربەیـی مامۆسـتایی دەرس‌بێژو خوتبە خوێـن‌و فتوا دەری شەرعی لە هەریمی ئامێدی‌و دەورو بەریشـی ئیش‌کاری قازیەتـی‌و دادگاییش لەوێ لەسـەر شانی ئەمان بووە جابۆیـە بە پێویستـی دەزانـم شانی ئەمان بووە جابۆیـە شوێنەکـەش موناسبە هێندی لـە بارەیی ئەم بنەماڵەیە بدوێم ٠

هەروەها ئاشکراشـە کەکوردوستـان هـەر لەکۆنەوە بەناو بانـگ‌بووە بەبنەماڵـەیی ئایینـی‌و مەلازادە ، زۆریش لـەم بنەماڵانە بۆ ماوەیەکـی دورو درێژ بەردەوام‌بـون لەسەر پێش‌کەش کردنـی ڕۆشنبیری‌و زانسـت بوگەلی‌کورد ٠ خزمەتێکیـان پێش‌کەش بەم گەلەکـردووە پێویستە لەسەر خوینەوەاری ئەمڕو مان‌و دووا ڕۆژیشمان بەووشەیی زیڕین‌و مـرواری بی‌نوسنەوە وەبەسەر بەرزی‌و چالاکی‌یەوە تو وێژینەوەیان لەسەر بکەن ٠

خۆئەگەر نوسەرێك بۆی کانی‌کەوەیی یان بیارەیـی یان تەوەکەلی یان ئالانـی یان هەرتەلی یان بیتوشـی یان جەلیـزا دەیی یـان موفتی‌نامیدی یان چـوری یان قزلجی ٠٠٠ هەروەهـا بنەماڵەیی تریشی کـە لەکوردوستاندا بەردەوام بون لەسەر گەشەپێدانـی ڕۆشنبیری‌و زانست٠ ئەوکاتە ئەم ڕاستی‌یە بەباشـی دەچەسپی ٠ بەڵام بەداخـەوە تائیستا شتی‌و اڕێ ٠ نەکەوتووە ڕەنگە کەمتریشـ بیر لەشتی‌وا بکریتەوە ٠

لەهەموشتێکیش ڕونترو ئاشکراتر ئەوەیە کەپێشەنگی ئەمبنەماڵانە بە ناوبانگ ترینی ئەم خانەوادانە بنـەماڵەیی موفتی‌ئامێدی‌یە ٠ تاقەبنەماڵەـ یەك کەبۆدرێژترین مـاوە بەردەوام بوبێ لەسەرخزمەت کردنی زانست‌و زانین ، بەبێ پچڕان‌و کـوڵنـەدان ، کۆمەڵ‌کۆمەڵ‌و پۆڵ‌بـۆڵ خوێندەوارو مەلاو ڕۆشنبیری دەرچووانەوە بەشـارو دیهاتی کوردوسـتانا بلاوی کردونەوە ، بـۆ ئەوەیی بەچرایی ڕوناکی زانین تاریکی ئەخوینەوەاری بتەرێنن ٠٠٠ بنەماڵەیەك کە شۆرەتـی زاناو عالمەکانی گەیشتوتـە زۆر شوێنی جیهان ، شوێن دەستیان لەزۆر جێگایـان دیارە ، ناوی خوێنـدەوارو ڕوانبێژو شاعیرو قـازی‌و موفتی ئەم بنەماڵەیە لـەزۆر شوێنان بەرچاو دەکـەوی ٠ خۆ بەلگەشی ناوێ کەهـەر بەهۆی ئەمانـەوە بـو ئامێدی‌ببوە گرنگتریـن مەلبەندی خوێنـدن‌و ڕۆشنبیری‌و کۆشش‌و هەوڵو تەقەلا بەدووا عیلـم‌و زانستدا هـەر هـەوڵ کۆشش ئەمـان بـو خوێندگایی قوبانی کردبووە شوێنی زیهن‌کاری‌و فەلسەفەو لێکۆڵینەوەی ناسوت‌و لاهوت٠

فولکلۆری ناوچەی گۆران

کۆ کردنەوەی : عبدالله محمد

بەو قورعانەی لـێ خوێندیمە
کیژ دەچنە بـزن دۆشینـە
خزم لـە سەر ڕێگەی دەمرێنم
یـان ستلە شیری دەرژینـم
یان ماچەکی لـێ دەستینـم
کیژ نەی‌کردوە نامـەردی
ستلە شیرەی دانـا عـەردی
پشت‌وپشت خۆی دا لـە عەردی
جوتەك ماچم لـی کەرەم کردی
دایکە هات لـەو لاوە
کیژی تەنکە بـە حەیاوە
بڕەك پێچو پەنابـا
لـە گۆڵان تو بلی کاکـە
لـە چۆ لیبان سنگ والاکـە
توخوا دایـە ڕاستی بێـژە
لـە گەل بابم کوو بـووی
لـە گەل بابت جاروبار بـووم
بـۆ جاحێلان بەرە لابووم
مالی تەنکەم لـە -(ئیفراز)ی
کەردەن کۆترەی تەقلەبـازی
دەمدا بابی پێنجسەد (غـازی)
ئەو تەرەسەی نابـت ڕازی
مالی تەنکەم لەقەد گـردی
دەم دابا حەفسەد غـازی
بابـی عیناتـە قـەت نابـی ڕازی
بـە بەر مالیان ڕادەبـردم
دو کچە کوردان گازیان کـردم
جوتێ مەمکان کەرەم کـرد
ئەو فولکلورە هی ناوچەی گۆرانە لـە دێی دووبەردان گچکە لە ناحیەی (بمشیقە)ی سەر بـە مووسل تومارکراوە٠ تایبەتە بەداوەت (شایی) سێ پێیی ، وە (دروونە) ٠

کاروانـی شـەهیـدا

چ ڕێك نەمان بـێ سترین
چ‌ڕایك نەمان کەزی نەبرین
چ لاندك نەمان بـێ خوین
ژبـۆ مهابادا مەیا شرین

× × ×

کاروانێ شەهیدا کاروانەکێ بهێـزە
فەت بەرێ خۆ ژ دوژمنا ناگوهێـزە
ددن پێش هەڤ ڕێز برێـزە
دێین کاتێ وەلات چمابێ یەلەنگـادە

× × ×

فیداکارێ مللەتـی مـە
ژ زۆر داربێ بێهیـڤی مـە
ئەم فیدانە بۆتـە وەلات
مەوقیت حەف بەسەمنـەن

× × ×

چ کاروان نینن وەك یێ شەهیـدا
خوە ژبۆی وەلات وکـن جـان فیـدا
دبێن بلا ئەم بێینە قوربان لـەر وەلاتی
حەتا کـو مللەت دەرکەفت لبـن دەستی

هۆژان

حسن جهور زەردەشتی

وەك خومەینی جادووگەر

پیرەژنێ بۆ تەمەن سەدسالـێ
هەروەك خۆمەینی کۆنە دەجالـێ
کالێ لە کێوسان جاف باری‌دەکـرد
دەوارنشینان سەرخێلانی کـۆرد
ڕو بە گەرمەسێر دەگەڕانـەوە
بە بارە خۆری‌و ڕون ، نانـەوە
قراڵە دەڕوی سەرەڕێ ئـەوان
بۆ جادوکردن بە ڕۆژو شـەوان
خۆی دەبردە نرخ ، چوارده سالـە
مامەلەی دەکرد لەو خێلو مالـە
بە خۆ فرۆشتن کولکەی کۆدە کـرد
ئەجا بۆ مزگەوت تەشریفی دەبـرد
کولکەکەی دەرێست دەبکردە بە مـاڵ
دەیخستە مزگەوت عەجوزەی قـڕال
ئیستا مزگەوتی خۆمەینیش وایە
جێگای شەیتانی‌و ئیشی ڕسوایـە

(شاعیری ئیرانی ، عەبدوللە ، ئەقدەسی)

ئیوان

شیعری : محمد حسین هەلەبجەیی

گەر ئەتزانی ، ڕۆژگاری شووم
بێ بەزەیی چەند دەرگای
حەزو ئارەزووی لێ داخستووم
گەر ئەتزانی ، دڵی شێتم
ئەخشەی چەند کیشوەری غەمی
جیا جیای تیایە
دڵی کەیلم بە دووی
عەشقتا چەند شەیدایە
گەر ئەتزانی ، بە قەد حەزی
هەموو دنیا حەزم لێتە
گیانی ماندووم بەدووی
ئەم عەشقە وێڵەتا
سەوداو شێتە
ماڵ ئاواییت نەئەکردو ،
شابالی ئاواتەکانم
بە مقەستی تاوان باری نەئەبڕی
گەشە فرمێسکی چاوە مەنگەکەت
بەدەستەسڕی ژیوان نەئەسڕی

١ - ژیوان : پەشیمانی

دووهۆنـراوە

١-شێتی ٠٠٠

موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی

گیانە ئەو نامەیەی بۆم هەناردیت ،
بە ئاگری کلپەی دەڕوون ،
بە فرمێسکی دەریای کوڵی بوون‌و نەبوون ،
ووشەکانی بسووتێنە !
گیانە ٠٠ ئەو بڕیارەی ، کە بۆم هەڵدایت ،
ئەو پەیامەی بۆم ژماردیت ،
ئەو بەلێنە سەوزەی پێم‌دایت ٠٠
گیانە ٠٠ وازیان‌لێ‌بهێنە !
ووشەی نامە قەشەنگەکەم ،
تاسەی نامە بێ‌دەنگەکەم ،
تیپ تیپ بە نینۆکی داخ‌و قینت ،
بە هەنسکی گریەو شینت ،
دارزێنە !
گەر لەمەودوا ٠٠ نامەی وەهام ٠٠
بۆ هەناردیت ٠٠ ،
کوڵی گەشی بەلێنی وام ٠٠
بۆ ژماردیت ٠٠
نووکی خامەم تێك‌شکێنە !
گەر لەمەودوا ، لە ناو شاردا
یان لە نێو دێ ،
یان لە بازاڕ ،
یاخود لە ڕێ ،
یان ئەو کاتەی کە ڕۆژ هەڵدێ ،
یان ئێوارە ،
ئەگەر هاتوو ، دێتم ڕوانی ٠٠
یان بۆ باڵا ٠٠ یان بۆ جوانی
بەو پەنجانەت ٠٠
هەردوو بینام ، لە ڕیشەوە ،
دەربهێنە !
نیتر بڕۆ ،
دڵینا بەو ،
وازبهێنە !

٢ - نازدار ٠٠٠

کە دەتبینم ، لە تاریکی‌ی ژوورەکەتدا
ڕوومەتی گەش ، چاوبڕم ،
داگیرساوون !
ئومێد ، ئاوات ، لە بیلبیلەی چاوی شینی
نازدارتدا
تێك‌ناڵاوون !
خۆشەویستی لاولاوێکەو
بە باڵاتدا هەڵزناوە !
گەشکە دەکەم ، لەدڵەوە خێرا دەڵێم
دەسا وەرە ، خەونەکانت ٠٠
لە سینەمدا ٠ ٠جوان ڕووواوون !

× × ×

خاك وحرۆف وماچ

بەشی دووەم — **احمد قەرەنی**

نالی ژی نرخو بهایێ ماچێ زانی‌یە لەوڕا گووتی‌یە :

قیمەتی (ماچی) دوو سەر اکیسەیی ساغەو نیمە
غەیری یەك کیسەیی سەد پارە لەگیرفانمدا(١٥)

دیسان ڕێزو گرافیا ماچێ کارەك پیرۆزو ئەرکـەك پێویست‌و فەرە ٠ لەوما (وەفایی) دەفەر موت :

پەرچەم حەبەشی زادە ، لەوەنگی بوتی زیبام
سەر حەلقەیی شۆخانی پەری چیهرە گولەندام
پێم گوت : چییە ئەم نوقطە لە نێو دوو لـەب
ویەك جـام ؟
فەرموی : ئەوە نوکتێکە بە دوو لێوی شەکەر خام

تا (ماچی) نەکەی ناگەیە سەر حیکمەتی باریی(١٦)

ونالی گووتی‌یە :-

شەرابی لەعلی ڕوممانی لەنالی
حەرامە بێ مەزەی (ماچێکی) لێوان(١٧)

ماچ کلیلا دەرگەهێ دلداریێیە و مەزنترین خۆشی‌یـە چێژ وتامێت دەروونی‌و لەشی ب تەڤ هەسـتان ڤەدگریت ٠٠ مینا فەیلەسوفێ ئینگلیزی (میل-Mill) (١٨٠٦ - ١٨٧٣) دەربارەی ڕێبازا سوود بەخشیـ د بێژیت : (چەوا چۆنەتیا دل ڤەکەران جیـاوازی هەیە ، هەر وەسا چەندێکیا ئەوان ژی جیاوازی هەیە، ئانکو دل ڤەکەریا ئەڤان خۆشیان دهێتە گۆڕان ٠ و چەوا خۆشی ب مەزنیا خۆ ڤەرتر لێ دهێت ، وجار هەنە ب سنجو ئولان ڤەرتر دبیت ، وهەمیشـە خۆشیێن دەروونی ڤەراترن ژ خۆشیێن لەشیینێ(١٨) ٠

ماچ ئەڤان هەر دوو خۆشیان ڤەدگریت‌و ڤەرترە ژ هەر خۆشیەکا دی لەو نالی گووتی‌یە :

بنوێنە برۆ یەعنی هیلالی سەری ماهت
چون وەعدەیی (ماچی) سەری کولمت سەری مانگە(١٩)

ئان دەمێ وەفایی دەڤەرموت :

ئارەق ڕووی داگرتی لەبەر ڕێکەنینت
شەبنم لە گول باری ڕۆژی گرت پەروینت
تو خودا زولفت لابە تا تیر کولمت (ماچ) کەم
ڕێی بولبول با نەگرێ لەو باغە پەر ژینت
زولفت خەطاکار بوو چاوت ڕۆژی داخست
بابچین (ماچ) کەین دەستی شای چین‌و ماچینت(٢٠)

ئان دەمێ نالی دبێژیتەڤە :-

ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کەمن
ئاوی ئینسان یەعنی (ماچی) دەم دەخۆم(٢١)

هندەك خەلك بو هندێ چوو بوون هەر وەکـو (لیبمان)ی دەربڕینێت ئەوان جەماندین دکتیبا خۆیـا نافدێرا (لاو وگوملێن - الشباب‌و الجنس) دەمێ زار دەڤێ کچەکێ - کود خێزانەکا دویف بازوزروڤێـت نافنجر ژیایەو نەشارمزا بوویە دکارو کریارێـت هەستڤانیێدا - دبێژیت : (من هزر دکر کو ماچی‌کرن ب تنێ دێ شێت و کاریت ژنێ ئافس بکەت‌و ئـەو بچویکێ دڤێت دێ دەتێ(٢٢) ٠

تەنها مێر قەدر وریزو بهایێ ژنێ دزانیت ، ئەڤ زانینە دبیتە ڕێکاکە کاریکەر ئەگەر پیاو گشت هەستێن خوە پێ تێر بکەت - چاڤو گۆهە ودڤن وزمان‌و دەست لێدان ٠٠ هەتا هەستا شەشێ - وماچ بستا سەرەکی‌یە د نافبەرا هەمیاندا :-

مینیا نالی دبێژیت :-

جێی دەم دەمە جێی لەب لەبە ساقی وەرە ئەمشـەو
هەم (ماچی) دەما دەم بدە هەم جامی لەبا لـەب(٢٨)

ئان دەمێ جزیری د بێژیت :-

دا بنووشم مـەی ژلیڤـێ
ماوەرا ڕەیخانو سـێڤێ
لولوین شەکـکـر د نیڤـێ
ئابی حەیوان چەشمە یـە(٢٩)

چەند جاران یاران گلەیی‌و گازندە یێن زێدە کرینەو توندی‌و دلایی دنافبەرا ئەواندا پەیدا بوویەو ژێك دویر کەفتینە ٠٠٠٠ و ئەگەر هیڤیەك هەبیت بوو دیدارەکا دی ٠٠ ماچە جارەکادی دەرگەهێ ئەڤینیێ د ڤۆتیت ٠ وئەگەر یاران یەك دوو ماچی‌کرن تەڤ گوناه دێ هێنە کەفارەتکرن و ژێك دبوورن ٠٠ لەو نالی دڤەرموت :

هەر چەندە گوناهی دەمەکەت ئیارە لەسەرلێـو
حەددی چی‌یە (نالی) کەبلێ (ماچە) کەفارەت(٣٠)

ماچ نەبەس مژینا ئافا ژینێیە ل سەر لێڤان ئان پیرۆزکرنا سەرێ کولم ورویبانە ، بەلکو تەوافا لەشی هەمیێیە ژ شلکا سەری هەتا بنێ پێیان نەمازە جهێت هەستیار مینا گەردەن و نافِ ترەنگ و ڕان و مەمکان

بڕوانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

جیردڕای سەربەست

مامۆستا.... کام "دەست درێژی"؟

محمدی مەلا کریم

مامۆستا نەریمان ، لە ژمارە ٧٠٥ی ٢٩-٩-١٩٨٣ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا ، وتارێکی بە ناونیشانی « دەستدرێژی لە ئەدەبدا » بڵاو کردبوەوە ، گەلێ بابەتی تێدا تێکەڵی یەك کردبوو . لە یەك ڕادەدا بەگژ دژیی ئەدەب و دووبارەو سێبارە کردنەوەی وەرگێڕانی بابەتێك و ، هەڵبژاردنی یەك ناوونیشان بۆ دو بابەت و ژیاترو ، نەزانینی ڕێ‌وشوێنی بەڵگە بۆهێنانەوەی نووسین (توثیق)و ، بەهەڵەچوونی بنووسێك لە ئیددیعای شتێکداو ، بڵاو کردنەوەی یەك بابەت لە دوو شوێنداو ، گەلێ شتی تریشی تاوانبار کردبوو و داوای سزای ئەوانەی کردبوو ئەوشتانە ئەکەن .

ناوبراو ، کە ئەم هەموو بابەتەی لەژێر شادێری درشتی « دەستدرێژی لە ئەدەبدا »دا کۆکردووەتەوەو لێیان دواوە ، دیارە هەموویانی هەر بە (دەستدرێژی) داناوەو ، کە تەعبیری (دەستدرێژی)یشی بەکارهێناوە ، بە لای خۆیەوە (نەزاکەتی) لەگەڵ ئەو چارەڕەشانە بەخەرجداوە کە ناوی هێناون ، ئەگینا بە هەموومانی ئەفەرموو (دز) بێ‌ئەوەش دزیی لە کەسمان گرتبێ .. لەکاتێکیشدا کە ئەم تاوانەی بۆ تازە بنووسە - کان پاساوداوە کە گوایە حەز بە خۆدەرخستن ئەکەنو هەقیانە ، سەرو گوێلاکی ئەوانەشی کوتاوەتەوە کە دەمێکە زۆر جار ئەمەیان تەنها لە نەزانی‌یەوە ڕوونەداو نیازی خراپی لەگەڵ نابێ . ئەگینا ئەگەر بنووسێك «گلکۆی تازەی لەیل [گول‌کۆی تازە لەیل] »ك نەریمان نووسیویە) »ی ئەحمەد بەگی کۆماسی - یا حەمە ئاغای دەربەند فەقرەیی - بنێری بۆ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێو بنووسێ لەبەر بەیازێك نووسیومەتەوەو گەنجینەیەکی بڵاونەکراوەیە ، بۆ ئەبێ تاوانبار بکرێ ؟ ئێستایش کە ئەم پارچە شیعرە چەند جار لە گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبە ئەدەبی‌یەکانا بڵاوکراوەتەوەو ، چەند جاری‌تریش بڵاو بکرێتەوە ، هێشتا هەر ڕێی‌تێ‌نەچێ چەند کەسی‌تر لە بەیازی جیاجیادا بەدۆزنەوەو لە ڕووی هیچ کام لە نوسخە چاپی‌یەکان وەری‌نەگرن ، چونکە کوردستان سەدان کەشکۆڵو بەیازی کۆنی تیایە کە دەیان دیوانو سەدان پارچە شیعری بڵاوکراوەو بڵاو نەکراوەیان تێدا نووسراوەتەوە . ئاتەواویی ئەو بنووسەی مامۆستا نەریمان مامۆستایانە لەگەڵی نەجووڵاوەتەوەو تاوانباری کردووە هەر ئەوەندەیە کە نووسیویە « گەنجینەیەکی بڵاو نەکراوەیە » ، بەڵام بۆ ئەبێ ئەمە بە تاوان دابنرێ بۆ لاوێك کە (گەلاوێژ) ی نەدیبێ ؟ گەلاوێژێ کە پتر لە چل ساڵ لەمەپێش دەرچووەو پتر لە سی ساڵ لەمەوبەر داخراوەو هەزاران خوێنەرواری ئیستامان هەن هەر نەشیاندیوە .. ئەی باشە ، (مامۆستا نەریمان) خۆی کە لە بەردەمی گەلاوێژدا لە بەغدا قوتابی‌بووەو یەکەمین بەرهەمی سی ساڵ لەمەپێش بڵاوکردووەتەوەو چەند ساڵە خەریکی بیبلیۆگرافیاکاری‌یەو تەنانەت لە ١٩٥٩و ١٩٧٥دا دوو کتێبی تێدا بڵاوکردووەتەوە ، بۆ نەیزانیوە کە (گلکۆی تازەی لەیل) یەکەمجار لە (ئەنجومەنی ئەدیبان)دا بڵاوکراوەتەوە ، کە هەر پار چاپێکی نوێی لێ دەرچوو .. بەڵکو لەوانەیە - من پێ‌نەزانم - لە شوێنی‌کەشدا بڵاو کرابێتەوە ، جگە لە گەلاوێژو ڕۆشنبیری نوێ کە من خۆم لەمی دووهەمیاندا وەریشم‌گێڕایە سەر عەرەبی . ڕاستەکەی ئەوەیە مامۆستاش لەو بنووسە لاوە کلۆڵە ناگادارتر نی‌یە ، بەڵام ئەلێی‌چی لەم چەندانەدا خەریکی بیبلیۆگرافیا بۆکردنی وتارەکانی (بەیان) بووە ئەم هەنگانەی لە قرۆڵە دارا دۆزیوەتەوە کە ئەیەوێ ئێمەیان پێ بەدناو بکا .. نازانم لەپای چی‌و بۆ خاتری کێو لەسەر چی، دوای ئەم هەموو تاریفو سەناو بەشانو باڵا هەڵدانەی کە هیی منی کرد لەم ساڵانەی دواییدا ؟

ئەگەرێمەوە سەر باسی ئەو لاوە کلۆڵە کە کفری کردو (گلکۆی تازەی لەیل)ی نارد بۆ (ڕۆشنبیری نوێ)و ئەڵێم ئەبێ ئەو بەسەزمانە چحیلەیەکی کردبێ تا پاشان لێی بگاو بە هەی لێ کردنی نەریمان بکشێتەوەو مەیدان جێ‌بێڵێ ؟ نازانم مامۆستا بۆ نافەرموێت : ئا بەوجۆرە نەمهێشت چرۆیەکی نوێ لە باخی نووسینی کوردیدا بپشکوێو پەڕە گوڵێکی نوێم ژاکاندو مایەیەکی سەرنێشەم کەم‌کردەوە ؟ ئەوە ڕاستترو ڕەواتر نی‌یە ؟

مامۆستای بەڕێز کە خۆی ملاس‌داوە بۆ دەس‌نیشان کردنی ئەوانەی جارێکو دووجار بەرهەمی خۆیان بڵاوئەکەنەوەو تەنها ، ئەو واتەنی ، بۆ شوێنەگومکێ کەمێ دەسکاریی تیا ئەکەن - کە من هەرگیز لایەنی ئەوجۆرە کەسانە ناگرمو ئەو کارەیان بە نیشانەی بوودەلەیی‌و نابووتی‌یان ئەزانم - چاتر بوو لەپێشا ئامۆژگاریی خۆی بکردایە کە چەند ساڵە بە کتێب‌و بە وتارو بە موحازەرەو تەنانەت بە ساڵنامەی بەرباخەلێتش هەر ژمارەی کتێبی دەرچوومان بۆ چەند بارە ئەکاتەوەو درێژی‌و پانیی لاپەڕەکانیان پێوانە ئەکاو بارستایی‌یان هەڵئەسەنگێنێو ئەمەنده ئەم باسەی بە کاڵی‌و بە کوڵاوی‌و بە بەرژاوی- جویوەتەوە ، خەڵکەکە هەر کە ئەبیسن مامۆستا وتارێ یا موحازەرەیەکی هەیە پێشەکی ئەزانن ئەڵێ چی‌و ، دیسانەوە بیبلیۆ گرافیا بۆرە ، کە ناشوکری خوا نەبێ کەس لەم کوردستانەدا خۆی پێوە خەریك نەکردووە ئەگینا ئەم ئەوەندە تیایا کۆڵو پێ‌پەتی‌یە هەر کارێکی لەم مەیدانەدا بکری دەیان هەڵەی زەقی تیایەو دەیان ڕەخنەی ماتووەتە سەر .

مەبەستم لەم قسەیەم ئەوە نی‌یە بیبلیۆگرافیا بێ‌بایەخەو نابێ زۆری لەبارەوە بووترێو بنوسرێ . بەڵام مامۆستا کە دووبارە کردنەوەی هەر بابەتێك بە تاوان ئەداتە قەڵەم ، ئەبوو لایەکی لە خۆیشی بکردایەتەوەو پەڕۆیەکی لە خۆیشی دادڕی‌یایە .

نەریمان منی بەوە گوناهبار کردووە کە چیرۆکی (ئەندرێشکۆ)م لە ژمارە ٨١ی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوکردووەتەوە کە کاك نورالدین محمد سعید لە ژمارە ٦٢ی هەمان گۆڤاردا بڵاوی کردووەتەوە .. ئێ بوو بە چی ؟

ئەگەر مەبەستی مامۆستا (مکافحەی اجرام)ەو ئەیەوێ بفەرموێ من لە کاك نورالدینم دزیوە چونکە ئەو پێشی من بڵاوی کردووەتەوە، ئەوە باوەڕ ناکەم کەس باوەڕی پێ بکا ، مەگەر ئەوەی پێشەکی لە بەدناو کردنم بکەڕێو بەدناو کردنی

بڕوانە ل ١٠

بەتاسیکە

شانۆگەریەکە لە سێ بەشدا
نووسینی : کارل چاپك
مصطفی صالح کریم لە عەرەبیەوە کردوویەتی بەکوردی

بەڕێوەبەر :
دەتوانی -برادەری لاوم- باسیان بکەیت ، بیان‌کە بە سەرچاوە ، ئەمە دەبێتە هۆی هێمن بوونەوەی ڕای گشتی بە تایبەتی کە دەزانی ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە دژی گولی (پاپینی) دەجەنگێین ، تەنیا ئێمە بۆی ئالێین گولی ، گولی یان پێست هەڵوەرین ، ئەمانە نەخۆشیی پێستن بەڵام ئەم دەردەی لای ئێمە لە ناوەوەیە ، سەیرە ، ئاوەڵەکانم لە نەخۆشخانەکانی نەخۆشی پێستادا ماف بە خۆیان دەدەن کە دەربارەی ئەم دەردە موحازەرە بدەن ، بەڵام باشە با واز لەم مەسەلەیە بهێنن ، ئەم پەتایەی لای ئێمە -جەناب- باری کردن نیە ، بەڵام تۆ دەتوانی ڕای گشتی هێمن بکەیتەوە پێ‌یان بڵێ مەسەلە ، دوورە لەگولیبەوە چونکە گولی لە توانایا نییە بەربەرەکانی ئەم نەخۆشییە بکات .

ڕۆژنامە نووس :
ئایا ... ئەم دەردە لە گولیش ترسناکترە ؟

بەڕێوەبەر :
بەڵێ ،بە دڵنیاییەوە دەڵێم : زۆر ترسناکترو زۆریش وروژێنەر ترە ،نیشانە سەرەتاییەکانی ، گولی ئاساییمان بیر دەخاتەوە ، پەڵەیەکی سپی‌ی بچووك لە شوێنێکی لەشدا سەر هەڵدەدا ، سارده وەك مەرمەڕ ، هەرچی هەست بێ تێیدا نامێنێ ، ئەمەیان پێی ئەوترێ [ماکولوس مارموریا(٤)] ، بویە پێی دەڵێن «پەتا سپیکە» ، بەڵام ڕێرەوی لەمەو دوای خەسیەتی تایبەتی تری هەیە کە جیاوازە لە (ماکولوس لیپروسی) کە ئەمەیان وشەیەکی لاتینییە بە مانای دەردی بەڵەکە گولی دێت لە خۆشیدا نەخۆشییەکی ئیستوائی درمە ، ئێمە بە هەموو سادەییەکەوە پێی دەڵێین دەردی (چینگ) یان (مودبوس چینگی) بە ناوی دکتور چینگی قوتابیی (خارکوت) :
پزیشکی نەخۆشی ناو سك،هەر ئەویش بوو لە نەخۆشخانەی (پای‌پین) چەند حاڵەتێکی وای دەست نیشان کرد ، بە ڕاستی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بە نرخم لە سەر نووسی ، بەڕێز ، کاتێك من ئەو لێکۆڵینەوەیە ڕەختەییەم نووسی هیچ کەسێك بەلای ئەومدا نە دەچوو کە نەخۆشیی چینگ دەبێ بە پەتایەکی وا جیهانگیر ، لە بیرت نەچێ لە ساڵی (٢٣)دا من ئەوەم نووسیوە

ڕۆژنامە نووس :
دەشێ جەنابی بەڕێوەبەر لێم ببووری کە ئەم کاتە بە تۆرخەییم لێ زەوت کرد .

بەڕێوەبەر :
گرنگ نییە ، براڵە ، گرنگ نییە ، زانست وڕای گشتی دەبێ یەك خزمەتی یەکتری بکەن ، هەر پێویستیەکت بوو ، وەرە بۆ لام (دەستی بۆ درێژ دەکات) .

ڕۆژنامە نووس :
ڕێزو حورمەتم هەیە جەنابی بەڕێوەبەر .
[بە چەماوەیی ژوورەکە بەجێ دەهێڵێ]

بەڕێوەبەر :
خواتِ لە گەڵ (دادەنیشێتەوە)
- لە دەرگا دەدرێ -

بەڕێوەبەر :
[قەڵەمێکی بە دەستەوەیە وشت دەنووسێ ،پاش تاوێ]: فەرموو [دکتور جالین دێتە ژوورەوە ، بە شڵەژاوی لای دەرگاکەوە دەوەستێ] .

بەڕێوەبەر :
[بێ ئەوەی سەر لە سەر نووسینەکەی بەرز کاتەوە ، لە پاشا] : جەنابی هاوڕێ چۆن وا لە چاوەڕوانیدا دەم هێڵیتەوە .

د.جالین :
(بە زمانێکی تێکەڵو پێکەڵەوە) : ببوورە جەنابی بەڕێوەبەر ، نەم دەویست کارەکەت پێ ببڕم .. ناوم دکتۆر جالینە .

بەڕێوەبەر :
(هەر لە نووسینایە) دەزانم ، دەشزانم جەنابی دکتۆر جالیە چیت دەوێ

د.جالین :
لە واقیعدا من ،شارەزاییم هەیە ،ئەم شارەزاییەشم لە گەڕەکی [بوکلاونسکو] لەناو هەژاراندا پەیدا کردووە ،وەك دەڵێن :ئەو هەلەم کەوتە دەست گەلێ حاڵەت لەناو هەژاراندا بەدی بکەم ، چونکە لەناو چینە هەژارەکاندا

بڕوانە ل ١٠

(١) پاپینی . بە ناوی نەخۆشخانەی [پای‌پینی زانستی] یەوە
(٢) هیبەر مانگان : مادەی پەرمەنگەناتی پوتاسیومە
(٣) هەتوانی پیرونی : جۆرە مەڵحەمێکە لە درەختێك وەر ئەگیرێ کە لە پیرۆ لە ڕۆژئاوای ئەمەریکای خوارروو ئەڕوێت .
(٤) ووشەیەکی لاتینیە لە ڕسانا نەخۆشی مەرمەڕی

هەڵبژاردەی هاوکاری

باڵندەکانیش کۆچیان کرد

١٠

نووسینی یەشار کەمال:احمد محمد
اسماعیل کردوویەتی بە کوردی

دەیانەویست بزانن ئێمە ڕاستە وا دەکەین .. ڕاستە ئێمە برسین .

بەڵام لە برسا بمرین ئەم پەلەوەرە بچووکانە نابرژێنین‌و نایانخۆین ... » .

درێژ بەدرکاندنی ئەم نهێنیە پەشیمان سەد پەشیمان بوو . تازە لە دەمی دەرچوو . قسەکانی گلماندو ویستی بیگێڕێ .

هەندێ ووشەی بێ سەروبن‌و بێ مانای تری گلمان « سەدلێرەکە .. پەنجامان دا قەفەسێکمان کڕی .. چیبکەین کڕیمان .. تازە .. پەنجاکەی کە سەمیح بردی‌و بە ئێمەی نەدا .. »

« مانای وایە نانتان نەکڕی ؟ »

« کڕیمان . کڕیمان .. نانێ زۆرمان کڕی ئیمڕۆ چاك تێربووین زەیتوون ، نان ، پەنێر نان ئوهۆووو .

خەیری ڕۆیشت لە مەنەکشاوە نانی هێنا .. نان چی . ئەوەندە گەرم نەرم دەستی دەسووتاند ئووو نانی وا ... گەرمێك بوو نەبێتەوە » بە زەوقەوە چاوی لێك‌نا « وانەبوو خەیری ؟ .. سکم ئاوسا وانبە ؟ . جوان جوان تێربووین . فرنی چییەکە هەیە ، چاکترین نان بە خەیری دەدات .. نانیش نەمێنێ ، دەروات‌و لەناو فرنەکەوە نانمان بۆ دێنێ . ئێمەش هەموو ڕۆژێ پێنج شەش دانەی گەورەی لەمانەی فلۆریای دەدەینێ ، بۆ نەیدەین هـا ؟ .. گەرم .. وانبە خەیری ؟ » خەیری بەلەپێکەت لێ‌بدایە دەتەقی ، پڕبووبوو ، سەری هەڵبڕی تەماشاکانمان تووشی یەك هاتن . چاوەکانی پڕبووبوون : « گەرم » بەدەنگێکی خەماوییەوە ئەر ئەوەندەی گوت‌و بێ دەنگ‌بوەوە .

« خواردمان » سلیمان وای‌ووت .

خەیری بزەیەکی بۆکرد .

ئەمجارەیان من هەوڵی ئەوەمدا ، باسەکە بەلایەکی تردا ببەم : « ئێ دواجا » .

سلیمان ، ملە باریکەکەی لارگرت ، نووسا بەم ووتانەی دوایمەوە وەك کۆترە دارێك وابوو لە خنکاندن ڕزگاری‌کات « دواجا .. دواجا کاکە سمیح چووە ناو چادرەکەوە ؛ قەفەسێکی پڕی گرتە دەستەوەو هێنای. پەلەوەرەکانی ناوی هەموو بەرداو شاهۆکەی خستە جێگاکەیان ، تا شاهۆکەی باوەشی لە قەفەسەکەنا ، دەست‌و ڕوومەتی ڕوشان‌و خوێناوی کرد ، سەرو چاوی بووە پارچەیە خوێن‌و سوور هەڵگەڕا .. وانیە خەیری ؟ »

خەیری چاوی سێ گوشەیی ، ئەوەندەی کە سێ گۆشەیی پێوەدەرکەوت ، تەسك‌تر بوونەوە . بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ ووتی :

« وابو سوورهەڵگەڕا » .

« ئێ .. دوای ئەوەی کە مەلەکەی خستە قەفەسەکەوە ؟ » .

مەلیش مەلێکی سینگ مەیلەو شینی دەتووك گەورە ، باڵەکانی بەهێزو گەورەبوون چاوی ئوقرەی نەبوو ، لەناو ئەو قەفەسە گەورەیەدا ، باڵەکانی‌چێکای نەدەبوەوە ، دەیویست باڵەکانی بکاتەوە ، باڵێکی شاپەرەکانی لە تێلی قەفەسەکەوە دەرچوە دەرەوە ئەو باڵەکەی چەمایوەوە . سمیح دوای ئەوەی مەلەکەی ناوە ناو قەفەسەکە بێ‌ئەوەی سەروچاوی بشۆرێ ، هەر بەو خوێناوییەوە ڕۆیی لە پێش چاو نیسەکانەوە ڕاوەستا ئەم بەتەنیا شەش مشالیش ، هەریەکەی بەقەد کەرێك لەلایەك . ئا لەوێدا لەژێر دارپەڵکەکە ، پێ‌ئەوەی هیچ بڵێ بۆ ماوەیەك بەرامبەر یەك ڕاوەستان .

سمیح لە پێشدا ووتی :

« باشە ئێمە کەی پەلەوەری ناو قەفەسەکاتمان مل‌هەڵکێشاوەو کردومانن بە کەباب‌و خواردوومانن .

« چی‌یە کوڕە .. بۆ ئەمە چەند ڕۆژێکە چاوتان بڕیوەتە ئێمە وەك بتانەوێ بمانخۆن ، مانای چییە ، چی‌یە کوڕە ، ئێوە بەشەرتان نەدیوە ؟ »

تۆغرۆل ووتی « بینیومانە .. بەشەرمان بینیوە » .

حسین ووتی « کوڕە، خۆی .. باوکت کوڕەیە » وواز لەم بێ بەختانە بێنن » ئیرۆلی ماسی گر ، سەردامانی بەپولەکەی ماسی‌یەوەبوو ، پێنج مەتر لێ دوور بوایەیت لەبەر بۆنی ماسی خۆت نەدەگرت. ئاوای گووت خۆی خیپکرد .

سەمیح ووتی « باپیرەت بێ‌یەختە » مشتی لێ‌چوقان‌و خۆی فش‌کردەوە « چاوپیسی بێ‌بەخت.. هاتویتەتە ئیرەو تەماشای ئێمە دەکەی ... ژنی مەنەکشا ، قەحبە .. » .

حسین ووتی « تەماشای ئێوە ناکەین »

ئیرۆلی ماسی‌گر ووتی « هاتووین تا بزانین چۆن چۆنی لەبرسا دەمرن .. پەلەوەرەکانتانیش نەفرۆشتووە هێ ..... »

تۆغرول « لەبرسانا بۆنی دەمتان دێت » درێژ چووە لای سمیحەوە « بەئێوەچی کە ئێمە پەلەوەرێکی زۆرمان هەیە هەی . هەی هەی .. هەی زۆلێنە . ئێمە لەبرسا بمرین دایکتان خنە لەکوسی دەکرێ ؟ »

سەمیح یەپێکەنینەوە ، پێکەنینەکەی لەبەر ڕووشانی دەمەوچاوی باش‌دیار نەبوو « دەیگرن ئەی چۆن خەتە دەگرن لە . . . » بەم جوێنە ڕەق‌و سەیرانەی ئەمان ، تۆغرول‌و هاورێکان بانیان پەریشان کردبوو ، ئەوانیش خۆیان ئامادەکرد بۆ قسەی هوقەلی بەلام هیچی وایان نەدەدۆزیەوە هاوتەقای چوێنەکانی ئەوان بێ . بەرامبەر بە جوێنە نەبیستراوەکانی

بڕوانە ل ١٠

ژانی ئەم عەشقە

شیعری : برهان هەژار

نێوارەبوو ..
پرچی زەردی ئالۆسکاوی
لەسەر ڕەشمالی خەمەکان
هەڵئەخست‌و
چاوی گەشی
بەکەمەری ووشەی شیعرا
ئامێز دەکرد ..!
سێبەری مانگەشەو دامات ..
بە سەر گەڵای درەختەوە
شنەبای سارد،
سۆزی عەشقێکی ئەباراند
دنیا ساردبوو ..!
سەهۆڵ‌بەندان
تەمی سپی ، لوتکەی چیا
لەژ تیرسێبەری داربی‌یا
ڕەشمالی عەشقی هەڵئەدا ..
شەپۆلی ڕووبار هەڵئەساو
پرچەکانی پی‌تەپڕنەکرد ..؟!

× × ×

بە شەوقەوە
ئاشنای ڕووی‌بووم
بوو بە تیشکێك ..
پرچی خەم‌و ئارەزوویم
دەهۆنیەوە
نەبا شاڵاوی مەرگ‌بێت
ببڕێتەوە ..

× × ×

نیگای ئەستێرەی چاوشین‌و
خەمی من کە ..
من ئەمزانی ..
لە ئێوانی خەمی من‌و
ئازاری تۆ
بەسەر پردی تێکچڕانی
ژانی عەشقی ئازار گرتووم
تیژتر ئەڕواوە
ڕەگ دائەکوتێ ..؟!
ڕاگوزەر بووم بۆ کۆچی شەو
ملوانکەی عەشقی خوێناوی
دەنك .. دەنك
لە گوڵزاری ئاسۆی ئەوین ،
عومری ماندووت بخوێنمەوە ..
لە گلێنەی کۆڵەواری چاوەکانتا
کۆ- باڵبگرێ‌و
جێ ژووانی ، پشکۆی ئاگر
بە ئامۆیی ،
بە فرمێسکی ئەم خەمانەم
بهۆنمەوە ..!

Institut Kurde Paris

له لێدوانێکی ئەمینداری گشتی کاروباری ئابووری و دارایی ناوچەی کوردستان بۆ رۆژنامەی هاوکاری

بودجەی ناوچەی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە

ناظم دلبەند

● لەم رۆژانەدا بەوبەز ئەمینداری گشتی کاروباری ئابووری و دارایی لە ناوچەی کوردستانا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە بودجەی ناوچەی کوردستان لە بەرزبوونەوە دایەو هەموو خزمەتگوزاریەکی جەماوەری بەرەو پێشەوە دەڕوات ، سەرباری ئەوەی لە وولاتەکەمان چوار ساڵە لە جەنگدایە دژی رژێمی خومەینی قین لە دڵ ، بەلام ئابووریمان هەمیشە لەئاستی بەرزبوونەوەیە ، بەنگەشمان بۆ ئەم قسانەمان بزووتنەوەی ناوەدانی و پیشەسازی و کشتوکالی و هونەری و ... هتد ..

لە دوانێکدا بۆ رۆژنامەی « هاوکاری » وتی :ـ

دەزگاکانی ئەمینداریتی یەکەمان پەیوەندی راستەو خۆی هەیە بە هەموو لایەنەکانی هاوولاتیانی ناوچەی کوردستان لە رووی دابین کردنی پێویستی دارایی یەوە ... دەمەوێ دەستنیشانی ئەوەتان بۆ بکەم کە بزووتنەوەیەکی بازرگانی فراوان هەیە لە ناوچەکەدا بەتایبەتی لەم ساڵەداو قەوارەی تەعاموڵی بازرگانی کەرتی سوشیالیستی لە سەرەتای ساڵەوە تاکو مانگی ئابی ئەمساڵ گەیشتۆتە ٨٨ ملیون دینار ...

هەروەها بەرێزی وتی :ـ

ئەو بزووتنەوەیە چالاکیەکانی لقی کەلوپەلی خواردەمەنی و بازرگانی عیراقی و کەلوپەلی ووردەکاری و کۆگاکانی عیراقی و ئۆتۆمۆبیل و ئاسن و دارو کەل و پەلی بیناکردن دەگرێتەوە ...

ئەم پارەیەش بە پێی خشتەیەکی دیاری کراو دابەش کراوە وەك ٣٦ ملیون و ٣٧٧ هەزار دینار بۆ پارێزگای هەولێر و ٣٥ ملیون و ١٨٤ هەزار دینار بۆ پارێزگای سلێمانی و ١٧ ملیون و ٢٠٨ هەزار دینار بۆ پارێزگای دهۆك سەرەڕای ئەو هەموو کارانەمان توانیمان بە شێوەیەکی ئاسان کەلوپەلی پێویست دابین بکەین بۆ هاوولاتیان لەم رووەوە ئەمینداریتی گشتی لە هەمان بەرواردا لەبەر رۆشنایی زیادبوونی هاوولاتیان ٢٣٩ ئیجازەی لقی کۆمپانیای بازرگانی و ١٣٥ بریکاری فرۆشتنی دانەوێلە بداتە هاوولاتیان سەرەڕای مانەوەی ئیجازە پێدراوە کۆنەکان ...

هەروەها ئەوەش راگەیەنین کە سەرکردایەتی حزب و شۆرش و سەرەکی بەریز صدام حسین لە تەنگ ئەوەوەن کە دەزگاکانی ئۆتۆنومی زیاتر پەرەیان پێ بدرێ و دەوری خۆیان ببینن چەند فەرمانگەیەك کە سەر بە مەرکەز بوون ، هەتا ئێستاکە کەوتنەوە ژێر کارگێری ئەمینداریتی یەکان وەك فەرمانگەکانی حوکمی ناوخۆیی و بەریوەبەرایەکانی ئەوقاف و بازارگای کشتوکالی و قەسابخانەو لقی ئاودێری ئەسکی کەلەك و دەزگای گشتی کشتوکالی لە شارەزوور کە لەمەو دوا لە رووی دارایی و کارگێری یەوە سەر لە بە دەزگاکانی ئۆتۆنومی دەبن ..

● **لە رووی دانانی بودجەی ساڵی داهاتووی ناوچەی کوردستان وتی :ـ**

بودجەی قەبڵێنراوی کە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆرەوە ئامادە کراو ئینجا لە هەردوو ئەنجومەنی رابەرانەو یاسادانان پەسەند کرا .. بودجەیەکی سەرکەوتوانەیەو بە شێوەیەکی زۆر رێك و پێك لەگەڵ وەزارەتی دارایی یەوە گەیشتینە ئەو راستی یە کە رەزامەندی لە سەردەربڕینەو ئینجا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش تاکو لە بودجەی گشتی دەوڵەت ناونووس بکرێت ..

ئەمەش رێزو فەزل دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێدانی سەرەکی لێهاتووەمان هەڤال صدام حسین کە پشتگیری بزووتنەوەی دەزگاکانی ئۆتۆنومی دەکات لە ناوچەکەدا ...

● **لە بۆنەی دەستپێکردنی ساڵی خوێندن**

مندالانی هەولێر گورانی بۆ سەرەك دەڵێن

لەگەڵ سەرەتای ساڵی خوێندندا ، قورگە زێرینەکان کەوتنەوە گۆرانی ووتن بۆ شۆرش و ، بۆ خاك و ، بۆ سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین .. لە گۆرانیەکاندا هەستی ناسك ، تێکەڵ بە خۆشەویستی سەرەك بوو ، وە پەیمانی مندالانی هەولێری شیرین بۆ سەرەك دووپات کرایەوە .. کە ئەمسالیش سەرکەوتووبن . . . تا سەرکەوتن تێکەڵ بە سەرکەوتنی گەورەتر بێ .

سەر لە بەیانیەك گوێمان لە سرووديك بو ، لە باخچەی شۆرشدا ، چووینە ژوورەوە ، منداڵێکی قشتیلە شیعرێکی جوانی دەخوێندەوە . .. دوای لێبوونەوە لێی چوومە پێشەوەو ووتم :

● **بەرخۆلە گیان ، ئەوەچی بو خوێندتەوە ؟**

ـ نامەی سەرەك ...

● **چیت ووت .. بەقسە بۆم بگێڕەوە !؟**

ـ ووتم .. بابم شەهیدەو تۆ لە جیاتی باوکمی ..

● **باوکت کەی شەهیدبو ؟**

ـ ساڵی ٩٨٢ ... لە یەکێك لە بەرەکانی بەسرە ..

● **هاوینت چۆن بە سەربرد ؟**

ـ لەماڵەوە یارمەتی دایکم دەدا و گوێم لە تەلەفزیۆن رادەگرت ..

● **ئەی لە باخچەی مندالان ؟**

ـ مامۆستاو مندالان زۆر رێزم لێدەنێن چونکە باوکم شەهیدە ...

هەندێجار ماچم دەکەن و دەمخەنە ئامێز ..

لقی هەولێر

هەلبژارتنا ئەندامەکی بۆ جڤاتا نیشتمانی ل پارێزگەها دهۆکێ

هەر وەکو د یاسایا جڤاتا نیشتیمانی دا هاتی کو هەر ئەندامەکێ ژ جڤاتێ کێم ببیت دێ ئەندامەکێ دی هێتە هلبژارتن هەر ل دەڤەرا وی،

ژ بەر هندێ هلبژارتنا ل دهۆکێ دەست پێ کر ل روژا ٣٠ ـ ٩ ـ ١٩٨٣ بۆ هلبژارتنا ئەندامەکی ل جهێ (دکتور شمعون یاقو مروکی) ئەوێ کو چویە بەر دلوقانیا خودێ دەمێ ترمبێلا وی وەرگەریای ، ئەڤجا وەکو هەمی هلبژارتنێت بەرێ مەلبەندا هاتنە پێك ئینان ل دهۆکێ و قەزا و نەحیێت وێ . ئو ل دەمێ سەرەدانا مە بۆ مەلبەندا هەژدێ ل قەزا سێمێلێ ، بەرێز (حکمت ذنون) ی قەیمقامێ قەزایێ و سەروکێ لیژنا سەرپەرشت ل سەر هلبژارتنێ هەمی کاروبارێت فی کاری ژ مەرا شروڤەکرن و گوت : دد ژمارا هلبژێرا ل مەلبەندا مە دەھ هزار و سیهو هەشت مروڤن دڤێتن ئەو ئێکی ژ دووا ب هلبژێرن . ئو هلبژارتنێت ڤێ جارێ وەکو یێت بەرێ گەلەك ب دیموکراتیەتن ، ئو مە هەمی پێتڤی یێت ئامادەکرین وەکو ترمبێلا بۆ ئینان و برنا خەلکی ل گوندا ، هەر وەسا دناف مەلبەندێ دا هەمی نفیسەڤان و رابەر د ئامادەنە بۆ هاریکرنا خەلکی ئێکجار ئەوێت نزانن بخوینن و بنفیسن . ئو مە دەرگەهێ مەلبەندێ ل سەعەت حەفتێ سێدێ پێ ڤەکری و دێ ل سەعەت چوارێ ئێڤاری هێتە گرتن . . هەر وەسا هاورێ (یحی احمد مصطفی) ی نوینەرێ تەڤگەرا پارتێ ل سێمێلێ چەند ئاخفتنەك ئاشکەرا کرن دەربارا ڤان هلبژارتنا و گوت : « ل دارەتەکێ دیموکراتی و گەش خەلکێ دەڤەرا مە ب کورد و عەرەب و کێماتی ڤە بەرێ خو دانە مەلبەندێت هلبژارتنێ دا کو نوینەرێ خۆ یێ نوی ب هلبژێرن ژ جڤاتا نیشتیمانی ل وی دەمێ کو هێزێت زوردار یێت خومەینی د گەل خۆفروشا دوژمنێت مللەتێ مە یێ کورد پیلانا ل سەر وەلاتێ مە دگیرن ل نوخیبێ ژوریا رۆژهەلاتی ، دسەر هندێ را ئەڤ هلبژارتنە دهێن کە رابەر بۆ پایمانێ ژ بۆ سەرکێشیا سەروکێ تێکوشەر صدام حسینێ و راوەستانا وان ئێك رێز بۆ بەرەڤانیا ئاخا وەلاتێ شرین ».

ئو هەر وەکو ئاشکەرا بوی کو دەنگ هاتنە ڤەوارتن ل سپێدەیا روژا پاشتر ئو بەرێز عبدالاله هاتە هلبژارتن کە ئەندام بۆ جڤاتا نیشتیمانی و بیروز بیتن .

رەضان عیسی
لقی دهوك

مامۆستا « تام » ـ پاشماوە

منیش هەروا ئاسان نییە ـ چونکە خەلك رەشو سپی لە یەك جیا ئەکەنەوە .. زیاد لەوە ئەگەر من لە دزی بگەڕێم ، بابەت براوە بیدزم چیرۆکی (ئەندریۆشکۆ) نەبێ ؟ بۆ کوردی نازانم تا خۆم چیرۆکێ هەلبژێرم و وەزی گێڕم و هەر ئەبێ پەنا بەرمە بەر دزینی ماڵی خەلك ؟ زیاد لەوە ئەوەی تۆزێ خوێندەواریی هەبێ و وەرگێڕانەکەی مەن و کاك نورالدین بخوێنێتەوەو بەراوردیان بکا ، بەئاشکرا هەست بە جیاوازیان ئەکاو ئەزانێ کەرەستەی ئەوەی لای من گەلێ لەوەی ئەو زیاترە . کاك نورالدین ـ وەك لەگەڵ نووسینی ئەم وەلامەدا چاوم بە وەرگێڕانەکەیا گێڕاو بۆم دەرکەوت ـ لە وەرگێڕانەکەی خوالێخۆش بوو ئەدمۆن سەبری یەوە کردوویە بە کوردی ، بەلام من لە بۆعەرەبی وەرگێڕاوێکی لقی ئەدەبیی ئاژانسی دەنگوباسی بولگاریام وەرگێڕاوە . باوەڕیش بکەن ئەوەی من ماوەیەکی زۆر لە دەزگای رۆشنبیری مایەوە تا بلاوکرانەوەشی بە ماوەیەك بەوەی کاك نورالدینم زانیوە . ئەوەبوو دوای بلاوکرانەوەی برادەرێك لە هەولێرەوە نامەیەکی بۆ نووسیمو لێی پرسیم مادەم کاك نورالدین ئەو چیرۆکەی کردووە بە کوردی ، ئیتر تۆ بۆ دووبارەت کردەوە ؟ منیش وەلامم دایەوە کە بەڕاستی تا تۆ ئاگادارت نەکردم بەوەی کاك نورالدینم نەزانیوە ، لەگەڵ ئەوەش هیچی تیا نییە ـ چیرۆکێك چەند جار بلاو بکرێتەوە .

جا کە گەیشتینە ئەوە دەستدرێژی و دەست پیسیم نەکردووەو وەرگێڕانەکەی خۆم لەوەی کاك نورالدین نەدزیوە ، ئەبێ چ تاوانێ لەوەدا هەبێ دوو جارو بەلکو دە جاریش وەرگێڕرێ و بلاو بکرێتەوە ئەگەر سوودێکی خوێندەواری تێدا بێ و ، ئەبێ مامۆستا نەریمان ئەم گێژەلووکەیە بە چەمەبەستێك بنێتەوە ؟ بەپێی ئەم بۆچوونەی ئەو بێ ، ئەبێ ڕۆشنبیرانی جیهان هەموو بەهەلە چوبن کە شاکارەکانی ئەدەب و زانست و سیاسەت و فەلسەفە چەند جار وەرئەگێڕنە سەر زمانەکانی خۆیان و بلاویان ئەکەنەوە .

ئەنجا بۆ ئەبێ نەریمان تاوانی بلاوکردنەوەی لە جارێك زیاتری بەرهەمی کەسێك هەر بخاتە ئەستۆی ئەوکەسە ؟ ئەی بۆ نەلێین لەوانەیە گۆڤارو رۆژنامەکان ئاگایان لە کاری خۆیان نەبێ و دوو جار بابەتێکی کەسێك بلاو بکەنەوە ، وەك ئاگام لێیە لە وتارەکەی دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارفدا ڕووی داوە کە لە (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) یشدا بلاو کراوەتەوەو ، نەریمان ئەویشی گرتووەتەوە ؟ یا بۆ نەلێین کابرای خاوەن پابەت کە بابەتەکەی ئەنێرێ و ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەکا بلاو ناکرێتەوە ، وائەزانێ فەوتاوەو نەگەیشتووە ، جارێکی کەش ئەینێرێ . لە رۆژنامەکە یا گۆڤارەکەشدا پێ نازانن کە ئەم وتارە هەمان وتاری پێشووەو وای لێ دێتەوە وتار دوو کەرەت بلاو ئەکرێتەوە .

وایش ئەبێ کەسێك بابەتێك بۆ گۆڤارێك یا رۆژنامەیەك ئەنێرێ ماوەیەك چاوەڕوانی ئەکا بلاو ناکرێتەوە ، ئەینێرێ بۆ رۆژنامەیەك یا گۆڤارێکی ترو بەمجۆرە سەرەنجام لە هەردوو لادا بلاو ئەکرێتەوە . لێرەدا ناتەواویی خاوەن وتار لەوەدایە ئەبوو پێش ئەوەی وتارەکەی بۆ جاری دووهەم بنێرێ بۆ شوێنێکی کە ، شوێنە پێشووەکەی ئاگادار کردایە کە ئەگەر نیازتان نییە وتارەکەم بلاو کەنەوە ئاگادارم کەن تا بینێرم بۆ لایەکی کە ، بۆئەوەی بەجارێ لە دوو شوێندا بلاو نەکرێتەوە ، وەك لەنێوان (نووسەری کورد) و (بەیان) و (هاوکاری) دا ڕووی دا .

مامۆستا جارێکی کەش سەرو گوێلاکی کوتاومەتەوە کە باسی گیروگرفتەکانی راستکردنەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیم دۆزجار لە (بەیان) دا بلاو کردووەتەوە ، جارێکیان لە ژمارە (١١١) و جارێکیان لە ژمارە (٧٥) داو ، ئەشفەرموێت گوایە هەردوو جارەکە هەر یەك شتەو تەنها دەسکاریەکی کەمی تیا کراوە . دیارە بۆیە دانی بەو کەمە دەسکاریەشدا ناوە چونکە قەوارەی دوو وتارەکە زۆر لە یەك جیان ، ئەگینا ئەوە گومانی تیا نییە کە ئەیخوێندووەتەوە ، ئەگەر خوێندبوونیایەتەوە لێیان ئەئەدوا ، مەگەر هیچیان لێ حالی نەبووبوایە . مامۆستا لەم ئیددیعایەیدا بەهەلە چووە ، چونکە ئەم دوو وتارە تەنها لە هەندێ (خطوطی رئیسی) یەکێتیی بابەتدا یەك ئەگرنەوە ، ئەمی دووهەم زۆر بەرفراوانترەو بەرهەمی تەجرەبەو تاقی کردنەوەی کاری هەشت ساڵ زیاتر لە تاقی کردنەوەی جاری یەکەممەو ، چی بڵێم لەوە زیاتر کە ئەمەی جاری دووهەم ئەو موحازەرەیە لە کۆڕی ئەدەبی کلاسیکی کوردیی دەزگای لەچاپدان و بلاوکردنەوەی کولتووری کوردیدا خوێندمەوە لە ١٩٨٠داو ، سەرەڕای ئەوە منیش داوام نەکردووە لە دەزگای ناوبراو بلاوی بکاتەوە . زیاد لەمەش هەر خوێندەوارێك تۆزێ ئاگای لە جیهانی ڕۆشنبیری هەبێ ئەزانێ پسپۆڕەکانی ئەمڕۆ هەرکامیان بکری چەند جار لەسەر بابەتی پسپۆڕیی خۆیان ئەنووسن و ، بەم پێیە منیش هەر جارێ شتێکی تازەم لا بێ لە هەر بابەتێکدا کە پێشتر لەسەرم نووسیبێ ، ئەتوانم دیسانەوەو چەند جاری تریش لەسەری بنووسمو ، پێویست بوو نەریمان ئەم شتە سەرەتایی یە بزانێ تا نەکەوێتە هەلەی وا زەقەوە .

مامۆستا نەریمان لە داوێنی وتارەکەیەوە هەندێ پێشنیهادیشی پیشان داوە بە بابەتەکەوە نییەو ، کە بەشێکیان پێوەندیان بەشێکیشیان عەمەلی نینو ، جارێکی کەش وەك ئەم ئەم هەموو بابەتەی لێیان دوا هەموو تاران بن و ئەو داوەری ئەم خەلکە بێ سەرلەنوێ هەمووان بە دەستدرێژی (واتە : دزی) گوناهبار ئەکاتەوە کە هەروەك لە نموونەکانیەوە کە خۆی هێنانیەوە دەرکەوت هیچیان دزی نەبوونو ئەوپەڕەکەی یەك دوانێکیان چەردەیەك بێ ئوسوولیو ناشیرینیان تیایە .

بەلام لە هەموو ئەوەی ڕابوورد ، دڵ ئازاردەرترو ناپەجێتر ئەو فەرمودەی پر شەرمو شکۆو جوانانەن لە دوا دێڕەکانی وتارەکەیەوە فەرموونی کە ئەڵێ : « نووسەرێك بێت بە دەستئەنقەست دەستدرێژی کردنی کردبێتە پیشە بەدووی ناوو دراودا هەڵپە بکات ئەبێت تا ئەو دادگا ئەدەبی یە دێتە گۆڕێ ، ناوی بخرێتە لیستەی ڕەشەوە » .

دەمخۆش !!

مامۆستای بەڕێز !

تەنانەت ئەگەر فەرموودەکانیشت ڕاست بن و کردەوەکانی ئێمە کە تۆ دەستنیشانت کردوون هەموو دەستدرێژی بن ، هێشتا ئەوە ناگەیەنن کە ئێمە دەستدرێژیمان کردووە بە پیشە ، چونکە بۆ من دوو نموونەو بۆ ئەوانی کە یەکی نموونەیەکت هێنایەوە ئەگەر بەدوای یەکەو دوو نموونەی تاوانیشا بگەڕێین ، باوەڕ ناکەم کەس بێ ئارەقە دەرچێ ... هەروا ئەوەش ئاگەیەنن کە ئێمە بەدوای ناوو دراوا ئەگەڕێین . هەرچی ناوە ، ناوی چاك بێ یا خراپ ، ئەوە هەر جەماوەر ئەتوانێ بە بۆچوونی بێخەوشی خۆی بە هەرکەسێکی بدات . هەرچی دراویشە ، ئەوە بەش بەحالی خۆم و خۆت ئەوەت ئەهێنمەوە یاد کە لە ژوورەکەی دوکتۆر ئەوڕەحمانا سەرزەنشتت ئەکردم کە چاپەمەنی یەکانم بە داشکاندنی ٣٠٪ ـ ٤٠٪ و جارجاریش ٥٠٪ ئەدەم بە خاوەن کتێبخانەکان و نانی نووسەرەکان ئەبڕم . لاشم وایە ئەم نموونەیە بەس بێ .

هەرچی مەسەلەی دادگای ئەدەب و لیستەی ڕەشیشە ، ئەوە من بە هەموو سۆزو ئارەزوویەکەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە دادگای ئەدەب دانرێ تا لەم مەیدانە پیرۆزەدا ئەدیب و نائەدیب لێك جوێ بکرێنەوەو ئەوەی گەل لەمێژە بریاری داوە بیشبێ بە بریاری ڕەسمیی دادگا ئەوە لیستەی ڕەش و کێ شایانی ئەوەیە بخرێتە ئەو لیستەیەوە ، ئەوە من بەرەوڕووی خوێندەوارانی ئەکەمەوە کە باشترین داوەری مێژوون .

پەتاسپیکە ـ پاشماوە

ئەخۆشی زۆر تربرەو پەیدا دەکات .

بەڕێوەبەر :

چۆن ؟ برەو پەیدا دەکات؟

دەجالین :

بەلێ ، بلاو دەبێتەوە .

باڵندەکانیش ـ پاشماوە

سمیح دەمیان بوبوە تەلەی تەقیو هەرچی سمیحیشە دەمی لێ کردبوەوەو لەسەر یەك پیانیانا دەکێشا . تۆغرۆل تفی بۆ قووت نەدەدرا قسەی لە دەمدا دەمەبی ، لەدوابیدا هەر ئەوەندەی بۆهات .

« ئیوە .. خۆتان خۆتان »

سمیح « ئێمەچی ها » . دیارە و قسەکانی سمیح کاری تێکردبوون .. « ئیوە کەلەبانا وەختە بمرن .. ملی ئەم پەلەوەرە بچووکانە هەلدەکێشن و دەیخۆن » .

سمیح قاقا پێ کەنی « ئادەیخوێن .. بۆ نەیخوێن .. ئێمە تایان گرین .. ئاه ئەم سەتاقوشە جاوسوورانە .. ئاگرێ دەکەینەوە بلوەشێ پشکۆی هەبێ .. ئەم سەقانە کە خەلکی فلاریا دەیبرژێنن چەند بەلەزەتە .. » زمانی شلپ بە هەلاشویا دەداو تام دەی خۆش کرد . « ئێمە ئەم باڵەوەرانە بۆ خۆمان دەگرین .. بۆ خواردنی خۆمان دەیانگرین و دەیانخۆین کە دەیگووت دەیانخۆین تامی دەمی خۆی خۆش دەگرد . درێژیش وەك سمیح زوان خۆی بەمەلاشودا دەدا ، خەیریش هەروای دەکرد .

بەرامبەرەکانیان پەشۆکابوون نایاندەزانی چی یکەنو چی بڵێن . تۆغرۆل ووتی « دەیانخۆن .. عوێع .. ئەم پەلەوەرە بچووکانە دەخۆن ... » .

حسن « عوێع ... دەیخۆن . » .

ئیرۆلیش ووتی « ئەم جانەوەرانە هەموو شتێك دەخۆن تف » « ئا دەیانخۆین ئاه کە بەتامن » .

بەڕێوەبەر :

ئا ... پزیشك بۆی نییە ـ جەنابت ـ وشەکانی برازێنێتەوە .

دەجالین :

ببوورە ، بەلێ ، بە تایبەتی لەم ماوەی دوایەدا کە ئەم پەنا سپیکەیە بەم شێوەیە تەشەنە دەکات

بەڕێوەبەر :

جەنایی ماوڕێ بلێ (موربوس چینگی) پیاوی زانا دەبێ بە کورتی و وردی شت بە دەستەو بدات

دەجالین :

کاتێ مرۆڤ ئەم کۆلیبە دەبینێ ... چۆن ئەو گولانە بە زیندوویی لەنلو خێزانە کانیاندا دا دەوەشێن و دا دەڕزێن ... ئەی لەو بۆگەنە پیسەش ، راستە ...

بەڕێوەبەر :

لەم حالەتەدا دەبێ جەنابی هاوڕێ مادەی دژی بۆگەن کردن بەکار بهێنرێ .

Institut kurde de paris

شانۆگەری میرات و چەند سەرنجێک

لەم ڕۆژانەی پێشوودا کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی سلێمانی شانۆگەری میراتی لە سەر شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوران پێشکەشی کرد .

ئەمەش کە لە نوسینی قاسم محمدو وەرگێڕانی حمە رشید هەرەسو دەرهێنانی تەها خەلیل بو بە کورتی دەربارەی (خێزانێك) یان (چەند خێزانیک)ی دەولەمەندی پارەپیس ئەدوێ کە دوای مردنی گەورەی ماڵ (میران) وەچەکانی لەسەر میراتەکەی لە ناوخۆیانا دەبێ بە ناکۆکی نووسەر جگە لە پەردە داماڵین لە رووی ئەو چەشنە خێزانانە کە لە هەمو کۆمەڵو میللەتێکی سەر ئەم زەمینەدا هەن ، شتێکی زیاتر نابێکی، چونکە بۆخۆی هەر بایی ئەوەندەیەو لەوەش بەولاوە نووسەر نە ویستویەتیو نەهەوڵیداوە پەنا بەرێتە بەر رەمز بەکارهێنان بۆیە رواڵەتو روخسارو ناوەڕۆکو مەبەستی بەرهەمەکە وەکو قەوانێکی یەك دیوی وایە کەچی لای دەرهێنەر مەسەلەکە دەخرێتە ژێر میکرۆسکۆبەوەو بە روخسار باسی چینێك دەکاتو بە ناوەڕۆکیش مەبەست بزوزاو رژێمێکە ...

بەهەرحال با بپرسین :

● بڵێی ئەمڕۆی میللەتەکەمان کێشەی هاوچەرخی خۆی نەبێت تاوەکو گرگر بکەڕێنەوە سەر بەزمو ڕەزمی قەوانەکانی پەنجاو شەستەکان ؟

● ئایا چ پەندو رێنمایەکی (نوێ) لە ئەرکی خۆماندوکردنی ئەم شانۆگەریە وەرگیراوە ؟

● ئایا وەرگێڕ کە دەستکاریەکی چاکی دەقەکەی کردوە نەیدەتوانی لەگەڵیا هەندێ دەمەتەقێو مشتومڕی کوردەواری تیا تاوبۆ بکات ... بۆ وێنە کە ناوەڕۆکو مەبەست بە تەنها مەسەلەی دابەشکردنی پارەو میراتیو کێشەی برایەتی ناو خێزانەکەیە دەبوا لە جیاتی چەند درێژە پێدانێك بە کورتی بوترایە ! برامان برایی ... کیسەمان جیایی !!

● ئایا نەدەتوانرا روناکی بە شێوەیەکی لەبار بەکاربهێنرایە چونکە لە سەرەتاوە تا کۆتای شانۆگەریەکە بێوچانو بەبێ گۆڕان سەرتاپای شانۆکەی داگیرکردبو کە لە زۆر شوێنا پێویستی بە چەپکێ ڕۆشنایی تایبەتی دەکرد .

هەروەها دیکۆرو دیاردەی

نە گۆڕانی شێوەکانی بینەری لەناو چوارچێوەی خۆیدا گەمارۆئەدا ....

● لەوانەش هەمووی گرنگتر شانۆگەریەکە بریتیە لەدووبەشو ئەگەر هونەرمەندی کارامەی خۆی کاری تیا بکات دەیتوانی زوربەی بەشی یەکەم کورت بکاتەوەو بەشی دووەمیان تا رادەیەک بکات بە شانۆگەریەکی سەربەخۆ .

● لە رووی هونەری ئەکتەرو دەورەکانەوە کاك شەماڵ عبدالله رەشش کە دەوری باوکی شیرین دەبینێ بوە بە کۆچی قوربانی ئەم شانۆگەریە ئەگینا بە چاوپۆشین لە دەوری (قەمبور) کە کاك حمەرەشید هەرەس دەیگێڕێ ئەوانی تری هەستێکی زیندوی تیا رەچاو ناکرێ ، لەگەڵ ئەوەشا دەوری قەمبور بە رای خۆم تێکەڵ کردنێکی

هەردوو دەوری پالەوانێتی فلیمی (احدب نوتردام)و شانۆگەری (النسر وعیون المدینه)یە ... بەلام لەگەڵ ئەوەشا وەرگرتنی سەرکەوتوانە لە قازانج بەولاوە لەنگیەکی ئەوتۆمان پێ نابەخشێت .

دەڵی ووتە بەنرخەکەی ـ پاشماوە

خێزانیش هەتا لەماڵی خۆیشیدا ژن و منداڵەکانی لەسەر ئەم رێگەیە پەروەردەبکات ، چونکە رێگەیەکی پاك و رێك و دروستە نەك کەدانیشتن بەکێکیان هەستێ و ئەوانی تریش لەخواردن بەردەوام بن ... واچاکە پێکەوە دابنیشن و پێکەوە بخۆن ، تەنیا ئەگەر کات و هەڵومەرجیان جیاوازبوو ئەوسا هەرکەسە بەپێی زەمی چۆی نان دەخوات .

ئەم حاڵە لە کۆمەڵی ئێمەدا لای من گرنگە ..

بنەڕەی سزادانی هەر هەڵەیەك لەو مەبەستەوە نەهاتووە کە گوتەك بێنین لە تەپڵی سەری جیاواز یان کوتاهباری بەدەرن وەکو گوتم ، بەڵکو مۆیەکیشە بۆ بەختیارکردنی کۆمەڵ ، چونکە کۆمەڵ بەبێ سزادان ئەویش کاری بەڕێوەناچێت ، کاتێك لەقورئانی پیرۆز وورد دەبینەوە دەبینین هەڕەشەو بەهێوا کردنیشی لێدایە بۆ هەرۆڤ کە پێی دەڵێ ئەگەر بچیتە بەهەشتو کەردەوەت باش بێت ، لەبەهەشتدا جۆرەو خواردنی خۆشو کوڕی خزمەتکوزار دەبینی کە بەدەورتدا دێن و دەچن ... هتد .. بەڵام لەلایەکەی تریشدا ئەگەر کاری بەدبکەیت دەتخەمە ناو ئاگری دۆزەخ ، ئاگرێك هەرکاتە پێستێکیان هەڵقرچا پێستێکی دیکەیان بەبەرزادەکەین و دەی سووتێنین و بەم جۆرەو بەو مانایە دەبینی چۆن هەڕەشەکە توندو تیژە .

کەوابێت .. خوای گەورەکە نادەمیزادی دروست کردووە دەیزانی کاتێ کە شەیتانی لەگەڵ حەواو ئادەم لە بەهەشت دەرکردو ناردنیە سەرزەوی ، دەیزانی بەبێ هەڕەشەو سزادان ئەگەرچی دەستبەجێش نەبێت سەرباری ئازاری ویژدان کە ئازارێکی سەردنیایە ، کارناڕوات ، کەواخۆی دروستکەری نادەمیزادیشە .

ئەمەیە داد

کەوابێ ، پێویستتر ئەوەیە کە ژیان لەسەر زەوی بەیاسای مرۆڤ کرد رێك بخرێت ، پێویستتر ئەوەیە ئیشی تیدابڕوات .تەنیا لەبارێکدا کەسوپاسی یەکێك بکەیت کە کارێکی چاك بکات بەمە کە نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆبنوو سیت یان لای خەلك مەدەحی بکەیت ئەمەش چەند رووێکی ئاساییین .. ئەوکەسەش زۆر کاربکات دەبێ لەرووەمادییەکانیش ئەنجامی لەوکەسە زۆرتربێت کە کەمنیش دەکات ، ئەمەیە داد لەهەمان کاتدا ئەوەی کە لەڕێ لابدات یان هەڵەیەکی گەورە بکات پێویستە یاسا سزایەکی دیاری بۆ دابنێ ، چونکە بەبێ تەتبیق کردنی مافی سزادان بەختیاری نایەتەدی و ئاژاوە بڵاودەبێتەوەو راستڕەوی و پەیڕەوو ئاسایش ئاوا دەبێ . بەڵام ئەگەر پێش سزادان ئادەمیزادمان گەیاندە ئەو حاڵەتەی کەدەتوانێ تیایا بەسەر هەڵەی خۆیدا زاڵ بێتو پێ بەهەڵەدابنێو بەڵێن بدا کە هەڵە دووبارەنەکاتەوە ئەوە باشترە .

حاڵو مرۆڤ ـ پاشماوە

(نالی)ی کوردان ژ پیرۆزیا نافێ ماچێ نکاریە ڕاستەو خۆ ب بێژیتە بەردلکا خوە (ماچەکێ) ب دەمێ لەوڕا ژێرا ئەڤ چامە ئەماندیە :ـ

لەبت میهو قەدت ئەلفو زولف چیم
دەزانی بەم سێیانە تالیبی چیم(٣٨)

جانێ ژینێ ئەفینە وجانێ ئەفینێ ماچەو ئەگەر (خەیامی) گەهشتیە ڕادەیەکا بەرز ژ زانینێت گشت بارێت ژینێ وفەلسەفەو ماتماتیك وئەندازیارێ وب رێبازو خەونا دانەرەکێ ژێهاتی بیروباوەرێت سەربەست دارێشتی نە ددیزا مروفاینیێدا . ومەی وشەراب و بادە ناساف وپێ هەلدانا گەلەك قوناخو پرابیت . ئەڤ رێبازە بەردەوام مایە لنك مۆزانفانێ پەیسك بلند (نالی) ب ناسنافا (ماچێ) .... ئەدێ ئەفە پیرۆزترین کاروانە ب دەستێ مەزنترین سەرکێش مۆسا دناڤ جفاتا بیر تیژو مۆزانفانێت کوردان نالی بویە پێغەمبەرێ جیهانا ئەفینیەکا مەزن وماچ ناما ئەویە دناف مەبەستو ئەگەرێت پیرۆزدا . ئەو ئەفینیا هەمیشە تیرا ڕاستەری ئارمانجا چاکتیدا ..

لەوڕا گووتیە :ـ

نالی ومرە هەزلێکی کەعاری شوعەرابێ
روو ڕەش مەکە پێی سەفحەیی هیچ لەوحو کیتابێ
وا چاکە خیالت لەگەڵ ئەسراری هودابێ
نەك بەحسی سوروور وعالەمی بادی هەوابێ(٣٩)

ژێدەرو پەیقێن گران :ـ

١ ـ دیوانا مەلایێ جزیری ـ تویژاندنا صادق بە هائەدین ئامێدی ـ چاپا یەکێ بەغدا ـ ١٩٧٧ بەرپەری ٣٥ .
٢ ـ رساله فی سیکولوجیه الحب ـ دکتور صلاح مخیمر ـ ١٩٧٥ ص١٧ .
٣ ـ دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی ـ نووسینی دوکتور مارف خەزنەدار ـ بەغدا ـ ١٩٧٧ بەرپەرێ ١٣٧
٤ ـ مەمو زینا ئەحمەدێ خانی ـ چاپا هەفلیترێ ـ ١٩٦٨ بەرپەرێ ٨٧ .
٥ ـ طبیعة الانسان ـ دکتور نوری جعفر ـ بغداد ـ ١٩٧٨ ـ الطبعة الثانیه ص ١٣٥ .
٦ ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٤٤ .
٧ ـ طبیعة الانسان ـ ص ١٦١ .
٨ ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٦٠ .
٩ ـ مەم زینا ئەحمەدێ خانی ـ بەرپەرێ ٨٥ .
١٠ـ تەبخاله = تیمیسك .
١٠ـ لەب = لێو . کولم = گۆنا = سەرێ ڕوویی .
١٢ـ دیوانی وەفایی ـ لێکولینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی ـ بەغدا ١٩٧٨ بەرپەرێ ١٢٢ـ١٢٣.
١٣ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ١٢٠ .
١٤ـ (ئەسمەرێ) سترانەکا کوردیە گەلەکا ب ناڤو دەنگەو یا بەلاڤە ل تەڤ دەڤەرێت کوردستانێ.
١٥ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٤٦ .
١٦ـ دیوانی وەفایی ـ بەرپەرێ ١٨٥ .
١٧ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٨٠ .
١٨ـ کتاب الاخلاق ـ احمد امین ـ الطبعة الرابعه ـ ١٩٣٣ ص ١٧ .
١٩ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٩٩ .
٢٠ـ دیوانی وەفایی ـ بەرپەرێ ٣٠ .
٢١ـ دیوانی نالی بەرپەرێ ٧٤ .
٢٢ـ المراه بین الحب و الزواج ـ سیمون دی بوفوار ـ ترجمه الدکتور محمد فتحی ـ مطبعة السعاده بمصر ـ الطبعة الاولی ١٩٦٤ ص ٢٨٨ .
٢٣ـ چەند شاعرەك دەمەرێما بەهدینانداا ـ دکتور کافع ئاکرەیی ـ بەغدا ١٩٧٨ ـ بەرپەرێ ٠٤١
٢٤ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ١٠٢ .
٢٥ـ دیوانا مەلایێ جزیری ـ بەرپەرێ ٣٤٦ .
٢٦ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ١٢٠ .
٢٧ـ دیوانی وەفایی ـ بەرپەرێ ٤٦ .
٢٨ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٥٦ .
٢٩ـ دیوانا مەلایێ جزیری ـ بەرپەرێ ٣٧١ .
٣٠ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٥٩ .
٣١ـ مەمو زین ـ بەرپەرێ ١١٦ .
٣٢ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ١٠٨ .
٣٣ـ مۆزانفانێت کورد ـ دانانو تویژاندنا صادق بەهائەدین ئامێدی ـ بەغدا ـ ١٩٨٠ بەرپەرێ ٢٩٣ ـ ٢٩٤ .
٣٤ـ اسطوره من کتاب الحب ـ محمد عبدالحلیم عبدالله ـ بیروت ١٩٨٠ ص ١٢٩ .
٣٥ـ دیوانی نالی ـ بەرپەرێ ٤٣ .
٣٦ـ مۆزانفانێت کورد ـ بەرپەرێ ٥٠١ .
٣٧ـ و (٣٨) و (٣٩) دیوانی نالی ـ بەرپەرێن (٦٧ ـ ٧٥ ـ ١٦٧) .

٭وون بوونی دەفتەری خدمە

بەناوی رمضان فتاح مصطفیوە دەفتری خدمەی عەسکەریم لێوون بووە کە لە تەجنیدی یەکەمی هەولێر دەرچووە تکایە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقی هەولێر .

زانستی فلیمۆلۆجیا

جۆرە لەقتەیە وێنەی بکێرێو ئامادەبکرێ کاتی نواندن ـ بۆ ڕون کردنەوەو چارەسەرکردنی کەموکوڕی نێوان لەقتەکان بەکارئەهێزێت .

لەقتەی گشتی

بریتیە لەو لەقتەیەی کە دیمەن بەگشتی پیشانئەدا بە هەمو جموجۆڵو جوڵانەوەیەکی بەجۆری وەرگرتنیشی لە گۆڕەپانو رێگا گشتیەکان ئەبێ هەروەها لە هۆڵی گەورەی ستۆدیۆشدا بەکار ئەهێنرێ لە سینەمادا لە دوای لەقتەی ناوەندیە ئەنجا ڕون کردنەوەو پیشاندانی گشتی ووکەش دیمەن .

لەقتە مەکتەبە

لەقتەیەکی ئامادەکراوە نەك بۆ ئەو فلیمەی بە دەسەوەیە بەڵکو بۆ هەرفلمێك کە پێویستی بێ بۆ چەند جۆرە لەقتەیەکە لە شوێنی تایبەتی لە مەکتەبەی سینەمایی بە شێوەیەکی هەڵئەگیرێ بەکارهێنانو گەڕانەوە بۆ ئەم لەقتانە بەبێی پێویستە چونکە هەمو کاتێ تامادەیە گومانیشی تیایا کە زۆرو جۆرو بابەتن لەقەوارەو شێوەی وەرگرتنی .

لەقتەی پێچەوانە

بریتیە لەو لەقتەیەی کە دیمەن لە لایەنی بەرامبەر پیشانئەدا لەقتەی ڕابردوی تیا ڕەچاوکراوە ئەم بارە بە هۆی کامێراوە ئەبێ لە دوو لاوە یان تەنها کامرایەك هاتوچۆی هەردولا تەکا پیشانەی ئەم جۆرە لەقتەیەش پیشاندانی ژیانو جوڵانەوەو هەڵوێستە بەشێوەیەکی چەسپاو .

لەقتەی سەرنجڕاکێشەر

بریتیە لەو لەقتەیەی کە چەند جیاوازێکی هەیە لە توندو سەختیداو ئەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی بنیەرانو قوڵکردنی ئەندێشەو هەست .

بەختیار سامەنی ●

لەقتەی نایاب Perfect

ئەو لەقتەیەیە کە هەمو تواستەکانی دەرهێنەری تیا دێتەدی لەبارەی نواندنو جوڵانەوەو ڕوناکیو دروستبونو نۆمارکردنی دیمەنەوە .

لەقتەی سەرەکی establishing shot

بریتیە لە لەقتەیەکی گشتی ڕون کردنەوە پەیوەندیو لایەنەکانی دیمەن ڕونئەکاتەوە لەگەڵ ئەو شتانەی پەیوەندی هەیە بە ئەکتەرو کەلوپەل کە لە لەقتە گشتیەکانا پیشانئەدرێ بەتایبەتی کە ڕێنەی دیمەنەکە ئەگیرێ لە دوای ئەم هەڵوێستەو لە پێشەکی هەڵوێستا ، لەقتەی تارا پیشانئەدرێ ڕوو کردنەوەیەکی زیاتر لە جوگرافیای شوێنو دروستکردنی جۆرە هەستێکی لای بینەران بە تایبەتی لەکاتی ڕودانی ڕوداوو باری گشتیدا .

لەقتەی چەسپاو Fixed Angle

بریتیە لەو لەقتەیەی کە ڕێیەی ئەگیرێو کامیرا لە شوێنی خۆیدا ئەچەسپێ ، بواری وێنەی زیاتر چەسپاو ئەبێ بەڵام ناوەڕۆکی دیمەن تەنها جوڵانەوەی ناوخۆیی و بابەتئەبێ .

لەقتەی ڕاگوزاری Flash

١ ـ بریتیە لە لەقتەی دیمەنێك زۆر کورتە کە ماوەی زۆر کورتە لە نێوان پێ زیاترو کەمتر نابێ یان چەند چوارگۆشەیەك ... وێنەیەك ... (فریم) .

٢ ـ بەزۆری ڕوناکی کامیرای فۆتۆگراف ئەگرێتەوە (فلاش

جوڵانەوەی ڕاگوزاری Swish pan ـ Flash pan

بریتیە لە جوڵانەوەی کامێرا لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر کە جوڵانەوەیەکی زۆر بە پەلەو هیچشتی بە ئاشکرا نابینرێو دیارنابێ . ئەمجۆرە جوڵانەوەیە بە تامرازێکی دەربڕین بۆ گۆڕینی شوێنو کات داتەنرێ . (بە پانۆرامای جیاش نابێ) .

لەقتەی سەرتاپاگیر Full shot

بریتیە لەو لەقتەیەی کە وێنەی ئەواوی شتی پێویست ئەگرێ لە نزیکەوەو لۆژی هەبە دەمەوچاو بۆ یان هەمو لەش یان لەسەرجۆرە بۆ بێ لەم جۆرە لەقتەیە زۆرجار بۆوێنەگرتنی تاژەڵو دارەخت بەکاردێزێ .. هتد .

لە قەوارەیەکی گەورەو وێنە بانگی هەمو شاشە ئەگرێتەوە .

لەقتەی شوشەیی Glass shot

بریتیە لە ڕوداوێك کە لە ناو تیپەکی ڕوئەداو بەشێکی بە قەوارەی سەرشتی دروست کراوە ، بەشی دوەمی لەسەر تابلۆیەکی شوشەیی وێنەی گیراوەو تامادەکراوەو لە شێوەیەکی نزیك لەپەردەم کامیرا دانراوە بە مەرجێك کە وێنە بچوکەکە ببێتە بەشێکی تەواوکەر لەگەڵ وێنەی ئەو دیمەنانی کە دورەو بە قەدارەکەیشی سروشتیە لە ڕوان بەشە ڕوناکەیە دیاری ئەم هەنگاوو هەوڵدانە بۆ فیلمی سینەما بەکاردێنرێ .

لەقتەی پەدەك hold take

بریتیە لەو لەقتەیەی کە لەکاتی وێنەگرتنو وەرنەگیرێو هەڵنەگیرێ کاتی مونتاژو پێویستی بەکارهێنرێ .

لەقتەی دەست hand hold shot

بریتیە لەو لەقتەیەی کە بەدەست وەرناگیرێ بۆ ئەوەی هەڵگر کامیرای تیا بکاربهێنرێت ، ئەمجۆرە وێنە گرتنە ، بۆ فلیمی ڕۆژنامە سینەمایی دەنگو باسیەکان بە کاروتیزترە ، بۆ فلیمی ڕومان بۆ دەربڕینو نزیك بونەوەی زیاتر بەکاردێنرێ لەڕوانگەی کامیراوە بۆ ڕاستی واقیع کامیرا شوێنی یەك لە کەسانی فلیم ئەگرێتەوە .

لەقتەی دژوار

بریتیە لە لەقتەیەکی نزیك یان ناڕەندی کە هەمو شاشە بگرێتەوە وەك لەقتەیەکی دژوار دێتە نێوان دو لەقتەوە ، جەپکێ ڕۆلیان بۆ ڕوونکەنەوە یان ناو نبشانبك لە ڕۆژنامە یان سەعاتێك تابلۆیەك ـ بەبێ پیشاندانی ئەکە لەبەر ئەوە مەرج نیە لەم جۆرە لەقتەیەش پیشاندانی ژیانو جوڵانەوەو هەڵوێستە بەشێوەیەکی چەسپاو .

لەقتەی سەرنجڕاکێشەر

بریتیە لەو لەقتەیەی کە چەند جیاوازێکی هەیە لە توندو سەختیداو ئەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی بنیەرانو قوڵکردنی ئەندێشەو هەست .

Institut Kurde de Paris

کوردستان دەکەینە قەلایەکی سەخت

چوار ڕۆژەی کورد :

ڕۆژە بە جەراگەکانیی کوردستان ، لە شەڕی مێژوویی‌دا ، وەك ڕۆژەدلێرەکانی تری وولاتی سەربلندی عیراق ، کەوتنەسەر شاخەکانی کوردستان، بۆئەوەی بیکەنە گۆڕستانی دوژمنانو ئەو چاوچنۆکانەی دەیانەوێ ڕێی هەنگاوی پاشەڕۆژ بگرن .

بەڵام بازووی پۆڵایین گەورەترین سەرکەوتن دەگێڕێتەوە .. لە یەکێ لە بەرەکانی جەنگدا ، ئەم چواررۆژە بەجەرگە بۆ « هاوکاری » هاتنە قسە ..

● **کاکە ناوت چیە ؟**

ـ پیرۆ عمر ..

● **خەڵکی کوێی ؟**

ـ هەولێر ..

● **چی وای لێکردی چەك هەڵگری ؟**

ـ کە دوژمن شاڵاو دێنێ .. ناتوانم لە ماڵ دابنیشم بەزەلیلی ...

● **ئەی تۆ ؟**

ـ محمد خضر نبی ... خەڵکی ئارماوان ..

● **چۆن هاتیتە ئێرە ؟**

ـ ئەمە وولاتی خۆمە ... بە چاودێری بەرێزیحی جاف پارێزگاری هەولێر ، کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لقی هەولێر پێشانگایەکی فراوانی بۆ (٧٦) منداڵی کورد ڕێکخست کە بەرێز هەژار عبدالمحسن خلیل دانگری نووسینگەی پێشەنگی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لە هەولێر ئامادە ببوو ...

ئەنجام
نووسینگەی هەولێر

لە چالاکیەکانی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد ـ لقی هەولێر

پێشانگایەکی فراوان بۆ منداڵان

وێنەکان زیاتر ڕوخساری گەشی جەنگی ڕەوامانی دەخستە ڕوو بۆ ئەوەی کە منداڵیش ئەو ڕاستیە لە بیر نەکات ... کە خومەینی دۆستی خوێن ڕشتنە نەك ئاشتیو ئاسایش ... هەندێکیان بە پەنجە ناسکەکانیان جوانی کوردستانیان نەخشاند بوو ، هەندێکیشیان باسی بوکە شووشەو باخچەی منداڵانیان دەکرد ...

★ منداڵی بەهرەوەر محمد داود حمید ... زیاتر حەزی لەوە کردووە کە لەگەڵ خوشکەکەیدا شاخو سروشتی کوردستان بنەخشێنێ .

★ بان گەردون عزیز ئەو کچە ژیکەڵۆکە زوو پێی وتم ... من ڕقم لە خومەینی دەبێتەوە ، بۆیە دەمەوێ زوو بمرێ ... چونکە ئەمرو شتێکی گۆڕیوە ، نابەزێ ئێمەو منداڵانی ئێران پێکەوە یاری بکەین ..

★ بەڵام ئەو منداڵە ڕەشتاڵەیە کە ناوی (فلاح حسن محمود)ە لە نیگارەکەیدا باسی تفەنگو تیشکی خۆردەکات ، چەپکە گوڵێکی پێشکەشی بە جەنگاوەرە ئازاکانمان کردووە لەسەر ترۆپکی (گردمەندیل) تاکو هەمیشە لە بیریان نەکات .

★ زەریا قرنی عبدالله ئەو کچە ئێسك سووکە ، چاوەڕوانی دوا ڕۆژێکی جاکی لێدەکرێ ... نیگارەکەی بریتی بوو لە تافکەی گەلی عەلی بەگ .. وەك دیمەنێکی ڕەنگینی کوردستان ڕازاند بوویەوە .

● ئێمەش پیرۆزبایی لە هەموتان دەکەین ...

شەهیدی ڕێگای ئەرکی پیرۆز

● هونەرمەندی خوالێخۆشبوو غفور معروف یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی ، بەچاوی کامێراکەی ، لەماوەی جەنگی ڕەوامانەدا دژی ڕژێمی ئێرانی داخ لەدل ، بەهرەو توانای هونەرمەندانەی دەرکەوتوو جەندان وێنەی زیندوی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمانی لەبەرەکانی جەنگ تۆمار کردو سێجارە لەلایەن سەرەکی فەرماندە صدام حسینەوە ڕێزی گیراوە بەرامبەر بەوەی بەهرەی هونەری لەخزمەتی گیانی سەرکەوتنا ، لێهاتوانە بەکارهێنا .

● ئەم هونەرمەندە لەنیوەڕۆی ٨ـ١٠ـ١٩٨٣دا لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکی پیرۆزیا لەڕووداوێکی جەرگبڕدا گیانی سپاردو بۆبە قوربانی ڕێگای ئەرکی پیرۆزی .

● هونەرمەند غفور معروف لە ساڵی ١٩٤٤دا لەشاری هەولێری دێریـن لە دایك بوەو لە دەزگای ئیستگەو تەلەفزیون وێنەگری سینەمایی بوو .. سڵاو بۆگیانی ئەم هونەرمەندە شەهیدی ڕێگای ئەرکی پیرۆزی بوو .

چیرۆك بۆمنداڵان

دایکی ئازاد

سێ برا بوون ، ئازادو کاوەو دلێر ، دایکیان ڕەوانەی کردنو جلی خاکیان لەبەر بوو ، داوای لێکردن سەری بەرز بکەنەوەو ، ڕووی سپی بکەن لە ناو دراوسێکان‌دا. وەکو ئەستێرەی ئاسمان بدرەوشێتەوە ، ئازەنین خوشکیشیان هەمان ئاواتی دایکی هەبوو .

هەمیشە لە هەموو شوێنەکدا شانازی‌ی بە براکانیەوە دەکرد .

بەڵام باوکەکەیان کە پیاوێکی پیری ڕیش سپی بوو هەمیشە خەندەی لەسەر لێوە بوو ، داوای لە کوڕەکانی دەکرد سەری بەرز بکەنەوە . لە ناو هاوڕێکانیاندا هەوڵو تەقەلایان بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان ببێتو وەکو شێر هەرگیز نەبەزن ...

پاش ئەوەی هەر سێ برا قارەمانەکان هەر یەکەو شوێنی خۆی لە مەیدانی جەنگدا گرت .

دایکەکەیان لە ناو باغچەی ماڵەکەیاندا سێ درەختی بچووکی چاند هەر یەکە لە درەختەکان بە ناوی کوڕێك لە کوڕەکانەوە ناو نا ،

هەموو ڕۆژێك ئاوی دەدات‌و سەربەرشتی‌ی دەکردن‌و سەیری درەختەکانی دەکردو ئاواتەخواز دەبوو .

وەك کوڕەکانی تەماشای دەکردن‌ر لە دڵی خۆیەوە وای دەزانی هەموو ڕۆژێك کوڕەکانی دەبینێت .

پاش ماوەیەکی کورت ، بینی‌ی درەختی ئازاد بەرز بووە ، بە وێنەیەکی زۆر سەیر گەورە بووە کە بەسەر هەموو درەختەکانی کەدا بڵندتر بووە ، گوڵەکانی جوان‌و سەیر بوون ، پاش ماوەیەکی کە گوڵی سپی‌ی بۆن خۆشی لێدەرکەون کە بۆنەکەی ئەوەندە بەتین بوو دەگەیشتە ماڵی هەموو دراوسێکان .

کە سەرنجی هەموو خەڵکی کۆڵانەکەی ڕاکێشا بەڵام کەس دەنگی نەدەکرد .

لە هەشتەمین شەوی مانگی دووەم‌دا ئازاد پڕ بە ڕوو ناکی‌و بۆنەوە گەیشتە ماڵەوە کراسێکی چوار ڕەنگی لەبەر بوو ، کە جوانترین ڕەنگ‌و خۆشترین‌و بەڕێزترین ڕەنگ بوون .

ئەویش بەیداخی عیراقی مەزن بوو . هەر لە کاتی بیستنی ئەم هەواڵەدا ووتم شەهیدبوونی ئازاد خاڵێکی سپی‌یە لە ژیانی دایکی‌دا ڕێگای پێ ڕوون دەبێتەوەو ڕوویشی پێ سپی دەبێت‌وەو خوای گەورەی لێ ڕازی دەبێت ئەمە بوو نهێنی‌ی ئەو درەختەیە بوو کە دایکی ئازاد چاندی ، درەختی ئازاد ئەوەندە بۆن خۆش بوو، بوو هەموو دراوسێکان حەزیان لێ دەکردو دەیان خستبە

وەفا مەسعود — هاژە مەسعود

هەستی منداڵێك

من ئێستاکە منداڵم
لە تەمەنا نۆ ساڵم
لە پۆلی سێ ئەخوێنم
خوێندنە هێزو خوێنم
هەوڵەدەم تا ئەتوانم
بۆ گەڵو نیشتمانم
نیشتمان چاوی لێمە
هیوای دوا ڕۆژی پێمە
من ئێستا ڕونە بیرم
قوتابیەکی ژیرم
با گەورەبم لەسەر خێر
بۆگەلم ئەبم بە شێر
خۆم لەگەڵ هاوڕێیانم
تێ ئەکۆشین ، گشتمان
بۆ سەربەرزی نیشتمان

صالح علی کریم

دەنگێ لە ناوەڕاستی هەورامانەوە

دایرا محمد عثمان گۆرانی بێژێکی لاوەو خەڵکی دێی بەڵخەی هەورامانەو ئێستا مامۆستایە لە ئاوایی ڕۆستەم یەگ کە لمە ناوچەی هاوینەهەواری ئەحمەدئاوایە ... هەروەها ئەندامی تیپی مۆسیقای مەولەوی‌یە ....

لە چاوپێکەتێکیدا کەوتینە گفتو گۆو سەبارەت بە سەرەتای گۆرانی وتن‌و ژمارەی گۆرانی‌یە تۆمارکراوەکانی بۆ تەلەفزیۆن وتی :

لە ساڵی ١٩٧٧دا کە لە یەکەم ساڵی وەرگرتنمدا لە خانەی مامۆستایان لە سلێمانی بۆم لوا لە ئامەنگی یەکتر ناسینی خانەی ناوبراودا بەشداری بکەمو بەهاندانی مامۆستای وانەی مۆسقا مامۆستا عەلی حەمەرەزاو بە یارمەتی تیپی چالاکی مەلبەندی گشتی سلێمانی‌و تیپی خانەی مامۆستایان لە ئامەنگێکی گەورەدا گۆرانی ـ گیان لە رزانە ـم وت‌و هەر لەو ساڵەدا بە یارمەتی تیپی مۆسیقای قوتابخانەکەمان بەسەرپەرشتی مامۆستا عەلی حەمەرەزا گۆرانی ـبە ناز بە نازی‌ـم لە ١٩٧٨/٥/٢٠دا بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووك تۆمار کرد ...و هەتا ئێستا شەش گۆرانیم بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کردووە ..

لە بارەی ئەوەیشەوە کە پرۆژەی داهاتووی لە بواری هونەردا چیە ... وتی :

دوو گۆرانیم ئامادە کردووە بۆ ئیزگەو تەلەفزیۆن کە لە شیعری (مەولەوی‌و مەلای جەباری) ن جگە لە گۆرانیش گەلێ بابەتی کەلەپووری وێژەیی ناوچەکەم کۆکردۆتەوەو ئەو گۆرانی‌یانەی کە تۆمارم کردوون خستوومنەتە سەر کاغەزیش بۆ چاپو دەستم کردووە بە دانانی فەرهەنگێکیش ... جگە لەوانەش گەلێ باسم دەربارەی دروستکردنی کلاشی ناوچەی هەورامانو چۆخەو گۆرەوی‌و پووزە وانەو کار دەستی‌یە میللی‌یەکانی ناوچەکە نووسیوە .

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء مەیدانی الخلانی تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥

Institut Kurde de Paris